حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانكۆی سلێمانی
فاكەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەكان
سكوڵی زمان

# زمان لەڕیكلامی كوردیدا

نامەیەكە خوێندكار

**فەرهاد تۆفیق حەسەن**

پێشكەشی ئەنجومەنی سكوڵی زمان/ فاكەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانیی كردووە وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی پلەی ( دكتۆرا ) لە زمانی كوردیدا

**سەرپەرشت:**
**پ.ی.د. ئەبوبەكر عومەر قادر**

**٢٠١٥ ی زاینی** **٢٧١٥ ی كوردی**

**ئەم نامەیە، کە بە ناونیشانی (زمان لە ڕیکلامی کوردیدا)یە، بەچاودێریی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بە شێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.**

**سەرپەرشت:**

**پ.ی.د. ئەبوبەکر عومەر قادر**

**١٢ / ١/ ٢٠١٥**

**بەپێی ئەم پێشنیازەی مامۆستای سەرپەرشت، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵای بەشی کوردی**

**١٢ / ١ / ٢٠١٥**

**ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو پاش گفتوگۆو تاوتوێکردنی لەگەڵ خوێندکار (فەرهاد تۆفیق حەسەن) لەبارەی ناوەڕۆك‌و لایەنەکانی ترەوە، بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە بەپلەی ( ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.**

**ناو: پ.د. بەکر عومەر عەلی**
**سەرۆکی لیژنە**

**ناو: پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد**
**ئەندام**

**ناو: پ.د. تاڵیب حسێن عەلی**
**ئەندام**

**ناو: پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**
**ئەندام**

**ناو: پ.ی.د. مهاباد کامل عەبدوڵڵا**
**ئەندام**

**ناو : پ.ی.د. ئەبوبەکر عومەر قادر**
**ئەندام‌و سەرپەرشت**

**لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا ...**

**د. کاوان عوسمان عارف**
**سەرۆکی سکوڵی زمان/ زانکۆی سلێمانی**
**/ / ٢٠١٥**

# پێشکەشە بە:

- گیانی هەڵۆئاسای ئەو شەهیدە سەربەرزانەی خوێنی خۆیان کردە قەڵای پاراستنی سنوری کوردستان.
- دایکوباوکـو خوشکو براکانم.
- هاوسەری خۆشەویستم ( تــانــیــا ).
- دیاری خوای بەخشندە بۆ دکتۆراکەم کاکە ( مــانــی )ی دەمبەخەندەی جگەرگۆشەم.
- ئەو مرۆڤانەی دایکئاساو بەبێئەوەی چاوەڕوانی سوپاسو پاداشت بن، هاوکاری مرۆڤەکان دەکەن.

## سوپاس و پێزانینی زۆرم هەیە بۆ:

- مامۆستای زۆر بەڕێز پ.ی.د. ئەبوبەکر عومەر قادر، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتەئەستۆو بە ڕێنمایی و تێبینییەکانی بەڕێزیان، ئەم نامەیە بەرهەمهات.
- سەرجەم ئەو هاوڕێیانەی، کە لە پەیداکردنی سەرچاوەکاندا هاوکارییانکردوم و هەرگیز لە منەتبارییان دەرناچم.
- هەردو مامۆستایان (م. نیان شەریف، م. ئاری محمد)، کە پوختەی نامەکەیان بۆ وەرگێڕامە سەر زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.
- (کەناڵی ئاسمانیی نالیا، کاک ئاسۆ سەراوی لە ڕۆژنامەی ئاوێنە)، کە لە دەستخستنی ڕیکلامەکاندا هاوکارییەکی زۆریان کردم.

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | أ |
| basic level | ئاستی بنەڕەتی |
| subordinate level | ئاستی شوێنکەوتە |
| Function | ئەرك |
| | ب |
| Objectivist | بابەتگەرایی |
| Base | بنەما |
| Bodily | بەرجەستەکراو |
| epistemic justification | بەهانەی مەعریفی |
| | پ |
| Propaganda | پڕوپاگەندە/ بانگەشە |
| Degree of Member | پلەبەندی ئەندام |
| Categorization | پۆلکردن |
| Construction | پێکهاتە/ داڕشتە |
| symbolic assembly | پێکەوەلکاندنی هێمایی |
| | ت |
| Ad hoc | تایبەتکراو |
| Prototype theory | تیۆری پرۆتۆتایپ/ تیۆری چەشنە نمونەییەکان |
| checklist theory | تیۆری چێك لیست / تیۆری لیستی تاقیکراوە |
| Fuzzy-set theory | تیۆری دەستەناڕون |
| exemplar theory | تیۆری لەبەرگیراوە |
| Sufficient | تەواو |
| | چ |
| Concept | چەمك |
| Container | چەمکهەلگر |
| Conceptual | چەمکی |
| Concept Acquisition | چەمکوەرگرتن |

| | |
|---|---|
| Frame | چوارچێوە |
| | خ |
| Subjectivism | خودگەرایی/ سوبجێکتیڤیزم |
| Resemblance | خێزانە لێکچووەکان |
| | د |
| Cognitive | درکپێکردن |
| Cognition | درککردن |
| Embodied cognition | درککردنی بون بە بەش |
| Structuralist | دروستەکارەکان |
| Graded Structure | دروستەی وردکردنەوە |
| Resound | دەنگدانەوە |
| reference determination | دیاریکردنی ئاماژەیی |
| | ڕ |
| Reality | ڕاستەقینە |
| Truth | ڕاستی |
| profile- base organization | ڕێکخستنی بنەما – پرۆفایل |
| semasiological perspective | ڕوانگەی سێماسیۆلۆژیی |
| Advertisim\ Reklamo | ڕیکلام |
| | س |
| Formal psycho-lexical | سایکۆفەرهەنگی شێوازبەندیی |
| Encyclopaedic Semantic | سیمانتیکی ئینسکلۆپیدیایی |
| image schema | سکێمای وێنەیی |
| fuzzy Boundary | سنوری ناڕون |
| Semantic Composition | سیمانتیکی پێکهێنان |
| | ف |
| Sociolexicological | فەرهەنگناسی کۆمەڵایەتی |
| | ك |
| Personal knowledge | کۆزانیاریی خودیی |
| Semantic knowledge | کۆزانیاریی سیمانتیکی |

| | |
|---|---|
| Cultural knowledge | کۆزانیاریی کەلتوری |
| | گ |
| analytic entailment | گرتنەوەی شیکراوە |
| Skepticism | گومانگەرایی |
| | ل |
| Similarity | لێکچون |
| | م |
| componential model | مۆدێلی پێکهاتەیی |
| | ن |
| Necessary | ناچاری |
| Protest | ناڕەزایی دەربڕین |
| Summary Representation | نواندنی پوختکراو |
| Binary feature | نیشانەی دو پەلکی |
| Epistemological feature | نیشانەی مەعریفی |
| Maps | نەخشەکان |
| Cue validity | نەخشەی دروست |
| | هـ |
| Containment | هەلگر |
| Default reasoning | هەڵێنجانی گریمانەیی |

**پێڕست**


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ – ٣ | **پێشەکی** |
| ١ | **١/٠ ناونیشان‌و بواری لێکۆڵینەوەکە** |
| ١ | **٢/٠ کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە** |
| ١ | **٣/٠ هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە** |
| ١ | **٤/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە** |
| ٢ | **٥/٠ بەشەکانی ڵێکۆڵینەوەکە** |
| ٤ – ٤٣ | **بەشی یەکەم** |
| ٤ | **١. ڕیکلام‌و سیمانتیکی درکپێکردن** |
| ٤ | **١/١. ڕیکلام لەبۆتەی پەیوەندیکردن‌و ڕاگەیاندندا** |
| ٤ | **١/١ – ١. پەیوەندیکردن** |
| ٤ | **یەکەم / چەمکی پەیوەندیکردن** |
| ٥ | **دووەم / ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن** |
| ٦ | **سێیەم / جۆرەکانی پەیوەندیکردن** |
| ٧ | **١/١ – ٢. ڕاگەیاندن** |
| ٧ | **یەکەم / جۆرو ئەرکی ڕاگەیاندن** |
| ٩ | **دووەم / زمانی ڕاگەیاندن** |
| ١٠ | **سێیەم / تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕاگەیاندن** |
| ١١ | **١/١ – ٣. ڕیکلام** |
| ١١ | **یەکەم / ڕیکلام وەک زاراوەو چەمک** |
| ١٤ | **دووەم / ڕەگەزەکانی ڕیکلام** |
| ١٥ | **سێیەم / جۆرەکانی ڕیکلام** |
| ١٦ | **چوارەم ئامانجەکانی ڕیکلام** |

| | |
|---|---|
| ١/١ – ٤. پەیوەندی نێوان ڕیکلام‌و ڕاگەیاندن‌و بانگەشەو دەنگۆ | ١٧ |
| یەکەم / ڕیکلام‌و ڕاگەیاندن | ١٧ |
| دووەم / ڕیکلام‌و بانگەشە | ١٨ |
| سێیەم / بانگەشەو دەنگۆ | ١٩ |
| **١/ ٢. سیمانتیکی درکپێکردن** | ٢٠ |
| ٢/١ – ١. کورتەیەک دەربارەی زانستی زمانی درکپێکردن | ٢٠ |
| ٢/١ – ٢. بایەخی زمان‌و ئەرکی بەهێماکردن لە زماندا | ٢٤ |
| ٢/١ – ٣. پەیڕەوبەندی دروستەی زمانی‌و نەخشەی دروست | ٢٨ |
| ٢/١ – ٤. واتاو درکپێکردن | ٣١ |
| ٢/١ - ٥. ڕیکلام بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن | ٣٥ |
| یەکەم / **دروستەی چەمکی لەبەرجەستەکردندا** | ٣٩ |
| دووەم / دروستەی چەمکی | ٣٩ |
| سێیەم / سیمانتیکی ئینسکلۆپیدیایی | ٤٠ |
| چوارەم / نەخشەکان | ٤١ |
| پێنجەم / پۆلکردن | ٤٢ |
| شەشەم / واتای وشەو فرەواتا | ٤٢ |
| **بەشی دووەم** | **٤٤ – ١٠٥** |
| **٢. بنەماکانی تیۆری پرۆتۆتایپ‌و ڕیکلام** | **٤٤** |
| **١/٢ . تیۆری کلاسیکی چەمک‌و پۆلکردن** | ٤٤ |
| ١/٢ – ١. **تیۆری کلاسیکی چەمک** | ٤٤ |
| ١/٢ – ٢. مۆدێلی باوی پۆلکردن | ٤٦ |
| **٢/٢. پرۆتۆتایپ** | ٥٣ |
| ٢/٢ – ١. ناڕونی سنور | ٥٩ |
| ٢/٢ – ٢. خێزانە لەیەکچووەکان | ٦٩ |

| | |
|---|---|
| ٢/٢ – ٣. پلەبەندی ئەندامێتی | ٧٣ |
| **٣/٢. جیاکردنەوەی پرۆتۆتایپەکانو ئاستی بنەڕەتی** | ٧٩ |
| **٤/٢. میتۆدو گریمانەکان سەبارەت بە تیۆری پرۆتۆتایپ** | ٨٩ |
| ١. کەتیگۆرییەکان وەک پرۆتۆتاپییەکان | ٩٣ |
| ٢. کەتیگۆرییەکان وەک دەستەیەک لە سیفاتی کێشدار | ٩٨ |
| ٣. کەتیگۆرییەکان وەک لەبەرگیراوەکان | ١٠٢ |
| ٤. پرۆتۆتاپەکان وەک کەتیگۆرییە گریمانەکراوەکان | ١٠٣ |
| ٥. پرۆتۆتاپەکان وەک کەتیۆرییەکانن | ١٠٤ |
| **بەشی سێیەم** | **١٠٦ – ٢٣٧** |
| **٣. ڕیکلامی کوردی بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ** | ١٠٦ |
| **١/٣. شیکردنەوەی ڕیکلامەکانو هەڵهێنجانی نیشانە پرۆتۆتاپییەکان لەدیدی ڕیکلامکارەکانەوە** | ١٠٧ |
| ١/٣ – ١. ڕیکلامی یەکەی نیشتەجێبون | ١٠٧ |
| ١/٣ – ٢. ڕیکلامی برنج | ١٦٠ |
| ١/٣ – ٣. ڕیکلامی ڕیستۆرانت | ١٧٤ |
| **٢/٣. نیشانەپرۆتۆتاپییەکان بەپێی ڕاپرسی** | ١٨٤ |
| ٢/٣ – ١. کۆی نیشانە هەڵهێنجراوەکان | ١٨٤ |
| ٢/٣ – ٢. فۆڕمی ڕاپرسی | ١٨٨ |
| **٣/٣. پلەبەندی نیشانە پرۆتۆتاپییەکانو ڕیکلامەکان** | ١٩١ |
| ٣/٣ - ١. نیشانەپرۆتۆتاپییەکانو پلەبەندییان | ١٩١ |
| ڕێژەو چۆنیەتی بەشداربووانی تاقیکردنەوەکە | ١٩١ |
| ٣/٣ - ١- ١. پلەبەندی نیشانەپرۆتۆتاپییەکانی یەکەی نیشتەجێبون | ١٩٣ |
| یەکەم/ نیشانەپرۆتۆتاپییەکانی یەکەی نیشتەجێبون | ١٩٣ |

| | |
|---|---|
| دووەم/ پلەبەندی نیشانەپڕۆتۆتاپییەکانی یەکەی نیشتەجێبون | ٢١٢ |
| ٣/٣ – ١ – ٢. پلەبەندی نیشانەپرۆتۆتاپییەکانی برنج | ٢١٥ |
| یەکەم / نیشانەپرۆتۆتاپییەکانی برنج | ٢١٥ |
| دووەم / پلەبەندی نیشانەپڕۆتۆتاپییەکانی برنج | ٢٢٢ |
| ٣/٣ – ١ – ٣. پلەبەندی نیشانەپڕۆتۆتاپییەکانی ڕیستۆرانت | ٢٢٤ |
| یەکەم / نیشانەپڕۆتۆتاپییەکانی ڕیستۆرانت | ٢٢٤ |
| دووەم / پلەبەندی نیشانەپڕۆتۆتاپییەکانی ڕیستۆرانت | ٢٣٣ |
| ٣/٣ – ٢. پلەبەندی ڕیکلامە وەرگیراوەکان بەپێی ئەنجامەکان | ٢٣٥ |
| ٣/٣ – ٢ – ١. پلەبەندی ڕیکلامەکانی یەکەی نیشتەجێبون | ٢٣٥ |
| ٣/٣ - ٢ - ٢. پلەبەندی ڕیکلامەکانی برنج | ٢٣٦ |
| ٣/٣ – ٢- ٣. پلەبەندی ڕیکلامەکانی ڕیستۆرانت | ٢٣٧ |
| ئەنجام | ٢٣٨ |
| ڕاسپاردە | ٢٣٩ |
| سەرچاوەکان | ٢٤٠ |
| الملخص | ٢٤٨ |
| Abstract | ٢٤٩ |
| | |
| | |

# پێشەکی

# بەشی یەکەم

# ڕیکلامو سیمانتیکی درکپێکردن

١/١. ڕیکلام لە بۆتەی پەیوەندیکردنو ڕاگەیاندندا
١/١ – ١. پەیوەندیکردن
١/١ – ٢. ڕاگەیاندن
١/١ – ٣. ڕیکلام
١/١ – ٤. پەیوەندی نێوان ڕیکلامو ڕاگەیاندنو بانگەشەو دەنگۆ
٢/١. سیمانتیکی درکپێکردن
٢/١ – ١. کورتەیەك دەربارەی زانستی زمانی درکپێکردن
٢/١ – ٢. بایەخی زمانو ئەرکی بەهێماکردن لەزماندا
٢/١ – ٣. پەیڕەوبەندی دروستەی زمانیو نەخشەی دروستی
٢/١ – ٤. واتاو درکپێکردن
٢/١ – ٥. ڕیکلام بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن

# بەشی دووەم

# بنەماکانی تیۆری پرۆتۆتایپو ڕێکلام

**١/٢. تیۆری کلاسیکی چەمكو پۆلکردن**

**١/٢ – ١. تیۆری کلاسیکی چەمك**

**١/٢ – ٢. مۆدێلی باوی پۆلکردن**

**٢/٢. پرۆتۆتایپ**

**٢/٢ – ١. ناڕونی سنور**

**٢/٢ – ٢. خێزانە لەیەکچوەکان**

**٢/٢ – ٣. پلەبەندی ئەندامێتی**

**٣/٢. جیاکردنەوەی پرۆتۆتایپەکانو ئاستی بنەڕەتی**

**٤/٢. میتۆدو گریمانەکان سەبارەت بە چەمکی پرۆتۆتایپ**

# بەشی سێیەم

# ڕیکلامی کوردی بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ

١/٣. شیکردنەوەی ڕیکلامەکانو هەڵێنجانی نیشانەپرۆتۆتایپپەکانو لەدیدی ڕیکلامکارەکانەوە

١/٣ – ١. ڕیکلامی یەکەی نیشتەجێبون

١/٣ – ٢. ڕیکلامی برنج

٣/ ١– ٣. ڕیکلامی ڕیستۆرانت

٢/٣. نیشانەپرۆتۆتایپییەکان بەپێی ڕاپرسی

٢/٣ – ١. نیشانە هەڵێنجراوەکان

٢/٣ – ٢. فۆڕمی ڕاپرسی

٣/٣. پلەبەندی نیشانە پرۆتۆتایپییەکانو ڕیکلامەکان

٣/٣ – ١. نیشانە پرۆتۆتایپییەکانو پلەبەندییان

٣/٣ – ٢. پلەبەندیی ڕیکلامە وەرگیراوەکان بەپێی ئەنجامەکان

# سەرچاوەکان

## پێشەکی

### ١/٠ ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (زمان لە ڕێکلامی کوردیدا)، شیکردنەوەی ڕیکلامە بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ، بە کارکردن لەسەر کەتیگۆری چەمکەکانی ڕیکلام، بۆ ئەم مەبەستەش بەگشتی ڕیکلام وەك بوارێکی ڕاگەیاندن و پەیوەست بە پەیوەندی و بانگەشەو دەنگۆوە باسکراوەو پاشان بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن و ڕیکلام بەپێی ئەو بنەمایانە خراوەتەڕو، هاوکات لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە ڕیکلام بەپێی سیمانتیکی پرۆتۆتایپ شیکراوەتەوە.

### ٢/٠ کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، تەنیا ڕیکلامەکانی یەکەی نیشتەجێبون، برنج، ڕیستورانت، وەك داتا وەرگیراوە، بەواتا نەچوینەتە ناو هەمو جۆرەکانی ڕیکلام و بانگەشەو دەنگۆ، بەڵکو تەنیا کارمان لەسەر ڕیکلامی بازرگانی کردووەو لەناو ئەویشدا ئەو سێ ڕیکلامەمان وەرگرتووە. کۆی ڕیکلامەکانیش، کە بەشێوەزاری سلێمانییە، لەبەشی سێیەمدا خراونەتەڕو.

### ٣/٠ هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە

یەکێك لە کێشە زانستییەکان، کە لە دونیای بازرگانیداو بەتایبەت لە بواری ڕیکلامکردندا دەبینرێت، وەلانانی پسپۆڕیی زمانە، یاخود ڕیکلامکار وەك سەلیقە نەك وەك شارەزاو پسپۆڕ کەرەستە زمانییەکانی ڕیکلام ڕیکدەخات، لەکاتێکدا زمان ڕۆڵی سەرەکی لەناو ڕیکلامداو لە بواری بازرگانی و چۆنێتی و چەندێتی کاریگەریی لەسەر وەرگر هەیە، لەم ڕوانگەیەوە بە پێویستمانزانی ئەم تێزە بۆ دەرخستنی بەهای زمان لە گەیاندنی ڕیکلامدا تەرخانبکەین، بەپشتبەستن بە واتای پرۆتۆتایپی کەرەستە زمانییەکان.

### ٤/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەریەك لە ڕێبازی (وەسفی و شیکاریی پراکتیکییانە) لە شیکردنەوەی داتاکانی ڕیکلام بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ لەسەر ئاستی نیشانە واتاییەکان و چەمکە سیمانتیکییە پرۆتۆتایپییەکان بەکارهێنراوە

**٥/٠ بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە**

**لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش‌و کورتەی نامەکەو زاراوەکان‌و ئەنجام‌و لیستی سەرچاوەکان‌و پاشکۆیەك پێکهاتووە:**

بەشی یەکەم بە ناونیشانی (ڕیکلام‌و سیمانتیکی درکپێکردن)ە، بە دو پار باس لە هەر دو ڕەهەندی ناونیشانەکە ڕیکلام‌و سیمانتیکی درکپێکردن کراوە، بەجۆرێك لە پاری یەکەمدا بەگشتی باس لە ڕیکلام پەیوەست بە توخمەکانی پەیوەندی‌و لەیەکگەیشتن‌و ڕاگەیاندن‌و پروپاگەندەو دەنگۆوە کراوە، لە پاری دووەمیشدا لە سنوری چوار وەچە پاردا سیمانتیکی درکپێکردن وەك ڕێبازێکی نوێی شیکاریی گرێدراو بە زمان‌و دنیاو بیرەوە بەرجەستەکراوە، لە تەك ئەمەشدا پرسیارەکان دەربارەی ڕیکلام‌و شیکردنەوەی ڕیکلام بەپێی ئەم ڕێبازە خراوەتەڕو.

بەشی دووەم بەناونیشانی (بنەماکانی تیۆری پرۆتۆتایپ‌و ڕیکلام)، لە دوتوێی چوار پاردا هۆکاری هاتنەئارای تیۆری پرۆتۆتایپ‌و بنەماکانی خراونەتەڕو، هەروەك تیۆری کلاسیکی چەمك classical concept theory و مۆدێلی باوی پۆلکردن classical categorization، کە هۆکاری سەرهەڵدانی پرۆتۆتایپن باسکراوە، پاشان تیۆری پرۆتۆتایپ prototype و بنەماکانی وەك ناڕونی سنورو fuzzy boundaries خێزانە لەیەکچووەکان (Resemblance)و پلە بەندی ئەندامێتی (Degree of Member) لەناو کەتیگۆرییە پرۆتۆتایپییەکان‌و ئاستی بنەڕەتی‌و میتۆدو گریمانەکان سەبارەت بە چەمکی پرۆتۆتایپ، خراونەتەڕو. هەروەها کەرەستەکان‌و جۆرەکان‌و بابەتەکانی ڕیکلام وەك چۆنێتی کەتیگۆریکردن بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ شیکراوەتەوە.

بەشی سێیەمی نامەکە بەناونیشانی (ڕیکلامی کوردی بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ)، بە دو پاری پراکتیکی شیکردنەوەی کەرەستەکان‌و داتاکانی ڕیکلام بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ باسکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە کۆمەڵێك ڕیکلام بەستراوە، کە بریتین لە ڕیکلامی (یەکەی نیشتەجێبون، برنج، ڕیستۆرانت)، وەك داتای لێکۆڵینەوەکە بەپێی (فۆرمی ڕاپرسی) وەرگیراوە، لەپاری یەکەمدا نیشانە پرۆتۆتایپییەکان لە دیدی ڕیکلامکارەکان‌و بەپێی ڕیکلامەکانیان هەڵێنجراون، لە پاری دووەمدا لە چوار وەچەپاردا ئەو نیشانە پرۆتۆتایپییانە خراونەتە ژێر تاقیکردنەوەوە، بەجۆرێك لە دیدی بەشداربووانەوە ڕێژەو گرنگی‌و پلەی گرنگی نیشانەکان دیاریکراون، پاشان پلەبەندی نیشانە پرۆتۆتایپییەکان لەگەڵ پلەبەندی ئەو ڕیکلامانەی کە وەك داتا وەرگیراون بەرجەستەکراون، ئەویش

بەپێی ڕێژەی ئەو نیشانە پرۆتۆتایپییانەی کە هەیانە، ئەمەش کراوەتە بەڵگەی باشترین نمونەی ڕیکلام لە زمانی کوردیدا.

دواترئەو ئەنجامانەی پێیانگەیشتوین خستومانەڕو، لەگەڵ پێشکەشکردنی چەند ڕاسپاردەیەکە بۆ ڕیکلامکارانی زمانی کوردی.

لەکۆتایشدا ئەو سەرچاوانەی سودمان لێبینیون ڕیزکراون، لەگەڵ پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی عەرەبیو ئینگلیزی .

## ١. ڕیکلام‌و سیمانتیکی درکپێکردن

### ١/١ ڕیکلام له بۆته‌ی په‌یوه‌ندیکردن‌و ڕاگه‌یاندندا

ڕیکلام به‌چه‌شنی پێکهاته‌ی ڕاگه‌یاندن، هه‌ڵگری توخمی زانیارییه، که به پشتبه‌ستن به چۆنێتیی درکپێکردنی تاکه‌كان بۆ ئه‌م زانیارییه، په‌یوه‌ندی له‌نێوان به‌رهه‌مهێنه‌رو به‌كارهێنه‌راندا دروستده‌بێت، به‌واتا له ئه‌نجامی چۆنێتیی به‌كارهێنانی زمانه‌وه وه‌ك توخمی سه‌ره‌كیی ڕیكلام، ئه‌و پرۆسه‌یه به‌دیدێت.

### ١/١-١ په‌یوه‌ندیکردن

### یه‌كه‌م/ چه‌مكی په‌یوه‌ندیکردن

مرۆڤ وه‌ك بونه‌وه‌رێكی كۆمه‌ڵایه‌تی، هه‌میشه مه‌یلی پێكه‌وه‌ژیانی هه‌بووه‌و له هه‌وڵی نزیكبونه‌وه‌دا بووه له‌یه‌كتری، هه‌ر ئه‌مه‌ش وه‌ك كۆمه‌ڵناسان باسیانكردووه، هۆكار بووه بۆ پێكهێنانی خێزان‌و كۆمه‌ڵ، به‌هۆی په‌یوه‌ندیكردنی خه‌ڵكی به یه‌كدی، خێزان‌و بنه‌ماڵه‌و نه‌ته‌وه دروستبون، ئه‌م لێكنزیكبونه‌وه‌و یه‌ككگرتنه‌ی مرۆڤ و پێكه‌وه ژیانكردنه، له‌ڕێگه‌ی پرۆسه‌یه‌كی وردو گرنگه‌وه‌یه، كه ئه‌ویش پرۆسه‌ی (په‌یوه‌ندیكردن) ه.

گرنگیی (په‌یوه‌ندیكردن) له پێكهێنانی كۆمه‌ڵ‌و به‌رده‌وامبونی ژیاندا، وایكردووه له ڕوانگه‌و تێڕوانینی جیاوازه‌وه، چه‌ندین پێناسه‌ی جۆراوجۆری بۆبكرێت، به‌شێوه‌یه‌كی گشتیش، په‌یوه‌ندیكردن دو ڕه‌هه‌ندی جیاواز ده‌گرێته‌وه، كه ئه‌وانیش بریتین له أ. گواستنه‌وه‌ی زانیاری ب. ده‌ربڕینی هه‌ستوسۆز له كه‌سێكه‌وه بۆ كه‌سێكی تر. جگه‌له‌وه‌ش، ئه‌ركی په‌یوه‌ندیكردن له ناردنی په‌یامێك له نێره‌ره‌وه بۆ وه‌رگر چڕده‌كرێته‌وه، به‌جۆرێك، ده‌شێت ئه‌م په‌یامه به‌هۆی هێمای زمانی سروشتی یان ڕه‌مز یاخود وێنه‌وه جێبه‌جێبكرێت. به‌مپێیه زمانێكی هاوبه‌ش له‌نێوان نێره‌رو وه‌رگردا تۆڕی په‌یوه‌ندییه‌كه له‌نێوان به‌شداربوواندا دروستده‌كات.*

---

* جگه‌له سه‌رچاوه بیانییه‌كان، كۆمه‌ڵێك لێكۆڵه‌ر چ له بواری زمانی كوردی‌و چ له بواری ڕاگه‌یاندندا، گرنگییان به بابه‌تی په‌یوه‌ندیكردن داوه، له‌به‌رئه‌وه له‌م تێزه‌دا به‌پێویستمان نه‌زانی جارێكی دیكه، ئاماژه به‌ته‌واوی پێناسه‌كان بده‌ینه‌وه، بڕوانه: خلدون عبدالله (٢٠١٠: ٢٦)، چۆلی ئه‌سعه‌د (٢٠١٣: ٢٣)، سامی ژوبیان (٢٠٠٩: ٤٣).

خـاڵی گرنگـی جیاکردنـەوەی پەیوەنـدیکردن بەشـێوەیەکی گـشتی لەگـەڵ ڕیکلامـدا، داهـاتو دەستکەوتی داراییە، واتە ڕیکلامکردن بەرامبەر بە بڕێك پـارەی دیـاریکراو جێبەجێـدەکرێت، بـەڵام پەیوەنـدییکردن بەشـێوەیەکی گـشتی، گرنگیـدان نییـە بەلایـەنی مـاددی، بـۆ نمونـە هـەواڵو بڵاوکراوەکانو زانیارییدان، بێبەرامبەرە[1].

## دووەم/ ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن

لێکۆڵەرانی بواری پەیوەندیکردن، بەشێوەی جیاواز ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردنیان دیاریکردووە، لەگەڵئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی، بۆ دروسـتکردنی تـۆڕی پەیوەنـدیی نێـوان تاکـەکان، پێویـستە پێنج ڕەگەز لەئارادابن، کە ئەوانیش (نێرەر، پەیام، کۆد، ناوەند، وەرگر)ن.*

١. نێرەر: ئەو کەسەیان گروپە، حزب، حکومەت، کۆمپانیا...تاد دەگرێتـەوە، کـە پـەیام ئاڕاسـتەی کەسی وەرگر دەکات، بەو ئامانجەی، کە مەبەستییەتی.

٢. پەیام: ئەو ناوەڕۆکە ئامانجدارو کۆدکراوەیـە، کـە نێـرەر دەیـەوێت بیگەیەنێتـە وەرگـر، ئەمـەش بنەمای دامەزراندنی پرۆسەی پەیوەندیکردنە، یاخود "هەمو ئەو بابەتانەیە، کە لە ڕۆژنامـەو کەناڵـە بینـراو و بیـستراوەکاندا بڵاودەکرێتـەوە بەمەبەسـتی گەیانـدنی بـەو جـەماوەرەی کـە مەبەسـتە"[2]، ئەمـەش دەکرێـت پۆلێنبکرێـت لەسـەر بنـەمای ئـەو جـەماوەرەی، کـە پەیامەکـەی ئاڕاسـتەدەکرێت (منـاڵان، ئافرەتـان، لاوان، مامۆسـتایان،....تـاد)، یـاخود لەسـەر بنـەمای نـاوەڕۆکی پەیامەکـە (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی،...)[3].

٣. کۆد: ئەو ڕەمزو هێمایانەن، کە لەنێوان نێرەرو وەرگردا تاڕادەیەکی زۆر هاوبەشنو هـەڵگری ئـەو پەیامەن، کە نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێت، جا ڕەمزی دەنگیی زمانی بن یـاخود نوسـراو یـان وێنـەیی بن.

---

1 سامی ژوبیان (٢٠٠٩: ٨٦)

* لێکۆڵەران بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای ڕاگەیاندن، کۆمەڵ، دەرونو زمان، بە چەشنێکی جیاواز ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردنیان دیاریکردووە، بڕوانە: خلدون عبدالله (٢٠١٠: ٢٨)، برهان شاوی (٢٠١٢: ٢٥)، ئازاد ڕەمەزان (٢٠٠٩: ٣٠، ٦٥، ٦٦)

2 حسنین شفیق (٢٠١٠: ٣١)

3 سەرچاوەی پێشو لا٣١٧

٤. ناوەند/ کەناڵ: ئەو ناوەندە یان ئامڕازەیە، کە کۆدەکان لە نێـرەرەوە بـۆ وەرگـر دەگوێزێتـەوە، کە بەپێی چۆنێتییان کاریگەرییان لەسەر باشتر گەیاندنی پەیامەکە بۆ وەرگر دەبێـت، وەك بۆشـایی هەوا، بڵندگۆ، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، ئینتەرنێت،...تاد.

٥. وەرگر: ئەو کەسەیان کۆمەڵە کەسەیە، کە نێرەر مەبەستییەتی پەیامەکەی ئاڕاستەبکات، یـاخود پێی بگەیـەنێت، بەمەبەسـتی پێـدانی زانیـاریی، یـاخود وروژانـدنو دروسـتکردنی کاردانـەوە تێیـدا، ئەمەش بەڕێژەی جیاوازو پەیوەستە بە کۆمەڵێك بنەماوە.[٤]

## سێیەم/ جۆرەکانی پەیوەندیکردن

لێکۆڵەران لە بواری پەیوەندیکردنـدا لەسـەر بنـەمای (دەربـڕین، بابـەت، ئاسـتی بەشـداریکردن، ئامانج، چەندێتیی ڕەگەز، چۆنێتیی کارایی ڕەگەز، ئاستی دەرونی، ...)، پەیوەندیکردنیان بە چەند جۆرێك پۆلێنکردووە، ئـەو چەشـنە پۆلێنکردنـەی، کـە پێویسـتە لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا ئامـاژەی بـۆ بکەین، بریتییە لەوجۆرەی پەیوەندییکردن، کە پشت بـە بنـەمای ئامـانج دەبەسـتێت، چـونکە ئـەم بنەمایە، هاندەرە لە چۆنێتیی شیکردنەوەی ڕیکلام بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن:[*]

پەیوەندیکردن لەسەر بنەمای ئامانج، چەند چەشنێك دەگرێتەوە، وەك (هەواڵگەیانـدن، زانیـاریی وەرگرتن لەڕێگەی پرسیارکردنەوە، موجامەلەکردن، وروژاندن، ڕاپەڕاندن، هێورکردنەوە، ڕازیکـردن،

---

[4] بۆ زانیاری لەسەر وەرگرو چۆنیەتیو ڕێژەی کارتێکردن لە جەماوەر، بڕوانە: گۆستاڤ لۆبۆن(٢٠٠٦).

[*] هەریەك لەو بنەمایانەی لە پۆلێنکردنی جۆرەکاندا پشتی پێدەبەسترێت، کاریگەریی لەسەر بوارێك لە بوارەکان دەبێت، بەکورتیش جۆرەکان بریتین لە:

یەکەم: لەسەر بنەمای دەربڕین: دو جۆر پەیوەندیکردنمان هەیە، کە بریتین لە:

١. پەیوەندیکردنی گوتەیی، ئەمجۆرە پەیوەندیکردنە، چەند شێوازێکی لێدەبێتەوە: أ. شێوازی گفتوگۆی ئاسایی، ب. شێوازی ئەدەبی،پ. شێوازی زانستی: ئەو شێوازەیە، کە بێ گوێدانە لایەنی هونەریو گرنگیدان بە جولاندنی هەستوسۆز ئەنجامدەدرێت. ت. شێوازی وتاردان، بڕوانە: أكرم فرج الربيعي (٢٠١٢: ٢٩)

٢. پەیوەندیکردنی ناگوتەیی، ئەمجۆرە بە چەند شێوەیەك ئەنجامدەدرێت، هەروەك أ. کۆدە نمایشکراوەکان، ب. کۆدە دروستکراوەکان، پ. کۆدەکانی ڕاگەیاندن، ت. کۆدەکانی بارودۆخ، دەگرێتەوە.

دووەم: پەیوەندیکردن لەسەر بنەمای ئاستی بەشداریکردن لە پرۆسەکەدا:

١. پەیوەندیکردنی خودی ٢. پەیوەندیی کەسی ٣.پەیوەندیکردنی ناوەندی ٤. پەیوەندیکردنی جەماوەری. بڕوانە: ئازاد ڕەمەزان (٢٠٠٩: ٦٨–٧٢) =

هەڵخەڵەتاندن (چەواشەکردن)، شڵەژاندن، ئاژاوەنانەوە، بیرلێکردنەوە، گومانکردن، پۆزشـهێنانەوە، ڕێزگرتن...تاد)، هاوکات ئەم جۆرە لە پەیوەندیکردن، جگەلەوەی ئەرکەکانی زمانیش دەگرێتـەوە،*
ئامانجیش لە ڕیکلامکردندا دیاریدەکات، بۆ نمونە، ئەگەر ئامانجی پەیوەنـدیکردنێك وروژانـدن بێـت، ئەوا چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانی ڕیکلامکردنەکە، بریتی دەبێت لە ئەرکی وروژاندن.

١. سەلاحەدینی ئەیوبی، سەرکردەیەکی کوردبو، کە شکستی بە خاچپەرستەکان هێنا.

ئەگـەر دەقـی (١) وەك ڕیکلامێکـی سیاسـیو نەتـەوەیی بناسـێنین، ئـەوا ئامـانج لـەم پەیوەندییـە، وروژانـدنی تاکـەکانی کۆمەڵگایـە بـۆ ئـەو کۆمەڵکوژییـەی دەرهـەق بـە موسـوڵمانانی کـورد لەلایـەن هێزێکی ئیسلامیی بەناو داعشەوە دەکرێت، ئەم ئامانجەش بەهۆی ئەرکی زمانەکەوە بەدیهاتووە.

## ١/١-٢ ڕاگەیاندن

## یەکەم/ جۆرو ئەرکی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن** لەگەڵ گەشەسەندنو پێـشکەوتنی کۆمەڵـدا، لـەڕوی کەرەسـتەو بابـەتو هۆکـاری ڕاگەیاندنەوە، فراواندەبێتو پێشدەکەوێت، ئەم فراوانبونو پێشکەوتنەش، چەندین چەشـنو جـۆری جیاوازی ڕاگەیاندنی دروستکردووە، بۆئەوەی جۆرەکانی لەیەکتر جیابکەینەوە، دەکرێـت پەیوەسـت بە کۆمەڵێك بنەماوە، ڕاگەیاندن پۆلێنبکەین:

یەکەم/ پەیوەست بە ناوەڕۆكو بابەتەوە، بەپێی ئەم بنەمایە، ڕاگەیاندن دابەشدەبێت بۆ ڕاگەیاندنی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابوریو بازرگانی، ئایینی،...تاد.

---

= سێیەم/ پەیوەندیکردن لەسەر بنەمای بابەتی پەیوەندیکردنەکە:

١. پەیوەندیکردنی سیاسی، ٢. پەیوەندیکردنی کۆمەلایەتی، ٣. پەیوەندیکردنی ئابووری، ٤. پەیوەندیکردنی ئایینی. بروانە: ئازاد ڕەمەزان (٢٠٠٩: ٧٢- ٧٤)، هەروەها برهان شاوی (٢٠١٢: ٢٣- ٢٨)

* زمانەوانەکان پەیوەست بە تیۆرە جیاوازەکانو تێڕوانینەکانەوە، ئەرکەکانی زمانیان بەشێوەی جیاجیا دیاریکردووە، بڕوانە: محمد معروف فتاح (١٩٩٠)، بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٧: ٤٣-٤٦)، ئازاد ڕەمەزان (٢٠٠٩: ٢٤- ٢٩)، عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٥: ٥٧- ٥٩)، جمعه سید یوسف، (١٩٩٠: ٢١-٢٥)

** ڕاگەیاندن، واتە بڵاوکردنەوەی ڕاستیو هەواڵو زانیاریو بیروباوەڕ بۆ جەماوەریان کۆمەڵگا، جا ئەو جەماوەرە دەکرێت ناوەکی بێتیان دەرەکی، بڕوانە: عبدالمنعم الميلادي، (٢٠٠٧). یان بوارێکی فراوانە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ڕوداوو بیروبۆچون لەنێوان مرۆڤەکاندا. بڕوانە: ابراهيم عبدالله المسلمي، (٢٠٠٧).

دووەم/ پەیوەست بە هۆکارەکانی بلاّوکردنەوەوە، ڕاگەیاندنی (نووسراو، بیستراو، بینراو، بیستراو و بینراو، ئەلکترۆنی) دیاریدەکرێت.

سێهەم/ پەیوەست بە جوگرافیاوە، بەپێی ئەم بنەمایە، ڕاگەیاندنەکان بەپێی سنوری پەخش‌و چۆنیەتیی بەرنامەو پەیامەکانیان پۆلێندەبن بۆ:

أ. لۆکالّی، پەخش‌و بەرنامەو پەیامەکەی لە سنورێکی دیاریکراوی ناوخۆییان ناوچەیەکدایە.

ب. نیشتمانی، پەیام‌و پەخشەکەی لە سنوری نیشتمانی هەرێمێکیان ولاّتێکدایە.

ت. هەرێمایەتی، سنوری ولاّتی خۆی بڕیوەو لە چەند ولاّتێکی دراوسێی نزیکدا پەخشدەبێت.

پ. نێودەولّەتی، ئەمە هەم پەخش، هەم ناوەڕۆکەکەی بۆ هەمو جیهانە.

چوارەم/ پەیوەست بە سیستەمی بەڕێوەبردنەوە، هەروەك ڕاگەیاندنی (حکومی، حیزبی، تایبەت (أهلی)، ئازاد) دەگرێتەوە.

پێنجەم/ پەیوەست بە جۆری وەرگرەوە، بەپێی ئەم بنەمایەش، ڕاگەیاندنی (منداڵان، ئافرەتان، خوێندکاران ...تاد) جیادەبێتەوە.

بەپێی هەر جۆرێك بێت، ڕاگەیاندن چەندین ئەرکی هەیە،[5] کە بەشێوەیەکی گشتی لە ئەرکی (بلاّوکردنەوەی هەواڵ‌و زانیاریی بەشێوەیەکی بابەتی‌و ڕاست‌و دروست بۆ جەماوەر، کات بەسەربردن (ڕابواردن)، کەیفخۆشی، دروستکردنی ڕایگشتی لەڕێگەی جولاّندن‌و کارتێکردنی هاولاّتیان،[6] چاودێریکردنی دەسەلاّت، دروستکردنی پەیوەندیی گشتی، ڕیکلامکردن‌و دەستکەوتی مالّی، بەدواداچوونی کێشەوگرفتەکانی جەماوەر، هۆشیارکردنەوەی خەڵك، پەروەردەو فێرکردن‌و زیادکردنی ڕۆشنبیری، شیکردنەوەو لێکدانەوەی ڕوداو و گۆڕانکارییەکان، ئەرشیفکردنی ڕوداو و

---

[5] بڕوانە: خلدون عبدالله (٢٠١٠: ٥٧– ٦٠)، دو جۆر پۆلێنی بۆ ئەرکەکان کردووە، حسنین شفیق (٢٠١٠: ٤٢) شەش ئەرکی دەرونیی ڕاگەیاندنی دیاریکردووە. موسی علی الشهاب (٢٠١١: ٤٦) هەشت ئەرکی کۆمەلاّیەتیی ڕاگەیاندنی دەستنیشانکردووە. سامی ذوبیان (٢٠٠٩: ٥٤– ٥٦)، مەجید سالّح (٢٠٠٦: ٩٠) حەوت ئەرکی دیاریکردووە. چۆلی ئەسعەد (٢٠١٣: ٤٨– ٤٩) شەش ئەرکی دیاریکردووە.

[6] بۆ زانیاریی زیاتر و زانیاریی لەسەر ڕایگشتی‌و چۆنیەتیی کارکردنە سەر جەماوەرو واتای کاریگەری، بڕوانە: هیثم هادی الهیتی (٢٠١٢: ٤٥– ٧٣)، مەجید سالّح (٢٠٠٦ : ٥٥– ٦٣)، هەروەها عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٩: ٤٩– ٦٩) باسی لە واتای کاریگەری‌و جۆرەکانی‌و شێوەو جلّەو و بنەماکانی واتای کاریگەری کردووە.

پێشهاتو زانیارییەکان، بڵاوکردنەوەو ناساندنی شارستانیەتو کەلتوری گەلان بەیەکتر، پەرەپێدانی مرۆیی، چاودێریکردنی ژینگەی سروشتی)[٧] چڕدەبێتەوە.

## دووەم/ زمانی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن بەشێکە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن، زمانیش ئامێرو هۆکاری هەرە سەرەکییە لە پرۆسەی پەیوەندیکردنو ڕاگەیاندندا "زمان ئەو ئامرازەیە، کە ڕاگەیاندنکاران لەڕێگەیەوە هەواڵو زانیارییەکان دەکەن بە کۆدی نوسراو و بیستراو، بینراو، وەك پەیامێك ئاڕاستەی وەرگری دەکەن"[٨]. لەهەمانکاتدا یەکێك لە ئەرکەکانی زمانی ڕاگەیاندن، گەیاندنو ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییە لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵدا، "زمان هۆی گەیاندنەو پردێکە بۆ دووان لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵ"[٩]دا بەوپێیەی ڕاگەیاندنیش وەك پرۆسەیەکی پەیوەندیکردن خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، بۆیە ئەو زمانەی لە پرۆسەکەشدا بەکاردێت تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ڕێکخستنو هەڵبژاردنی وشەو زاراوەکان بەجۆرێکە، کە کاریگەریی بەجێدەهێڵن[١٠].

زمانی ڕاگەیاندن بریتییە لە زمانی شارستانیەت[١١]، زمانێکە، کە بەربەستەکان ناناسێتو ڕو لە هەمو ماڵێكو چینوتوێژێك دەکات، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە زمانی ڕاگەیاندن زمانێك نییە فەرهەنگەکەی تایبەت بێت بە پسپۆڕییەکی دیاریکراو، یاخود لە ئاستێکدا بێت، کە تەنها چینێکی دیاریکراو لێی تێبگەنو ئاڕاستەی چینێکیان کۆمەڵو گروپێك بکرێت، "بەڵکو زمانێکی گشتیو بەکارهێنراوە لەناو کۆمەڵداو، لەسەر ڕێککەوتنی کۆمەڵ بنیاتدەنرێت"[١٢]، ئەم زمانەش لە زمانی ستانداردو زمانی گشتیو وەرگێڕانەوە سەرچاوەدەگرێت، کەواتە زمانی ڕاگەیاندن، ئەو زمانە سادەو ڕەوانەیە، کە نوسەرانو ڕاگەیاندنکاران لەڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، پەیامی پێ ئاڕاستەی وەرگرە جۆراوجۆرە ئاست جیاوازەکان دەکەن.

---

7 بەهادین ئەحمەد محەمەد (٢٠١١: ٣٢)

8 چۆلی ئەسعەد (٢٠١٣: ٥٣)

9 هیمداد حوسێن (٢٠٠٨: ٣١٦)

10 رامی عزمی عبدالرحمن یونس (٢٠١٢: ٦٤)

11 سامی شریف، أیمن منصور (٢٠٠٤: ٣٥)

12 رامی عزمی عبدالرحمن یونس (٢٠١٢: ٦٦)

## سێیەم/ تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕاگەیاندن[13]

بەشێوەیەکی گشتی، زمانی ڕاگەیاندن ئەم تایبەتمەندییانە لەخۆدەگرێت:

١. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕاگەیاندن، پێویستە هەڵگری خەسڵەتی کارەکی بێتو توانای دروستکردنی پەیوەندیی جەماوەری هەبێت. بەجۆرێك بەکۆدکردنی زانیارییەکان لە چوارچێوەی هێما زمانییەکاندا زۆرترین کاریگەری لەسەر جەماوەر بەجێبهێڵێت.

٢. زمانی ڕاگەیاندن پێویستە ڕونو سادە بێتو ئاڕاستەی هەمو کەسێك لە هەمو چینوتوێژە جیاوازەکان بکرێت، لەگەڵئەوەشدا ئەم سادەو ساکارییە، زمانی ئەو پرۆگرامو بەرنامە تایبەتانە ناگرێتەوە، کە ئاڕاستەی توێژێکیان چینێکی دیاریکراو دەکرێن، وەك (بەرنامە فەلسەفییەکان، زانستییەکان، گەردونییەکان...تاد).

٣. پاراو و سەرنجڕاکێش بێت، بەجۆرێك لە هەڵبژاردنی وشەو زاراوەکاندا شێوازی دەربڕینو دانپێدانانی وشەکان سەرنجڕاکێشو پاراو بێت، بەواتا ئاسان دەربڕێت، نەك وشكو ناڕێك بێت.

٤. زمانی ڕاگەیاندن دورە لە درێژدادڕیو درکاندنو بەکارهێنانی وشەی زیادە لەکاتی قسەکردندا، هاوکات لەپێناو جوانکاریو ڕەوانبێژیدا، ڕستەی کورتو پڕواتا بەکاردێت.

٥. زمانی ڕاگەیاندن زمانێکی نویو سەردەمیانەیە، پێکهاتووە لەو کۆدانەی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێنو زمانێك نییە، کە کۆدەکانی ئێستا بەکارنەیەت، بەڵکو هاوکاتە بە وشەو زاراوەکانی سەردەم.

٦. زمانی ڕاگەیاندن بەگشتی زمانێکە، بابەتییانە زانیارییەکان لەسەر ڕوداو و کەسەکان دەگەیەنێت، ئەگەرچی بەپێی ڕاگەیاندنی حیزبی، بەکارهێنانی زمانەکە لە بابەتێتی دوردەکەوێتەوە.

٧. نەرمیو لەباری لە بەکارهێنانی زمانی ڕاگەیاندندا، بەو واتایەی زمانێکە توانای گوزارشتکردنی هەمو بابەتێکی هەیەو لەبارە بۆ گەشەکردن.

هێماکانی زمان، بیچمو قەوارەی زانیارییەکانەو بەهۆی زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت بە چەندێتیو چۆنێتیو ئامانج لە گواستنەوەی زانیارییەکان ئاشنابێت، لەبەرئەوەی، کە یەکێك لە ڕێگاکانی بڵاوکردنەوەی ڕیکلام، هۆکارەکانی ڕاگەیاندنە، بۆیە پێویستە زمانی ڕیکلامیش کەم تا زۆر، هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە بێت، کە لە زمانی ڕاگەیاندندا خرایەڕو.

---

[13] بڕوانە: سامی الشریف و أیمن منصور (٢٠٠٤: ٣٨)، ئازاد ڕەمەزان (٢٠٠٩: ٣٩)، چۆلی ئەسعەد (٢٠١٣: ٦٣– ٦٨)، هیمداد حوسێن (٢٠٠٨: ٣١٦)

### ٣-١/١ ڕیکلام

### یەکەم/ ڕیکلام وەك زاراوەو چەمك

ئەگەرچی بۆچونی جیاواز لەسەر ڕیشەو واتای زاراوەی ڕیکلام هەیە[*]، بەلآم زاراوەی ڕیکلام لە بنـچینەدا لـە زاراوەی لاتینـی (reclamo)ەوە هـاتووە، کـە بـەواتای (دەنگدانـەوە resound، ناڕەزایی دەربڕین protest) دێتو لەدو بەش پێکدێت، (reo) بەواتای دوبارەیان پاش ( again, back) و (clamo) پەیوەندیو هاوار (call, shout).

لە زمانی ئینگلیزیشدا زاراوەی (advertisim, advertisement) بەکاردێت، بـەلآم یەکـەمیان بـەواتای پێـشکەشکردنی دەقێکیـان مـژارێکیان بەرنامەیـەکی ڕادیـۆییو تەلـەفویۆنی ...تـاد دێـت، دووەمیـان بـەواتای لقێکـی زانـستیەیان چـالاکیی ڕیکـلام دێـت،[١٤] کـە لـە کـرداری (advert)ەوە وەرگـیراوەو بـەواتای سەرنجڕاکێـشانی بەرامبـەریان کەسـێك بـۆ شـتێکی دیـاریکراو دێـت، هـەروەها لەساڵی ١٦٢٥ لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـانی ئینگلیـزدا، ڕیکـلام لـەژێر نـاوی (advicses) دا بـەواتای ئامۆژگاری، بلأوکرایەوەو تایبەت بوو بـە ڕیکلامکـردن بـۆ کتێـبو دەرمـانو قـاوەو ...تـاد، لەسـاڵی ١٦٥٥ لە ڕۆژنامـە بەریتانییەکانـدا (advertising) وەك زاراوەیـەك بـۆ ڕیکلامکـردن بەرامبـەر بـە کەلوپەلی هەمەجۆر بەکارهات.[١٥]

لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی (اعلان) لە هەندێك شوێندا وشەی (اشهار)ی بـۆ بـەکاردێنن، لـە زمـانی کوردیـشدا، هەرچـەندە کۆمـەڵێك وشـەی وەك (ئاگـاداری، بانگـەواز، ئاگانامـە، جـاڕدان، جاڕنامـە، پڕوپاگەندە، داخۆیان) هەیە، بەلأم بەشێوەیەکی گشتی، زاراوەی ڕیکـلام لای هـەمو چـینوتوێژەکان بـەکاردێتو ڕۆیـشتووە،[١٦] هەربۆیـە ئێمـەش لـە لێکۆڵینەوەکەمانـدا هـەمان زاراوەی (ڕیکـلام) بەکاردێنین.

---

[*] هەندێك لەلێکۆڵەرانی ئەم بوارە پێیانوایە، زاراوەی ڕیکلام تورکییە، هەندێکی تر پێیانوایە زاراوەکە لەبنەڕەتدا زاراوەیەکی فەڕەنسییەو لە (publicite)وە هاتووە، کە بەواتای هاواریان سەرنجڕاکێشانی خەڵك بۆ بەرهەمێك دێت. بۆ یەکەمجار لەلایەن مارسێل بلانشێت، کە دامەزرێنەری نووسینگەی ڕیکلام بو لە فەڕەنسا بەکارهاتووە. بڕوانە: تەلار صباح عمر (٢٠١٣: ٣).

14 عەبدولسەلام نەحمەدین عەبدوڵڵا (٢٠١٢: ١٥)

15 بەهادین ئەحمەد محەمەد (٢٠١١: ١٧)

16 سەرچاوەی پێشو لا ٥

لێکۆڵـەرانو پـسپۆڕانی بـواری ڕاگەیانـدن، چـەندین پێناسـەیان بـۆ ڕیکـلام کـردووە، کـە کـۆی پێناسەکان لە چۆنێتیی نرخدان بە کاڵاکان، دروستکردنی کاریگـەری لەسـەر کڕیـار/ بەکارهێنـەران، هونـەری بازرگـانیکردنو بـازاڕکردن، دەسـتەمۆکردنی وەرگـر، سـاغکردنەوەی بەرهـەمو هونـەری ناساندنی کاڵاو شـتو کـەس، کـردەی پەیوەنـدیکردنو وروژانـدنی بیرۆکەیـەك لـەپێناو مەبەسـتێکی دیاریکراودا، ئاگادارکردنەوە... کۆدەبێتەوە.* هەروەك کۆمەڵەی بازاڕگەری ئەمریکی American Marketing Association پێیوایـە ڕیکـلام "هۆکـارێکی ناتاکەکەسـییە بـۆ پێـشکەشکردنی بیرێك، یاخود شتومەکێکیان خزمەتگوزارییەك، لەڕێگەی لایەنێکی دیـاریکراوەوە بەرامبـەر کرێیـەکی دیاریکراو"[١٧]. یان هەندێك دەڵێن ڕیکلام ئەو چالاکییەیە، کە بەشێوەی نوسراوو بیستراوو بینـراو بـە ئامانجی هانـدان بـۆ کڕینـی کەلوپـەلێکیان خزمەتگوزارییـەك، یـاخود بـە ئامـانجی دەسـتەمۆکردنو ڕازیبون بە بیرێك، کەسێك، دامەزراوەیەك کە ڕیکلامەکەی بۆ دەکرێ، ئاراستەی جەماوەر دەکرێن.[١٨] هاوشێوەی ئەم پێناسەیە، ستانتۆنیش Stanton پێیوایە ڕیکلام ئـەو چـالاکییەیە، کـە بەشـێوەی ناتاکەکەسی لە ڕێگەی دەزگاکـانی ڕاگەیاندنـەوە بـە پـەیامێکی ئاشـکرای ڕیکلامکـەر بـۆ کەلوپـەل، خزمەتگوزاریو بیرێکی دیاریکراو دەکرێن.[١٩] هەندێك لە پـسپۆڕان بـە هونـەری ناسـاندن لـە قەڵـەمی دەدەن، هەروەك فلیـپ کۆتلـەر دەڵێـت: "ڕیکـلام هونـەری ناسـاندنە، کـە تێیـدا بەرهەمهێنـەرەکان لەڕێگـەی کرێکـار (کارمەنـد)ەکانیانـەوە هاوکـاریی یـەکتر دەکـەن بـۆ ناسـاندنی ئـەو کەلوپـەلو خزمەتگوزارییانـــەی، کـــە پێـــشکەشیدەکەن، هـــەروەها بەکاربـــەرەکانیش بـــە ناســـاندنی پێداویستییەکانیانو چۆنیەتیی بیرکردنەوەیان هاوکارییان دەکەن."[٢٠].

بەمپێیە ڕیکلام پرۆسەیەکی پەیوەندیی بازرگانییـە، کـە تێیـدا نێـرەر پـەیامێك لەڕێگـەی کەناڵـە جیاوازەکانـەوە ئاڕاسـتەی وەرگـر دەکـات، بەمەبەسـتی وروژانـدنو کارکردنـە سـەر بـیرو دەرونو

* ئەگەرچی ڕیکلام هەڵگری یەك ئامانجە، کە هاندانو سەرنجڕاکێشانی وەرگرە بۆ مەبەستو ئاڕاستەیەکی دیاریکراو، بەڵام لەڕوی شێوازی ناساندنو چۆنێتیی خستنەڕوی گرنگیی ڕیکلامەوە، جیاوازیی هەیەو هەر دەستەو گروپو پسپۆڕێك بەجیاواز ئەم بابەتەیان بەرجەستەکردووە، بڕوانە: نبیل الحسین النجار (١٩٩٦: ٣١)، مصطفی عبدالقادر (٢٠٠٣: ١٧)، هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠٠٦: ١١٢).

[17] احمد عادل راشد (١٩٨١: ٣٥)

[18] سەرچاوەی پێشو

[19] محمد فرید الصحن (١٩٨٨: ١٤)

[20] بشیر عباس العلاق، علی محمد ربابعە، (٢٠٠٢: ١٣٥)

ڕەفتاریان بەرامبەر کەلوپەلێکیان خزمەتگوزارییەك، یاخود بیرۆکەیەك، لەبەرامبەردا بڕێك پارە پێشکەشدەکات. بەمەش ڕیکلام هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی دەبێت، کە لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێدەکەین:

١. ڕیکلام چالاکییەکی تاکەکەسی نییە، بەواتا کەسێك ناتوانێت بەتەنها پرۆسەکە بەئەنجامبگەیەنێت، وەك کردەی فرۆشتن یان کڕین نییە، ڕاستەوخۆ فرۆشیار یان کڕیار بەتەنها ئەنجامی بدات، بەڵکو لەلایەن دەستەو گروپو کۆمپانیاوە ئەنجامدەدرێت.

٢. پرۆسەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەنجامدەدرێت.

٣. ڕیکلام پرۆسەیەکی پەیوەندیکردنی جەماوەرییەو لەڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانەوە ئەنجامدەدرێت.

٤. لەبەرامبەر بڕێك پارەدا بڵاودەکرێتەوە.

٥. هەمیشە لایەنە باشەکانی کەلوپەلو خزمەتگوزاریو بیرۆکەکان پیشاندەداتو، زۆرجاریش زیادەڕەویی لە باشییەکانیشیاندا دەکات.

٦. پەیامی ڕیکلام پەیامێکی دیاریکراوە.

٧. ڕیکلام زانستو هونەرە، بە واتا شارەزاییو ئەزمون لە دیاریکردنو ئامادەکردنی پەیامو وەرگرەکان بەپێی ئامانجەکانو جۆری ئەو کەناڵە ڕاگەیاندنەی ڕیکلامەکەی تێدا بڵاودەکرێتەوە، ڕۆڵی لە سەرکەوتنی ڕیکلامەکەدا هەیە.

٨. سەرچاوەو نێرەرەکەی ئاشکرایە.

٩. ئامانجەکەی بەشێوەیەکی ئاشکرا دەخاتەڕو.

## دووەم/ ڕەگەزەکانی ڕیکلام

لەبەرئەوەی ڕیکلام پرۆسەیەکی پەیوەندیکردنی جەماوەرییە، کەواتە هەمان ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردنی هەیە، کە بریتین لە:

١. نێرەر: ئەو کۆمپانیا، دەستەو گروپ، یاخود لایەنەیە، کە خاوەنی کەلوپەلو خزمەتگوزاری یان چەمكو بیرۆکەو پەیامەکەیە.

٢. پەیام: ئەو ناوەڕۆکە ئامانجدارەیە، کە نێرەر بەیارمەتیی کەسانی پسپۆڕو شارەزا، بەپێی خواستو ڕەفتاری وەرگرو سروشتی ئەو کەناڵەی ڕیکلامەکەی تێدا بلاّودەکرێتەوە، ئامادەی دەکات، واتە دەشێت وەلاّمی ئامانج چییە لە ڕیکلامەکە؟ وەرگر، یاخود وەرگرەکان کێنیان چ کەسانێکن؟ ئەو کەناڵەی ڕیکلامەکەی تێدا بلاّودەکرێتەوە (بینراو، بیستراو، نوسراو) و ئەم پەیامە لەگەڵیدا گونجاوە؟ هاوکات بۆ پێکانی ئامانجەکان، پێویستە ئەم مەرجانە لە پەیامدا هەبن:[٢١]

أ. بیرۆکەیەکی نوێی جوان (بریقەدار، درەوشاوە) بێت.

ب. ناڕاستەوخۆ ئامانجەکە بپێکێت.

پ. دوبارەکردنەوە، یاخود جەختکردنەوەی تێدا بێت.

ت. پەیامەکە هێزی ڕازیکردنی هەبێت.

ج. ستراتیژی هەبێتو ئامانجی نزیكو ناوەندو دوری هەبێت.

٣. کۆد: ئەو ڕەمزانەن، کە پەیامەکە هەڵدەگرن، کە بریتییە لەو زمانەی پەیامەکەی پێئاڕاستەدەکرێت لەگەڵ ئەو وێنەو جولاّنەی، کە لە ڕیکلامەکەدا هەن.

٤. ناوەند: ئەو کەناڵە بیستراو و بینراو و نوسراوانەیە، کە پەیامەکەی تێدا بلاّودەکرێتەوە.

٥. وەرگر: هەمو ئەو گروپو کۆمەڵە جیاوازانەن، کە پەیامەکەیان ئاڕاستەدەکرێتو ڕەگەزی گرنگی ڕیکلامکردنەو ئامانجی گەورە لە ڕیکلام ئاگاداربونو وروژاندنو گۆڕینی ڕەفتاری ئەوە.

---

[21] موسى على الشهاب (٢٠١١: ١٥٤)

## سێیەم/ جۆرەکانی ڕیکلام

لێکۆڵەرانی بواری ڕاگەیاندنو پسپۆڕییەکانی پەیوەست بە ڕاگەیاندنو ڕیکلامەوە، چەندین پۆلێنی جیاوازیان بۆ ڕیکلام کردووە[22]، کە ناکرێت هەمو پۆلێنکردنەکان لە دوتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بخرێنەڕو، بەڵکو هەوڵدەدەین ئاماژە بە جۆرە گشتییەکانی ڕیکلام بدەین، بەجۆرێك، کە هاوتای ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان بێت.

یەکەم/ جۆرەکانی ڕیکلام پەیوەست بە پەیامی ڕیکلامەکەوە، هەریەك لە ڕیکلامی (بازرگانی، هۆشیاریو ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، زانستیو ... تاد) دەگرێتەوە.

دووەم/ پەیوەست بە ئامانجی ڕیکلامەوە، کە دابەشدەبێت بۆ هەریەك لە (ئاگادارکردنەوە، ڕێنماییکردن، فێرکردن، ڕازیکردن، کێبڕکێکردن، ڕۆشنبیرکردنو قازانجکردن/ یان سودوەرگرتن).

سێیەم/ ڕیکلام پەیوەست بە شێوەو ئەو کەناڵەی لێیبلاَودەکرێتەوە، دابەشدەبێت بۆ:

١. نوسراو: ڕۆژنامە، گۆڤار، پۆستەر، کتێب،...تاد.

٢. بیستراو: ڕادیۆ، تەلەفۆن (ئەو ڕیکلامانەی میدیاتیلیکۆم دەیانکات)،...تاد.

٣. بینراو: زۆربەی کات کۆکراوەی دو جۆرەکەی تریشە، وەك تەلەفزیۆن، سینەماو شانۆ، دەهۆڵکوت،...تاد.

چوارەم/ بەپێی ئەو سنورەی، کە ڕیکلامەکەی تێدا بلاَودەکرێتەوە، ئەم جۆرانەی لێجیادەبێتەوە:

١. ڕیکلامی ناوخۆیی/ لۆکاڵی (محلی): ئەو ڕیکلامەیە، کە لە سنوری ناوچەیەکی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێت.

٢. ڕیکلامی نەتەوەیی (نیشتمانی): سنوری ناوچەیەك تێدەپەڕێنێتو لە هەمو سنوری نەتەوە، یاخود ولاَتدا بلاَودەکرێتەوە.

---

[22] پۆلێنکردنی ڕیکلام بەپێی بنەماکان جیاوازە، هەروەك بشیر العلاق (٢٠١٠: ١٣– ٢٦) ڕیکلامی بەپێی ئامانجو جوگرافیا پۆلێنکردووە، مصطفى عبدالقادر (٢٠٠٣: ٢٥– ٣٢) بەپێی ئامانجو وەرگر پۆلێنیکردووە. نبیل حسنی النجار (١٩٩٦: ٥٨– ٦٠) ڕیکلامی لەسەر بنەمای پیشەییو جوگرافی پۆلێنکردووە. بشیر عباس علاق، علی محمد ربابعە(٢٠٠٢: ١٤٩– ١٥٩) بەپێی ئامانج بەشێوەیەکی گشتی پۆلێنیانکردووە. محمد فرید الحسن (١٩٨٨: ٩٣– ١٠٠) بەپێی ئەركو ئامانجو کەناڵو جەماوەرو جوگرافی، ڕیکلامی پۆلێنیکردووە. احمد عادل راشد (١٩٨١: ٤٦–٤٨) لەڕوانگەی ئەركو ڕێگەی دابەشکردنەوە پۆلێنیکردووە. عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵا (٢٠١٢: ١٦– ٢٨)و تەلار صباح عمر (٢٠١٣: ٩– ١٠)و بەهادین ئەحمەد محەمەد (٢٠١١: ٤٤– ٧٨) لەسەر بنەمای جوگرافی، بابەت، ئەرکەکانی، هۆیەکانی ڕاگەیاندن، کۆمپانیاو دامەزراوەکان، ڕیکلامیان پۆلێنکردووە

٣. ڕیكلامی هەرێمی: ئەو ڕیكلامانە دەگرێتەوە، كە لە سنوری چەند دەوڵەتێكی دراوسێو نزیك لەیەك بڵاودەكرێنەوە.

٤. ڕیكلامی جیهانی: ئەو ڕیكلامانەن، كە لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاودەكرێنەوە.

جگە لەم دابەشكردنانە، دەكرێت پەیوەست بە وەرگرو نێرەریشەوە ڕیكلام دابەشبكەین، بەجۆرێك لە لایەنی وەرگرەوە بۆ (تاك، كۆ)، یاخود (ڕیكلامی منداڵان، خوێندكاران، ژنان،...تاد) جیادەبێتەوە، هەروەها پەیوەست بە نێرەرەوە بۆ تاك بە (پزیشك، كەسایەتی)، كۆش بە (دامەزراوە، كۆمپانیا) پۆلێندەكرێت، هەروەها پەیوەست بە چۆنیەتیی پێشكەشكردنی پەیامو ئامانجەكە، دابەشدەبێت بۆ ڕیكلامی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ.

## چوارەم/ ئامانجەكانی ڕیكلام

بەشێوەیەكی گشتی، لە بواری ڕاگەیاندندا ئاماژە بە ئامانجەكانی ڕیكلام كراوە، هەروەك:

١. هاوكاریكردنی دەزگاو كۆمپانیا وەبەرهێنەرەكان (نێرەر) بۆ ناساندنی بەرهەمەكانیان.

٢. ئاشناكردنی جەماوەر (وەرگر) بە كاڵاو بەرهەمە نوێكانو تایبەتمەندییەكانیان.

٣. وروژاندنو كاركردنە سەر هەستو دەرونی جەماوەر.

٤. بەدەنگەوەهاتنو ڕازیكردنی جەماوەر بەكاڵاو بەرهەمەكانو خزمەتگوزارییەكانیان.

٥. زیادكردنی خواستو بەرزكردنەوەی نرخ، دەستكەوتنی قازانجو پارە بۆ وەبەرهێنو كەناڵەكانی ڕاگەیاندن.

٦. ململانێكردنو ڕكابەریی لەنێوان كۆمپانیا وەبەرهێنەكاندا.

٧. ناساندنی كۆمپانیاو وەبەرهێنەكانو وشیاركردنەوەو فێركردنی جەماوەر بەرامبەر بە دیاردە كۆمەڵایەتیو بیرۆكەكانو خزمەتگوزارییەكان).

بەرجەستەكردنی ئامانج بەپێی شیكردنەوەی زمانی، جیاواز لە بواری ڕاگەیاندن دەستنیشاندەكرێت، بەجۆرێك ئامانجەكە لە چۆنێتیی وێناكردنو لێكدانەوەی دەقی ڕیكلامەكەدا دەردەكەوێت، بەمەش پێویستەو بەناچاری ئامانجەكە لە چۆنێتیی بەكۆدكردنی زانیارییەكانەوە دەستەبەربكرێت.

## ٤-١/١ پەیوەندیی نێوان ڕیکلامو ڕاگەیاندنو بانگەشەو دەنگۆ

بەشـێوەیەکی گـشتی، هــەر چــوار جــۆری (ڕیکــلام، ڕاگەیانــدن، بانگەشــەو دەنگــۆ) پرۆســەی پەیوەندیکردنو بەشێکن لە پەیوەندیکردنی گشتی، بەڵام هەندێك لێکچونو جیاوازیشیان هەیە:

### یەکەم/ ڕیکلامو ڕاگەیاندن

ڕیکلامو ڕاگەیاندن هەردوکیان بەشێکن لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی جەماوەریو هەردوکیان چالاکیی ناتاکەکەسینو لەڕێگەی دەزگاو دامەزراوەو لایەنەکانەوە ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێن، هەردوکیشیان پسپۆڕیو زانستو پیشەن[٢٣]، هەردوکیان پرۆسـەی گواسـتنەوەی زانیـارین لـەنێرەرەوە بـۆ وەرگـر، بەواتە، ئەگەر ڕۆڵی ڕیکلام تەنها لە گواستنەوەی زانیاریدا بـچوکبکەینەوە، ئـەوا لەگـەڵ ڕاگەیاندنـدا یەکسان دەبێت،[٢٤] لەگەڵ ئەم لایەنـە هاوبەشـانەی لەنێوانیانـدا هەیـە، لـە هەنـدێك خاڵـدا جیـاوازن، لەوانە:

١. ڕاگەیانـدن زیـاتر مامەڵـە لەگـەڵ هـۆشو هـزردا دەکـاتو پـشت بـە داتـاو بەڵگـەو ژمـارە دەبەستێت، بەڵام ڕیکلام پشت بە لایەنی دەرونیو هەستی وەرگر دەبەستێت.
٢. ڕاگەیاندن زیاتر بابەتییەو پشت بـە بێلایـەنیو ڕاسـتگۆییو بابـەتیبون دەبەسـتێت، بـەڵام ڕیکلام تەنها لایەنە باشەکانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان دەخاتەڕو.
٣. ڕاگەیاندن پەیامێکی هەمەلایەنەو بەرفراوانـەو ئاڕاسـتەی سـەرجەم چـینوتوێژەکانی کۆمـەڵ دەکرێت، بەڵام ڕیکلام زۆرجار ئاڕاستەی چینێکیان گروپێکی دیاریکراو دەکرێت.
٤. ڕاگەیانـدن سـتراتیژی درێژخایـەنی هەیـە بەمەبەسـتی ئامانجـە دورەکـان، بـەڵام ڕیکـلام لـە زۆربەی کاتەکاندا پرۆسەیەکی پلاندانانی کورتخایەنە بۆ پێکانی ئامانجە دورەکان.

ڕاگەیانــدن ئامرازێکــە بــۆ بڵاوکردنــەوەی ڕیکــلام، لەهەمانکاتــدا ڕیکلامــیش ئامرازێکــە بــۆ پەیداکردنو دەستکەوتی ماددی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن[٢٥].

---

23 بەهادین ئەحمەد محەمەد (٢٠١١: ٣٤)

24 سلام نصرالدین (٢٠٠٨: ٥٠)

25 بەهادین ئەحمەد محەمەد (٢٠١١: ٣٤- ٣٥)

**دووەم/ ڕیکلامو بانگەشە**

بەشێوەیەکی گشتی لەلای هەندێك لە لێکۆڵەران، لەو سەرچاوانەی بەکارمانهێناون، لەلایەن زۆرێك لە هاولاٌتییانیشەوە بەشێوەیەکی تێکەڵ، یاخود بەهەمان چەمكو واتا بەکاردێن، هەندێکیان بانگەشە بەبەشێك لە ڕیکلام دادەنێن، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی لەنێوانیاندا هەیە،[٢٦] هەندێکیان پێیانوایە هیچ جیاوازییەکی سەرەکی لە ئامانجی ڕیکلامو بانگەشەدا نییە، هەردوکیان ئامانجیان وروژاندنو هاندانی وەرگریان جەماوەرە بۆ ئەنجامدانی کارێك، لە ڕیکلامدا بۆ کڕینی کەلوپەلێكو لە بانگەشەدا بۆ دەنگدانو ڕازیبون بە بەرنامەو بیروبۆچونی لایەنێك[٢٧]. هەردوکیان ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری بەکاردەهێنن،[٢٨] بەلاٌم لەگەڵئەوەشدا جیاوازیی لەنێوانیاندا هەیە بۆنمونە :

١. ئەرکی بانگەشە دژوارترە لە ڕیکلام، چونکە ڕیکلام ئەرکی ڕازیکردنی کڕیارە بۆ کەلوپەلێك، بەلاٌم بانگەشە ڕازیکردنو دەستەمۆکردنی بیروبۆچونو هەستو هۆشی تاکەکانە، کە ئەمیش دژوارترە لە ڕازیکردنیان بە کڕینی کەلوپەلێك، چونکە ژمارەی پێداویستیو داواکاریی تاکەکانیان دەنگدەرەکان یەکجار زۆرە، هاوکات داواکارییو پێشنیازەکانیشیان دژبەیەکن،[٢٩] بۆ نمونە، داواکاریی کرێکارەکان لەگەڵ خاوەنکارەکان زۆرجار دژبەیەکن.
٢. ئامانجی سەرەکیی ڕیکلام، قازانجی ماڵییەو بۆ دەستکەوتنی پارەی زیاترە، بەلاٌم بانگەشە بۆ ڕازیکردنی جەماوەرو وەرگرە بە بیروبۆچونێکیان بابەتێكو مەرج نییە سودی ماڵی هەبێت.
٣. ڕیکلام بۆ مەبەستی بازرگانیو ئابورییە، بەلاٌم بانگەشە مۆرکێکی سیاسیو فەلسەفیو دینیو کۆمەلاٌیەتی پێوەدیارە[٣٠] .
٤. دەوترێت بانگەشە پەنا دەباتەبەر ڕێلێونکردنو شێواندنی ڕاستییەکان، بەلاٌم ڕیکلام پەنا نابات بۆ ئەو کارانە، چونکە ئامانجی قازانجی ماڵییە.[٣١]

---

[26] بەهادین ئەحمەد محەمەد (٢٠١١: ٣٦)

[٢٧] گێ دۆرندان (٢٠١١: ١٠– ١١) و عبدالاله الخزرجي (١٩٨٤: ٣٠) و محمد منير حجاب (٢٠٠٢: ٤٨)

[28] عبدالاله الخزرجي (١٩٨٤: ٣٠)

[29] گێ دۆرندان (٢٠١١: ١١)

[30] تەلار صباح عمر (٢٠١٣: ٢٢)و محمد منير حجاب (٢٠٠٢: ٤٨)

## سێهەم/ بانگەشەو دەنگۆ[٣٢]

بانگەشەو دەنگۆ هەردوکیان پرۆسەی پەیوەندیکردنن "دەکرێ بوترێت دەنگۆ جۆرێکە لە بانگەشە"[٣٣]، بەڵام بەم تایبەتمەندییانەیان جیادەکرێنەوە:

١. بانگەشە بەشێوەی پەیوەندیکردنی جەماوەریو هەندێکجار کەسیش، ئەنجامدەدرێت، بەڵام دەنگۆ بەشێوەی پەیوەندیی کەسی، ئەنجامدەدرێت.

٢. بانگەشە سەرچاوەو نێرەری ئاشکراو دیارە، بەڵام لە دەنگۆدا سەرچاوەیان دیار نییە، یاخود هەوڵدەدات شاراوەو نادیار بێت.

٣. بانگەشە کار لەسەر لایەنە باشەکان دەکات، کە بنەمایەك، یاخود بەشێکی ڕاستییان تێدایە، بەڵام دەنگۆ زۆرکات ڕاستییەکان دەشارێتەوەو بۆ فریودانو هەڵخەڵەتاندن.

٤. بانگەشە لە ژینگەیەکی جێگیرو لەکاتی هەڵبژاردندا ئەنجامدەدرێت، بەڵام (دەنگۆ لە ژینگەیەکی شێواو و لەکاتی شەڕدا گەشەدەکات)[٣٤].

٥. بەگشتی ئامانجەکانی بانگەشە زۆرجار ئامانجی دروستو ئەرێنین، بەڵام ئامانجەکانی دەنگۆ زۆربەی کات ئامانجی نادروستنو بۆ تێکدانو شێواندنو دوبەرەکی نانەوەیە.

٦. بانگەشە ئاڕاستەی هاوڵاتیانو جەماوەرو لایەنگران دەکرێت، بەڵام دەنگۆ زۆرجار ئاڕاستەی بەرامبەرو دوژمن دەکرێت.

---

[31] محمد منیر حجاب (٢٠٠٢: ٤٩)

[32] بۆ زانیاری لەسەر دەنگۆ/واتەواتو جۆرو گەشەکردنو چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی بڕوانە :١. جان– نۆیلکاپفیرێر (٢٠٠٨)، ٢. بەهادین محمد عبدالرحمان (٢٠٠٩)

[33] بەهادین ئەحمەد محەمەد (٢٠١١: ٣٩)

[34] محمد منیر حجاب (٢٠٠٢: ٢٩٨)

## ٢/١ سیمانتیکی درکپێکردن

### ١-٢/١ کورتەیەك دەربارەی زانستی زمانی درکپێکردن

لەڕوانگەی کارەکانی زانستی درککردنەوە لە سالآنی١٩٦٠ەوە، زانستێکی دیکە وەك قوتابخانەیەکی نوێو ناکۆك بە ڕێبازی شێوازبەندی زمان لە ساڵی ١٩٧٠ دەرکەوت، کە بە زانستی زمانی درکپێکردن ناسرا.

سەرەتا کاری ئەم زانستە لە سالآنی ١٩٧٠، ١٩٨٠ بەشێوەی لێکۆڵینەوەی بچوك بچوك دەستیپێکرد، دواتر لەسەر دەستی ڕۆناڵد لانگاکار Ronald Langackar لە سالآنی ١٩٩١-٢٠٠٢ گەشەیکرد، کە دەکرێت وەك هۆکارێکی گرنگی گەشەکردنی زانستی زمانی درکپێکردن ڕەنوسبکرێت، وێڕای ئەوەش، هەریەك لە فیلمۆر Fillmore ١٩٧٥ -١٩٧٦، لاکۆف Lakoff ١٩٨٧، ١٩٩٢، فاوکۆنیار Fauconnier ١٩٨٥، ٢٠٠٢، تالمای ٢٠٠٧ لە چوارچێوەی ئەم زانستەدا کاریانکردووەو پەرەیان بە زانستی زمانی درکپێکردن داوە.[٣٥]

بەگشتی زانستی زمانی درکپێکردن لە چونێتیی کارکردنی مێشکی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بەو شێوەیەی، کە چۆن زانیارییەکان لە دەوروبەرەوە بەهۆی ناوەڕۆکو پرۆسێسکردنی زانیارییەکانەوە پێدەگاتو دەناسرێنەوە، چۆن درکیانپێدەکرێت، چۆن بە واتاکانی پێشو بەراورددەکرێنو بە چ میکانیزمێك پۆلدەکرێنو لە یادگەدا بەکۆگادەکرێن.

زانستی زمانی درکپێکردن هەوڵدەدات لەو ڕێگە ئاڵۆزانە بکۆڵێتەوە، کە بەهۆیەوە زۆربەی زۆری زانیارییەکان دەبنە پێکهاتەی بیریی لە مێشکدا، بەو واتایەی زانیارییەکان لە نەخشەی دروستیدا دەنوێنرێن، لەمەشەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، کاتێك مرۆڤ بیردەکاتەوە، چۆن سیستمی درککردنی کاردەکات؟ ڕۆڵی زمان لەم سیستمەدا چییە؟

لێرەدا زمان ڕۆڵی ناوەندی لەم تیۆرییانەدا دەبینێت، لەلایەکەوە بەرهەمهێنانو تێگەشتن لە قسەو دروستەکانی، کە بنەمای ئاوەزینو گەورەترین بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی درکپێکردن دەگرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە زمان ئەو هۆکارەیە، کە ئێمە بۆ گوزارشتکردن لەوەی لە مێشکماندایە، بەکاریدەهێنین، واتە دەتوانین بڵێین، زمان بەکارهێنان بۆ دەرکردنی ئەو

---

[35] بڕوانە : ١. Talmy (2000)
٢. Clausner, t. & Croft, W. (1999)

گوزارشتانەیە، کە لە مێشکماندایە، ئەمیش پشت بەو کۆزانیارییانە دەبەستێت، کە لە یادگەماندا گەنجکراوە، پەیبردن بە میکانیزمی ئەم گەنجکردنەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە مێشکمان چۆن ڕێکخراوە.[٣٦]

لەبەرئــەوە ئــەم زانــستە وەك ڕێبــازێکی نــەیار بــە سۆســێرییەکان Saussurean و نــەوەی دووەمی دروستەکارە بەدیهییەکان، بەتایبەت دووانەکانی وەك زبان– langueو گوتن– parole، سینکرۆنیو دیاکرۆنی، هێماو واتا، قسەو نوسـین، دەرکـەوت، لەبریئـەوەش، بانگەشـەی لـەخۆوەیی نیشانەی زمانی، بەهۆی ڕێسا گرنگەکانی ڕێکخراوەیی زمان، جێگەی گرتەوە.

زانستی زمانی درکپێکردن بەبەراورد بـە زانـستی زمـانی بەرهـەمهێنان*، زمـان وەك سیـستمێکی خودموختاری/خۆبەڕێوەبەی نابینێت، جیاواز لە کۆزانیاریی زمانی دەڕوانێت، بەتایبەتی کۆزانیـاریی ئینسکلۆپیدیایی، بـەجۆرێك لـە زانـستی زمـانی درکپێکردنـدا، هێڵێکـی جیاکـەرەوەی ڕونو ئاشـکرا لەنێوان کۆزانیاریی زمانیو ئینسکلۆپیدیایدا ڕەچاوناکرێت.[٣٧]

زمانــەوانانی بــواری زانــستی زمــانی درکپێکــردن، هــەروەك زمانەوانــەکانی دیکــە بــە ئامــانجی وەسفکردنی پێڕەوبەندیی دروستەو ئەرکەکانی زمان، لێکۆڵینــەوە لــە زمــان دەکــەن، کــار بــۆ ئــەوە دەکەن، کە چۆن ئــەم ئەرکانــە لــە ڕێگــەی سیــستمی زمانــەوە بەدیــدێت، لەمەشــەوە ئــەو پرســیارە چێدەبێت، کە بۆچی لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، شوێنکەوتەی ئەو گریمانەیەن، کـە

[36] Lobner (2002: 171)

* جیاوازیی نێوان زانستی زمانی بەرهەمهێنانو زانستی زمانی درکپێکردن دەگەڕێتەوە بۆ:

١. زانستی زمانی درکپێکردن وەها گریمانەی ئەرکی زمان لە مێشکدا دەکات، کە نامۆدۆلارە، لەکاتێکدا زانستی زمانی بەرهەمهێنان گریمانەی ئەرکی زمان لە مێشکدا بەپێی ئەسپێکتە هەمەچەشنەکانی زمان، بە شێوەی مۆدولار دەکات.

٢. زانستی زمانی درکپێکردن وا گریمانەی ئەرکی زمان لە مێشکدا دەکات، کە فۆڕمی جیاواز نییە لە ئەرکە درکپێکراوەکەیدا، لەکاتێکدا زانستی زمانی بەرهەمهێنان گریمانەی ئەرکی زمان لە مێشکدا بە شێوەی فۆڕمی جیاواز دەکات لە ئەرکە درکپێکراوەکەیدا.

٣. زانستی زمانی درکپێکردن گریمانەی بۆچونی ئینسکلۆپیدیایی لە واتای زمانیدا دەکات، لەکاتێکدا زانستی زمانی بەرهەمهێنان گریمانەی بۆچونی وشەنامەیی دەکەن.

٤. زانستی زمانی درکپێکردن جەخت لە ڕۆڵی واتا دەکاتەوە، لەکاتێکدا زانستی زمانی بەرهەمهێنان بەپێی ڕێبازی شێوازبەندی لە زماندا، زۆرجار جەخت لە ڕۆڵی ڕێزمان دەکاتەوە. بڕوانە:

Patel, A. & vachhani, V. et al (2008:11)

[37] تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠١٣: ٧٧)

تێیدا زمان بە ڕەنگدانەوەی تەرزەکانی بیر دادەنێت، بەپێی ئەم ڕوانگەیەش، زانستی زمانی درکپێکردن، لێکۆڵینەوەی زمانە لەچوارچێوەی بیردا.

زانستی زمانی درکپێکردن وەك لقێك لە زانستی زمان، لە چەمك دەکۆڵێتەوە، ئەم چەمکە زمانییانە هەندێکجار گشتیو هەندێکجار تایبەتن، کە دەبنە بنەماو دەستوری فۆڕمەکانیان لە زمانێکی دیاریکراوداو تەواو بە سیمانتیکەوە پەیوەستدەکرێن. ئەمەش جیاوازە لە زانستی زمانی دەرونی، کە پشت بە لێکۆڵینەوەی ئەزمونبەندانە لە سایکۆلۆژیی درککردن دەبەستێت، بۆئەوەی ڕاڤەی ئەو پرۆسە ئاوەزییانە بکات، کە بنەمای وەرگرتن، گەنجکردن، بەرهەمهێنان، تێگەشیتنن لە قسەو نوسیندا. بەگشتی زانستی زمانی درکپێکردن، بەهۆی سێ گریمانەی سەرەکییەوە تایبەتمەند دەکرێت بەرجەستەدەبێت؛[38]

١. ناکرێت فاکەڵتیی زمانی لە مێشکدا تەواو سەربەخۆیان ناوابەستە بن، بەواتا زمان فاکەڵتییەکی درکپێکراوی خودموختاری/ ئۆتۆنۆمی نییە.

٢. بەهۆی وێناکردنی چەمکەوە ڕێزمان دەگەیەنرێت.

٣. کۆزانیاریی زمانی، لە بەکارهێنانی زماندا دەردەکەوێت.

بەمپێە ئەم زانستە لە سێ ڕوبەری زمانی دەکۆڵێتەوە، کە هەریەك لە ڕوبەری سیمانتیکی درکپێکردن، ڕێزمانی درکپێکردنو فۆنۆلۆژیی درکپێکردن دەگرێتەوە، لەبەرئەوە پێکهاتەی ڕێزمانیو ڕێزمانی درکپێکردن، میتافۆر، سکێمای وێنەیی، ڕێژەیییان پلەداریی زمان، زانستی زمانی کلتوری، ڕێکخستنی چەمکی لە ڕوی پۆلکردن، میتۆنۆمی، چێوەی سیمانتیکیو وێنەیی، چۆنێتیی وەرگرتنی زانیارییەکانو بەکۆدکردنو دیکۆدکردنیان...تاد، دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی درکپێکردن.

زمانەوانانی بواری درکپێکردن ئەوە ڕەتدەکەنەوە، کە مۆدولەکانی زمان جیاوازبن، چونکە توانای گشتیی زمان بەهۆی چۆنێتیی جیاوازیی سەرنجپێدانەکانی مرۆڤەوەیە، کە لانگاکار بە پرۆفایل Profiling ناویبردوە، بۆ نمونە لە (١) دا تەنها سەرنجپێدانی قسەکەرەکان بۆ دەربڕینی ڕستەکە جیاوازە.[39]

---

[38] Croft, W. & D. A. Cruse ( 2004:1)


[39] Lobner (2002: 171) هەروەها بڕوانە:

Patel, A. & vachhani, V. et al, (2008:7)

**١.أ. هونەر بە ئاگر چاكەی لێنا.**

**ب. بە ئاگر چاكە لێنرا.**

ئەمەش وا دەكات، ڕێبازی دركپێكردن پتر بایەخ بە پۆلكردنو میتافۆر لە زماندا بدات، چونكە هەریەك لەو دو بابەتە پەیوەستن بە مێشكی مرۆڤەوە، زیاتر لەوەی بابەتێكی پەتیی زمانی بێت. ئەمەش بەپێچەوانەی سیستمی مۆدولارێتییەوە، چونكە لەدوتوێی ئەم زانستەدا، ئەركی زمان لە مێشكدا جیاواز نییە لە نیشانەكانی دركپێكردن لە مێشكدا.




ئەركی زمانو دركپێكردن

هێڵكاری (١)*

زانستی زمانی دركپێكردن لەناو زماندا، چارەسەری دروستەی سەرەكیی كەتیگۆرییە چەمكییەكان دەكات وەك كاتو شوێن، وێنەو ڕوداو، یەكەكانو پرۆسەكان، جوڵەو شوێنەكان، هێزو هۆكارەكان، هەروەها چارەسەری دروستەی كەتیگۆریی بیریو سۆزداری بەخستنەپاڵ دركپێكردنی مرۆڤ، دەكات. وەك سەرنجپێدان، ڕوانگە، بەزاندنو مەبەست. لەتەكئەمەدا، ئەم زانستە پەرە بە دەوڵەمەندكردنی چەمكی ڕێزمانی دەدات، كە ڕەنگدانەوەی توانا بنەڕەتییەكانی دركپێكردنە، هەروەك؛ توانای پێكهێنانی فۆرمە بەچەمكبووەكان بەهۆی ئاستە فرەییەكانی ڕێكخستنەوە، توانای تێگەیشتن لە ژینگەیەك لە ئاستە هەمەچەشنەكانی ئەبستراكتدا، توانای چەسپاندنی گونجاندن لەنێوان ئاڕاستەی دروستە جیاوازەكانو لێكدانەوەی هەمان ژینگەی زمان بەڕێگەی لەبریدانراوەكان.

* ئەم هێڵكارییە بە كەمێك دەستكارییەوە لە Patel, A. & vachhani, V. et al, (2008:9) وەرگیراوە

زانستی زمانی درکپێکردن ئەوە بەدەستدێنێتەوە، کە لێکۆڵینەوە لە زمان، لێکۆڵینەوەیە لەبەکارهێنانی زمان، کاتێك ئێمە هەر چالاکییەکی زمانی ڕێکدەخەین، ئەوا نائاگاییانە سەرچاوەی کلتوری‌و درکپێکردن، مۆدیلەکان‌و چێوەکان، پەیوەندێتیی هەمەچەشنە، ڕێکخستنی زۆرینەی زانیارییەکان‌و دیاریکردنی نەخشەیەکی داهێنراوو گواستنەوەکان لە مێشکدا دەکێشن.

## ٢/١–٢ بایەخی زمان‌و ئەرکی بەهێماکردن لە زماندا

بەگشتی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ئەو شتەی، کە هەرگیز ناکرێت پەراوێزبخرێت، زمانە، تەنانەت لەو کاتانەشدا، کە هەست بەبێدەنگیی زمانی دەکەیت، بۆ نمونە ئەو کاتانەی تەنهایت، ئایا تۆ پێتوایە بێدەنگیت؟ لە کاتێکدا بەردەوام لەگەڵ خودی خۆتدا لە دواندایتیان کاتێك کاڵایەك دەکڕیتیان کاتێك بیردەکەیتەوە، تەنانەت گەر کەرەستەی بیرکردنەوەکەشت وێنەیەك بێت، پێتوایە زمان تێیدا وەلانراوەیان کاتێك خەمباریت، دڵتخۆشەیان کاتێك سەرقاڵی بە پرۆژەیەکی بیناسازییەوە، یاخود بیربکەرەوە، ئایا بۆنەیەك هەیە لە ژیانتدا، کە تێیدا بە نائامادەبونی زمان بەڕێوەبچێت، کەواتە هیچ فۆڕمێکی نەریتی هەیە، کە زمان تێیدا نائامادەبێت؟

لە هەر گۆشەیەکەوە بڕوانینە زمان، پێویستییەکی ناچاریی مرۆڤە، کە زانیارییەکان بەکۆددەکرێن‌و دەگوێزرێنەوە، بەو واتایەی بیرەکان لە مێشکدا وەك کەرەستەیەکی تێکردە بە کۆددەکرێن‌و پاشان بەهۆی پرۆسەی گواستنەوەوە گوزارشتە بیرییەکان دەگەیەنرێن، ئەم بەکۆدکردن‌و گواستنەوەیەش، دەبێتە کلیلی دو ئەرك لە زماندا، کە بریتین لە (بەهێماکردن‌و کارلەیەککردو).

یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی زمان، ئەرکی گەیاندنی بیرو ئایدیاکانە، ئەمەش بریتییەلە بەکۆدکردنی زمان‌و بیرە دەرەکییەکانمان، بەهۆی بەکارهێنانی هێماکانەوە symbol.* هێما

---

* فەلسەفەی هێمایی‌و فۆڕمەهێماییەکان لە زماندا، لەو چوارچێوەیە دەرچو، کە پێشتر گریمانەی بۆ دەکرا، بەڵکو ئەرکی بەهێماکردن هەمو ئەو هەوڵانەی گرتەوە، کە بۆ تێگەیشتن‌و پەیبردن بە جیهان بو، بەمەش لێکۆڵینەوەی ئەرکیی Functional، نە تەنها لە سنوری چەمکەکانی زانست‌و نە تەنها لەسەر ئاستی چەمکیی/ وێناکردن – Conceptual مایەوە، بەڵکو پەلی هاویشت بۆ بوارەکانی وەك ئەدەب‌و هونەرو ئایین، هەروەها ئاستە ئاوەزییەکانی تری چەمك. لەتەك ئەمەدا، هێما لە سنوری زانستی هێمای زمانیدا، بریتییەلە فۆڕم‌و واتاو، ئەو زانستەش، لە هێماکانی زمان، هەڵسوکەوتە ڕەمزییەکان، پێڕەوی گفتوگۆکردن‌و لەیەکگەیشتن...تاد دەکۆڵێتەوە، هەریەك لە ئاستەکانی زمانیش،لە ڕویەکی هێما=

بریتییەلـە یەكـە بـچوكەكانی زمـان، كـە دەكرێـت بەشـێكی پڕواتـا بـن لـە وشـەیەك، وەك (نـا) لـە (ناخۆش)دایان وشەیەكی تەواو بن وەك (بەرد)یان زنجیرە وشـەیەكی پێكـەوەلكاو بـن (خۆزگـەم بـە بەختی خوا پێیاوە) هەریەك لەم هێمایانە لـە فۆڕمـەكان پێكدێن، كـە دەكرێـت قـسەیان نوسـینیان نیشانەو واتاكانیان بێتو لەگەڵ فۆڕمەكانیاندا دووانەی فۆڕمو واتای باو بن.

هێمایەك بـەهۆی ئـەو پەیوەندییـە بـاوەی لـەنێوان فـۆڕمو واتاكەیـدا هەیـە، بەپێكەوەلكانـدنی هێماییsymbolic assembly ئاماژەی بۆ دەكرێت، بۆ نمونە وشـەیەكی وەك (منـداڵ) بـەهۆی زنجیرە دەنگی زمانییەوە [minal] دەنوێنرێت، دەشێت ئەم فۆڕمە نواندنێكی ئۆرسۆگرافیی ئەوە بێت، كە ئێمە وەك نوسینێك لەسەر لاپەڕەیەك دەیبینین، واتاكەی پەیوەست بـە هێماكـەوە بیرێكـی باویان ناوەڕۆكێكی سیمانتیكی دەگەیەنێت، هەروەك لە وێنەی (١)دا بەرجەستەكراوە:




پێكەوەلكێنراوی هێمایی دەربارەی فۆڕمو واتا


وێنەی (١)

ئەم دووانـەی فـۆڕمو واتـا لێكنـراوە هێماییانـە، ناكرێـت لـە دونیـای واقیعدا ئامـاژە بـە تـەنها ئاماژەبۆكراوێك بدەن، بەڵكو لە ڕاستیدا ئاماژە بە ئایدیای هێماكە دەدەن، بۆ نمونە لە (١) ئاماژەی بە ئایدیای (منداڵ)، نەك ئاماژەبۆكراوێكی دیاریكراوی (منداڵ) دەدرێت.

---

= زمانییەكە دەكۆڵێتەوە، هەروەك فۆنۆلۆژی بە لێكدانەوەی هێما دەنگییەكانەوە خەریكە، سیمانتیك تایبەتە بە لێكۆڵینەوەی واتای هێماكان، ڕێزمانیش هێماكان لە بەكارهێناندا بە تایبەتی لە وشەو ڕستەدا ڕوندەكاتەوە. لە هێمادا چوار لایەنی لێكۆڵینەوەی هێما جیادەكرێتەوە، كە بریتین لە (سینتاكس، سیمانتیك وەك پەیوەندیی نێوان هێماو واتا، پراگماتیك وەك پەیوەندیی نێوان هێماو بەكارهێنەری هێما، سیگماتی، وەك پەیوەندیی نێوان هێماو جیهانی دەرەوەی نازمانی)، بڕوانە: محەمەدی مەحوی، بەرگی یەكەم، (٢٠٠٩: ٧٠-١٤٦)

واتـای زنجـیرە دەنگـی (منـداڵ) پەیوەسـت بـە هێمـای زمانییـەوە، بـە هێمایـەکی هۆشـەکیی دیاریکراوەوە دەبەسترێتەوە، کە بە چەمك Concept ناودەبرێت، چـەمکەکان لـە پەیبردنەکانـەوە هەڵـدەهێنجرێن، واتـە چـۆن بـەهۆی بەشـە جیاوازەکـانی مێـشکەوە، بەشـە زانیارییـەکان لـە ڕوی (قەوارە، شێوە، ڕەنگ، تام، بـۆن، بـەها، پێگـە، کـێش...تـاد) پەیپێـدەبرێت، ئـەم ڕێـژە جیـاوازە پەیپێبردووانە لە دونیای دەرەوە وەردەگیرێتو بە نیشانەی وێنەیەکی هۆشەکییەوە لەحیمدەکرێت. بەمپێیە ئەگەرچی هێماکە لەگەڵ واتا باوەکە دەگونجێت، بەڵام زیاتر پەیوەندی بە چەمکەوە هەیـە، وەك لـە شـتە فیزکییەکـە لـە جیهـانی دەرەوەدا، هـەروەك ئیڤـانسو گـرین لـە هێڵکـاری (٢)دا خستویانەتەڕو.[٤٠]




نواندنی ئاستەکانی هێمایەك

هێڵکاری (٢)*

**٢. منداڵەکە ڕایکرد.**

ڕسـتەی (٢) وەك کەرەسـتەی خـاوی زانیاریـیە پـەیپێبراوەکان، بـە توانـای درکپێکردنمانـەوە لەحیمـدەکرێتو لـە وێنەیـەکی هۆشـەکیدا دەنوێنرێـت، واتاکـەی بـەهۆی هێمـا زمانییەکـەوە بەکۆددەکرێتو ئاماژە بە پرۆژە ڕاستەقینەکە دەدات، بۆ نمونە ئەو وێنە هۆشـەکییە ڕاسـتەقینەیەی لە مێشکدایە وەك ئەوەیە، کە مێشك دەیکێشێتو بەهۆی هاوتایی سیستمی چەمکیو پەیپێبردنـەوە بەناوەنددەکرێت.

بەچـەمککردنی پـەیپێبراوێکی وەك (منـداڵ) بـوارێکی دیـاریکراوی نییـە، هێمـا زمانییـەکان لـە دەربڕیندا سنوری بیرەکان دیاریدەکەن، جگەلەمەش، هەندێ هەستی مرۆڤ هەن، کە ناکرێت وەك بیر


---

[40] Evans& Green (2006: 6-11)

* هەریەك لە وێنەی (١)و (٢) و هێڵکاریی (٢)، بە دەستکارییەوە لە وێنەکاندا لەم سەرچاوەیەوە Evans& Green (2006:7-10)وەرگیراون.

بخرێتە نێو چێوەی وشەکانەوە، بۆ نمونە ئەو هەستە بێزارکەرەیان خۆشەی، کە پەیوەستە بە دەربڕینی (٢)، بە چ بیرێكو بە چ وشەیەك دەردەبڕێت، ئا لەم ڕوانگەیەوە زمان تەنها بەرجەستەی نەوتراوەکان بۆ ئەو پێکهاتە چەمکیانە دەکات، کە زەنگینترو ئاڵۆزترن لە واتایەکی زۆر بچوك. بەواتا ئەرکی بەهێماکردن بۆ دەرخستنی ئەو چەمکەیە، کە لە چێوەی هێما زمانییەکەدا دەردەبڕێت، ئەم چەمکە مەرج نییە هەڵگری واتایەکی باو بێت، بەڵکو وەك لەسەرەوە باسکرا، ئیستیعابکردن (هەزمکردن)ی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، هەروەك ناکرێت دەربڕاوی (٢) لە گەیاندنی واتایەکی دیاریکراودا سنوربەندبکرێت، ئەمەش بەهۆی ڕێکخستنی چەشنی کۆزانیارییە ئینسکلۆپیدیاییەکانەوە، پەیوەندیی بەو چەمکە جیاوازانەوە هەیە، کە لە فۆڕمی (منداڵ)دا دەگەیەنرێت.

ئەرکی بەهێماکردن تەنها ئەرك نییە، بەڵکو کارلێککردنی قسەکەر لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئەرکێکی دیکەی زمانە، بەمەش تەنها دووانەی فۆڕمو واتا بەس نییەو، بەڵکو پێویستە ئەم دووانەی فۆڕمو واتایانە پەیوەست بە کۆمەڵگای قسەکەرەوە، هەم بناسرێتەوەو هەم دەستیانپێبگاتەوە. بەمە پرۆسەی گواستنەوەو پەیوەندیو لەیەکگەیشتن، پابەندە بە بەکارهێنانی زمان لەلایەن قسەکەرو وەرگرتنی لەلایەن گوێگرەوە، بەشێوەیەك، قسەکەر کەرەستە بیرییەکە بەچەمکدەکاتو پاشان بەکۆدی دەکات، بەرامبەر بەوەش، ئەم دەرکردەیە لەلایەن گوێگرەوە دیکۆددەکرێت، هەروەك لە وێنەی (٢)دا پیشاندراوە:




ئەرکی کارلێککردن

وێنەی (٢)

کاتێك زمان لەگەڵ کۆمەڵدا پێکدادەچێت، ئەوا گەیاندنی پەیامەکان دیاریکراو دەبن، بەجۆرێك زمان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی جێبەجێدەکات، هەروەك چۆن مرۆڤ بەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە لە کۆمەڵدا دەخوازێت کار لە بۆچوونی کۆمەڵگا بکات و جیهان بەو ئاڕاستەیە بەرێت، کە خۆی دەیەوێتیان بەهۆی بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵدا بکرێتە ڕوداو.

**٣. ئەم منداڵەمان ناونا (مانی).**

ڕستەی (٣) ئەوەندەی پیشاندانی کلتورێکە لە کردەی ناونانی منداڵدا وەك کلتوری ئیسلام، ئەوەندە گەیاندنی هەواڵێك نییە، ئالێرەدا زمان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ڕادەپەڕێنێت، کردەکەش بە کردەی قسەیی ئاشکرا ناودەبرێت، کە کردەیەکی ڕاستەقینەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیماندا. هەروەها مرۆڤ بەهۆی بەکارهێنانی هێما زمانییەکانەوە، دەتوانێت چەمکی خۆشی، بێزاری، بێڕێزی، ناڕەزایی، متمانە...تاد دەرببڕێت.

**٤.أ. دەمت داخە.**

**ب. لەخۆشیدا خەریك بو شێت ببم.**

**ت. بە کاك ئەحمەدی شێخ ناڕۆیتەوە.**

هەریەك لە دەربڕاوەکانی (٤) دەرخەریان نیشانەکەری هەڵویستو باروودۆخو ژینگەی کۆمەڵایەتیو کلتوریی کوردە، هەروەك لە (٤.أ)دا ئاماژە بە بێڕێزیکردنو لە (٤.ب)دا دەربڕینی هەستو لە (٤.ت)دا شێوازو فەرهەنگی تایبەت بە ژنو ڕێزگرتن لە میوان، دەدەن. بەمپێیە لەتەك ئەرکی هێماکردندا، دووانەی فۆڕمو واتا کارلێك لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا دەکەنو بیرو هەستو نەریتو خووەکانی کۆمەڵگا دەبنە بەشێك لە فۆڕمە زمانییەکان.

## ١/٢–٣ پێڕەوبەندیی دروستەی زمانیو نەخشەی دروست

یەکێك لەو پرسیارانەی ڕووبەڕوی زمانەوانەکان دەبێتەوە، پرسیارکردنە دەربارەی پێڕەوبەندیی دروستەکانی زمان، بەوەی کە ئاخۆ ئەرکی بەهێماکردنو ئەرکی کارلێککردن لەگەڵ کۆمەڵدا، دەبنە بەشێك لە واتای فۆڕمە زمانییەکە، ئایا بەشێوەیەکی تەواو پێڕەوبەندانەیەیان ئەم پێڕەوبەندێتییە ناچاریو پێویست نییە.

یەکێك لە لێکۆڵینەوە دیارەکان لە ڕێبازی درکپێکردنی ڕێزماندا، چۆنێتیی بەمۆدێلکردنی یەکە فەرهەنگییەکانی زمانە، کە زمانێك پێکدەهێنێت، بۆ نمونە قسەپێکەری کورد کۆکە لەسەر بەکارهێنانی فۆڕمێکی وەك (سەگ) بۆ واتایەکی دیاریکراو، هەروەك لە وێنەی (٢)دا پیشاندرا. هەروەها دەکرێت یەکەیەکی باو، وشەیەکیان مۆرفیمێك بێت، یاخود فرێزێکیان ڕستەیەك بێت. هەندێك دەربڕراو هەن لە زماندا وەك ئیدیۆمەکان، واتاکانیان لە پارچە پێکهێنەرەکانیانەوە پێشبینی ناکرێن، بەڵکو خاوەنی واتایەکی ئامادەکراون لە زمانداو قسەکەر بەو واتا ئامادەکراوەوە بەکاریاندەهێنێتو گوێگریش بە هەمان پێوەر دەیانناسێتەوە، بۆ نمونە وشەیەکی وەك (چاولەدوا) لە زمانی کوردیدا وەك ئیدیۆمێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، نەك وشەیەك کە واتاکەی پەیوەست بێت بە بەشە پێکهێنەرەکانییەوە، بەمپێیە ناوابەستە بە دەوروبەرەوە واتاکەی لێکدەدرێتەوە، بەپێچەوانەوە، هەندێك فۆڕمی ئیدیۆمی لە زماندا هەن، کە دەتوانین بە پشتبەستن بە دەوروبەر، واتایەکی دەقاودەقیان واتا ئیدیۆمییەکەی لێکبدەینەوە، بۆ نمونە ڕستەیەکی وەك (ئەو دەستی پیسە.) بەبێ وابەستەکردنی بە دەوروبەرەوە، ناکرێت بە واتا دەقاودەقییەکەیان بە واتا ئیدیۆمییەکەی لێکبدرێتەوە، چونکە لە ڕاستیدا فۆڕمێکی لەو شێوەیە، هەڵگری دو شیمانەی واتاییە، کە یەکێکیان دەقاودەقیو ئەوی تریان ئیدیۆمییە. بەمپێیە، وەك لە ئەرکی پێکەوەلکێنراوی هێماییدا ئاماژەمان پێدا، یەکەیەکی ئیدیۆمیش وەك پێکەوەلکێنراوی هێمایی ئەژماردەکرێت، ئەم پێکەوەلکێنراوی هێمایییەش، لەلایەن هەندێك زمانەوانی تری بواری درکپێکردنەوە وەك گولدبێرگ بە زاراوەی پێکهاتە Construction ئاماژەی بۆ کردووە.

ئەم پێکهاتە ئیدیۆمیانە هەندێکجار بە گۆڕینی بەشێك لێی، ئەوا واتای ئیدیۆمی لەدەستدەداتو بە واتای دەقاودەقی لێکدەدرێتەوە.

**٥. أ. کابرا دەستی کورتە.**

**ب. کابرا دەستی کۆڵە.**

لە (٥.أ) دا، هەڵگری واتایەکی ئیدیۆمییەو لە (٥.ب) بەگۆڕینی بەشێك لە پێکهاتە ئیدیۆمییەکە، واتای ئیدیۆمی لەدەستدەداتو وەك واتایەکی دەقاودەقی وەردەگیرێت. بۆ زۆربەی زمانەوانانی درکپێکردن، سەرجەم ڕستەکە لە (٥.ب)دا پێکهاتەیەك نانوێنێت، بەڵکو واتای (٥.ب) بەهۆی ڕێکخستنی یەکە بچوکترەکانەوە لێکدەدرێتەوە، کە وشەکانن، لەکاتێکدا واتای سەرجەم

ڕستەی (٥.أ) وەك تەنها یەكەیەكیان پێكهاتەیەك لێكدەدرێتەوە، كە ئەمەش پەیوەستە بە كۆی ئەو كۆزانیارییانەوە، كە پەیكاڵ بە پێكهاتەكانیان وشەكان دەكرێت، بۆیە گۆڕینی هەریەكێك لە بەشە پێكهێنەرەكانی ئیدیۆمەكە، دەبێتەهۆی لەكیسچونی واتای ئیدیۆمەكە. جگەلەمەش، ئاڵوگۆڕكردن بە جێكەوتەی كەرەستەكان، نەك واتا، ئیدیۆمەكە لەكەدار دەكەن، بەڵكو ڕستەیەكی ناڕێزمانیش بەرهەمدەهێنن، هەروەك لە (٦)دا خراوەتەڕو:

٦. *پارەكە داوای دەستكورتەكەی كرد.

بەرهەمهێنانی ئەم ڕستەیە لەگەڵ هیچ تەرزێكی پەیوەست بە دروستەی زمانی كوردییەوە ناگونجێت، لەبەرئەوە هیچ واتایەكی باویشی لێپێشبینی ناكرێت، كە بەم فۆڕمە زمانییەوە بلكێنرێت، بۆیە دەربڕینی ڕستەی (٦)، بۆ قسەپێكەری زمانی كوردی، ناڕێزمانیو نەشیاوە.

لێرەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا بنەمای پێڕەوبەندی لە زماندا، ڕەنگدانەوەی دروستەیەكی چەمكییە؟ زمانەوانانی دركپێكردن، وەها ڕاڤەی ئەم گریمانەیە دەكەن، كە جۆرە دیاریكراوەكانی گوزارشتێكی زمانی، ئەو بەڵگەیە دەخەنەڕو، كە دروستەی سیستمی چەمكیمان ڕەنگدانەوەی تەرزەكانی زمانە، هەروەك چۆن مرۆڤ ئەو كاتەی بیردەكاتەوە، بەشێك لە بیركردنەوەكانی وەك ڕەنگدانەوەی جیهان دەبینرێت، كە تاقیكردنەوەو هەژمونە كەلتوریو كۆمەڵایەتییەكانمان دەگرێتەوە، ئەم ئەزمونو شارەزاییە دونیاییانە، بەشێوەی پێكهاتەیەكی بیری پێكدەهێنرێتو ڕێكدەخرێت.

بۆ نمونە زۆربەی دەربڕینەكانی ڕۆژانەمان، پەیوەستن بە بوارێكی ئەبستراكتی چەمكی، ئەم بوارەش بریتییەلە بەرجەستەبونێكی كۆزانیاریی لەنێو سیستمی چەمكیمان، كە پەیكاڵ بە بیرو ئەزمونەكانمانەوە پێكدەهێنرێتو ڕێكدەخرێت، هەروەك ئەزمونی مرۆڤ لەگەڵ تەمەندا، دەربڕاوێكی وەك (دنیا یەك دو ڕۆژێكە)ی بەرهەمهێناوە، كە گوزارشتە لە چەمكێكی ئەبستراكتی (كات)یان ئەزمونی پێشینەمان لەگەڵ شوێن، پەندێكی وەك (بەرد لە جێگەی خۆی سەنگینە.)ی، كە ئاماژە بە (شوێن)یان جێگەی ڕەسەنی مرۆڤەكان دەكات، بەرهەمهێناوە، هەروەها وشە ئەبستراكتەكان لە زماندا، كە بواری چەمكین لە واقعدا، پەیوەستن بە ئەزمونێكی فیزیكییەوە، بۆ نمونە (خۆشەویستی كۆی كردونەتەوە.)، لێرەدا وشەی (خۆشەویستی)، بوارێكی چەمكی ئەبستراكتییە، پەیوەندی بە ڕوداوێكی فیزییكییەوە هەیە، هەروەك بونی دو كەس لە واقیعداو بونی تەباییو متمانەو دڵسۆزیو ڕێزو...، ڕستەیەكی وەهای لێكەوتۆتەوە. بەواتایەكی تر، سیستمی چەمكی مرۆڤ، ئەو چەمكە

ئەبستراکتانەن، کە لە بوارە چەمکییەکەیدا پێڕەوبەندانە لە دونیای فیزیکیو ئەزمونەکانەوە هەڵدەهێنجرێن، ئەمەش وەها دەکات، کاری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکان لە زانستی زمانی درکپێکردندا، بریتی بێت لە لێکۆڵینەوە لە چەمکە زمانییەکانو وەڵامدانەوەی چیو چۆنو بۆچی دەربارەی سیستمی زمان پەیوەست بە چەمكو بیرەوە، بێت.[41]

لەم ڕوانگەیەوە "(زانستی زمانی درکپێکردن)، زمان وەك ئامرازێك بۆ (ڕێکخستنو چارەسەرکردنو هەڵگرتنی زانیاری) دەبینێت، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت شیکردنەوە بۆ بنەمای (چەمکیو ئەزمونگەری)یەکانی کەتیگۆرییە زمانییەکان بکرێت، بە مەبەستی شارەزابونی مرۆڤ لە چۆنێتیی ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ جیهاندا (واتە واقیع)، ئەمەش ڕاستەوانە ئەوە دەنوێنێت، کە کارلێککردنو ڕوبەڕوبونەوەی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا لە ڕێگەی دروستە زانیارییەکانەوەیە (زمان)، کە لە ئاوەزدا هەڵگیراونو وەك پردی پەیوەندیی نێوان ئاوەزی مرۆڤ (سەرچاوەی دنیابینیو تێڕامانەکانی مرۆڤ)و واقیعی جیهانە"[42].

## ٤-٢/١ واتاو درکپێکردن

پەیوەست بە شرۆڤەکردنی واتاو وەڵامی ئەو پرسیاری واتا چییەوە؟ لە تێڕوانینێکی پێکەوەییانەی فەلسەفەو زمانو سایکۆلۆژییەوە، کۆمەڵێك تیۆریی پەیدابون، یەکێك لەو تیۆرییانە سیمانتیکی درکپێکردن بو، بەپێی ئەم تیۆرە، واتای وشەکان لە سەرماندا کۆبونەتەوە، لەکاتێکدا تیۆرەکانی پێشتر پێیانوابو، کە واتای وشەکان لە جیهانی دەرەوەدایە، هەروەك سیمانتیکی ڕیالیزمی*، بانگەشەی ئەم بۆچونەی دەکرد.

بەپێی ڕێبازی ڕیالیزمی، لە واتاسازیدا واتای دەربڕاوەکان ئەو شتانەن، کە لە جیهانی دەرەوەدان، بەمپێیە، سیمانتیك لە زماندا، وەك نەخشەی دروستەی سینتاکسییە بۆ ئەو شتانەی لە

---

[41] Evans & Green (2006: 11-15)

هەروەها بڕوانە: Ungerer & Schmid (2006: 1-5)

[42] کاروان عومەر قادر، سیستمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٣٤، بەشی B، (٢٠١٢: ٧٨).

* سیمانتیکی ڕیالیزمی ڕشوانگەیەکە، کە ڕستەکان بە واقعەوە، پەیوەستدەکات، بەشێوەیەك ڕستەکان بە ڕاست یان هەڵە دیاریدەکات ، ئەم دیاریکردنەش وابەستە ناکات بە توانای زانستی (knowing).

جیهانـدان، پێناسـەدەکرێت، ئەمـەش بـە زاراوە ئەنتۆلۆجییـە فەلـسەفییەکەی، بریتییـە لـە تیـۆری ڕیالیزمی، ئەم تیۆرە ئەوەمان بۆ ڕوونناکاتەوە، کـە ئـاخۆ مـرۆڤ چـۆن لـە واتـای وشـە جیاوازەکـان دەگات.

بەپێـچەوانەی تیـۆری ڕیالیـستییەوە، سـیمانتیکی درکپێکـردن ئـەوە دەسـەلمێنێت، کـە واتـای وشەکان لە مێشکماندایە، نـەك لـە جیهـانی دەرەوە، لەمەشـدا زمـان وەك نەخـشەیەکی دەربـڕراوە زمانییەکان لە یەکە درکپێکراوەکاندا دەبینێت، بەمەش پاڕادیگما لـە سـیمانتیکدا بـریتی دەبێـت لـە چەمککردنیان درکپێکردن.

سیمانتیکی درکپێکردن، کار لەسەر چەمکەکانی فۆڕمو واتای زمان بە وابەستەکردنی کۆزانیاریی ئینـسکلۆپیدیاییو چـۆنێتیی سـەرنجپێدانی چـەمکەکان دەکـاتو لـە چوارچـێوەی سـیمانتیکدا ڕاڤەیدەکات. بەواتا گرنگیی سایکۆلۆژیی درکپێکردن بۆ سیمانتیك، جەختکردنەوەیـە لـە ڕاڤـەکردنی ئەو چەمكو کەتیگۆرییانەی ئێمە لە ژیـانی ڕۆژانەمانـدا بەکاریانـدەهێنین، بـەجۆرێك ئـەم چـەمکانە، پەیوەست بە زمانو بیرەوە، لێکدانەوەی بۆ بکرێت.[٤٣]

بەپێی بۆچونی لانگاکار، سیمانتیکی درکپێکردن، لێکۆڵینەوەیـە لـە زمـان وەك تێکردەیـەکیان ڕێکخـەرێکیان هـەروەك دەڵێـت وەك دەروازەیـەك بـۆ ئـەو کۆزانیارییـەی لـە مێـشکدایە، بەمـەش سیمانتیکی درکپێکردن، تەنها لە سنوری سیمانتیکدا نامێنیتەوە، بەڵکو بەشـداریی تایبەتمەنـدێتیی پڕاگماتیك دەکات، بەجۆرێك، کـە زمـان وەك دروسـتەیەکی ئەبـستراکتی شـیناکرێتەوە، بـەڵکو وەك چۆنێتیی تێگەیشتنی مرۆڤ لە دروستە زمانییەکە وەردەگیرێتو شیدەکرێتەوە.

لێرەدا دەتوانین جیاوازیی نێوان سیمانتیكو سیمانتیکی درکپێکردن بەو شێوەیە بخەینەڕو، کە سیمانتیك وەك تیۆرییەك پەیوەندیی نێوان زمـانو جیهانـە، کـە دوبـارە ڕێکدەخرێتـەوە، لەکاتێکـدا سـیمانتیکی درکپێکـردن، ئامـاژە بـە تیۆرییـەك دەکـات، کـە دەربـارەی پەیوەنـدیی نێـوان زمـانو تێگەیشتنی مرۆڤە دەربارەی جیهان، ئەویش دەبەستڕێتەوە بە شیکردنەوەی درکپێکردنی دروستەی چەمکیو دروستەی سیمانتیکی، بەمشێوەیە سیمانتیکی درکپێکردن، ڕێبازی فرە تایبەتمەندێتییە لە

---

43 بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: Gärdenfors, P.( 2007:57-76)

زماندا، كه پەيوەستە بە كۆزانياريى لە سايكۆلۆجى، نيورۆلۆجى، بيۆلۆجى، كە پێويستو ناچارين. لێرەدا ناكرێت ڕاستەقينە وەك پێوەرێكى تەواو وەسفبكرێت، بەڵكو وەك بەهادارى، يەكەى پڕاگماتيكى، كە پشت بە بەكارهێنەرو ژينگە دەبەستێت، لێكدەدرێتەوە، بەمپێيە واتا زياتر لە ئەركى ڕازيكردنى مەرجى ڕاستەقينە نييە، بۆنمونە، ئەو پڕۆپۆزشنەى هەڵەيە، ياخود بە هەڵە دەزانرێت، ماناى ئەوە نييە ئيدى واتاى نەبێت.

واتاى سيمانتيكى دركپێكردن هەڵگرى چەند بنەمايەكە، كە لێرەدا بە چەند خاڵێك دەيخەينەڕو:

١. واتا چەمكە.

٢. بەپێى واتاى دركپێكردن، جياوازى لەنێوان جيهانى ڕاستەقينەو جيهانى بەچەمككراودا دەكرێت.

٣. ڕێككەوتنێكى ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەو دو جيهانەدا نييە.

٤. تيۆرى دركپێكردن لە زماندا تەنها وەسفى ڕێكخراوێتيى ئەم جيهانى بەچەمككردنە دەكات، بەمەش ئەم تيۆرييە، كار لەسەر كەتيگۆريى ئەبستمى/ مەعريفى، نەك كەتيگۆريى بونگەرايى دەكات، ڕوانگەيەكى هاوبەشى ديكە، برتييەلە پرۆسيسكردنى دركپێكردنێكى تايبەتو كردەى بەچەمككردن، كە مرۆڤ بەكاريدەهێنێت، نەك تەنها بۆ ڕيكخستنى زمان، بەڵكو بۆ ڕێكخستنى زانياريى نازمانيش.

٥. كردەى دركپێكردن، ڕێكخستنى بيرى مرۆڤ و دروستەى زانياريى زمانى بەكارهێنراوە، بەهەمان شێوەى ئەوانەى بۆ دروستەى زانياريى نازمانى، بەكاردەهێنرێت.

٦. مرۆڤ توانايەكى خۆڕسكى هەيە بۆ ڕێكخستنى زانياريى ناوەكى، كە بەهۆى كردەكانەوە دەردەبڕرێن. پەيوەست بەمەوە، لانگاكار بانگەشەى دو بنەماى كرد:

١. واتا بۆ چەمك كورتدەكرێتەوە.

٢. زۆربـەی جـار، بـەکارهێنانی دەربڕینێکـی پڕۆتۆتـایپی، تـۆڕێکی نـاوەڕۆکی پێکەوەچـنراو پیشاندەدات وەك فرەواتاکان لە زماندا.[٤٤]

بەپێی ئـەو زانیارییانـەی لەسـەرەوە خـستمانەڕو، لـە شـیکردنەوەی دەربڕاوێکـی وەك (مـن پێشمەرگە وەك کۆتر دەبینم)، لێرەداو بەپێی سیمانتیکی درکپێکـردن، پەیوەسـتکردنی وشـەی پێشمەرگە بە دونیای دەرەوەمان نییە، بەڵکو وشەکە وەك یەکەیـەکی درکپێکـراو هەڵـسوکەوتی لەگـەڵ دەکرێـت، بـەو مانایـەی، چـی لـە مێـشکی قـسەکەردایە دەربـارەی (کـۆتر)یـان ئـەوەی دەربارەی کۆتر لە مێشکی قسەکەردا پۆلکراوە چییەو کـام تایبەتمەنـدێتی لـە کـۆتردا لـە بـون‌و کەسێتیی پێشمەرگەدا هەیە، ئایا پێشمەرگە بە واتا ڕیالیزمییەکەی بەکارهاتووە، یاخود ناونانـە بۆ کەسێك، ئەمەش جیاوازە لە تیۆری (واتای واتا)، کە پشت بە سێگۆشەی واتایی (شـت، بـیر، هێما) دەبەستێت، بەڵکو بەپێی سـیمانتیکی درکپێکـردن، مـرۆڤ لەڕێگـەی پەیبردنـەوە، درك بـە واتای دروستە زمانییەکە دەکات.


یەکێك لە تیۆرە واتاییەکان، کە جەخت لە چەمکیان بیر دەکاتەوە، تیۆری سێگۆشـەی واتاییـە، بـەپێی ئـەم تیـۆرە، پەیوەنـدیی نێـوان وشـەو واتـاو دنیـای دەرەوە، بـەهۆی سێگۆشـەیەکەوە لێکدەدرێتەوە، بەجۆرێك لوتکەی سێگۆشـەکە نوانـدنی (بـیر)و گۆشـەکانی دیکـە بـۆ (زمـان‌و شـت) تەرخانکراوە. وێڕای ئەوەش، ناوبراوان چوار توخمی سەرەکییان بـۆ شـیکردنەوەی واتـا دیـاریکرد، (مەبەست، بەها، ئاماژەبۆکراو، هەڵچون‌و سۆز)، هەروەها لەو سێگۆشە واتاییەدا باس لەوە دەکەن، کە هەر هێمایەك هەڵگری سێ ڕەهەندی جیاوازەو پێویستە لەم سێ ڕەهەندەوە لێیبکۆڵرێتـەوە، کـە ئەوانیش هەریەك لە (دەنگ، بیر، ئامازەبۆکراو) دەگرێتەوە، بەمپێیە، پەیوەندیی نێوان ڕەهەندەکان بریتی دەبن لە کرۆکەواتاکانیان.[٤٥]

---

[44] کۆی ئەم بابەتەی لێرەدا خرایەڕو، لە کۆوانەکانی هەریەك لە لانگاکارو لاکۆفـو تاڵمای وەرگیراوەلە:
Course in Pragmatics and Cognitive Semantics, Lecture 5,6 and 8: Cognitive semantics: Langacker, Lakoff, Talmy.

[45] منقور عبدالجلیل (٢٠٠١: ٨٥)

ڕێبازی درکپێکردن لە چۆنێتیی واتـای کرۆکـەواتاکان دەکۆڵێتـەوە، بـەجۆرێك چـۆنو بۆچـی دەبنـە کرۆکەواتای وشەکان، واتە لە دیاریکردنی کرۆکەواتاکەدا، جەخت لە بنەمای سێگۆشـە واتاییەکـە بـە بونی پەیوەندیی نێوان (دەربڕین، واتاو کرۆکەواتا)دەکرێتەوە، وەك لە هێڵکاری (٣) خراوەتەڕو:




هێڵکاریی (٣)[٤٦]

ئەم کرۆکەواتایانە وەك یەکەیەکی زمانی، ئامـاژە بـە دونیـای دەرەوە دەدەنو لـەنێو خۆشـیاندا تورێکی پێکەوەبەندی دروستدەکەن، بەجۆرێك، کە کۆمەڵێك زمانەوان ئەم پێکەوەبەندییە لە بـواری سیمانتیکی درکپێکردندا بەهۆی گریمانەی پۆلکردنو تیۆری پڕۆتۆتایپەوە ڕوندەکەنەوە[٤٧].

## ٥-٢/١ ڕیکلام بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن*

پێکهاتــەی ســەرەکیی ڕیکــلام، بریتییەلــەو زمانــەی، کاریگــەریی لەســەر دەرونــی وەرگــر دروستدەکات، بـەجۆرێك بیرکردنـەوەی وەرگـر بـە ئاڕاسـتەی مەبەسـتی ڕیکلامکـار دەگۆڕێـت، ئـەم گۆڕانەش، بەپێی سیمانتیکی درکپێکردن لە ئەنجامی گۆڕینی چەمکی وشـەکەیان دەربڕاوەکـەوە لـە مێشکی وەرگردا بەدیـدێت، چـونکە بنـەمای سـیمانتیکی درکپێکـردن، سروشـتی پەیوەنـدیی نێـوان دروستەی چەمکیو ئەزمونەکانی جیهانی دەرەوەیە، بەجۆرێك مرۆڤ لەڕێی وشیاریو ئاگالێبونییەوە، کارلێـك لەگـەڵ جیهـانی دەرەوە دەکـاتو ئـەم کارلێیەککردنـەش، لـە ڕێکخراوێتیـی چـەمکەکاندا بەرجەستەدەبێت.

---


[46] Lobner, S. (2002: 17)

[47] بۆ زانیاری دەربارەی کرۆکەواتاو پرۆتۆتایپی سیمانتیکی سەبارەت بە وشەکانی زمان بڕوانە :
Bick, E. (2009) .٢ ، Bick, E . (2002) .١

* لە نوسینی ئەم وەچە پارەداو بۆ شیکردنەوەی دەقەکانی ڕیکلام لەسەر ئاستی سیمانتیکی درکپێکردن بەشێوەیەکی بنەڕەتی، پشتمان بە سەرچاوەی (Evans & Green:(2006: 157-170 بەستووە.

گریمانـەی درککردنـی بـون بـە بـەش Embodied cognition، پڕواتـایی چـەمکەکە بـەهۆی ئەزمونێکی بەرجەستەوە ڕێکدەخات، بەو واتایەی، بەهۆی پڕۆسەی بون بە بەشەوە، ئەزمونە بەرجەستەکە، کە هۆکاری پڕواتایی دروستە چەمکییەکەیە، بە دروستە چەمکییەکەوە دەبەسترێتەوە.

پێکهاتەی پەیبردنی مرۆڤ پەیوەستە بە نیشانەیەکی زانراوی دیاریکراوەوە، ئەم زانیارییە لەگەڵ ئەزمونە بەرجەستەکە، کاریگەری لەسەر پڕواتایی دروستە چەمکییەکە دەبێت. بۆ نمونە، گەر بڕوانینە دەقێکی ڕیکلام، کە بۆ کاڵایەك دەکرێت، ئەوا بەپێی نیشانەی زانراوو ئەزمونی بەرجەستە، پڕۆسەی پەیوەندی لەنێوان دەقەکەو وەرگر بەمجۆرە دەبێت:




پرۆسەی پەیوەندیکرن و بەچەمککردن لە ڕیکلامدا

هێڵکاریی (٤)

کاتێك پەیام دەگاتە وەرگر، ئەوا وەرگر دەست بە پڕۆسەی لێکدانەوە دەکات، بۆ ئەم پڕۆسەیەش، زانیاریی زانراو دەبێتە خاڵی چۆنێتیی تێگەیشتن لە پەیامەکەو، مێشکیش بەهۆی ئەزمونە بەرجەستەکەوە، چەمکەکە لە چوارچێوەی زانیارییە زانراوەکەدا ڕێکدەخات.

**٧. لە بەرزترین شوێنی سلێمانی، شوقەی ٢٠٠ مەترییان ١٦٠ مەترییان ١٠٠ مەتری.**

لە دەقی ڕیکلامی (٧)دا، زانیاریی زانراو (بەرزترین شوێن، ڕوپێوی ڕوبەرەکان)، کە برتییەلە خودی پەیامەکە، بۆ وەرگر دەگوێزرێتەوە، ئەم زانیارییە لەگەڵ چۆنێتیی کارلێککردنی بە ئەزمونەکانی وەرگر، پڕواتایی بە چەمکە زمانییەکە دەبەخشێت، ئەم پڕواتاییەش، بە هەڵگر Containment ناودەبرێت، بەمپێیە هەڵگر ئاماژە بەو پڕواتاییە دەدات، کە لە ئەنجامی جۆرێکی دیاریکراو لە پەیوەندیی فیزیکی مرۆڤ بە کارلێکردنی لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا بەرهەمدێت، بەچەشنێك، مرۆڤ توانای ئەزمونکردنی شتەکانی جیهانی دەرەوەی هەبێت.

پەیوەستبونی چەمك بە هەڵگرەوە، لە زانستی زمانی درکپێکردندا بە سکێمای وێنـەیی image schema ناودەبرێـت، لــە مــۆدێلی درکپێکردنــدا، ســکێمای وێنــەیی چــەمك بــەهۆی ئەزمونــە بەرجەســتەکانەوە لــە چــەمکە پڕواتاکانــدا دەنوێنرێــت، لەکاتێکـدا چــەمکی قاڵــب Container، ڕاستەوخۆ بریتییە لە پێشینەی کارلێککردنی زانیـاریی بەرجەسـتە بـە زانیـاریی زانـراوی دیـاریکراوو سکێمای وێنەیی دروستەی چەمکی.

میتافۆرەکان لە زماندا بەهۆی سکێمای وێنەییەوە بەدیدێن، هەندێك لـە دەقـی ڕیکلامـەکانیش بە پرۆژەیەکی میتافۆری بەرهەمدەهێنرێن، کـە هـەڵگری سـکێمای وێنـەین بـۆ مـەودای ئەبـستراکتی چەمکەکان.

ئەو بیرۆکەیەی لە پـشت پـرۆژەی میتافۆرییەوەیـە، بریتییەلـە پڕواتـایی دروسـتە، کـە ئەزمونـە بەرجەستەکە وەك قاڵبی سکێمای وێنەیی، دەکات بە چەمکێکی کۆنکرێتی.

سـیمانتیکی درکپێکـردن، بانگەشـەی ئـەوە دەکـات، کـە واتاکـان پەیوەسـتن بـە وشـەکانەوە، هەروەك ئەو فۆڕمەی چەند چەمکێکی لەخۆگرتوە، ئەمەش بەرجەستەی ئـەوە دەکـات، کـە چـەمکە فەرهەنگییـەکان لــە مێـشکی قـسەکەردا تـەنها بەشـەکۆمەڵێکی نـاوەکین لـە کۆمەڵـە چـەمکێکدا، لەکاتێکدا دروستەی سیمانتیکیش، تـەنها بـە وشـەکانەوە پەیوەسـت نییـە، بـەڵکو بـە هـەمو یەکـە زمانییەکانیان تەرزێکی گەورەتری باوەوە وەك بکەردیارو نادیارەکان لە زماندا پەیوەستە.

بەکارهێنانی هەر یەکەیەك لـە بەرهـەمهێنانی دەقـی ڕیکلامـدا، پێوانەیـەکی چـەمکی لـە مێـشکی وەرگردا دروستدەکات، ئەو پێوانەیەش، بریتییەلـە خـودی کاریگەرییەکـە، بـۆ نمونـە بەرهـەمهێنانی دەقێکی ڕیکلام لەسەر ئاستی پاسیڤ، جیاوازە لە ئاستی ئاکتیڤ.

بەمپێیـە، زمانــەوان لـە بـواری سـیمانتیکی درکپێکردنـدا بانگەشـەی ئـەوە ناکـات، کـە زمـان پەیوەســتە بــە چــەمکە ناوەکییــەکانی مێــشکمانەوە، بــەڵکو ڕێگــە بــە فــۆڕمێکی تاکلایەنانــەی خودێتییەکان subjectivism دەدات، بەجۆرێك چەمکەکان لـەو جیهانـە جیادەکەنـەوە، کـە پێـوەی پەیوەستن، ئەمە لەکاتێکدا مرۆڤ خـاوەنی ئـەو چـەمکانەیە بـۆ تێگەیـشتن لـە جیهـانی دەرەکیـیان ڕێگەیەکی ناچارییە بۆ تێگەیشتن لە جیهانو نەخشەی درکپێکردنو سایکۆلۆژی.

یـەکێك لـە ڕێـساکانی سـیمانتیکی درکپێکـردن ئەوەیـە، کـە دروسـتەی سـیمانتیکی، بریتییەلـە سروشتی ئینسکلۆپیدیایی، ئەمەش بەو مانایە دێت، کـە وشـەکانی زمـان بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـك دەستەیەکی پێچراوەی واتـایی نـانوێنن، بـەڵکو خـاڵی دەستپێداگەیـشتنەوەی زۆرتـرین کۆزانیـاریی

خـەزنكراوە پەیوەسـت بـە چـەمكێكی دیاریكراویـان بـواری چـەمكییەوە. لێـرەدا ئـەو پرسـیارە دروسـتدەبێت، ئـاخۆ تاچـەند ڕیكلامكارەكـان بایـەخ بـە چـۆنێتیی ئینـسكلۆپیدیایی دەقو وەرگـر دەدەن، بـۆ نمونـە لـە دەقێكـی وەك (٨)دا، ئینـسكلۆپیدیاكە دەبێتـە خـاڵی دەسـتكەوتنەوەی زانیارییەكان، بەو جۆرەی ئامانجی ڕیكلامكار بیپێكێت.

## ٨. كەناڵی ڕوداو تاكە كەناڵی بێ ڕكابەرە.

لـە دەقـی (٨)دا زانیـاریی زانـراوی دیـاریكراو بریتییەلـە (كـەناڵی ڕوداو)، ئـەم زانیارییـە لەتـەك زانیارییەكی دیكەدا، كە وەرگر توانای ئەزمونكردنی هەیە، (بێ ڕكابەر) وەك پـەیامێك بـە مەبەسـتی ناسـاندنی كـەناڵی ڕوداو ئاڕاسـتەی وەرگـر دەكرێـت، كـە هـەڵقولاوی دونیـای سیاسـەتو چـۆنێتیی گەیاندنی ئامانجی خاوەن، نەك بەرپرسانی پیشەیی كەناڵەكەیـە. ئـا لێـرەدا ئـەو پرسـیارە جێگـەی خۆی دەگرێت، كـە ئایـا ئـەم ڕیكلامكردنـە بـۆ كـەناڵێك لـە سـنوری هـەرێمی كوردسـتاندا تـا چـەند كاردانەوەی لەسەر كۆزانیاریی ئینسكلۆپیدیایی وەرگر دەبێت؟ بەو جـۆرەی یـان ئـەم ڕیكلامكردنـە ببێتەهۆی توندكرنو پتەوكردنی كۆزانیارییە ئینسكلۆپیدیایەی دەربارەی كەناڵەكە هەیـەتی، یـاخود بونی كۆزانیاری ئینیسكلۆپیدیایی، هەم دەربارەی كەناڵەكە، هەم دەربـارەی سیاسـەتی كەناڵەكـەو، هەم دەربارەی كەناڵەكانی دیكەو بارودۆخی ڕاگەیاندن لە هەرێمی كوردستانو ناوچەكەدا، وا دەكات زانیـاریی هـەڵگیراو لـە ڕیكلامەكـەدا ڕەتبكاتـەوە، لێـرەدا (كـەناڵی ڕوداو) خـاڵی دەسـتكەوتنەوەی زانیارییەكانە بۆ پەسەندكردنیان ڕەتكردنەوەی ڕیكلامەكە.

لەم ڕوانگەیەوە، خودی زمانیان یەكە زمانییەكان، واتا بەكۆد ناكـەنو تـەنها بیرخەرەوەیـەكیان هاندەرێك نین بۆ پێكهاتە واتاییەكە، بەڵكو واتاكان لەسەر ئاستی چەمك بەكۆددەكرێن، بەشێوەیەك، كـە واتاكـە هاوتایـە بـە چـەمكەكەی، ئـەم چـەمكەش بـۆ یەكـە زمانییـەكان دەبنـە هانـدەریان بیرخەرەوەیەك بۆ ڕێكخستنی ڕەهەندە چەمكییەكانو پێشینەی كۆزانیاریی كەرەستە نوێیەكە.

## ٩. ئاسیاسێڵ كۆماندەكاتەوە.

لـەم دەقـەدا ئـەو واتایـەی پەیوەسـتە بـە وشـەی (ئاسیاسـێڵ)ەوە، تـەنها لـە پرۆسـەی ناونانەكـەو بەكۆدكردنی وشەكەوە نەهاتووە، بەڵكو زانیارییە دەرەكییـەكانی پەیوەسـت بـە ئاسیاسـێڵەوە وەك كۆمپانیایەكی وەبەرهێنەرو چـەندێتیو چـۆنێتیی خزمـەتگوزاریو كەسـانی پـشت ئـەم كۆمپانیایـەو

چـۆنێتیی سیاسـەتی کۆمپانیایەکـەو ...تـاد، لـە بەچـەمککردنو بـەکۆدکردنی یەکـە زمانییەکـەدا ڕۆڵدەبینێت.

بەمپێیە بە شێوەیەکی گشتی، دیاردەکان لە چوارچێوەی ڕێساکانی سیمانتیکی درکپێکردندا بریتین لە:

## یەکەم/ دروستەی چەمکی لەبەرجەستەکردندا

گریمانەکانی درککردنی بون بە بەش، کلیلی ڕوبەری لێکۆڵینەوەیە لە چوارچـێوەی سـیمانتیکی درکپێکردندا، کە بنەمای بەرجەستەییە لە واتادا، ئەمەش لەو گریمانەیـەوە سەرچـاوە دەگرێـت، کـە پرواتـایی دروسـتەی چـەمکێك بـەهۆی نرخـی ڕاسـتەوخۆی بـەر لـە چـەمککردنەوە/ ئـەزمونی– بەرجەستە– bodily ەوە بەدیدێت، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، میتافۆرەکان لە زمانـدا نمونـەی بنەمای بەرجەستەییە لە زماندا، کـە بـەم میکانیزمـە دێنەبەرهـەم، بـەجۆرێك چـەمکە میتافۆرییەکـە بەپێی سیستمی نەخشەی چەمکی باو دیاریدەکرێتو لە یادگەی درێژخایەنـدا هەڵـدەگیرێت، ئـەمیش بەهۆی دروستەی سکێمای وێنەییەوە چالاکدەکرێت.

ئەگـەر سـکێمای وێنەییـەکان لـە ئەزمونـە بەرجەسـتەکەیدا دەرکـەوت، ئـەوا دەکرێـت چـەمکی میتـافۆری لەسـەر ئـەو بنەمایـە شـیبکرێتەوە، کـە نەخـشەی دروسـتەکە لـە بـوارێکی کۆنکرێتیـدا دەکێشیێتو دەیگۆڕێت بۆ بوارێکی چەمکی ئەبستراکتی.

## دووەم/ دروستەی چەمکی

یەکێك لـەو بابەتانـەی لـە چوارچـێوەی سـیمانتیکی درکپێکرنـدا گرنگـی پێـدەدرێت، بریتییەلـە چۆنێتیی بەکۆدکردنی زمانو چۆنێتیی کاردانەوەی لە دروستە چـەمکییەکەدا، لەمبارەیـەوە تاڵمـای Talmy باس لە دو سیستمی بـەکۆدکردن لـە داڕشـتنەوەی درکپێکردنـی زمانـدا دەکـات، یەکـەمیان سیستمە سیمانتیکی پۆلی داخراو، پـەیوەستە بە پێکهاتەی ڕێزمانییـەوە، وەك مۆرفیمـە بەنـدەکانو وشـە ڕێزمانییـەکانی وەك ئامرازەکـانی ناسـاندنو پـەیوەنـدیو خـستنەتەکیەکو...تـاد، دووەمیـان سیستمی سیمانتیکی پۆلی کراوە، کە واتاکەیان پەیوەستە بە ناوەڕۆکی وشەکانو مۆرفیمەکانەوە.

لە پۆلی داخراودا، سیستمەکە بۆ خستنەڕوی دروستە چەمکییەکەیە، واتای ڕەگـەز (ئلیمێنـت)ەکـان وەسـفی شـوێنی دروسـتە چـەمکییەکە دەکـەن، هـەروەها بـۆ خـستنەڕوی زانیـاری سـەبارەت بـەو ڕوداوەی ڕودەدات، چەند بەشداربو دەگرێتەوە. سیستمی سـیمانتیکی پـۆلی کـراوە، پەیوەسـتە بـە

وشـەکانەوە، کـە لـە ناوەڕۆکـە پڕواتاکەیـدا پـشت بـەوبوارە دەبەسـتێت: ئـەو بەشـداربووانە کـێن، سروشتی ڕوداوەکە وەسفی شوێنەکە دەکات، ئەمەش جیاوازیی نێوان هەردو سیستمەکەیە.

## سێیەم/ سیمانتیکی ئینسکلۆپیدیایی

بەشـێوەیەکی سـەرەکی، سروشـتی ئینـسکلۆپیدیایی لـە واتـادا سـەرنجپێدان‌و گرنگیدانـە بـە دروستەی سیمانتیکی، کە پەیوەست بـە دروسـتەی کۆزانیـاریی چـەمکییەوە ڕێکدەخرێت. بـەپێی سیمانتیکی ئینسکلۆپیدیایی، واتای وشە لەسەر بنەمای بیرۆکەی مەودا frame بنـەمادەکرێت‌و لێـی تێدەگەی، ئەمەش لەلایەن زمانەوان (چارلیس فیلمۆر Fillmore)ەوە گەشەی پێدرا.

مەودا ڕونکردنەوەی دروستەی کۆزانیارییەیان دەرخستنی سکێمایە لە هەر ئەزمونێکدا، بـەپێی ئەم گریمانەیە کۆزانیاریی واتای وشە لەبەشێکیدا، بریتییەلە کۆزانیاریی تایبەتمەندێتیی مەودای ئـەو وشەیەی پەیوەستە پێوەی، بۆ نمونـە کردارێکـی وەك (دزیکـردن)، مەوداکـەی بریتییەلـە ١. دز، ٢. ئامانج (دزیکردن لە کەسێکیان شوێنێك)، ٣. پێداویستی بۆ دزیکردنەکە. لەگەڵئەوەشدا لەنێوان ئەو وشانەی مەودایان وەکیەکە، بـەڵام دەشـێت هەریـەك لـە ئامانجەکـەی جیـاواز بێـت، بـۆ نمونـە گـەر بڕوانینە هـەردو کـرداری (نوسـین)و (تۆمـارکردن)، ئەگەرچـی هـەردو پرۆسـەی کردەکـە، مـەودایان وەکیەکە لە بونی نوسەرێك، شتێك بۆ نوسین، بەڵام هەر یەکەیان بە دو ئامـانجی جیـاوازە. ئەمـەش لە پرۆژەی بەرهەمهێنانی ڕیکلامدا، پێویستە ڕیکلامکار بەئاگا بێـت لـە هەڵبـژاردنی ئـەو کردارانـەی، مەودای ئامانجیان جیاوازە.

## 10. ئەو تامە سروشتییەی کەوا نەوەکان پێدەگەیەنێت.... شیری پنار

مەودای کرداری (پێگەیشتن) بریتییەلە کەس/ شتێك، کە توانای گۆڕانی هەبێت‌و ئـەنجامی گۆڕانەکـە بریتییەلە پێگەیینەکە. دروستەی چەمکی کردارەکە، هەڵگری واتای (پێگەیشتنە) لـە ڕوی ئـاوەزی‌و بەدەنییـەوە، ئەمـە بەبـەراورد بـە کـرداری (گەشـەکردن)، کاردانەوەیـەکی بـەهێزتر لەسـەر وەرگـر دروسـتدەکات، چـونکە دروسـتەی چـەمکیی (گەشـەکردن)، پـتر لایـەنی بـەدەنی، نـەك ئـاوەزی دەگرێتـەوە، بـۆ نمونـە لـە ڕسـتەیەکی وەك (منداڵەکـە گەشـەیکردووە.)، بەبـەراورد بـە ڕسـتەیەکی (منداڵەکە پێگەیشتووە.) ئەوا گەشەکردنەکە هەردو لایەنی ئاوەزی‌و بەدەنی دەگرێتـەوە، ئەگەرچـی وەرگرتنی(ئیستیعابکردن) گەشەکردنی ئاوەزییەکـە خێراتـرو زوتـر لـە گەشـەکردنی بەدەنییەکـە لـە

کرداری (پێگەیشتن)دا لەلایەن وەرگرەوە ڕوودەدات، ئەم وا تێگەیشتنەش، پەیوەستە بە کۆزانیـاریی ئینـسکلۆپیدیاییەوە دەربـارەی گەشـەی بـایلۆژیو چـۆنێتیی بـەکارهێنانی زمـان لـە کۆمەڵـدا، کـە بریتییەلە پرۆفایلی وشەکە، بەمپێیە ڕیکلامکار لە بەرهەمهێنانی دەقی (١٠)دا، بە هەڵبژاردنی وشەی (پێگەیشتن) لەبری (گەشەکردن) بۆ (شیری پنار) سەرکەوتو بووە.

لانگاکار باس لەوە دەکات، کە دەکرێت داڕشتنەوەی کۆزانیاری بـە زاراوەی ڕێکخـستنی بنـەمای پرۆفایل profile- base organization ناوبرێت، پرۆفایلی یەکەیەکی زمانیی، بەشێکە لە دروسـتە چەمکییەکەی، کە بەهۆیەوە بایەخ بـە سـەرنجپێدانی وشـەکە دەدرێـت، ئـەم بەشـە بـە شـێوەیەکی ئاشکرا بەهۆی بڕواو تێگەیشتنەوە دێتەوەیاد، لەکاتێکدا ڕوکاری دروسـتە سـیمانتیکییەکە، جێگـەی سـەرنجو بایـەخ نییـە، بـەڵکو پێویـستە بـۆ تێگەیـشتن لـە پرۆفایلەکـە، ئەمـەش بـە بنـەما base ناودەبرێت. بۆ نمونە پرۆفایلەکانی وشەیەکی وەك (ڕاوچی)، چالاکیی بەشداربویەکی دیـاریکراوە لـە کوشـتنی ئاژەڵـدا، واتـای (ڕاوچـی) تـەنها تێگەیـشتنە لـە دەوروبـەری ئـەو چـالاکییە، پرۆسـەی ڕاوکردنەکەش، بنەمایە بۆئەوەی، کە بەشداربووە ڕاوچییەکە بریتییەلە پرۆفایلەکە.

## چوارەم/ نەخشەکان

مەبەست لە نەخشە، نەخشەی بیری چەمکەکانە، کە پرۆسـەی بەچـەمککردن، زمانـەوان فاوکۆنیـەر Fauconnier سێ جۆر نەخشە دەناسێنێت:[48]

١. نەخشەی پرۆژەسازدان، ئەم نەخشەیە پرۆژەی دروستەکە لەیەکێك لە بوارەکان (سەرچـاوە) بـۆ بوارێکی تر (ئامانج) سازدەکات، واتە پرۆژەکـە لـە سەرچـاوەوە بـۆ ئامـانج دەگۆڕێـت، ئەمـەش بـە پرۆژەی میتافۆرییەوە پەیوەستە.

٢. نەخشەی ئەرکی پڕاگماتیك، مەبەست لە نەخشەی ئەرکی پڕاگماتیکی، چەسپاوێتییە لـەنێوان دو یەکەدا، ئەم چەسپاوێتییەش بۆ نرخی بەشـداریکردنی مـەودای ئەزمونەکـە دەگەڕێتـەوە. بـۆ نمونـە میتۆنۆمی/ ناوگۆڕین پشت بە چەسپاوێتی نێوان دویەکـە دەبەسـتێت بۆئـەوەی یـەکێك لـە وشـەکان ڕۆڵی هەموی ببینێت، ئەمەش بریتییەلە نەخشە یان یەکگرتنی ئەرکی پڕاگماتیك.

بەگشتی لە بەرهەمهێنانی دەقی ڕیکلامدا بە تایبەت بۆ میدیاو کۆمپانیاکان، پشت بە میتۆنـۆمی دەبەستن، هـەروەك (کـۆڕەك تیلیکـۆم، ئاسیاسـێل، ئـێن ئـاڕ تـی، کوردسـات، جـەماوەر، ...تـاد)،

[48] Fouconnier, G. (2003)

بەکارهێنانی هەریەك لەو ناوانە بۆ ڕیکلامکردن لەبری بەرپرسو کارمەندو چۆنێتیی کارکردنو ستراتیژییەتی شوێنەکەیە.

**١١. ئێستا لەگەڵ سمارت، هەمو جیهان بگەرێ.**

سمارت کۆمپانیایەکە بۆ ڕێکخستنی گەشتوگوزار، لە دەقی (١١)دا وەك میتۆنۆمی، لەبری هەمو کارمەندی جێبەجێکاری پرۆژەکە بەکارهێنراوە.

٣. نەخشەی سکێماکان، لێرەدا نەخشەی سکێما مەبەست لە نەخشەی مەودایە، کە پەیوەستە بە گۆڕینی پرۆژەی سکێما بۆ دەربڕاوێکی دیاریکراو.

مەودایەك بەشێوەیەکی ڕێژەیی دروستەی کۆزانیاری لە تەرزە پێکداچووەکانی ڕۆژانە جیادەکاتەوە، بۆ نمونە، مەودای قوڵ بۆ کڕینی پێداویستی، لە پولێکی نامەبەرەوە تا دەرزییەکی دورینو خواردەمەنیو سەیارەو هەر پێداویستییەکی دیکە دەگرێتەوە، ئەم مەودایەش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێت لە واتای شتەکان تێبگات.

## پێنجەم/ پۆلکردن

یەکێك لە دیاردەکانی دیکەی سیمانتیکی درکپێکردن، پۆلکردنە، کە خستنەڕوی توانای مرۆڤ بۆ پێناسەکردنی یەکەکان وەك ئەندامەکانی گروپێك، ئەمەش ئەو دیاردەیەیە، کە جێی بایەخی لێکۆڵینەوەکەیەو لە شیکردنەوەی ڕیکلامدا پشتی پێبەستراوە، ئەم بابەتە پەیوەست بە تیۆری پرۆتۆتایپەوە لە بەشی دووەمدا خراوەتەڕو.

## شەشەم/ واتای وشەو فرەواتا

لە زماندا ئەو وشانەی هەڵگری زیاتر لە واتایەکن، بە فرەواتا ناودەبرێن، ئەمانەش وەك نۆرمێکیان نەریتێك لە زماندا دەردەکەون.

لاکۆف پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە یەکەکانی فەرهەنگ وەك وشەکان، پێویستە وەك کەتیگۆرییەکانی چەمك هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێتو لە پرۆتۆتایپدا ڕێکبخرێن. بەپێی ئەم بۆچونە، فرەواتا هەڵدەکشێت، لەبەرئەوەی وشەکان زیاتر لەوەی تاك بن وەك چەمکێك، بە تۆڕیکی چەمکی فەرهەنگییەوە دەبەسترێنەوە.

نەرمیو کشانی وشە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی، توانای بەکارهێنانی چەمکی جیاواز لە چێوەی فۆڕمێکی فەرهەنگیدا بە قسەپێکەرانی دەبەخشێت، بەجۆرێك ئەم توانایە، بەگشتی لە چەمکە میتافۆڕەکاندا ڕەنگدەداتەوە، کە یەکێکە لە میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی فرەواتا لە زماندا، کە دواجار دەبێتەهۆی گۆڕان لەسەر ئاستی واتا لە زماندا. بۆنمونە، گەر بڕوانینە وشەی زمان وەك چەمکێکی فەرهەنگی، ئەوا "لە بنچینەدا بە واتای زمانی ناو دەم بەکارهاتووە، دواتر بواری واتاکەی فراوانبووە، کە ئێستا زمان دەگرێتەوە، جگەلە هەندێ واتای خوازەیی وەك زماندرێژ"[٤٩].

هەندێکجار وشە لە بەکارهێنانی ڕیکلامدا بە واتایەکی دیکەو بەکارهێنانەوەو دوبارەبونەوەی لەسەر زمانی خەڵك، دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی وشەیەکی نوێ، کە لەسەر ئاستی واتا بە فرەواتا ناودەبرێتیان بەپێچەوانەوە، ڕیکلامەکە بە واتای فەرهەنگی بەکاردەهێنرێتو سەداو بەکارهێنانەوەی لەنێو خەڵکدا بە واتا میتافۆرییەکەی، دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی واتای دووەم، بڕوانە دەقی (١٢)، بەمپێیەش ڕیکلام هۆکارێکی دەرەکییە لە پەیدابونی فرەواتادا.

## ١٢. چۆنە خاڵە، چۆنە خاڵە... چاڤی لاند

بەکارهێنانی وشەی (خاڵە) بەپێی وێنە ڤیدیۆکە، بە واتای بنەڕەتیی فەرهەنگی بەکارهاتووە، بەڵام دەنگدانەوەی لەنێو خەڵکداو بۆ هەمو کەسێك بەکاردێت، بەشێوەی یەك فۆڕمی چەسپیو، لەگەڵ وشەی پرسی (چۆنە)کەدا، بۆ پرسیارکردنێکی تەنزئامێز بەمەبەستی ئەرێنیو نەرێنی بە هەمو کەس دەوترێت.

ئەم بابەتانەی لە هەردو پاری بەشی یەکەمدا باسکران، کە بریتی بون لەناساندنی ڕیکلامو سیمانتیکی درکپێکردن، وەکو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ بەشەکانی دواتر باسکراون، چونکە تیۆری پرۆتۆتایپ یەکێکە لەو تێۆرییانەی لەچوارچێوەی سیمانتیکی درکپێکردندا خراوەتەڕو، هاوکات لەبەرئەوەی داتاکانی لێکۆڵینەوەکەش ڕیکلامە بۆیە پێویستبو، کورتەیەکی پوخت دەربارەی ڕیکلام وەك توخمێکی ڕاگەیاندنو پرۆسەی پەیوەندیکردن بخەینەڕو.

---

49 سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٠: ٤٢)

## ٢. بنەماکانی تیۆری پرۆتۆتایپو ڕیکلام

یەکێك لەو تیۆرییانەی لە سنوری سیمانتیکی درکپێکردنـدا بایـەخی پێـدرا، تیـۆری پرۆتۆتایـپ بوو، کە لە ئەنجامی کەموکوڕییەکانی تیۆری کلاسیکی چەمكو پۆلکردندا، پێـشنیازکرا. ئـەم تیـۆرە کار لەسەر لێکدانەوەو جیاکردنەوەی چـەمکەکانی زمـان بـەپێی خەسـڵەتی پرۆتۆتایپییـان دەکـات، بەجۆرێك ئەو ئەندامـەی بـەپێی تایبەتمەندێتییـەکانی پـۆلکردن ڕەتدەکرێتـەوە، مـەرج نییـە نەبێتـە ئەندامی پۆلی پرۆتۆتایپی کەتیگۆرییەکە، ئەمەش پەیوەستە بە تێگەیشتنی مرۆڤ لـە دونیـای زمـانو بیرو جیهان، لەم ڕەهەندەشەوە هەوڵدەدەین، دەقی ڕیکلامی کوردی بەپێی تایبەتمەندییـەکانی ئـەم تیۆرە شیبکەینەوە.

### ١/٢ تیۆری کلاسیکی چەمكو پۆلکردن

#### ١/٢–١ تیۆری کلاسیکی چەمك

لێکۆڵینــەوە لـە چـەمك بـۆ گریکـی کـۆنو ئـەو دانوسـتاندنە فەلـسەفیو زمـانیو میتـافۆریو درکپێکراوانەی دەربارەی چەمك کراوە، دەگەڕێتەوە. چـەمکەکان گـشتینو پێکـەوە لەگـەڵ چـەمکە تایبەتەکانـدا لـە کەتیگۆرییەکانـدا ڕۆڵـدەبینن، بـەجۆرێك، کـە هـەر چـەمکێك پەیوەسـت بێـت بـە یەکەیەکی زمانەوە، بەڵکو دەشێت هەمان چەمك بە گوزارشتی جیاواز دەرببڕێت، بەمەش دروستەی چـەمکەکان، بـەهۆی ئـەو مەرجـە تەواوانـەی لـە چـەمکەکە داوادەکرێـتو چـۆنێتیی ئـەو بەشـانەی جێگیربون، دەناسرێنەوە.*

تیۆری کلاسیکی چەمك، کار لەسەر ئـەوە دەکـات، کـە هـەمو چـەمکەکان بـە تایبـەت چـەمکە فەرهەنگییەکان، خاوەنی دروستەیەکی دیاریکراون، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە هەمو چەمکەکان بۆ کارپێکردنەکانیان بە مـەرجی ناچـاری necessaryو بەشـکردو sufficient بـەکۆددەکرێن، بـۆ نمونـە کـۆدکردنی وشـەیەکی وەك (زگـوردی bachelor) لـە زمـانی ئینگلیزیـدا بـەپێی ئـەم تیـۆرە، دەبێـت بـە گـوێرەی مـەرجی ناچـاریو تـەواوی (+ نێـر، – هاوسـەر، +هـەراش) بێـت، ئەمـەش لـە

---

* تیۆری کلاسیکی چەمك، تیۆرێکی بەهێز بوو بۆ لێکۆڵینەوەی لە هەندێك مەودای زمانی، وەك وەرگرتنی چەمك Concept Acquisition، بەهانەی ئەبیستمی/ مەعریفی epistemic justification، ئینتەڵمێنتی شیکراوە analytic entailment، دیاریکردنی ئاماژەبەند reference determination لەگەڵ پۆلکردن categorization.

چوارچێوەی سیمانتیکی لێکدانەوەدا بریتییەلە ڕێساکانی سیمانتیکی پێکهێنان.[50] یان بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا وشەی (ژن) هەڵگری هەر سێ نیشانەی واتایی (+ مرۆڤ، + مێ، + شوکردو)ە، بەجۆرێك هەردو نیشانەی واتایی (+مرۆڤ، + مێ) ناچارینو لەگەڵ نیشانەی واتایی (+شوکردو)، بەشی ناسینەوەی واتای (ژن) دەکات. هەر ئەم نیشانە واتاییانە، کە ناچاریو تەواون بۆ چەمکی (ژن)، ناچاریشن بۆ چەمکی (بێوەژن)، بەڵام بەشی ناسینەوەی چەمکەکە ناکات، بەڵکو نیشانەی واتایی (−مێرد) بەشی ناسینەوەی چەمکەکە لە زمانی کوردیدا دەکات.

تیۆری کلاسیکی لەبەر چەند هۆکارێك بە تیۆرێکی سەرنجڕاکێش دادەنرێت:[51]

١. وردو ڕێکوپێك پەیوەندیی ئینتەڵمێنتی دەخاتەڕو، نمونەی ئەم وردێتییە لەم هاوکێشەیەدا دەخەینەڕو:

ئەگەر X برتیی بێت لە (زگوردی) واتە یەکسان بێت بە زگوردی، ئەوا پێویستەو دەبێت زگوردی یەکسان بێت بە (ناهاوسەرگیرێتی)، ئەم خەسڵەتی ناوهەوسەرگیرێتییەش، دەبێتە پێوەری سەرەکیی ناسینەوەی X.

٢. تیۆرییەکە ڕاڤەی ئەوە دەکات، کە بۆچی دژیەکی لە هەندێك لە دەربڕاوەکاندا هەیە. بۆ نمونە ئەگەر X یەکسان بێت بە هاوسەرگیرێتی، واتە زگوردییەکی هاوسەرگیر، ئەو خەسڵەتەی بەهۆی هاوسەرگیرییەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت لەگەڵ پێناسەی نیشانەی واتایی زگوردی جیاواز دەبێت.

٣. تیۆرییەکە جیاوازیی نێوان حاڵەتی ئەنالیتیکیو سێنستیکی دەخاتەڕو، بۆ نمونە کاتێك دەوترێت ئەم زگورتییە پیاوە، ئەوا سینستیکییەو بە ناچاری لە نرخی دیاریکردنو پێناسەکردنی وشەکاندا ڕاستە. هەروەها کاتێك دەوترێت ئەم پیاوە زگورتییە، ئەوا ئەنالیتکییەو ڕاستێتیو ڕاستەقینەی دەربڕاوەکە پشت بە واقیعی بابەتەکە دەبەستێت.

لەگەڵئەوەشدا ئەم تیۆرییە دوچاری چەند ڕەخنەیەك بووەوە، کە لێرەدا بەچەند خاڵێك دەیانخەینەڕو:

١. تیۆرییەکە ناتوانێت بەڵگەیەکی دروستی کاریگەریی پرۆتایپی بە واتای نمونەیی بخاتەڕو، هەروەك دواتر باسیدەکەین.

[50] Lobner (2002: 132, 174)
[51] Laurence & Margolis (2003:15)

٢. تیۆرییەکە هیچ شتێك لەبارەی ئەرکی کەتیگۆرییەکانەوە باسناکات، هەروەها ناتوانێت تێگەیشتن لەبارەی هەمو شتێکی ڕۆژانەوە بەرجەستەبکات، بەڵکو تەنها ڕێگەیەکە بۆ دیاریکردنی X، لەکاتێکدا دەکرێت ئەو نیشانە واتاییە ناچاریو تەواووانەی چەمکی Xیان بڵێین وشەیەکی پێدەناسرێتەوە، هەمان نیشانەی واتایی ناسینەوەی چەمکێکی تر بن، ئەمەش ئەو کەموکوڕییەیە، کە لەم تیۆرییەدا ئاماژەی بۆکراوە، بۆ نمونە هەمان ئەو نیشانە واتاییانەی لە چەمکی (بێوەژن)دا دیاریکران، دەکرێت لە کەسێکی ڕەگەزی مێدا بونیان هەبێت، بێئەوەی شویکردبێت، تەنها لەڕوی بایەلۆژییەوە ژن بێت، نەك لە ڕوی کۆمەڵایەتیو یاساییو شەرعییەوە، ئەم کێشەیەش لە چوارچێوەی تیۆری پڕۆتۆتایپدا خراوەتەڕو، هەروەك دواتر بە ڕونی لێی دەدوێین.

## ٢-١/٢ مۆدێلی باوی پۆلکردن

ئەم مۆدێلە، کە پشت بە تیۆری کلاسیکی چەمك دەبەستێتو بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، بەهۆی کۆمەڵێك مەرجی ناچاریو تەواووەوە پیشاندەدرێت، کە پێکەوە کەتیگۆرییەك دیاریدەکەن.* بۆ نمونە، گەر ئێمە بمانەوێت گریمانەی ئەوە بکەین، کە کەتیگۆریی (ژن) بەهۆی سێ مەرجی (مێ، مرۆڤ، شوکردو) دیاریدەکرێت، ئەوا هەریەك لەو سێ مەرجە، مەرجی ناچاریو تەواون، بەمپێیە ئەگەر یەکێك (مێ)، (مرۆڤ) یان (شوکردو) نەبێت، ئەوا (ژن)یش نییە، بەڵکو هەر سێ مەرجەکە پێویستن بۆ ئەندامێتیی کەتیگۆریی (ژن).

ئەم مۆدێلە کە بە مۆدیلی ئەرستۆو (لیستی تاقیکراوە check list) ناسراوە، کتومت لەگەڵ مۆدێلی نیشانەی دو پەلکی Binary feature پەیکاڵدەبێت، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەرجە ناچاریو تەواووەکاندا ڕێکدەکەوێت، ئەمیش چەند تایبەتمەندییەك لەخۆدەگرێت:[٥٢]

---

* ئەم تیۆرە پەیوەست بە سیمانتیکی پێکهێنان Semantic Compositionی چۆمسکی، بۆ سەرەتای لۆژیکی ڕۆژئاوا سەبارەت بە (تیۆری وشە)ی ئەرستۆتالیس دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك هاوبەشێتیی نێوان هەردو تیۆرییەکە بریتییەلە: لەلایەکەوە وشەکان سنورێکی ئاشکرایان هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێت وشەکان بەهۆی ژمارەیەك لە نیشانەوە پێناسەبکرێن، کە ئەمەش ناونرا (لیستێك لە نیشانە بۆ تاقیکردنەوە)، بەو مانایەی، ئەو شتانەی کە دەکرێن بە پۆلەڕەگەز، بەهۆی لیستێك لە نیشانەوە تاقیدەکرێنەوە. بڕوانە: (محەمەدی مەحوی، بەرگی دووەم، (٢٠٠٩: ١٨٩))

[52] Lobner (2002: 175)

١. كاتیگۆریكردن پشت بە كۆمەڵێك مەرجی ناچاریو تەواو دەبەستێت.

٢. هەر مەرجێك تەواو ناچارییە.

٣. مەرجەكان، مەرجی دوپەلكی (بەڵێو نەخێر)ن.

٤. پۆلكردنەكان سنورێكی جیاكەرەوەی ڕونوئاشكرایان هەیە.

٥. هەمو ئەندامەكانی پۆلێك، پێگەیەكی یەكسانیان هەیە.

پۆلكردن categorization بنەمای بیرۆكەی زانستی دركپێكردنە، كە لەچێوەی سیمانتیكی دركپێكردندا ناسێنراوە، یەكێك لە دیاردەكانی دركپێكردن، توانای مرۆڤە بۆ ناسینی یەكەكان وەك ئەندامێك لە گروپێك. هەروەك بارسالۆ دەڵێت، كاتێك بەنێوماڵێكدا تێدەپەڕین، دەتوانین پەی بە بونی شتەكانی بەرینو بیانناسینەوە، وەك كورسییەكان، سەگ، ڕوەكەكان، هاوڕێكان، شەراب...تاد، هەروەها توانای درككردن بە شتەكانی ترمان هەیە، بۆ نمونە لەكاتێكدا دەبینین خەڵك قەرەباڵغییان دروستكردووەو بەیەكداچون، ئێمە دەتوانین هاوڕێكانمان بناسینەوە، قسەكان بناسینەوە، چالاكییەكان بناسینەوەیان كاتێك دەخوێنینەوە، توانای ناسینەوەی پیتەكانمان هەیە، ئەم توانای ناسینەوەیەش، بەهۆی گروپكردنەوە ڕودەدات، كە بەڕێگەی هەمو هەستەكانەوە، نەك تەنها بەهۆی چاوو دەستەوە، ڕودەدات.[53]

بۆنمونە ئێمە دەتوانین بەهۆی هەستی بیستنەوە دەنگە سروشتییەكانی وەك مرۆڤ و ئاژەڵ لە دەنگە دەستكردەكانو هەمو ئەو دەنگانەی بەهۆی ئامێرەوە دروستدەكرێن، جیابكەینەوەیان بەهۆی هەستی بەركەوتنەوە شتە مەعنەوییەكان لە بەرجەستەكان جیابكەینەوە، هەروەها دەتوانین بەهۆی هەڵچونەكانەوە هەستی (خۆشەویستی) لە (ڕق) جیابكەینەوە، هەمو ئەم جیاكردنەوانەش، هۆكاری دروستكردنی گروپی جیاوازن، بەمپێیە پۆلكردن پیشاندانو سەلماندنی دەروازەیەكە لەنێوان پەیبردنو درككردندا، بەجۆرێك بەهۆی سیستمی پەیبردنەوە زانیاری دەربارەی یەكەیەك بەپێی ژینگەكەی دەستەبەردەبێتو، بەهۆی سیستمی دركپێكردنیشەوە شوێنی ئەو یەكەیە لەناو كەتیگۆرییەكەدا دەستنیشاندەكرێت، كەواتە بەپۆلكردنی شتەكان لە ئەنجامی پەیبردنیان وێناكردنەوەیەو بەهۆیەوە پەی بە شتەكان وەك جۆر دەبەین.

[53] Lobner (2002: 172)

بۆ نمونە وشەیەك كە ئێمە بەكاریدەهێنین، لە بنەڕەتدا لە ئـەنجامی پـەیبردن بـە شـتەكانی دونیـای دەرەوەمان بەرهەمهاتووە، ئەم وشەیەش ئاماژە بەو یەكانـە دەدات، كـە دەكەونـە گروپێكـەوە، بـۆ نمونە وشەیەكی وەك (گورگ) لە ئەنجامی پەیبردن بەو شتەوە هاتووە، كە لە واقیعدا هەیە، ئەمەش ئەندامێكـەیان یەكەیەكـە لـە گروپێـك، كـە بـە (كەڵبـەدار)ەكـان ناودەبرێـت، لـە پێكهاتـەی گروپـی ئاژەڵەكان، بەواتا ئەم پۆلكردنـە وەهادەكـات، مـرۆڤ بـە ئاسـانی دانەیـەكی پۆلێـك لـە دانـەكانی تـر جیابكاتەوە، وەك ئەو جیاوازییەی لەنێوان (پشیلە)و (گورگ)دا هەیە.

هاوكات لە تێڕوانینمان بـۆ وێنـەی فۆتـوگرافیی كەسێك، ڕاسـتەوخۆ ئـەو وێنەیـە وەك (شـتێك/ ئۆبجێكتێك) لە جۆری فۆتوگـۆراف كـاتیگۆری دەكـەین، بـەواتا لـە فۆتۆگرافـە جیاوازەكانـدا جـۆری (كەس) دەخرێتەڕو، بۆیە فۆتۆگرافەكە لە جۆری كەس پـۆلكراوەو وەك (كـەس)یـش دەناسـرێتەوە. ئـەو شـتەی وەك جـۆری (كـەس) دەیناسـینەوە، مـەرج نییـە كەسـێكی ڕاسـتەقینە بێـت، دەشـێت خەیاڵی، یان كارتۆنی بێت. هەروەك چۆن بەگروپكردنی ئاژەڵێكی وەك (سەگ)، مەرج نییە سەگێكی حەقیقی بێت، بەڵكو هەمو جۆرە ناحەقیقییەكانیش دەگرێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤ ئـەو توانایـەی بۆ دروستبووە، كە بتوانێت سەگی ڕۆمانو چیرۆكە خەیاڵییەكانو پێشبینیكراوەكانیش بناسێتەوە. كەواتە دەكرێت یەكەیەك لە هەمانكاتدا سەر بە كەتیگۆریی جیاوازیش بێت، بەپێچەوانەی بنـەماكانی تیۆری كێڵگەواتاییەكان[54]، بۆ نمونە دەشێت (مرۆڤ) سەر بە كەتیگۆریی (كەس) بێت، لە هەمانكاتـدا سەر بە كەتیگۆریی (پیاو، خەیاڵ، شاعیر، كرێكار، ... تەنانەت شتێك، كە ئێستا لـە ئـارادا نـەبێتو لـە ئاینـدەدا ببێـت.). بـۆ نمونـە، (مـام) لـە كۆمـەڵگای كوردیـدا، (سـكرتێری حزبێكـە، قانونییـە، دیپلۆماسە، سەرۆككۆمارە، نەخۆشە.).

نیشانەی یەكـەكان، كـە سـەر بـە كەتیگۆرییـەكن، بـە (كۆپییـەكان Copy)و ئەندامـەكانی ئـەو كەتیگۆرییـە ناودەبرێـت، هــەروەك (مـام كـۆپیی كـەتیگۆریی سـەرۆككۆماری عێراقـە)، زۆربـەی كەتیگۆرییە گشتییەكان یەكەی بچوكتری تێدایەو زۆر دیاریكراون، ئەم یەكـە بـچوكانە بـە بەشـەپۆل ناودەبرێن، بۆ نمونە هەریـەك لـە (سـكرتێری حـزب، قـانونی، دیپلۆمـاس، سـەرۆككۆمار) بەشـەپۆلی (مام)ن. هەمو بەشەپۆلەكانیش ئەندامی كەتیگۆرییە گشتییەكەن، لەگەڵئەوەشـدا پێـشبینیی ئـەوە ناكرێـت، كـە هــەمو بەشـەپۆلەكانی پۆلـەكان ئەنـدامی ئـەو كەتیگۆرییـە بـن، بـەڵكو (بەشـەپۆلو

---

[54] بۆ زانیاری لەسەر تیۆری كێڵگە واتاییەكانو بنەماكانیو لایەنە باشو كەموكورتییەكانی بڕوانە: فەرهاد تۆفیق حەسەن (٢٠١٠: ٢١–٢٣، ٢٧–٣٠)، هۆگر مەحمود فەرەج (١٩٩٣).

پۆل)ەکان لە ئەندامەکاندا هاوبەشن، بۆ نمونە کۆپیی (مـام) خـۆی دەبێتـە بەشـێك لـە کـەتیگۆریی جۆری (کەس)، کەواتە پۆلی مام دەبێتە بەشەپۆل لە کەتیگۆری (کەس)دا.

لێـرەدا پرسـیار ئەوەیـە، ئایـا پـۆلکردنی زمـان لەسـەر بنـەمای کرۆکـەواتای وشـەکان دەبێـت، بـەجۆرێك کرۆکـەواتای وشـەیەك، وەسـفی نـاوەرۆکی وشـەکە دەکـات، ئـەم وەسـفەش بریتییـە لـە وەسفێکی ئاوەزییانەی یەکەکانی کەتیگۆرییەك، بۆ نمونە واتـای (مـام) چـەمکێکە، کـە کـۆپیی مـام لەناو جۆری کەتیگۆریی (کەس) لەنێو هەمو کەسەکانی دەوروبەردا دیاریدەکات، بەمپێیە کەتیگۆریی بـەهۆی نـاوەرۆکی وشـەکەوە دیاریـدەکرێت، ئـەم دیاریکردنـەش بـەهۆی کرۆکـەواتاوە دەبێـت، بەشێوەیەك وشەکە بە کرۆکەواتای کەتیگۆرییەکە ناودەبرێت. لـە کاتێکدا چـەمکی وشـەیەك هـەمو ئامـاژەبۆکراوە شـاراوەکان بـە ڕاسـتەقینەو وەهمییـەکانو کۆپییـە هەمیـشەیی‌و ناهەمیـشەییەکان دەگرێتەوە، تەنانەت ئەو کۆپییانەش دەگرێتەوە، کە ئێمە ناتوانین لە ئێستادا وێنـای بکـەین، بۆیـە دیاریکردنی کەتیگۆری بەهۆی دیاریکردنی کرۆکەواتاوە، دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

لێـرەدا پێویـستە ئامـاژە بـەوە بـدەین، کـە توانـای پـۆلکردن، چـەقی درککردنـی مرۆڤـە، پێشبینیکردنی ئەم توانایەش بۆ کاردانەوەی ڕێکخراوەیی زمان دەگەڕێتەوە، بۆ نمونـە ئەگـەر ئێمـە بمانەوێت وشەیەکی وەك (کەو) بناسـینەوە، ئـەوا دەبێـت ئـەم چـەمکە بـەهۆی کۆپییەکانییـەوە لـە مێشکماندا بونی هەبێت، ئەگەر بونی هەبێت، ئەوا مێشك بەپێی سیـستمی درککـردن ئـەم چـەمکەی وەك کەتیگۆریی (باڵندە) جیاکردووەتەوە، کاتێك لە دونیای دەرەوە (کەو)ێك دەبینرێت، ئەوا ئێمـە بەهۆی دەزگایان ناوەندی درککردنمان وەسفێکی سەرەتایی دەربارەی چەمکی (کـەو)و پـەیبردنمان بە (شێوەو قەبارەو ڕەنـگ...)ەکـەی بەرهـەمبهێنین، پاشـان دەبێـت ئـەم وەسـفە بـەو کۆپییانـەی دەربارەی چەمکی (کەو) لە مێشکماندایە، بەراوردبکەین، ئەگەر وەسفەکە لەگەڵ چەمکی (کەو)ەکـە پەیکالبو، ئەوا دەتوانین ئەم بەشەپۆلە وەك کەتیگۆریی (باڵنـدە)و لـەناو ئـەم کەتیگۆرییەشـدا وەك جۆری (کەو) بناسینەوە.[٥٥]

لەبەرئەوە کاتێك بیر لـە واتـای وشـەیەك‌و چـەمکەکانی دەکەینـەوە، پێویـستە لـە مێـشکدا دو شـت پارێزراوبێت:

---

[55] Hudson (1996: 85-88) هەروەها بڕوانە:
Hampton, J. (1995)

● دەبێت قسەکەر درك بەوە بکات، کە مەرج نییە واتای وشەکان یەکسانبن بەچەمکەکانیان، بۆ نمونە واتای وشەی (حزب) ئەو نیشانە واتاییانەی کە هەیەتی، بە نزیکەیی بەس دەبێت بۆ ناسینی وشەی (حزب)، بەڵام ناسینی وشەی (حزب) لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بەپێی شارەزایی ئەزمونە خودییەکانی لەگەڵ (حزب)دا دەگۆڕێت، لەوانەیە لای کەسانێك چەمکێکی فراوانترو دەوڵەمەندتری لە واتاکەی خۆی هەڵگرتبێت، چونکە دەشێت دیاریکردنی واتای (حزب) بە کۆمەڵێك نیشانەوە، گرفتی تێگەیشتنی لێبکەوێتەوەیان پەیوەست بە کۆمەڵگای کوردییەوە هەریەك لە وشەی (نوگرەسەلمان)، (عادل ئەلموتەحیدە) ، (ئیسلام)، (داعش)، جگە لەو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەی دەربارەی تێگەیشتن لە هەریەك لەم وشانەدا هەیە، بەپێی ئەزمونو کۆزانیاریی خودی تاکیش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆ نمونە بۆ یەکێك کە لەکاتی خۆیدا خاوەن ئەزمون نەبوبێت لەگەڵ کۆمپانیای (عادل ئەلموتەحیدە)، ئەوا وەك کۆمپانیایەکی زەبەلاحی خزمەتگوزاری لە بواری نیشتەجێبوندا لێیتێدەگات، بەڵام بۆ ئەوانەی خاوەن ئەزمونن، جگەلە کۆمپانیایەکی ساختەی دەستبڕو پێشلکاری یاسا، هیچی دیکە نییە. هاوکات تێگەیشتن لە (ئیسلام) لەلایەن موسوڵمان، مەسیحی، یەهودیو لەلایەکی دی لەلایەن خودی موسوڵمانەوە وەك ئیسلامو ئیسلامی بەپێی ئەزمونو شارەزایی تاك جیاوازیی هەیە، کە هەمو ئەم جیاوازییانەش وەك پرۆتۆتایپی کەتیگۆرییەکە وەردەگیرێت.

● گرنگە قسەکەر ئەوە بزانێت، مەرج نییە بۆ هەر کەتیگۆرییەك چەمکێك هەبێت، کە بە وشەیەك دەرببڕێت، لە ڕاستیدا ژمارەیەکی بێپایان لە چەمك هەیە، کە دەشێت بەهۆی ڕستە، نەك وشەوە دەرببڕێن، بەمپێیە ئەگەرێتیی سینتاکس لە زماندا کاردانەوەی ئەم چەمکە شاراوەیەیە، لەگەڵئەوەشدا ناکرێت هەمو ئەو کەتیگۆریو چەمکانەی هەن، بەکردەیی بکرێنو بە یەکەی زمانی دەرببڕێن. بۆ نمونە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت بە وشەیەك وەسفێکی پڕاوپڕی دیمەنێکی نەبینراو، تامی خۆشی خواردنێك، بۆنێکی نایابیان ئاوازی ژەنینی عودێك بکات یان دەنگ و ئاوازی کەمانچەکە بکەن.

پێـڕەوی واتـای وشـە تـەنها بەشـێکە لـە سـەرجەم پێـڕەوی چـەمکەکان، هـەروەها چـەمکە بەلێکـسیمبووەکان تـەنها بەشـێکن لـەو چـەمکە زۆرانـەی بـە کـەتیگۆری پێناسـەدەکرێن، لێرەشـدا پێویـستە جیـاوازی لـەنێوان (چـەمکی سـیمانتیکی: واتـای وشـە)و (چـەمکی کلتـور: بەشـداریکردنی کۆزانیاریی کلتوری) لەگەڵ (چەمکە خودییەکاندا) بکرێت.

لـە شـێوە باوەکـەی کەتیگۆریکردنـدا ئـەوەی دەکرێتـە بنـەما بـۆ پـۆلکردنی شـتەکان، چـەمکی سیمانتیکی وشەکانە، کە ئەمـەش وەك بابـەتێکی مـەرجی ناچـاریو تـەواو لێیـدەڕوانرێت، بـۆ نمونـە کاتێك (بەتریق) سەر بە کەتیگۆریی باڵندەیە، گەر تەنهاو تـەنها هـەڵگری نیـشانەکانی باڵنـدە بێتیـان پێڕەوی کۆمەڵێك مەرجی دیاریکراو بکات، کە پێناسەی کەتیگۆریی (باڵندە) دەکات.

بەپێی ئەم لێکدانەوەیەی کە هەڵگری بنەماکانی تیۆری پرۆتۆتایپنو دواتر بەوردی لێی دەدوێین، هەریەك لەو تایبەتمەندییانەی مـۆدێلی بـاوی پـۆلکردنو ئـەو ڕاڤەکردنـەی لـە پۆلکردنـەوە کەوتـەوە، لەلایەن هەندێك زمانەوانی بواری درکپێکردنی سیمانتیکەوە ڕووبەڕوی ڕەخنەبونـەوەو کێشەکانیـشیان لە چەند لایەنێکەوە خستەڕو: [56]

١. ئاسان نییە بڕیار لەسەر ئەو نیشانەیە بـدرێت، کـە دەبێتـە مـەرجی ناچـاریو تـەواو، بـۆ نمونە لە مەرجەکانی دەستنیشانکردنی باڵندەدا هەریەك لە نیشانەکانی (دەنوك، بـاڵ، پـەڕ، قاچ) کامەیان دەبنە مەرجی ناچارییو کەتیگۆرییەکەی پێدەستنیشاندەکرێت؟

٢. هەندێك لـە کەتیگۆرییـەکان سـنورێکی تەمومـژاوییان هەیـە، بـۆ نمونـە کـارێکی سـەختە بتوانرێت تەواو سنوری ڕەنگەکان جیابکرێنەوەو دیارییبکرێنیـان بـەپێی کۆمەڵگـەی کـوردی،

---

[56] بڕوانە :

١. Zhang, F. (2011 :46-47)

٢. Hurford, Heasley & Smith (2007: 79-88)

٣. Barsalou. et al.(1995)

ناکرێت سنورێکی تەواو جیاکەرەوە بۆ کەتیگۆریی (کەسێتی) لەڕوی بەهێزیو لاوازی، لەڕوی کۆمەڵایەتیبونەوە، لەڕوی سایکۆلۆژییەوە، دابنرێت.

٣. هەندێك لە کەتیگۆرییەکان ئاماژە بەو یەکانە دەکەن، کە بە هەریەك لە خێزانە لەیەکچووەکانەوە دەبەسترێنەوە، لەکاتێکدا پێگەی هەر ئەندامێك لە ناو کەتیگۆرییە باوەکەدا دیارو یەکسانە.

ئەم بۆچونە لەلایەن لایەنگرانی تیۆرێکەوە، کە بە تیۆری پرۆتۆتایپ Prototype ناسرا، دوچاری ڕوبەڕوبونەوە هات. زمانەوانانی بواری درکپێکردن پێیانوایە، کە کەتیگۆریکردن بەهۆی پرۆتۆتایپەوە پێناسەدەکرێت.

## ٢/٢ پرۆتۆتایپ

وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، چەمکی باوی دروستەی کەتیگۆریکردن بەپێی مۆدێلە تەقلیدییەکە، لەو ڕستەیەدا کورتکرابووەوە، کە ئەندامی کەتیگۆرییەك وەك دیجیتاڵ دیاردەی (هەمویان هیچ شتێك) دەگرێتەوە، بەمپێیەش، کاری زۆرینەی بوارەکانی فەلسەفەو دەروونناسی، زانستی زمان، مرۆناسی، گریمانەی ئەوە دەکەن، کە پۆلەکان بریتین لە سنوری یەکە لۆجیکییەکان، ئەندامێك بەهۆی بونی کۆمەڵێك لە نیشانە واتاییە یەکلایکەرەوەکانییەوە پێناسەدەکرێت، ئەمەش وەهادەکات لەنێو پۆلەکەی خۆیدا پێگەیەکی یەکسانی هەبێتیان ئەندامەکان خاوەن پێگەیەکی تەواویان یەکسان بن.

ئەم تیۆرە لەلایەن دەروونناسی ئەمریکی، ئیلینەر ڕۆچ Eleanor Rosch لە ناوەڕاستی ١٩٧٠ لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی دروستەی ناوەوەی کەتیگۆری، بانگەشەی بۆکرا*. بەپێی بنەماکانی زانستی زمانی دەرونی، تیۆری پرۆتۆتایپ، بە دو ئاڕاستەی سەرەکی دەبزوێنرێت، لەلایەکەوە بنەماو پێشنیازەکانی ڕۆچ بەهۆی سایکۆفەرهەنگی شێوازبەندییەوە Formal psycho-lexical– گشتگیرترنو بە پرۆسەکردنی زانیاریی سایکۆلۆژی– کورتدەکرێنەوە، کە هەوڵ بۆ دانانی مۆدێلەکانی شێوازبەندی دەربارەی یادگەی چەمکیی مرۆڤو کردەکانیو سنوری زیرەکیی دەستکرد دەدات. لەلایەکی ترەوە، تیۆری پرۆتۆتایپ بەشێوەیەکی جێگیرو هاوسەنگ لەسەرەتای سالآنی (١٩٨٠)وەو لە زانستی زماندا گەشەیکرد، هاوکات ژمارەیەك لەو لێکۆڵینەوە پراکتیکییانەی دەربارەی تیۆری پرۆتۆتایپ ئەنجامدراو مەودای درکپێکردنەکەی پێشکەشکرا، ڕۆڵێکی گەورەیان لە گەشەسەندنی ئەم تیۆرەدا بینی.[٥٧]

---

* ڕۆچو چەند زمانەوانو لێکۆلەرێکی دیکە، برەویان بە تیۆری پرۆتۆتایپ دا، هەروەك دو لێکۆڵینەوەی ١٩٧٣و دو لێکۆڵینەوەی دیکەی ١٩٧٥و ١٩٧٧و ١٩٧٨ی ڕۆچ، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشی مێرڤیسMervisو ڕۆچ لە ١٩٨١ دا، لێکۆڵینەوەی ڕۆچو مێرڤیس و جۆنسن Johnsonو بۆیز بریم Boyes Bream لەگەڵ گرەی Gray، بڕوانە: دیریك جیرارتس (٢٠١٣ :٢٧٠–٢٧١ ).

[57] دیریك جیرارتس (٢٠١٣: ٢٧١)

بەپێی گەشەکردنی پێشینەی سیمانتیکیی زمان، دەشێت تیۆری پرۆتۆتایپ بەپێچەوانەی مۆدێلی پێکهاتنەوە componential model لەنێو ڕێزمانی گواستنەوەدا، ناسینێکی سەرەتایی بێت بۆ شیکردنەوەی سیمانتیك، ئەمەش بەشێوەیەکی نمونەیی پەیوەستە بە شیکردنەوەی کاتزو فودەر١٩٦٣ بۆ وشەی (زگوردی Bachelor)، کە بەرگرییەکی زوتر بو لە تیۆری پرۆتۆتایپ، دواتریش فیلمۆر ١٩٧٥ ئەمەی بە تیۆری لیستی تاقیکراوە checklist theory لە واتادا ناوبرد.

تیۆری پرۆتۆتایپ وەك کاردانەوەیەکی نەیار بە ڕێبازی نیشانەی واتایی دەرکەوت، یەکێك لە خەسڵەتە لاوەکییەکانی ئەم کاردانەوەیە ئەوە بو، کە تیۆری پرۆتۆتایپ ڕەخنەی لەشیکردنەوەکانی سیمانتیکی پێکهاتەیی گرت. لێرەدا دو خاڵی گرنگ تێبینی دەکرێت:

**یەکەم**/ ناساندنی نیشانە واتاییەکان بەشێوەیەکی کلاسیکی وەك پێودانگ پێشنیازدەکرێت، هەروەك لیستێك لە وەسفکردن بۆ ناسینی چەمکەکان، بەجۆرێك کە ئەم وەسفانە بۆ هەر بابەتێك ناچارین، هەروەها پێکەوە بەشی ئەو سنور بۆدانانە دەکەن، کە چەمکن بۆ هەمو ئەوانی تر. بەپێچەوانەوە، تیۆری پرۆتۆتایپ بانگەشەی ئەوە دەکات، کە بۆ ڕێککەوتنو ناساندنی چەمکەکان لەبری لیستێك لە نیشانەی دیاریکراوی واتایی پێویستمان بە چەپکێك نیشانەی هەمەجۆر هەیە.

**دووەم**/ تیۆری پرۆتۆتایپ پشتگیریی ئەو بیرە ناکات، کە دروستەی سیمانتیکی لە زمانە سروشتییەکاندا دروستەی سەربەخۆو لە دەوروبەر دابڕاوبن، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە زمان بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ ناوابەستە نییەو پشت بە دونیای دەرەوەی خۆی دەبەستێت، پێویستە زمان لە خودی زمانەکە خۆیدا لێیبکۆڵرێتەوە، بەدابڕاویی توانا درکپێکراوەکانی تری زمانەکان[٥٨]. بۆ نمونە ئەگەر بەپێی تیۆری کلاسیکی چەمك، وشەیەکی وەك (ژن) هەڵگری خەسڵەتی ناچاریو تەواوی (+مرۆڤ، + مێ، +هەراش ) بێت، ئەوا بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ وابەستە بە دونیای کۆمەڵایەتیو کەلتوری کۆمەڵگای کوردییەوەیە.

[58] Geeraerts, D. (2002: 144)

بەشێوەیەکی تایبەت دیاردەی واتایی لە زمانە سروشتییەکاندا ناکرێت بەبێ کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیایی لێیبکۆڵرێتەوە. بۆیە تیۆری پرۆتۆتایپ، واتا لە زۆربەی وشەکاندا، وەك کۆمەڵێکی تەواو لە نیشانەی واتایی پەسندەکرێت، نەك تەنها وەك نیشانەیەکی ناچاریو تەواو، ڤیتگنشتاین دەربارەی خێزانە لەیەکچووەکان پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە هەمو ئەندامەکان لە کەتیگۆرییەکدا پێکەوەچنراون، بەڵام هەمویان بەشداری لە هەمو خەسڵەتەکانی ناساندنی کەتیگۆرییەکەدا ناکەن، بە واتا مەرج نییە هەمو ئەندامێکی کەتیگۆرییەکە، خاوەنی هەمو خەسڵەتەکانی کەتیگۆرییەکە بن[٥٩].

بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ، کەتیگۆرییەکان خاوەنی سنورێکی تەواو جیاکەرەوە نین، بۆ نمونە دەشێت ئەندامێکی نوێ زیادبکاتیان هەندێك لە ئەندامەکان باشتر لەوانی تر کەتیگۆرییەك بنوێننیان ئەمانە دەچنەوە سەر بەشی سەرەکیی کەتیگۆرییەکەو هەندێکی تر لە ئەندامەکان کۆپییەکی باشی کەتیگۆرییەکە نینیان ئەمانە سەر بە ڕوبەرێکی پەراوێزین، بۆ نمونە (خۆشخوێن Robin) بە بەراورد بە (بەتریق) باشترین پرۆتۆتایپی کەتیگۆریی باڵندەیە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆچ ١٩٧٨، بەکارهێنەری هەر زمانێك، بۆ هەمو چەمکەکانی، هەڵگری یادگەی پرۆتۆتایپییەکی ئاوەزییە، هەمو ئەم پرۆتۆتایپانە پشت بە ئەزمونەکانی مرۆڤو ئەو کلتورەی تێیدا دەژی دەبەستێت، کاتێك مرۆڤ شتێکی نوێ دەبینێت، ئەوا بەهۆی پرۆتۆتایپی ئاوەزییەوە ڕوبەڕوی دەبێتەوە، بەوەی ئایا شتە نوێیەکە بەشداریی تایبەتمەندێتیی پرۆتۆتایپییەکە دەکات، هەروەها دەبێتە ئەندامێکی کەتیگۆرییەکەیان نا؟* لەم ڕوانگەیەوە وشەی مەبەستدار لە دەقێکی

---

59 Zhang, F. (2011 :47)

هەروەها بڕوانە

١. Stephen, L. (1996)، ٢. Verkuyl, H. (1998)

* جیاکردنەوەی پرۆتۆتایپ بەپێی کۆزانیاریی زمانیو دونیایی، کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت کاتێك پەیوەندی بە دونیای ئەنتەرنێتو تەکنەلۆژیاوە دەکەیت، کارەکە سەختترو گرانتر دەبێت، بۆ نمونە نەك کاتێك بۆ کەتیگۆرییەکی وەك (باڵندە) بگەڕێی، وێنەی چەندین جۆری جیاواز پیشاندەدات، بەڵکو ئەگەر بۆ تەنها جۆرێکی باڵندەی وەك چۆلەکە بگەڕێی، دەیان شێوەی جیاواز دەدۆزێتەوە، بەمپێیە دیاریکردنی پرۆتۆتایپو بون بە ئەندامی کەتیگۆرییەك چ بە پشتبەستن بێت بە کۆزانیاریی زمانی، چ بە کۆزانیاریی دونیایی، کارێکی ئاڵۆزە، بەتایبەتی پێکداچونی کلتورەکان ئەم جیاکردنەوەیەی=

ڕیکلامدا جیاواز له کرۆکەواتاکەی بەکاردەهێنرێت، وەرگر چۆن دەتوانێت له کەتیگۆرییەکی خوازراودا هەڵیبهێنجێت.

١. بەیزا مامی هاوڵاتییان.

له دەقی ڕیکلامی (١)دا، کەڵك له چەمکی (مام) وەك دڵسوزێك وەرگیراوەو، ئەم خەسڵەتەش دەبێتە پرۆتۆتایپی وشەکە، نەك کرۆکەواتاکەی، کە (برای باوك)ە، بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی خەڵك بەکارهێنراوە، بەواتا پرۆتۆتایپی دڵسۆزی، کە سەر بە کەتیگۆرییەکی ترە، دەبێتە خاڵی پەیوەندیی نێوان خاوەن ڕیکلامو وەرگر.

سێدلاکۆڤا Sedláková ٢٠٠٤ بۆ لێکدانەوەی دەربڕراوە هاوواتاکان، بنەمای چەمکی بەکارهێناوە، بنەما چەمکییەکانیش بەهۆی زۆرینەی خەسڵەتە پرۆتۆتایپییەکانی چەمکی کەتیگۆرییەك تایبەتمەند دەبن. بۆ ئەمەش زۆربەی جار پرۆتۆتایپی سیمانتیکی بەکارهێناوە.

سەرەتا ڕۆچ لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ڕەنگەکان ئەنجامدا، ئەوەی تێبینیکرا، ئەوە بو، کە بە کەتیگۆریکردنی ڕەنگەکان لەگەڵ مۆدێلی مەرجی ناچاریو تەواو پڕاوپڕنابێت، بۆ نمونە ڕونیو تەڵخیو کاڵیو تۆخیی ڕەنگەکان بەپێی نیشانەی دو پەلکی پۆلناکرێت، چونکە هاوسێیەتیی نێوان ڕەنگەکانو ئەو لێکچونە ڕێژەییەی لەنێوان ڕەنگەکاندا هەیە وەهادەکات، پۆلکردنی بەپێی مۆدێلی مەرجی ناچاریو تەواو، دوچاری ڕەخنە ببێتەوە، بۆیە لەبری ئەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بیر له مۆدێلێکی وەك پرۆتۆتایپ کرایەوە.

مۆدێلی پرۆتۆتایپ، بەهۆی هەردو زانستی زمانو سایکۆلۆژی، سنوری لێکۆڵینەوەکان له ڕوبەری دیاردە لێکچووەکاندا دیاریدەکات، بەجۆرێك هەردو بوارەکە دەبنە بنەما بۆ زۆربەی کەتیگۆرییە جیاوازەکان، بۆ نمونە دەکرێت باشترین پرۆتۆتایپ بەشێوەیەکی ئەزمونی جێگیربکرێت، ئەو زانیارییەی دەربارەی پرۆتۆتایپەکە یەکەمجار بە مێشکدا دێت، دەبێتە باشترین نمونەی ئەندامی کەتیگۆرییەکە، کە بریتییە له پرۆتۆتایپی کەتیگۆرییەکە.

---

= ئاڵۆزتر کردووە، هەمو ئەمانەش بەهۆی سیستمی درکپێکردنی مرۆڤەوە ڕۆڵ له دەستنیشانکردنی چەمکە پرۆتۆتایپییەکاندا دەبینن.

بەمپێیــە پرۆتۆتایپــەکان بــەهۆی ڕێــژەی لێکــچونو ســنورێکی نــاڕون لــەنێو ئەندامەکانــدا تاقیدەکرێنەوە، بەمەش ناکرێت پشت بـە نیـشانەی واتـایی هەمیـشەیی ببەسـترێت، چـونکە زۆربـەی کەتیگۆرییەکان (دروستەی پلەدار)یان هەیە، کە لە کۆپییە پرۆتۆتایپییەکان پێکهـاتونو لـە باشـترین کەتیگۆریـدا دەنـوێنرێن، کۆپییــەکانی دیکـە، مەودایـەکی بـچوکتریان دەبێـت، لەگەڵئەوەشـدا هێـشتا کۆپییەکی باشن، ئەوانەش کـە مەوداکـەیان لـەوان بـچوکترن، هـەر ئەنـدامی کەتیگۆرییەکـەن، بـەڵام پێگەیەکی پەڕاوێزییان دەبێـت. بۆنمونـە لـە لێکۆڵینەوەکـەی ڕۆچـدا دەربـارەی باڵنـدە، کـە بـەهێڵی خولگەیی پیشاندراوە، لە باشترین نمونەوە، کە چەقی خولگەکـە داگیردەکـاتو بریتییـە لـە باڵنـدەی (خۆشـخوێن Robin) دەسـتپێدەکات، پاشـان پلەبەپلـە بـەپێی گرنگییـان هـەر ئەندامـەو لـە هێڵـی خولگەکەدا دادەنێت، بەجۆرێك دوای ئەو کۆتر، پاشان کەناری، کونەپەپو، توتی، تا تۆکانو مـراوی، هەتا لە ناوەندی خولگەکەوە دوربکەوێتەوە، باشییەکەی کەمدەبێتەوە، بەجۆرێك (کونەپەپو، تـوتی) لـە کەمباشـەکانن، لەکاتێکـدا (بـەتریقو وشـترمل) کـە دەکەونـە کۆتـایی خولگەکـەوە، لـە پلەداریـدا نـزمترینن، کـە بـە پـەڕاوێزەکان نـاودەبرێن، دۆزینــەوەی ئـەم پلەبەندییـە، پـشت بـە وەڵامدانـەوەی پرسیاری (ئایا X لە جۆری y )ە؟ دەبەستێت، بەجۆرێك ئـەوەی سـەرەتا بـیری لێدەکەینـەوە نمونـە پرۆتۆتایپییەکەیەو، ئەوەش کە تێیدا وێنای ناکەین، قەدەغەی هاتنی ئەوانی دیکەش دەکات، بەمەش پرۆتۆتایپ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەوەی بە (ئەنجامی گریمانەیی Default reasoning) ناودەبرێت. بۆ نمونە کاتێك یەکێك بە هاوڕێکەی دەڵێت: "سەیرکە چەند جـوان ئـەفڕێت!!" ئایـا هاوڕێکـەی بـەر لەوەی سەیری بکات چی بە بیریدا دێت، کۆتر، چۆلەکە، ڕیشۆڵە؟ یان کە بە یـەکێك دەڵێـی (سـەیارە لێدەخوڕم)، پێتوایە ئەو سەیارەیە چییە؟، لۆری، گەلابە، تراکتۆر، تەکسی...تاد، ئا لێرەدا ڕێگە بـە بەکارهێنانی گشتیی زاراوەکان بـۆ حاڵەتـە پرۆتۆتایپییـەکان نادرێـت، بـەڵکو ئـەوەی گرنگـە دەبێتـە ئەندامی پرۆتۆتایپی کەتیگۆرییەکە.

بەمپێیە هەردو تیۆری کلاسیکی چەمکو پرۆتۆتایپ لەوەدا لەیەکدەچن، کە لە هەردوکیاندا وەرگرتنی چەمکێك بەهۆی کۆکردنەوەی فیچەرەکانەوە دەبێت. هەروەها لە هەردوکیاندا زۆرجار گریمانەی فیچەرێك دەکرێت، کە لەگەڵ خەسڵەتە هەستپێکراوەکەدا دەگونجێت.

جیاوازیی سەرەکی ئەوەیە، کە تیۆری پرۆتۆتایپ بە چەپکێك نیشانەی واتایی چەمکێك خەسڵەتێکی لێکدەرەوەیی ئەژمارکراوی دەرکەوتە دەردەبڕێت، واتە ئەو خەسڵەتە نمونەیی دەبێت. هەروەها تیۆری پرۆتۆتۆتایپ میکانیزمی وەرگرتنی کردەیەکی لێکدەرەوەیی ئەژمارکراو بەرجەستەدەکات. بۆ نمونە ئەگەر خەسڵەتێکی وەك (+مێ) لە (ژن)دا بەپێی تیۆری کلاسیکی، خەسڵەتێکی مەرجیو یەکلاکەرەوەیی واتای وشەی (ژن) بێت، ئەوا ئەو خەسڵەتە بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ خەسڵەتێکی پرۆتۆتایپی لێکدەرەوەیی دەبێت،[٦٠] یان ئەگەر بەپێ تیۆری کلاسیکی، ڕەنگی سور سەر بە کەتیگۆریی ڕەنگ بێت، ئەوا بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ ئەم ڕەنگە وەك ئەندامێکی پرۆتۆتاییی، دەبێتە میکانیزمێکی لێکدەرەوەیی بۆ بەرجەستەکردنی ڕەنگە کاڵو تۆخەکانی سەر بە بەشەکەتیگۆریی ڕەنگی سور، کە لەناو کەتیگۆریی ڕەنگدا وەك ئەندامێکی سەرەکیی پرۆتۆتاییی ئەژماردەکرێت.

تیۆری پرۆتۆتایپ جیاوازیی واتا لەسەر ئاستی جیهان دەردەخات، کە ئەم جیاوازییەش بەشێکی بۆ خودی جیهانو بەشێکی تریشی بۆ پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکەر دەگەڕێتەوە، ئەم تیۆرە ئەوە دەسەلمێنێت، کە نیشانە واتاییەکان بەشێوەیەکی لەخۆوەیی ناخرێنە تەکیەك، بەڵکو وردو ئاڵۆز نیشانەکان کۆدەکاتەوە، بۆنمونە شتێك کە پەڕی هەبێت، لەوانەیە دو قاچیشی هەبێت، دو باڵی هەبێت بۆ فڕین، هێلکە دابنێت، دەنوکیشی هەبێت. ئەم بیرۆکەی پرۆتۆتایپە لە جیاکردنەوەی چەمکەکاندا، یارمەتیی مرۆڤ دەدات لە ناسینەوەی حەقیقەتی جیهاندا.*

---

[60] Taylor (2009 )

هەروەها بڕوانە:

Taylor: (2008 :41-42)

بۆ زانیاری دەربارەی سایکۆلۆژیی پرۆتۆتایپ، بڕوانە: Kobes (1989: 1-9)

* هودسن لەباسکردنی زمانو کەلتوردا، پشت بە تیۆری پرۆتۆتایپ لە تایبەتمەندیی زمانێکی دیاریکراودا دەبەستێتو پێیوایە تیۆری پرۆتۆتایپ گریمانەی جیاوازی دروستەی زمانەکان دەخاتەڕو، هەروەها پەیوەست بە یادگەی مرۆڤەوە، لە چۆنێتیی بەکۆگاکردنی پرۆتۆتایپەکانو فراوانکردنی پرۆتۆتایپەکانیش دەدوێتو کاریگەریی ژینگەی کۆمەڵایەتی لە پرۆتۆتاییی چەمکەکاندا بەرجەستەدەکات، بڕوانە: Hudson (1996: 85-89)

## ١-٢/٢ ناڕوونیی سنور

یەکێك لە خەسڵەتەکانی پرۆتۆتایپ، کە بە تاقیکردنەوە سەلمێنراوە، بونی سنورێکی نادیارە لەنێوان کەتیگۆرییەکاندا، هەروەك ولییەم لابۆڤ William Labove وێنەی چەند شتێکی لێکچوی داناو داوای لە خوێندکارەکانی کرد، کە ناوی هەریەك لەوانەی لە وێنەی (١)دا دیارە، دیاریبکات:



پرۆتۆتایپی جیاکردنەوەی کەرەستەکان

وێنەی (١)

ئەوەی تێبینیدەکرێت لە شێوەی شتەکاندا، کە دەشێت کوپ، دەفریان دۆلکە بێت، ئەوەیە کە هەندێکیان بەرزنو دەسکیان هەیە، هەندێکیان نزمنو دەسکیان هەیە، هەندێکیان بەرزنو بێدەسکن، هەندێکیان نزمنو بێدەسکن.

ئەوانەی نزمو بێدەسکن، وەك دەفر، ئەوانەی بەرزو بێدەسکن وەك گوڵدانو ئەوانەش نزمو دەسکدارن وەك کوپو ئەوانەش بەرزو دەسکدارن وەك دۆلکە دیاریکران. ئەوەی لە تاقیکردنەوەکەدا دیاریکرا ئەوە بو، کە کوپە پرۆتۆتایپییەکان نزمن، واتە بەرزییەکانیان لە پانیدا وەکیەکن، دەسکیان هەیەو بۆ خواردنەوەی شلەمەنییە ئەگەرمەکانی وەك قاوەو نیسکافە بەکاردەهێنرێن، لە کاتێکدا دۆلکە بەرزییان زیاترەو دەسکدارن، هەرچی لولەکی بێدەسکیشە، وەك گوڵدان بەکاردەهێنرێت. ئەم جیاکردنەوەیە ئەو پرسیارەی بە دوای خۆیدا هێنا، کە ئایا ئەگەر مەرجی کوپ دەسکداری بێتو مەرجەکە فەرامۆش بکەین، ئیدی ناکرێت وەك کوپ بەکاربهێنرێتیان ئەگەر لە بەرزیی دۆلکە کەمکرایەوە، ئیدی دۆلکە نییە، یاخود ئەگەر لولەك دەسکی بۆ کرا، ئیدی نابێتە گوڵدان؟ واتە ئەگەر ئاڵوگۆڕ بە نیشانە واتاییەکانی شتەکان کرا، ئیدی ئەندامێتیی کەتیگۆرییەکە دەگۆڕێت؟ لەکاتێکدا

دەشێت دەفرێکی خواردن قوڵییەکەی زۆر بێتیان کوپێك بێدەسك بێتیان گوڵدانێك دەسکی هەبێت. ئالێرەدا سنوری جیاکەرەوەو پۆلکردنی شتەکان کەمبایەخدەبێتو سنورێکی ناڕون fuzzy Boundaries لەنێوان ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکەدا دروستدەبێت.

هەڵبەت لەسەر ئەم تاقیکردنەوەیەی لابۆڤ، زانای ئەنسرۆپۆلۆجیست والیت کامپتۆن Willett Kempton، لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی کەتیگۆری دەفری سیرامیکی لە لادێ جیاوازەکانی مەکسیکی ئیسپانیا ئەنجامدا، کە بە هەمان ئەنجامی لابۆڤ لە ناڕونیی سنورەکانی ئەو دەفرانە لە جیاکردنەوەی پرۆتۆتایپەکەیدا گەیشت، بەمەش یەکێك لە خەسڵەتەکانی تیۆری پرۆتۆتایپ، بریتییە لە بونی سنورێکی ناڕون لەنێوان کەتیگۆرییەکاندا.[٦١]

جگە لەم نمونانە، جیاکردنەوەی چەشنو شێوازو جۆرەکانی کورسیش بەپێی مۆدێلی پرۆتۆتایپ ئاسانو ڕونوئاشکرا نییە، چونکە کورسی نەك تەنها یەك شێوەو قەبارەی لە واقیعدا نییە، بەڵکو چۆنێتیی وەسفکردنی کورسیو بەکارهێنانی وشەی کورسی لە بابەتە واقیعیو دینیو ئەفسانەییەکاندا وەهای کردووە، وەك سیمبولێش ڕەنگدانەوەو سەدای خۆی هەبێت، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم حاڵەتانەش، پێویستە هەندێك لە بەکارهێنانە جیاوازەکانی کورسی پەیوەست بە شێوەو قەبارەوە لە وێنەی (٣،٢)دا بخەینەڕو:




هەندێك لە جۆرەکانی کورسی

وێنەی (٢)

[61]Lobner (2002: 177)

چەندین جۆریی دیکەش لە جیهاندا هەن، کـە بـەکارهێنانی هەریەکـەیان جیـاوازە لـەوی دیکـە، بۆنمونـە بەگـشتی کورسـیی دەسـکدار بـۆ دانیـشتن‌و حەوانەوەیـە، بـەڵام ئـەم سـنورە وەك خـۆی نامێنێتەوەو هەنـدێکجار کورسـیی دەسـکدار بـۆ نـانخواردنیش بـەکاردەهێنرێت، هـەروەك چـۆن لـە چێشتخانەکاندا بەدیدەکرێت، یاخود کورسیی بێدەسـکیش، کـە بەگـشتی کورسـیی نانخواردنـە، بـۆ دانیشتنیش بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە کورسـیی سـەیارە، کـە بێدەسـکە، کەچـی بـۆ دانیشتنیـشە، یاخود لە پرسەکاندا کورسیی بێدەسك بـۆ دانیـشتن دادەنرێت، بەمپێیـە لـە پـۆلێنکردنی شـتەکاندا ناکرێـت پـشت بـە زمـان ببەسـترێت، بـەڵکو دەبێـت بـۆ دونیـای دەرەوەی زمـان بگەڕێینـەوە، جگەلەمەش، گەڕانەوە بۆ ڕەهەندی کۆمەڵایـەتی‌و دینـی‌و فەلـسەفی‌و ئەفـسانەیی، مانـاو مەبەسـتی جیاوازترمـان پیـشاندەدات، بـۆ نمونـە دەسـتەواژەکانی (عەرشـی خـوا)، (کورسـیی دەسـەڵات)، (کورسیی حەوانەوە)، ئەم بیرە زمانییەمان لا بەرجەسـتەدەکات، لەهەمانکاتـدا ئـەو پرسـیارەمان لا دروسـتدەکات، کـە دەربڕینێکـی وەك (عەرشـی خـوا، کورسـیی دەسـەڵات) لـە پڕۆتۆتـایپی تـەنی (کورسی)یەوە هەڵهێنجراوەیان نا؟




وێنەی (٣)

دیسان ئەو پرسـیارەش سـەرهەڵدەدات، ئـاخۆ ئـەو وشـانەی لـە پـۆلکردنی کەتیگۆرییەکانیانـدا هـەڵگری سـنورێکی نـاڕونن، دەبنـەهۆی لێڵیـی واتـایی، یـاخود مـەودای زمـان لـە دەوڵەمەنـدکردنی چەمکدا فراوانتر دەکەن؟ ئایا ڕیکلامکار لە پشتبەستن بە بەکارهێنانی ئەو وشانەی لە جیاکردنەوەی کەتیگۆرییەکانیانـدا هـەڵگری سـنوری نـاڕونن، گرفتـی پەیوەنـدی لـەنێوان دەقەکـەو وەرگـردا

دروستناکەن؟ هەوڵدەدەین وەڵامدانەوەی هەردو پرسیارەکە لە ڕێگەی شیکردنەوەی پڕۆتۆتایپی وشە بەکارهێنراوەکانی دەقی ڕیکلامەوە بێت.

### ١. برنجی مەحمود دەرەجە یەکە، تێرتێر بخۆو ڕێجیم مەکە.

وشەی سەرنجڕاکێش لەنێو دەقی ڕیکلامەکەدا بریتییەلە (ڕێجیم)، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە لوتکە ناویدەنێین، کە کاریگەریی دەرونی لەسەر وەرگر دروستدەکات، چونکە ئەم وشەیە کۆمەڵێك چەمك لەخۆدەگرێت، کە هەر چەمکێك سەر بە کەتیگۆرییەکی دیاریکراو دەبێت. چەمکەکانی بریتین لە (جوانیی لەشولار، تەندروستی، وەرزشی، سەردەمی)، بۆ نمونە (ڕێکیی لەشولار) بەشەپۆلێکە لە (جوانیی لەشولار)و ئەمیش سەر بەکەتیگۆریی (شێوە)یە، هەروەك (ڕێك، خڕ، بەرز، چوارشانە، نارێك، پڕ، قەڵەو، لاواز)یان (تەندروستی)یە، ئەمیش بۆخۆی بریتییە لە کەتیگۆرییەك، کە ئەندامەکانی وەك (نەخۆشی، لاوازی، پیسبون، گەندەڵی، لەشساغی، ژیرێتی، دەرونی..تاد) دەگرێتەوە. بەمپێیە وشەی (ڕێجیم) بەهۆی فرەچەمکیو سایکۆلۆژیو تێگەیشتنی تاکەوە هەڵگری سنورێکی ناڕون دەبێت، ئەم سنورە ناڕونە دەبێتە هۆی دەستەمۆکردنی وەرگر، ئەمەش ئەو جادوەیە، کە وشە لە مرۆڤی دەکات.

بەگشتی ئەو وشانەی ڕاستەوخۆ بێگرفت دەبنە ئەندامی پڕۆتۆتایپی کەتیگۆرییەك، بەبەراورد بەو وشانەی سنورێکی ناڕونیان هەیە لە جیاکردنەوەی کەتیگۆرییەکانیاندا، کەمتر هێزی ڕاکێشانی وەرگریان دەبێت، ئەمەش گریمانەی ئەوەمان دەداتێ، بەرهەمهێنانی دەقی ڕیکلام بەو وشانەی هەڵگری سنوری ناڕونن، ئەگەری زیاتری سودو قازانجی کەرەستە ڕیکلامکراوەکەی لێدەکەوێتەوە، هەروەك بەکارهێنانی (چاوی سلێمانی لەبەرامبەر ئامێری کورسییەکەی چاڤی لاند)یان (مامی هاوڵاتیان لەبەرامبەر خەمخۆریی خەڵك)یان (گوندی ئەڵمانی لەبەرامبەر پڕۆژەیەکی نیشتەجێبون لە شاری سلێمانی)یان (پیاوی دیاری بەرامبەر بە خزمەتگوزارییەکانی کۆرەك تلیکۆم).

**٢. من سێ خانوم کڕیوه بۆ منداڵه‌کانم، چونکه ژیان له‌وێ ده‌ستپێده‌کات. پرۆژه‌ی گه‌نجان ستی**

له ده‌قی (٢)دا وشه‌ی (ده‌ستپێکردن) لوتکه‌ی ده‌قه‌که‌یه، که هه‌ڵگری چه‌مکی (سه‌ره‌تایه)و وه‌ك ناوێکیش ئه‌ندامێکه له‌نێو که‌تیگۆریی (کات)داو کرداریش سه‌ر به که‌تیگۆریی (گۆڕان)ه. کات به‌شه‌پۆلێکه له شا–که‌تیگۆریی (گۆڕان)، چونکه کات هه‌ڵگری خه‌سڵه‌تی گۆڕانه، به‌مه‌ش وه‌ك ناوو کردار سه‌ر به دو که‌تیگۆرییه‌و یه‌کێکیشیان ده‌بێته به‌شه‌پۆلی که‌تیگۆرییه‌کیان. به‌مپێیه چه‌مکه‌کان له فۆرمی (ده‌ستپێکردن)دا ته‌واوکه‌ری یه‌کترن.

(ده‌ستپێکردن) له ده‌قی (٢)دا ڕاسته‌وخۆ واتای (سه‌ره‌تا) ده‌گه‌یه‌نێت، به‌مه‌ش ته‌نها کاریگه‌رییه‌کی عه‌قلانی به‌سه‌ره‌تایه‌کی ڕۆتینی ژیان له شوێنێکی شیاودا له‌سه‌ر وه‌رگر دروستده‌کات، ئه‌م جۆره کاریگه‌رییه ڕاسته‌وخۆیه‌ش له‌لایه‌ن وه‌رگره‌وه له‌بری کاریگه‌رییه‌کی ده‌رونیی ئه‌رێنی، ئه‌گه‌ری گومانی لێده‌که‌وێته‌وه.

**٣. ئێمه ده‌بێ هه‌مومان، ئاماده‌یکه‌ین سفره‌و خوان، سفره‌و خوانی ڕازاوه، ده‌ی بڵاوببنه‌وه به‌و ناوه، ده‌ی ڕایکێشه بیهێنه، به‌سه ئیتر خاوێنه، ده ئیتر تۆش وازبێنه، ده‌ی هه‌سته خۆت مه‌نوێنه، ده‌ی کوڕینه ڕایکێشن، ده‌بێ زه‌حمه‌ت بکێشن، ئه‌م برنجه‌ی ئه‌یهێنن، وریا بن‌و مه‌یڕێژن. دڵنیام به‌دڵی ئه‌بێ، ته‌نها برنجی مه‌حمود شایه‌نی ئه‌م خوانه‌یه.**

ده‌قی ڕیکلامی (٣) به‌پێی سیناریۆیه‌کی ڤیدیۆیی داڕێژراوه، ئامانجی ڕیکلامه‌که‌ش له دێڕی کۆتایدایه، لوتکه‌ی ده‌قی ڕیکلامه‌که له دێڕی ئامانجی ڕیکلامه‌که‌دا بریتییه‌له (خوان)، به‌کارهێنانی وشه‌ی (خوان) له‌و ڕسته‌یه‌دا، هه‌ڵگری سفره‌یه‌و خۆشی سه‌ر به‌که‌تیگۆریی (خواردن)ه، واته (خوان) هه‌ڵگری چه‌مکی فه‌رهه‌نگییه‌و خاوه‌نی سنورێکی ڕونه، به‌جۆرێك نابێته‌هۆی به‌رجه‌سته‌کردنی ئایدیایه‌کی سه‌رنجڕاکیش‌و خه‌یاڵئامێز لای وه‌رگر، له‌کاتێکدا ڕیکلامی ده‌قی (١)، که هه‌ر بۆ (برنجی

مەحمود)ە، بەهۆی بەکارهێنانی ئەندامێکی ناڕونی خاوەن فرەچەمك، کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر گوێگر دروستدەکات.

هەریەك لە ڕۆچو مێرڤیس Eleanor Rosch and Carolyn Mervis دو کەسی بەناوبانگن لە پێشخستنی تیۆری پرۆتۆتایپدا، ڕونوئاشکرا هاوتەریبی کارەکانی ڤیتگنشتاینن.
لای ڤیتگنشتاینو هەروەها لای ڕۆچو مارڤیسیش، وشەیەکیان چەمکێك وەك چەمکی (یاری) بەهۆی پێناسەکردنەوە حکومناکرێت، بەڵکو زیاتر بەهۆی ئەگەرێتیی کرانەوەو داخستنی کۆمەڵێك لە خەسڵەتەکانەوەیە، کە دەشێت بە ڕێکخستنێکی جیاواز ڕوبداتیان هەبێت. لەبەرئەوە تیۆری پرۆتۆتایپ ئەو کۆتانە ئاسان دەکات، کە تیۆری کلاسیکی چەمك بەسەر فیچەری چەمکەکانەوە فەرزی دەکرد، بەمەش بەرگری لەو سەختییانە دەکات، کە بەتایبەتی ڕوبەڕوی تیۆری کلاسیکی چەمك دەکرایەوە. سەرەتایترینی ئەوانە، نەمانی دیاریکردنە، لەبرئەوەش تیۆری پرۆتۆتایپ بانگەشەی ئەوەی کرد، کە چەمکەکان دروستەیەکی دیاریکراوو پێناسەکراویان نییە، ئەمەش بەتەنها دورکەوتنەوە نییە لە واتای وشە، بەڵکو لە ڕاستیدا پێشبینیکردنە، بەجۆرێك هەروەك چۆن تیۆرەکارانی کلاسیکی، هەوڵی دیاریکردنی پێناسەکانیان داوە، بەهەمانشێوە تیۆرەکارانی تیۆری پرۆتۆتایپ بەرگرییان لەو کێشانە کردووە، کە ڕوبەڕوی شیکردنەوەی تیۆری کلاسیکی بونەتەوە.
بەمپێیە تیۆری پرۆتۆتایپ جەخت لە هەڵهێنجانێکی ناڕوندەکاتەوەو لەگەڵ تیۆری دەستە-ناڕون **Fuzzy-set theory** یەکدەگرنەوەو هاوبەشدەبن[٦٢]، ئەمەش لە ڕاستیدا کەڵکێکی تری هەیە، کە لە ئەرکی چەمکەکاندا دیاریدەکرێت، بەوەی (چەمکی ناڕون) ڕێگە بە خەڵك دەدات بەشێوەیەکی بەرفراوان بیر لە زانیارییەکانی نمونەو کۆپی/ لەبەرگیراوەکانی سەرو کەتیگۆرییەکان بکەنەوە، هەروەك لە شیکردنەوەی دەقی (١، ٢، ٣)دا وەك بەراوردکاریی کاریگەریی لەسەر لایەنی دەرونیو دونیابینیی وەرگر خرایەڕو.

لەگەڵ ئەوەی بەکۆدکردنی زانیارییەکان بەبێ لەبریدانراوەکانیان ناکرێت، کاتێك مرۆڤ زانیارییەکان پرۆسێسدەکات، لەو پرۆسێسکردنەدا هەندێك هاوواتاو هەندێك فرەواتاو میتافۆرو بەکارهێنانە پراگماتیکییەکانیان دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی ئەو پرۆسێسکردنەوە، بەمەش مرۆڤ لەکاتی بیرکردنەوە لە زانیارییەك بەدەر لە کەتیگۆرییە سەرەکییەکە، پەل بۆ سنوری کەتیگۆرییەکانی دیکە

---

[62] دەربارەی تیۆری دەستە-ناڕون بڕوانە: Kamp & Partee (1995: 145-148)

دەهاوێت. هەروەك بەپێی ڕۆچ ئەركی سیستمی كەتیگۆری، خستنەڕوی زۆرترین زانیارییە بە كەمترین تواناو كۆششی دركپێكراو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە سیستمی نواندن پێویستە ناهاوسەنگ بێت، لەلایەكەوە چەمكەكە، بەكۆدكردنی زۆرترین زانیاری بێت دەربارەی نمونەو لەبەرگیراوەكانیان حاڵەتەكان، بەڵام لەلایەكی ترەوە پێویست ناكات ئەوەندە بگرێتەوە، كە چەمكەكە كۆنترۆڵ نەكات. ئەو چارەسەرەی لەلایەن تیۆری پرۆتۆتایپەوە پێشكەشكراوە ئەوەیە، كە پێویستە چەمكێك خەسڵەتە دەركەوتووە دابەشبووەكان لەناو كەتیگۆرییەكەدا بەشێوەیەكی لێكدەرەوەیی ئەژماركراو بەكۆدبكات.[63]

بەهۆی نواندنی خەسڵەتی لێكدەرەوەیی ئەژماركراوەوە، چەمكەكان بە دروستەیەكی پرۆتایپی بەرهەمدەهێنرێن، ئەمەش زیاتر هەڵهێنجراون، وەك لەوەی نواندنێكی كلاسیكی بن، بۆ نمونە لوتكە لە ڕیكلامدا بەهۆی سیفەتە پرۆتۆتایپییەكەیەوە زۆرترین كاریگەری لەسەر وەرگر دروستدەكات، بۆیە ڕیكلامكار لە هەڵبژاردنی لوتكەی ڕیكلامدا دەبێت بەئاگا بێت لە سیفەتە پرۆتۆتایپییەكەی، هەروەك لە وشەی (ڕێجیم)دا باسكرا.

بەگشتی ناڕونیی سنورەكان پەیوەستە بە لەچەند بنەمایەكەوە سەرچاوەدەگرێت كە بریتین لە:


١. كەلتور، كەلتور هۆكارێكی گرنگی چۆنێتیی بەكارهێنانی فەرهەنگە، بەپێی بۆچونی ساپیرو ورف، بەهۆیەوە سنوری بەكارهێنانی زمانێك لە زمانێكی دیكە جیادەكرێتەوە، بەجۆرێك تەواو بایەخی كلتور لە چۆنێتیی بەكارهێنانی زماندا بەرجەستەدەبێت، ئەمەش لە تیۆری ڕێژەییدا شیكراوەتەوە.

ئەو چەمكەی لە بیری قسەپێكەرانی زمانێكی دیاریكراودا لە فۆرمێكی فۆنەتیكیدا بەكۆددەكرێت، بەپێی پێكهاتە كەلتورییەكەیان بە وشەیەكی دیكە بەپێی كارلێكی لەگەڵ كلتوری زمانەكەدا دەگۆڕێت، دەكرێت ئەم چەمكە، كە بەهۆی كەلتورەكەوە بەرهەمهاتووە، بەشداری لە پرۆتۆتایپی دەركردەكەدا بكات. بەمەش سنوری مەودای زمانیو سنوری كەلتوری، پێكدابچنو لەلایەكەوە ببێتەهۆی ناڕونیی سنوری كەتیگۆرییەكان، لەلایەكی دیكەوە هۆكاری وردكردنەوەی ئەندامەكانی كەتیگۆرییەكن. بۆ نمونە وشەی (مام) لە ڕیكلامی (بەیزا مامی هاوڵاتیان)ە، وەك

[63] Laurence & Margolis (2003: 218-221)

پێکداچونی سنوری دو کەتیگۆریی (خزمو خێش)، کە برای باوکە لەگەڵ کەتیگۆریی (دڵسۆزی)، کە بەتەنگەوەهاتنە، وەرگیراوەو بەمشێوەیەش بەهۆیەوە سەرنجی زۆرترین خەڵك ڕادەکێشن.

گەر وشەی (مام) بەبەراورد بە زمانی ئینگلیزی uncle وەربگرین، ئەوا لە زمانی کوردیدا ئاماژەبۆکراوی وشەی مام (برای باوك)ە، کە بە (أ) هێمای بۆ دەکەین، یەکێك لە ئاماژەبۆکراوەکانی دیکەی (خەزور)ە، کە بە (ب) هێمای بۆ دەکەین، بەپێی کلتوری کوردیش، (مام) پشتو پەنای برازایە، لەمەشەوە واتای کۆمەڵایەتییانەی (دڵسۆزی)، کە بە (ج) هێمای بۆ دەکەین، بەشێکە لە بەکارهێنانی وشەی مامو تەنانەت بەکارهێنانی ئاماژەبۆکراوی (ب) لە (ج) سەریهەڵداوە.




هێڵکاریی (١)

بەمپێە چەمکی پرۆتۆتایپیی وشەی (مام) بەپێی کلتوری کورد، بریتییەلە (دڵسۆزی)، کە لە بەکارهێنانی هەمان دروستەی فۆنەتیکیدا ڕەنگدەداتەوە. جگەلە بەکارهێنانەکانی (أ،ب،ج) لە دەرەوەی کەتیگۆریی (خزمو خێش)، بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندیو جێخۆشکردن، بۆ کەسی نەناسیاو بەکاردەهێنرێت. لەکاتێکدا زمانی ئینگلیزی لە بەکارهێنانی فۆرمی (uncle)دا بەدەرە لەم چەمکە پرۆتۆتایپییە. لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (uncle) جگەلە مام، بە واتای برای دایكو مێردی پوریش دێت، هەندێکجار بە تایبەت منداڵ لە بانگکردندا بۆ کەسی نزیکی دایكو باوك بەکاریدەهێنێت، هەندێك جاری دیکەش کەسی بەتەمەنی پێبانگدەکرێت، لەگەڵ فراوانیی بەکارهێنانیدا، بەڵام هەمان پرۆتۆتایپی (مام)ی زمانی کوردی نییە.

٢. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، مەبەست لەم ڕەهەندە هەمو ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە، کە بەشداری لە بە کۆمەڵایەتیبونی مرۆڤدا دەکەن، هەروەك سیاسەت، ئاین، بازاڕ، کۆمپانیا، خوێندنگە، دامودەزگاکان، مەراسیمە ئاینییەکان، نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، گروپو چینە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەگەز...تاد. پێکداچونی ئەم پێکهاتانە، کار لە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمان

دەکەن، ئەم چۆنێتیی بەکارهێنانەش کاریگەرییان لەسەر چەمکی  پرۆتۆتایپی وشـەکان دەبێـت، بەجۆرێك هەم کار لەپلەبەندیی وشەکەو هەم کار لە سنوری ناڕونیی کەتیگۆرییـەکان دەکـات. بـۆ نمونە پەیوەست بە شێوازی کۆمەڵایەتییانەوە بە تایبەت لە شاری سـلێمانی، بڕوانـە کـەتیگۆریی (پرسـە)و (ئاهــەنگ) لــە لێکـچونیان ســەبارەت بــە خۆگــۆڕینو شــیرینی بەخــشینەوەو هــۆڵو خێمەو...تاد.

٣. ڕەهەندی مێژویی، ڕەهەندی مێژویی کار لە پێکهاتەی واتای وشە دەکاتو هەندێك وشە تـەواو لـە واتا بنەڕەتییەکە دوردەکەوێتەوەو کرۆکەواتاکەی لـەکاردەخات، هەنـدێکی دیکـەش لـە وشـەکان، جگەلـە واتـا بنەڕەتییەکـە، دەبنـە هــەڵگری واتـای کۆمەڵایـەتیش، ئـەم واتـا نوێیـە چـەمکێکی پرۆتۆتایپی لە بیری بەکارهێنەرانی زمانەکەدا دەبێت. بۆ نمونە بەگشتی چـەمکی پرۆتۆتـایپی لـە وشەیەکی وەك (ئەنفال)دا لای قسەپێکەرانی کورد، برتییەلـە زوڵـمو سـتەم، لـەنێو قـسەپێکەرانی کوردیشدا بەپێی پێـشینەی زانیارییـان جیـاوازی هەیـە، بـۆ نمونـە لای ئیـسلامییەك ئـەو چـەمکە پرۆتۆتاپییە نییە، لەکاتێکدا لای کەسێکی نەتەوەیی دەمارگیر بە زەقی ئەو چەمکە پرۆتۆتاپییە لە بەکارهێنانیدا ڕەنگدەداتەوە. هەروەها هەر پەیوەست بە ڕەهەندی مێژوییـەوە بڕوانـە چـەمکی پرۆتۆتـاپیی وشـەکانی (بـەعس، عـەرەب، ڕەفیـق حزبـی، مەسـئول). بەگـشتی ئـەم ڕەهەنـدە کاریگەریی لەسەر وردکردنەوەو پلەبەندیی ئەندامەکانو سـنوری کەتیگۆرییـەکان هەیـە، هـەروەك سنوری وشەی ئەنفال وەك ئەندام لە هەردو کەتیگۆریی (ستەم)و (دەستکەوت)دا.

٤. هۆکاری جوگرافی، مەودای جـوگرافی وەك کەشـوهەواو ژینگـە لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی دی جیـاوازی هەیـە، ئـەم جیاوازییـەش کـار لـە زمـان دەکـاتو لـە بەکارهێنانیـدا بەرجەسـتەدەبێت، هەروەك ئەو چەمکانەی بۆ بەفر لە مەکسیکۆ بەکاردەهێنرێن، جیـاوازن لـەو چـەمکانەی بـۆ بـەفر لای قسەپێکەرانی زمانی کوردی هەن، هەروەها هەر ئەم چەمکە لە سـنوری هـەرێمی کوردسـتاندا بـۆ ئەگـەرمیانیو کوێـستانی لەلایـەن قـسەپێکەرانی زمـانی کوردییـەوە جیـاوازە، واتـە چـەمکە پرۆتۆتاپییەکەشی چ وەك وردکردنەوەو چ وەك پلەبەندیی ئەندامەکانی، جیاواز دەبن.

لێرەدا پەیوەست بەم خاڵەوە ئاماژە بـە ناوچـە شـاخاوییەکان دەدەیـن، وەك جیـاوازیی چـەمکی پرۆتۆتـاپیی لـەنێوان ناوچـە شـاخاوییەکانو ناوچـە دەشـتاییەکاندا، وەك (شـاخ، چـیا، گـرد، گردۆڵکە، کێو، تەپۆڵکـە، زنجـیرە چـیا، کاوەشـاخ، کـەژ، لوتکـە)، هەریـەك لـەم وشـانە چـەمکی پرۆتۆتاپییان لەنێوان دانیشتوانی ناوچـە شـاخاوییەکانو دەشـتاییەکاندا جیـاوازە، بـۆ نمونـە بـۆ

کەسێکی دانیشتوی دەشتاییەکان جیاوازیی نێوان (شاخ‌و چیا) نییە، لەکاتێکدا بۆ شاخاوییەکان جیاوازییەکە تەواو ڕونوئاشکرایە، ئەم جیاوازییەش کاریگەری لەسەر پلەبەندیی ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکە پەیدادەکات.

٥. پێشینەی زانیاری‌یان ئاستی ڕۆشنبیری، پێشینەی زانیاری، کاریگەری لەسەر چۆنێتیی بەکۆگاکردنی وشەکان هەیە، هەروەك وشەکانی (دختۆر، دکتۆر)، (مامۆستا، مامۆصا)، (بنیادەم، انسان، مرۆڤ، عینسان)، (بەیانی، سەبای صالّحان)، (ونبون، گمبون) هەریەکەو بەپێی بەکۆگاکردنی فۆرمە فۆنەتیکییەکەی، چەشنە پرۆتۆتاییپەکەی جیاواز دەبێت.

بۆنمونە بەپێی پێشینەی زانیاری، چەمکی پرۆتۆتاییپی بۆ وشەیەکی وەك (ڕەگ)، بۆ کەسێکی نەخوێندەواریان جوتیار، دەیبەستێتەوە بە کەتیگۆریی (ڕەگی کشتوکاڵ)ەوە، لەکاتێکدا بۆ کەسێکی خاوەن پێشینەی زانستی، جگەلە لەو کەتیگۆرییە، دەیبەستێتەوە بە هەریەك لە کەتیگۆرییەکانی (ماتماتیك، نەخۆشی، زمان/ ڕەگی کردار)ەوە.

٦. کات، بەپێی کات چەمکی پرۆتۆتاییی وشەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەجۆرێك سنوری نێوان کەتیگۆرییەکان ناڕوندەکات، بۆ نمونە چەمکی وشەی (ڕفیق حزبی) لە سەردەمی بەعسدا چەمکە پرۆتۆتاییپییەکەیان دەسەڵاتو دەسترۆیشتوو دڵسۆزی بۆ حزب بووە، بەڵام لە ئێستادا لە مێشکی قسەپێکەرانی کورددا خاوەنی چەمکی پرۆتۆتاییپی فایلدارو خیانەتی نیشتیمانییە. هاوکات چەمکی پرۆتۆتاییپی (پێشمەرگە) بەپێچەوانەوە، بەشێوە فەرمییەکەی لەسەردەمی بەعسدا بە چەمکی پرۆتۆتاییپی تێکدەرو گێرەشێوین (موخەریبین)و لە ئێستادا بە چەمکی دڵسۆزی‌و بەرگریکردن‌و خۆبەختکردن لە گەل‌و نیشتمان بەکارهێنراوە.

٧. ئایدۆلۆژیا، ئایدۆلۆژیا کاریگەری لەسەر جیاوازیی پرۆتۆتاییپی‌و چۆنێتیی ناڕونیی سنوری کەتیگۆری‌و پلەبەندیی ئەندامەکان هەیە، بۆ نمونە چەمکی پرۆتۆتاییپی (ڕیش)، لە لای ئیسلامییەك لە هەر شوێنێکی دونیا بێت، چەمکە پرۆتۆتاییپییەکەی بریتییە لە بەجێهێنانی سوننەت، لەکاتێکدا لای کەسێکی باو، پرۆتۆتاییپی شێوازەو لای دژە ئیسلامییەك پرۆتۆتاییپی تیرۆرە.

یان شوێنێکی وەك (کەربەلا) بەپێی ئایدۆلۆژییەتیان ڕێبازی شیعە، پیرۆزترین شوێنەو لای ڕێبازی سوننە، شارێکی ئاسایی عێراقەو زیادەڕۆیی کراوە لە پیرۆزکردنیدا.

٨. بایلۆژی، هۆکاری بایلۆژی، کاریگەری لەسەر ناڕونیی کەتیگۆرییەکان هەیە، هەروەك لێکچونی هەندێك لە خەسڵەتی کەتیگۆریی باڵندەو کەتیگۆریی مێرووەکان، بۆ نمونە بونی باڵ/ فڕین لە مێڕویەکی وەك (مێش، قالۆنچە، کوللە، زەردەواڵە...تاد) و باڵندەیەکی وەك (چۆلەکە، ڕیشۆڵە، کۆتر، بولبول...تاد) و نەبونی لە هەمان کەتیگۆریی باڵندەدا وەك (بەتریق)یان لێکچونی بایلۆژییانەی (گورگو بودل) لەکاتێکدا سەر بە یەك کەتیگۆری نین.

## ٢-٢/٢ خێزانە لێکچووەکان resemblance

بەپێی دیاردەی پڕۆتۆتایپ، کۆمەڵێك نیشانەی واتایی پێناسەی کەتیگۆرییەك دەکەن، بەجۆرێك ئەگەر کەتیگۆرییەك بەشێوەیەکی سەرەتایی بەهۆی نیشانە واتاییەکەیەوە پێناسەکرا، ئەوا بۆ ناسینی تەواوی پڕۆتۆتایپەکە، پێویست بە مەرجە ناچارییەکان ناکات، چونکە ئەگەر پێویست بەو مەرجە ناچارییانە بکات، ئەوا هەر ئەندامێکی کەتیگۆرییەکە دەبێت پڕۆتۆتایپێکی یەکسانی هەبێت. بۆ نمونە لە جیاکردنەوەی ئەندامەکانی پڕۆتۆتایپی کوپدا، دەشێت بێدەسکیان دەسکدار بن، هەروەها پڕۆتۆتایپی کەتیگۆریی باڵندە بچوکەو توانای فڕینی هەیە، لەکاتێکدا ئەندامەکانی تری لەوانەیە توانای فڕینی نەبێتو زۆر گەورەش بن.

بەپێی بۆچونی ڤیتگنشتاین ١٩٥٨، زۆرجار هەمو ئەو شتانەی دەچنە ژێر چەمکێکەوە، بە خێزانە لێکچووەکان پیشاندەدرێن، ئەمانەش تۆڕێکی ئاڵۆز لە لێکچونی گشتگیرو نزیك دروستدەکەن، بەجۆرێك هەندێکجار ئەم لێکچونانە گشتگیرنو هەندێکجاری تریش وردو ڕونوئاشکران.[٦٤]

لێرەدا ئەوەی گرنگە، جیاکردنەوەی خێزانە لەیەکچووەکانە لەنێو کەتیگۆرییەکدا، هەمو ئەو خەسڵەتانەی بەشدارن لە کەتیگۆرییەکدا، بە خێزانی لەیەکچو ناودەبرێن، ڤیتگنشتاین بیرۆکەی هاوسەنگی لە بەستنەوەی نمونە گرنگەکان لە کەتیگۆریی دیاریکردندا بەرهەمهێنا، هەروەك لە دیاریکردنی کەتیگۆریی (کەلوپەلی ناو ماڵ)دا مەرج نییە هەمو خەسڵەتەکان بەشدارییی لە سەرجەم کەتیگۆرییەکەدا بکەن، بەڵکو تەواوی بواری کەلوپەلەکان بەهۆی لێکچونەوە پەیوەندییەکی ناوەکی

64 Taylor (1995: 38-40) هەروەها بڕوانە Fox, M. (2011:153)

لەنێوان ئەندامەکانیدا دەبێت، بۆ نمونە لەڕوی شێوەو بەکارهێنانەوە هەر یەك لە (بـەفرگر)و (تـەباخ) لەیەکتر جیاوازن، بەڵام هەردوکیان سەر بە یەك کەتیگۆرین، کە کەتیگۆریی (کەرەستەکانی ناوماڵ)ە، چونکە هەریەکەیان کەرەستەیەکی پێداویستن بۆ ماڵ، بونی سیفەتێکی هاوبەش، کە (پێداویـستییە)، هـەردوکیان لـەژێر ئـەو چـەمکەدا کۆدەکاتـەوەو وەك خێزانـی لێکـچو دیاریـدەکرێن، یـاخود لـە جیاکردنەوەی کەتیگۆریی (پیشە)دا، کۆمەڵێك ئەندام لەخۆدەگرێت، کـە دەشـێت هەنـدێکیان لـەڕوی نیشانەی واتاییەوە زۆر لەیەکەوە دوربن، هەروەك (مەلا، جوتیار، پزیـشك، ئاسـنگەر، مامۆسـتا)، کـە هەریەك لەمانە تـەنها وەك پیـشە دەچـنە ژێـر چـەترێکی هاوبەشـەوەو بەمـەش خێزانێکـی لێکـچویان پێکهێناوە.

یـەکێك لـەو پرسـیارانەی لـە چوارچـێوەی تیـۆری پرۆتۆتایپـدا ئاڕاسـتەکرا، پرسـیارکردن بـو دەربارەی چۆنێتیی ڕونکردنەوەی ئەرکی ئەندامێتی لە چێوەی چەمکێکی ئاڵۆزدا، لەمەشدا لێکۆڵەران پێیانوابووە، کە ئەرکی ئەندامێتی، بەهۆی پێکهاتەی چەمکە ئاڵۆزەکەوە دیاریـدەکرێت، نـەك بـەهۆی پرۆتۆتایپی چەمکە ئاڵۆزەکەوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ:[65]

١. پەیوەندییەکی پێڕەوبەندانە لەنێوان ئەندامو پرۆتۆتایپییەکـەدا نییـە، لەبەرئـەوە بـۆ خـستنەڕوی ئەوەی کە چۆن پرۆتۆتایپ دیاریدەکرێت، گریمانەی ئەوە دەکرێـت، پێویـست بـە لێکۆڵینـەوە لـە ئەندامێتی نەکات.

٢. وا دەردەکـەوێت ئـەو هۆکارانـەی، کـە پرۆتۆتایـپ دیاریدەکـەن، پلەبەنـدیی پێڕەوبەنـدێتی لـە هەڵبژاردنی گریمانەی پرۆتۆتایپی پێکهاتەکەدا نەبێت.

بۆ دروستیی ئەم بۆچونە، هەردو چەمکی (نێر)، (پەرستار) بە نمونە دادەنێین، نزیکـە لـەوەی ببنـە چەمکێکی تەواو ڕونوئاشکرا لە (پەرستاری نێر)*دا.

---

[65] Kamp & Partee ( 1995: 168-169)

* بۆ بەرجەستەکردنی ناپێڕەوبەندێتی لە پرۆتۆتایپی چەمکەکاندا، لە زمانی ئینگلیزیدا پشت بە شیکردنەوەی ( male nurse) بەستراوە، بەجۆرێك خودی وشەکە nurse، هەڵگری خەسڵەتی مێینەیەو بۆ دیاریکردنی ڕەگەزی بەرامبەر، پێویستی بە لێکدان لەگەڵ وشەی male هەیە، ئەم لێکدانەش مایەی تێڕوانینی جیاوازە لە پرۆتۆتایپەکەیدا، بۆنمونە=

مـەودای (پەرسـتاری نێـر) بـە ئاسـانترین ڕێگـە دیاریـدەکرێت، کـە بـەهۆی گونجـان‌و پێکـەوە بەستنێکی ستانداردی لۆجیکیی هەردو پێکهاتەی (نێر)و (پەرسـتار)ەوە دەبێـت. بەمپێیـە ئـەرکی (پەرستاری نێر $c^e$) بەهاکەی ژمارە سفرو یەکە (٠، ١)ە، ئەم بەهایە وەك نەخشەی بابەتەکە کاتێك لە ($a$)ەیەوە دەگۆڕێت بۆ ($l$)، تـەنهاو ئەگـەر تـەنها نەخـشەکە بریتـی بێـت لـە هەریـەك لـە (نێـر)و (پەرستار)، ئەمەش بەپێی ئەو هاوکێشەیەی لە(٤)دا دیاریکراوە دروستدەبێت.

٤. $a = l$ (پەرستار $c^e$) $= a$ (نێر $c^e$)

ئەگـەر نەخـشەکە بەمـشێوەیە نـەبێت، ئـەوا بەهاکـەی دەبێتـە سـفر. ئـەم شـێوە جێگیربونـەش پرۆتۆتایپێك نییە بۆ (پەرستاری نێر)و تەنها لە مەوداکەی خۆیدا چارەسـەردەکرێت، بـەجۆرێك ئـەم وشـەیە ئاماژەبەندییـەك دەبێـت بـۆ دیـاریکردنی ئەنـدامێکی نێـو کەتیگۆرییـەك، هەرچـەندە وێنـای قـسەکەرە جیاوازەکـان بـۆ پرۆتۆتـایپی (پەرسـتاری نێـر) بـەپێی ئـەزمونی تاکـە کـەس جیـاوازە، جگەلەمە دەشێت پەیوەندییەکی پێڕەوبەندانە لە پرۆتۆتایپییەکانیاندا بۆ نێرو بۆ پەرسـتار نـەبێت‌و تەنانەت دەکرێت پرۆتۆتایپەکانی قسەکەرەکان لە هەر حاڵەتێکدا بێت، کاریگەرییەکی کـەمی لەسـەر خستنەڕوی وەك (پەرستاری نێر) هەبێت. بـەو پێیـەی تێبینـی دەکرێـت مـەودای (پەرسـتاری نێـر) بـەهۆی ئـەو ڕێـسایانەوە چارەسـەردەکرێت، کـە پرۆتۆتایپییەکـەیان نایگرێتـەوە، قـسەکەرەکان بەڕێگەی ناپێڕەوبەندانە پرۆتۆتایپییەکانیان بەدەستدەهێنن، لەگەڵئەوەشدا بـەهۆی چـەمەکەکانەوە پەیوەندییـەکی لۆجیکییانـە لـەنێوان ئەنـدام‌و خێزانـە لێکـچووەکاندا بـە جیـاوازیی لـە ژینگـەی پرۆتۆتایپەکاندا پەیدادەبێت.

بەپـشتبەستن بـەم بۆچـونە، هەنـدێکجار دو ئـەرك پـەیکاڵن‌و هەنـدێکجاری تـریش پـەیکاڵنین، هـەروەك لـە (پەرسـتاری نێـر)دا بەدیـدەکرێت‌و نمونەیـەکی ئاشـکرایە بـۆ چـەمکێك کـە دو ئـەرکی

---

=ئەزمونی تاك بەشداری لەو تێڕوانینەدا دەکات، هەروەکئەوەی مرۆڤ چۆن سەیری پەرستاری نێر دەکات لە ژیانی واقیعی‌و لە تیڤییەکەوە، ئەمە ئەگەر بەراوردبکرێت بە زمانی کوردی، وشەی (پەرستار) هەڵگری هەردو چەمکی نێرو مێیە، ئەمەش هۆکاری کەمتر مەودای تێڕوانینی جیاوازە لە پرۆتۆتایپییەکەیدا لەلایەن قسەپێکەرانی زمانی کوردییەوە.

وەکیـــەکی نـــەبێ. لـــەم حالەتـــەدا $c^{e}$*، کـــە دیـــاریکردنی پلەبەنـــدیی ئەندامێتییـــە، بریتییەلـــە تایبەتمەندێتیی ئـەرکی بـۆ کۆمـەڵێك کـەس، کـە پێکـەوە پەرسـتارو نێـرن، ئەرکەکـە لانـی کـەم لـە نزیککردنـەوەی سـەرەتادا دەشـێت بـە بـەهای (٠و١) دابنرێـت، لەکاتێکـدا $c^{p}$ واتـە دیـاریکردنی پلەبەنـدیی لێکـچون لـە پڕۆتۆتاییپییەکـەدا، ئەرکێکـە ڕێگایـەك نییـە بـۆ دیـاریکردنی پلەبەنـدی، ناچونییەکە بە $c^{e}$، کە پلەی ئەندامێتی دیاریدەکات، لەوانەیە لە قسەکەرێکەوە بۆ قسەکەرێکی تـر جیاواز بێت، هەروەها وەك بابەتی لێکچونیشە بۆ پڕۆتۆتاییپی پەرستاری نێرو بە دڵنیاییـەوە بابـەتی پلەبەندیشە، بۆ زۆربەی تاکەکان بە زیاتر لە (٠ یان ١) ئاماژەی بۆ دەکرێت.[٦٦]

پەیوەست بـە کۆمـەڵگای کوردییـەوە، هاوشـێوەی نمونـەی (پەرسـتاری نێـر)، هەریـەك لـە (سایەق، دوکاندار، پـۆلیس، پێـشمەرگە)، هـەڵگری نیـشانەی بنـەڕەتیی ڕەگـەزی نێـرن، بۆئـەوەی ڕەگەزەکەی وەك چەمکە مێیەکەی دیاری بکرێت، پێویست بە دیـاریکردنی خستنەپاڵی دیاریخـەری (ژن) دەکـات، هـەروەك (دوکانـداری ژن، پۆلیـسی ژن، پێـشمەرگەی ژن)، لێـرەدا لەبـەر بـونی ئاماژەبەندییەکانی لە کۆمەڵدا، پڕۆتۆتاییی ئاماژەبەندییەکەی بە بەهای (١) دادەنرێت، لەکاتێکدا بۆ پێکهـاتنی چـەمکی پڕۆتۆتـاییپی (سـایەقی ژن) بـۆ تەکـسی، لەبـەر نـەبونی لـە واقیعـی کۆمـەڵگای کوردیدا، بەهاکـەی (٠) دەبێـت. بەپێـچەوانەوە لـە کۆمـەڵگای کوریـدا (ئارایـشتگا) تایبەتـە بـە ژن، لەبەرئـەوە ئەگـەر ڕەگەزەکـەی بگۆڕێـت، ئـەوا پێویـستە خـاوەن ئارایـشتگاکە، کـە پیاوەکەیـە، بخرێتەپاڵ ناوی ئارایشتگاکە، هەروەك (ئارایشتگای عامر).

بونی پەیوەندیی لـۆجیکیی نێـوان پڕۆتۆتایـپو ئەندامەکـە بـە دیـاریکراوی، تـەنها بـۆ چـەمکە سادەکان نییە، بەڵکو بۆ هەندێك لـە چـەمکە ئاڵۆزەکانیـشە، بـۆ نمونـە لـە چـەمکێکی ئـاڵۆزی وەك (پەرستاری نێر)دا، زیاتر وا دەردەکەوێت لەمەوداکەیدا هەڕەشـە لـە بەرجەسـتەکردنی پێکهاتەکـەی بکرێت، بەڵام ئەگەر ئێمە لەو چەمکە ئاڵۆزانـە گەیـشتین، کـە مەوداکـەی بـەهۆی پڕۆتۆتاییپییەکـەوە دیاریـدەکرێت، ئـەوا بەپـشتبەستن بـە پێکهاتـە چـەمکییەکان، بـەهۆی پەیڕەوبەندێتییەکەیـەوە، پێشبینیی پڕۆتۆتاییپەکەی دەکرێت. ئالێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، کە ئـاخۆ قـسەپێکەرانی زمـانی کـوردی لـــە هـــەڵهێنجانو بەرهـــەمهێنانی پڕۆتۆتـــاییپی چـــەمکە ئاڵۆزەکانـــدا، پـــشت بـــە

---

* هەریەك لە هێماکانی $c^{e}$، بەمانای دیاریکردنی پلەبەندیی ئەندامێتیو $c^{p}$ بە مانای دیاریکردنی ڕێژەی لێکچون بۆ پلەبەندیی ئەندامەکان بەکارهێنراوە.


[66]Kamp & Partee (1995: 169- 171)

پەیڕەوبەنـدێتیyan ناپەیڕەوبەنـدێتی دەبەسـتێت، لەلایـەکی تـرەوە، ئایـا ئـەو چـەمکە ئاڵۆزانـەی بەشـێوەی پەیڕەوبەندانـە درك بـە پرۆتۆتـاییی چـەمکەکەی دەکرێـت، کاریگـەرترن لەوانـەی بـە ناپەیڕەوبەندێتی درکیان پێدەکرێتیان بەپێچەوانەوە، بۆ فەراهەمکردنی وەڵامێکی زانستی، پێویستە چەمکی پرۆتۆتاییی چەمکە ئاڵۆزەکان لە زمانی کوردیدا لە فەرهەنگو چوارچێوەی ڕستەو دەقـدا تاقیبکرێنەوە، هەروەك وەرگرتنو شیکردنەوەی ئەو چەمکانە لەنێو دەقی ڕیکلامدا.

## ٣-٢/٢ پلەبەندی ئەندامێتی Degree of Member

لەنێو خەسڵەتە لێکچووەکاندا بەهۆی تاقیکردنەوەو ئەزمونکردنەوە، پلەبەندیی نێو ئەندامـەکان دیاریدەکرێتو لەسەر بنەمای خەسڵەتە پرۆتۆتاییپیەکان ئەژماردەکرێت. ئەم پلەبەندییە دەبێتـەهۆی کەمکردنـەوەی کێـشی خەسـڵەتەکان، بـۆ نمونـە پێدەچـێت خەسـڵەتێکی دیـاریکراو لـە ئەندامێکـدا لەبیربکرێت، هەروەکئەوەی دەشێت کەسێك خەسـڵەتی دەسـکداری ببەخـشێت بـە کـوپ، لەکاتێکـدا کەسێکی دیکە ئەو خەسڵەتەی پێنەبەخشێت.

بـون بـە ئەنـدامو پلەبەنـدیی ئەندامـەکان بـەپێی کۆزانیـاریی دونیـایی دەگۆڕێـت، بـۆ نمونـە جیاکردنەوەی ڕەنگەکان کە بەپێی چەندین زمان دیاریکراوە، پلەبەنـدیی جیـاواز وەردەگرێـت، ئەمـە جگەلەوەی، کە هەندێ ڕەنگ هەن، تەنها لە زمانێكو بۆ تەنها یەك شتیش بەکاردەهێنرێن، بـۆ نمونـە ڕەنگی (اشقر) لە زمـانی عەرەبیـدا بـەزۆری بـۆ ڕەنگـی قـژ بـەکاردەهێنرێت، یـاخود درکپێکـردن بـە ڕەنگـەکان بـەهۆی بـونی وشـەگەلێکی زۆری ڕەنگەکانـەوە لـە درکپێکردنـی زمـانێکی دیکـە بـەهێزتر دەبێت، کە وشەگەلێکی کەمتری بۆ گوزارشتکردن بـۆ ڕەنگـەکان هەبێـت، ئەمـەش لـە ڕاسـتیدا ئـەو ئەنجامە بو، کە ڕۆچ لە میانەی لێکۆڵینەوەیەکەوە دەربارەی ڕەنگەکان پێیگەیشت.




پلەبەندی ڕەنگەکان بە پێنج قۆناغ

هێڵکاریی (٢)[67]

لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکەی ڕۆچ دەربارەی ڕەنگ، هەریەك لە پۆل کای Paul Kayو برینت برلین Brent Berlin لێکۆڵینەوەیەکی ئەزمونگەراییان لەسەر ڕەنگەکان بەپێی چەندین زمانی ناسراو لە جیهاندا ئەنجامدا، کە تێیدا پلەبەندیی ڕەنگەکان بە پێنج قۆناغ دیاریکرا، بڕوانە هێڵکاریی (٢)، بە چەند ئەنجامێك گەیشتن:

١. ڕەنگی سەرەکیی هەمو زمانەکان لە کۆمەڵێك ڕەنگ هەڵدەبژێرێت، کە بریتییەلە ١١ ڕەنگ: ڕەش، سپی، سور، زەرد، سەوز، شین، قاوەیی، بنەوشەیی، گوڵی، پرتەقاڵیو ڕەساسی.

٢. پلەبەندیی ڕەنگەکان بەپێی زمانەکان بە پێج قۆناغ دیاریکراوە، بۆ نمونە ڕەنگی سەرەکی لە هەندێك زماندا دو ڕەنگەو لە هەندێکی دیکەدا سێ ڕەنگە.

٣. تاقیکردنەوەکە بە بەکارهێنانی بریسکەی ڕەنگەکان لە پلەبەندیی ڕەنگەکاندا دەردەکەوێت، ئەمەش ئاماژە بەوە دەدات، کە باشترین پلەبەندی لای قسەپێکەرانی زمانێك، پلەبەندییەکان خۆیانن، بێئەوەی پەیوەستی بکەنەوە بەو زمانەی، کە تایبەتە پێیانیان قسەی پێدەکەن، بیرلینو کای پێیانوایە قسەکردن لەسەر ڕەنگەکان زیاتر لە سنوریان ڕوبەری گشتیی ڕەنگەکان، قسەکردنە لەسەر ڕەنگە تۆخەکان، ئەم ڕەنگە تۆخەش پەیوەستدەکرێتەوە بە پەیپێبردنە گشتییەکانی کەتیگۆرییەو دەکەونە ژێر دەسەڵاتی نیرۆسایکۆلۆژییەوە، ئالێرەدا پرسیارەکەی جیراتیس دەربارەی ئەوەی لەکوێوە پرۆتۆتاییەکان سەرچاوەدەگرن؟ بەرجەستەدەبێت، کە دیاریکردنی ئەندامی

---

[67] دیریك جیرارتس (٢٠١٣: ٢٧٢)

پرۆتۆتایپەکان لە ئەنجامی پێکەوەچنراوی خەسڵەتەکانی پەیپێبردنی مرۆڤەوە دیاریدەکرێت، پرۆتۆتایپی ڕەنگە تۆخەکان ئەگەرێکی تەواوی هەیە، کە بنەمای نیرۆلۆژیی پەیپێبردنی ڕەنگەکان بێت، بەمپێیەش کەتیگۆرییەکانی ڕەنگ، پێش بونی بەکۆدکردنە زمانییەکانیانن.[٦٨]

**بەمپێیە دەکرێت** بەکورتی تایبەتمەندێتیی مۆدێلی نوێی کەتیگۆریکردن، بە چەند خاڵێك بخەینەڕو:[٦٩]

یەکەم/ دروستەی وردکردنەوە Graded Structure

بەپێی ئەم تایبەتمەندییە، ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکە پێگەی یەکسانیان نییە، بەڵکو لە باشترینەوە بۆ لاوازترینن.

دووەم/ پرۆتۆتایپییەکان باشترین نمونەن، واتە هەر ئەندامێکی پرۆتۆتایپی، باشترین نمونەی کەتیگۆرییەکەن.

سێیەم/ ئەندامە پرۆتۆتایپییەکان بەهۆی کۆمەڵێك مەرجی ناچاریو تەواوەوە دیاریناکرێن، بەڵکو دەکرێت پرۆتۆتایپی کەتیگۆرییەکە، بەهۆی خەسڵەتی نائامادەوە بە نمونەیەکی کەمجۆری/ کەمپرۆتۆتایپی پێناسەبکرێت.

چوارەم/ ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکە بەهۆی خێزانە لێکچووەکانەوە پێکەوە دەبەسترێنەوە.

پێنجەم/ پرۆتۆتایپییەکان خاڵە ئاماژەبەندییەکانن.

شەشەم/ ئەندامی کەتیگۆرییەکان بابەتی پلەبەندین.

حەوتەم/ سنورێکی ناڕون لەنێوان ئەندامەکانیدا هەیە.

بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ، ئەندامە پرۆتۆتایپییەکان هەڵگری دو خەسڵەتی گرنگن:

**یەکەم**/ ئەندامەکانی ناو کەتیگۆرییەکە، بەشێوەی دروستەی وردکراوەن، بەجۆرێك لە ئەندامە پرۆتۆتایپەکانەوە، کە باشترین نمونەن بۆ کەتیگۆرییەکانیان، بۆ لاوازترین ئەندام دەستپێدەکات.

---

[68] دیریك جیرارتس (٢٠١٣: ٢٧٢) هەروەها بڕوانە:

١. Tylor (1995: 70-75)

٢. Biggam,C. (2004: 20)

[69] Aberra, D. (2008:3)

***دووەم/*** تیـۆری پرۆتۆتایـپ بانگەشـە بـۆ ئـەوە دەکـات، کـە چـەمکە پرۆتۆتایپییـەکان، وەك خـاڵی ئاماژەبەندییەکان بۆ کەتیگۆرییکانیان بەکاردەهێنرێن، لێرەشدا ئـەو ڕەخنـە گرنگـەی ڕووبـەڕوی ئـەم بانگەشەیە سەبارەت بە ئەندامی کەتیگۆرییەکان دەبێتەوە، خێزانە لێکچووەکانن. وێڕای ئەوەش، دو خەسڵەت وەك وابەستەیەکی هاوبەش دەردەکەوێت، کە بریتییە لەوەی پرۆتایپەکان باشترین نمونەن، هۆکاری ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی، کـە باشـترین پرۆتۆتایپـەکان وەك خـاڵی ئاماژەبەنـدەکان دەردەکـەون. لەلایـەکی دیکـەوە، خـودی لێکـچون بابـەتی پلەبەندییـە، لێـرەدا دووەم خەسـڵەتی پرۆتۆتایپییەکە بە ئەندامێتیی وردکراوە بەگەردەخرێت، بەجۆرێك کە ئەندامی پرۆتۆتایپییەکە بابەتی (بەڵێ‌و نەخێر) نییە، بەڵکو بابەتی پلەبەندییە، بەمەش ئەنـدامی وردکـراوەی کـەتیگۆری، سـنورێکی ناڕونی دەبێـتو ئـەم سـنورە ناڕونـەش وەك ئـەنجامی دروسـتەی وردکـراوە ڕاڤـەدەکرێت، بـەجۆرێك ئەندامە ڕونەکانی کەتیگۆرییەك لـە هـەمو ئـەو فۆڕمانـەی کـە سـنورێکی ناڕونیـان هەیـە لـە ناوچـەی کەتیگۆریەکەدا، باشترن.

دروستەی وردکراوەو ئەندامی وردکـراوە بـە هاوتـەریبی دەگـۆڕێن، بـەو واتایـەی ئەگـەر شـتێك لاوازترین ئەندامی کەتیگۆرییەك بێت، ئەوا کەمتر لـە پرۆتۆتایپەکـەدا لەیەکدەچـنو سـەر بـە نـزمترین پلەبەندی کەتیگۆرییەك دەبێت، هەروەها بەپێچەوانەشەوە دروستە.

بەگشتی زمانەوانەکان ئەو حەوت تایبەتمەندییەی تیـۆری پرۆتۆتایپیـان لـە چـوار تایبەتمەندیـدا کۆکردووەتەوە، بەمشێوەیە:

١. کەتیگۆرییە پرۆتۆتایپییەکان، ناکرێت بەهۆی کۆمەڵێك پێوەری ناچاریو تەواوەوە پێناسەبکرێن. ئەمەش بەو مانایە دێت، کە وشەکان بەهۆی لیستێك لە مەرجی ناچارییەوە نابنە ئەندامی کەتیگۆرییەك، بەڵکو زیاتر بەهۆی بابەتی سایکۆلۆژی، یان پرۆسەی سایکۆلۆژییەوە، کە پێیدەوترێت پرۆتۆتایپ دەبنە ئەندامی کەتیگۆرییەکە.

٢. کەتیگۆرییە پرۆتۆتایپییەکان خێزانی دروستە لێکچووەکان دەخەنەڕویان بەشێوەیەکی زۆر گشتگیر دروستە سیمانتیکییەکانیان فۆڕمێکە، کە هەڵگری هێشویەك لە نیشانەی واتاییەیان لە واتا

گشتییەکانەوە وەردەگیرێت. ئەم خێزانە لێکچووە، حوکمی شێوەی دروستەی پڕۆتۆتایپی لە کەتیگۆرییە سیمانتیکییەکاندا دەکەن.

ڤیتگنشتاین ١٩٥٣ باس لەوە دەکات، کە بۆئەوەی لە ئاماژەبۆکراوەکانی وشەیەك بگەین، پێویست بە ڕەگەز (ئیلیمینت)ێکی هاوبەشیان باویان ئەرکە ئاساییەکەی لە بەکارهێنانی زماندا ناکات، بەڵکو پەیوەندیی خێزانە لێکچووەکان دەتوانن ببنە لینکێك بۆ ئاماژەبۆکراوەکانی وشەیەك.

٣. کەتیگۆرییە پڕۆتۆتایپییەکان، پلەبەندیی ئەندامێتیی کەتیگۆرییەکە دەخەنەڕو، هەمو ئەندامێك نواندنێکی یەکسانی لە کەتیگۆرییەکەدا نابێت.

٤. ناڕونی لە سنوری کەتیگۆرییەکانی پڕۆتۆتایپیدا.

دواتر لەلایەن Dirk Geeraerts هەندێك تێبینی لەبارەی ئەم تایبەتمەندییانەوە تۆمارکراوە، هەروەك:[٧٠]

أ. ئەم چوار تایبەتمەندێتییە تەنها پێوەر نین بۆ دیاریکردن و پێناسەکردنی پۆلکردنی چەمکی پڕۆتۆتایپی، بۆیە ناوبراو ئاماژە بە دو پۆلە فیچەری زیادکراو دەدات:

**یەکەم**/ تایبەتمەندییەکان لە کەتیگۆرییە پڕۆتۆتایپییەکاندا بە دروستەی کەتیگۆرییەکانەوە پەیوەست نین، بەڵکو زیاتر نیشانەی مەعریفین epistemological feature کە بە کەتیگۆرییەکانی نا-ئەرستۆیی ناونراوەتەوە. بۆ نمونە ڕوانگەی ئەو کەتیگۆرییە پڕۆتۆتایپییانە بابەتگەرایی objectivist* نین، بەڵکو ئەزمونگەرین، لاکۆف ١٩٨٧ وێنای ئەوەی کردووە، کە پەیوەندیی

---

[70] Geeraerts, D. ( 2006 :146-148)

* بابەتگەرایی / ئوبجێکتیڤیزم وەك سیستمێکی فەلسەفی، لەلایەن ئایان ڕەندەوە Ayn Rand گەشەی پێدرا، ئەم فەلسەفەیە پەیوەستە بە ڕاستی Realityو ڕاستەقینەوە Truth، بەپێی فەلسەفەی ئۆبجێکتیڤیزم، بونە ڕاستەقینەکان ناوابەستەیە بە ئاگاییەکانو مرۆڤ ڕاستەخۆ بەهۆی پەیپێبردنی هەستەکانییەوە پەیوەندی لەگەڵ واقیع دەکات، کۆزانیاریی بابەتی لە پەیپێبردنەکاندا بەهۆی پرۆسەی زانیاریی چەمکەکانو لۆجیکی ئینداکتیڤییەوە دەستەبەردەبێت، بۆنمونە بونی خەسڵەتی مەبەستە مۆراڵییەکان لە ژیانی تاکدا، تێبینیکردنی دڵخۆشییەکانی تاکە، واتە مۆراڵ وەك بەشێك، کار لە کەسێتیی گشتیی تاك دەکاتیان کەسێتیی گشتیی تاك بەرهەمدەهێنێت. هەروەها ڕۆڵی هونەر لە ژیانی تاکدا بریتییە لە گواستنەوەی بیری میتافیزیکیی مرۆڤ، کە دوبارە بەرهەمهێنانەوەی واقیعەو گۆڕینێتی بۆ فۆرمێکی فیزیکی. بابەتگەرایی، هەمو حاڵەتە ڕاستەقینەکان تەنانەت دەرەوەی بابەتەکانی تاك، لێکدانەوەکان، هەستەکانو وێناکردنەکانیش دەگرێتەوە. =

مەعریفی لەنێوان چەمك و جیهاندا لە تایبەتمەندێتیی دروستەیی لە هەمو چەمکەکاندا زیاترە، بە تایبەتی دژیاری ئەو بۆچونە کلاسیکییە نەسلمێنراوەیە، کە پێیوایە (کەتیگۆری لە مێشکدایە... بە شێوەیەکی سادە کەتیگۆرییەکان کاردانەوەی بابەتییانەی گریمانەکراون، کە لە جیهاندا پشت بە بون دەبەستن)، لەگەڵ ئەم بۆچونەدا هەر لاکۆف ١٩٨٢ دەڵێت هەریەك لەو کەتیگۆرییانەی لە مێشکدان، لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ پشت بە ڕوکارە ئەزمونگەرییەکانی سایکۆلۆژیی مرۆڤ دەبەستن.

**دووەم/** ئەمانە کاراکتەرەکانی دروستەی چەمکە پرۆتۆتایپییەکانن، کە دەکرێت بۆ چوار بنەمای فیچەری دروستەیی کەمبکرێنەوە، هەروەك لە سەرەوە باسکرا. بۆ نمونە داریك لە لێکۆڵینەوەی کەتیگۆریی پرۆتۆتایپدا، جەختی لە نەرمێتیو لەباریی چەمکی پرۆتۆتایپیو حەقیقەتی جیاوازیی نێوان پێکهاتەی سیمانتیکیو ئینسکلۆپێدیایی لە چەمکە فەرهەنگییەکاندا کردووەتەوە، بەجۆرێك ئەم جیاوازییە بەهۆی حاڵەتی چەمکە پرۆتۆتایپییەکانەوە بەدەستناهێنرێت، بەڵکو توانای نەرمێتیو کشان لە کەتیگۆرییە پرۆتۆتایپییەکاندا بە شێوازێکی ڕونو ئاسان بە چوار کاراکتەرەکەوە دەبەسترێنەوە، بەمەش ڕێگە بە سنورەکانی کرۆکەواتا لە کەتیگۆرییەکەدا دەدرێت، کە کەتیگۆرییەکان بەهۆی جێگیربونی تەواوەوە بەکارناهێنرێن. بەهەمانشێوە هێڵێکی جیاکەرەوەی ڕون لەنێوان زانیاریی ئینسکلۆپیدیاییو سیمانتیکی پەتیدا نییە، هەردو کاراکتەری یەك و دو، شوێنکەوتەی ئەم تەواو نەرمێتییەن لە چەمکە پرۆتۆتایپییەکاندا.

---

= بەپێی بۆچونی ئایان ڕاند، بابەتگەرایی هەڵگری ئەم بنەمایانەیە: ١. بونە ڕاستییەکان وەك بابەتێکی تەجریدیيان پەتین، واقیعەکان واقیعنیان حەقیقەتەکان حەقیقەتن، بەجۆرێك پشت بە هەست، حەزو خولیایان ترسەکانی مرۆڤ نابەستێت.

٢. عەقڵ، ئەو فاکوڵتییەی بەهۆی هەستەکانی مرۆڤەوە دەسەلمێنرێت، شتە مادییەکان دیاریدەکاتو لەحیمیان دەکات، تەنها هۆکارە بۆ وەرگرتنو تێگەیشتن لە ڕاستی، عەقڵی مرۆڤ تەنها سەرچاوەی کۆزانیارییەکانە، تەنها سەرچاوەی ئاڕاستەکردنی جوڵەکانە، تەنها سەرچاوەی مانەوەیە.

٣. هەر مرۆڤێك، کە کۆتایی بەخۆی دێت، مانای کۆتایی هاتنی ئەوانی تریش نییە، ئەو پێویستە لە پێناوی خۆیدا هەبێت، نەخۆی دەکاتە قوربانی بۆ ئەوانی تر، نە ئەوانیش بۆی دەبنە قوربانی. بۆ بەرژەوەندییە خودییەکانی خۆی هەوڵدەداتو مەبەستی بەدەستهێنانی بەرزترین مۆڕاڵە لە ژیاندا.

٤. سیستمی سیاسیی ئابوریی، سیستمێکی ئابوریی ئازادی سەرمایەدارییە، سیستمێکە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر، نە وەك قوربانیو جەلادەکان، نە وەك ئاغاو کۆیلەکان، بەڵکو وەك بازرگانەکان، بەهۆی ئازادییەوە سەرپشکیانە بەرژەوەندییە دەستاودەستەکانیان ئاڵوگۆڕدەکەن. بڕوانە:

http://aynrandlexicon.com/lexicon/objectivism.html

دەکرێت بونە ئەندامێتی لەنێو کەتیگۆرییەکدا، پەیوەندی بە دیاریکردنی وردی ئەندامەکەوە نەبێت، بەڵکو پەیوەندی بە نیشانە واتاییە ئیسنکلۆپیدیاییەکانەوە هەبێت، کە نادریاریکراون‌و بەهۆی نەرمیی بون بەئەندامی پەراوێزی کەتیگۆرییەك، ڕێگە بە دەستبەرکردن‌و هاتنەناوەوەی کۆمەڵێك ئەندامی کەتیگۆری دەدات.

دەکرێت لێکچون لەنێوان حاڵەتە سەرەکی‌و پەراوێزییەکاندا بەشێوەیەکی گریمانەکراو لەسەر بنەمای ئینسکلۆپیدیا هەروەها لەسەر بنەمای نیشانەی واتایی سیمانتیکی بونیادبنرێت، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە نیشانە واتاییەکان بەشێوەی پرۆتۆتایپی، هەمو کاراکتەرەکان ناگرێتەوە، دەکرێت سەرەتا لە کاراکتەری یەك‌و چوار تێبینی بکرێت‌و، زۆرجاریش دەتوانرێت بۆ کاراکتەری چوار کەمبکرێتەوە.

ب. تێبینیی دووەم ڕێگەدانە بە چوار کاراکتەرەکە، ئەمەش لەو ڕاستییە دەکۆڵێتەوە، کە ئەم چوار کاراکتەرە بە شێوەیەکی پێڕەوبەندانە بە دو ڕەهەندەوە پەیوەستن:

١. هەریەك لە کاراکتەری سێیەم‌و چوارم لە مەودای دروستەی کەتیگۆرییەکدا، ڕێگە بە ئاماژەبەندییەکە دەدات، بەتایبەتی بە سەرنجپێدانی ئەندامەکان لە کەتیگۆرییەکدا، ڕونوئاشکرا هەمو ئاماژەبۆکراوەکانی کەتیگۆرییەکان بۆ نواندنی ئەو کەتیگۆرییە یەکسان نین، هەروەها هەمیشە سنورەکانی کرۆکەواتا لە کەتیگۆرییەکدا دیاریکراو نین. هاوکات هەردو ڕوکاری (سەرەکی‌و نەرمێتی) لە ئاستی مەبەستدا دوبارەدەبنەوە، لەوێدا دیاریکراویی زیاتر لە دروستەی ئاماژەبەندی کەتیگۆرییەك وێنادەکرێت.

٢. خەسڵەتی نەرمێتی، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە دیاریکردنی نیشانەی ناچاری‌و تەواو بۆ چەمکی پرۆتۆتایپی نییە، لەلایەکی ترەوە خێزانە لێکچووەکان بەشەپۆلی کەتیگۆرییەك گشتگیردەکات، هەروەك لە خاڵی دووەمی کاراکتەرەکاندا خرایەڕو.

ئەگەر دیاریکردنێکی پڕاوپڕی بۆ هەریەك لە (أ، ب، ج، د لەگەڵ س) نەبێت، ئەوا دەکرێت هەریەك لە بەشەپۆلەکانی أب، ب ج، ج د، ر س، بەجیاوازیی دیاریبکرێن، بەڵام ڕونوئاشکرا واتاکانیش بەگشتی جیاوازدەبن، لە ئەنجامدا واتاکان دەرخەری پلەبەندییەکی گەورەتری گشتگیر دەبن.

ئەگەر درککردنەکە لەگەڵ (ب ج)و (ج د)دا بگونجێت، ئەوا کێشی دروستەکەی زیاترە لەو واتایەی، کە ئەندامە پەراوێزییەکانی تەنها کەتیگۆرییەك دادەپۆشن، بەکورتی، کۆمەڵە واتایەك کە

جۆرین بۆ خێزانە لێکچووەکان، ئەو ڕاستییە دەگرێتەوە، کە هەمو واتاکان بەشێوەیەکی دروستەیی، هاوتای گرنگ نین.

ج. پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێت، کە زۆربەی کات چوار کاراکتەرەکە وەك مەودایەکی هاوبەش سەیرکراوە، سەرەڕای ڕودانی، بەڵام ئاگادارکردنەوەیەکی ئاشکرایە، هەروەك لەوەی ڕۆچ و مارڤیسدا تێبینیکرا، کە پێویست ناکات دروستەی خێزانی لەیەکچو تەنها سەرچاوەی پڕۆتۆتایپی بێت.

## ٣/٢ جیاکردنەوەی پڕۆتۆتایپییەکان و ئاستی بنەڕەتی

زانیارییە دیاریکراوە پڕۆتۆتایپییەکان وەك (باشترین نمونە) پێشنیازدەکرێن، کە پڕۆتۆتایپییەکان لە ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکە جیایدەکاتەوە، هەروەك ڕەنگی (سەوز) وەك ڕەنگێکی دیاریکراو، یەکێکە لە ئەندامی کەتیگۆریی ڕەنگ.

خۆ ئەگەر پڕۆتۆتایپییەکان باشترین نمونە نەبن و هەمویان خاڵی ئاماژەبەندەکان بن بۆ کەتیگۆرییەکە، ئەوا بۆ زۆربەی کەتیگۆرییەکان نابن بە کۆپییەکان، بۆنمونە کۆپیی سەگێکی دیاریکراو پێویستە وەك پڕۆتۆتایپی کەتیگۆریی (سەگ) بەکاربهێنرێت، مرۆڤ پێویستە کۆزانیاری لەسەر ئەم سەگە دیاریکراوە هەبێت تا بتوانێت کەتیگۆریی شتەکانی تر وەك سەگ بکرێت و ئەندامە شاراوەکانی تر لەگەڵ کۆپیی سەگەکە بەراوردبکرێت. پڕۆتۆتایپە کۆپییەکان لە قۆناغە زۆر لە پێشترەکانی ژیان و وەرگرتنی چەمکەکانەوە کارپێدەکرێت، بەجۆرێك ئێمە سەرەتا فێری ئەوە دەبین، کە (سەگ) چییە، ئەوا بەهۆی خەسڵەتی سەگێکی دیاریکراوەوە فێری دەبین، بەڵام دواتر بە کۆپیکردنەوە/ جێگرتنەوەی یەکەم سەگ و بەهۆی نواندنێکی گشتییەوە زۆر ئەبستراکتانە پڕۆتۆتایپی سەگمان زانیوە.

لێرەدا ئەو پرسیارە دروستدەبێت، کە لەنێو هەمو ئەو خەسڵەتانەی، کە یەکەیەکی کەتیگۆرییەکی پێدەناسرێتەوە، کام خەسڵەتەی دەبێتە پڕۆتۆتایپ، هەڵبەت زمانەوانەکانی درکپێکردن بۆ وەڵامدانەوەی وەها پرسیارێك، پشتیان بەو خەسڵەتە خۆڕسکییە بەستووە، کە

دەبێتە خەسڵەتێکی باڵای (بنەمای کەتیگۆری)، ئیدی ئەو کەتیگۆرییە هی ئاژەڵیان باڵندەیان ڕەنگیان هەر کەتیگۆرییەکی تر بێت.[٧١]

بۆ نمونە بونی (پەڕ) باشترین جۆری خەسڵەتە لە جیاکردنەوەی باڵندە لە ناباڵندە، بەڵام بونی باڵو پەڕ، کە توانای فڕین بە باڵندە دەبەخشنو هێلکەکردن، خەسڵەتێکی لاوازە، چونکە ئەم دو خەسڵەتە بەشداری لە حەشەراتو مەودایەکی تەسکتری ئاژەڵە بڕبڕەدارەکاندا دەکەن. بەمپێیە تیۆری پڕۆتۆتایپ بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ئەندامێتی لە کەتیگۆرییەکی دیاریکراودا بابەتی لێکچونن، بۆنمونە باڵندەیەکی پڕۆتۆتایپی لە چەشنە هەمەجۆرەکانی باڵندەدا پابەندە بە ڕوخساری فیزیکی، شێوەی بنەڕەتی، قەبارەو ڕەنگەکەیەوە، هەرچەندە لێکچون بەم ناوەڕۆکە وەکیەکە بەرجەستەییەوە، پەیوەست نییە بە زۆربەی حاڵەتەکانەوە. بۆ نمونە گەر لە هەر سێ ئاژەڵی گورگ worf، سەگی ئەسکیمۆیی husky لەگەڵ بودل poodle بڕوانین، ئەوا لێکچونێکی زۆر لەنێوان گورگو سەگی ئەسکیمۆییدا هەیە، لەهەمانکاتدا هەردوکیان زۆر جیاوازن لە بودل، کەچی گورگو سەگی ئەسکیمۆیی سەر بە یەك کەتیگۆری نین، لەکاتێکدا بودلو سەگی ئەسکیمۆیی سەر بە هەمان کەتیگۆریی سەگنو گورگ سەر بەو کەتیگۆرییە نییە.



سەگی ئەسکیمۆیی    بودل    گورگ

**وێنەی (٤)**

ناڕونیی سنورەکانو خێزانە لێکچووەکان

کەواتە پۆلەڕەگەزی سەگو گورگەکان، تەنها بابەتی لێکچونی فیزیکی نین، بەڵکو ئەندامێتی لە کەتیگۆریی سەگدا لە هەندێ ڕوی دیکەوە پێویستە بابەتی لێکچون بێت لە پڕۆتۆتایپی سەگدا.

سبستیان لۆبنەر جگەلە نمونەکەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، بە گریمانەکردنی دو برا، کە لەڕوی فیزکییەوە زۆر لەیەکدەچن، پتر خەسڵەتی لێکچونی similarity لە تیۆری پڕۆتۆتایپدا

[71] Lobner, S. (2002: 175)

ڕونکردووەتەوە، بەشێوەیەك کە ماری، دو ئامۆزای هەیە بەناوی مارکو تۆم، کە بران‌و لە ڕوی فیزیکییەوە وەیەکنیان زۆر لەیەکدەچن، وەها گریمانەی دەکات، کە دەزانرێت مارك ئەندامێکی تەواوی پرۆتاییی کەتیگۆریی (پیاو)ە، هاوشێوەیی فیزیکی تۆم دەشێت وا بکات، کە وەك (پیاو) پۆلەڕەگەز بکرێت، بەڵام ئەگەر مارك قەساب بێت، لێکچونی فیزیکیی تۆم بە مارك وا ناکات بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هەمان پیشەیان هەیە، بەڵکو خەسڵەتی پەیوەستداریی مارکو تۆم، لەوانەیە جۆری ئەو کارە بێت، کە هەیانەیان ئەوەی بیری لێدەکەنەوە.

پۆلەڕەگەزکردن لە پۆلەڕەگەزی (پیاو)دا پێویستی بە لێکچونە similarity لە پرۆتۆتاییدا، لە پەیوەستدارییەکی تەواو جیاواز لە پۆلەڕەگەزکردن لە پۆلەڕەگەزی قەسابیان پۆلەڕەگەزی زگورتی‌یان هاوسێیان هیپ– هۆپ، بەمپێیە بەهای لێکچون لەنێوان ئەندامی پۆلەڕەگەزێكو پۆلەڕەگەزێکی تردا جیاواز دەبێت، ئەم جیاوازییەش دەکرێت بە پێوانەی (٠–١) بپێورێت، بۆ نمونە گورگ سەربە کەتیگۆریی سەگ نییە، لەبەرئەوە بەهای لێکچونیان لە خولگەی لێکچوندا سفرە، بەڵام بەهای لێکچونی سەگ بە گورگ بەرامبەر بە مانگا یەکە، چونکە مانگا سەر بە کەتیگۆریی کەڵبەدارەکان نییە، هەروەها بەراوردکردنی پلەی لێکچونی سەگ بە مانگا بەرامبەر بە قرژاڵ یەکەو بەهای لێکچونی مانگا لەگەڵ قرژاڵیش سفرە.


بەمپێیە جۆری یەکە پرۆتۆتاییییەکان دەشێت پشتبەستن بێت بە هاوشێوەیی‌و لێکوچونی فیزیکیی شتەکانیان هاوبەشێتی بێت لە خەسڵەتی بایلۆژی، سروشتی، پێکهاتەیی‌یان خەسڵەتە ناوەکییەکان.

لێرەدا ئەو پرسیارەی گرنگە، دیاریکردنی ئاستی بنەڕەتیی پرۆتۆتاییییەکانە، بۆ ئەمەش لێکدانەوەکانی هەر یەك لە لۆبنارو تایلۆر دەخەینەڕو.

لۆبنار لە باسکردنی دیاریکردنی ئاستی بنەڕەتیدا basic level، دەگەڕێتەوە بۆ پیشاندانی وێنەیەك بە ئاڕاستەکردنی دو پرسیاری جیاواز، بە جۆرێك لە پرسیاری یەکەمدا بەرامبەر پەیوەست دەکەیت بەوەی چی دەبینێت، (وێنەی (٥) چییە)، پێشبینیی ئەوە دەکرێت، گوێگر لە خۆوەو

یەکسەر بڵێ شێرە، ئەم وەڵامو پێشبینیکردنەش شتێکی قورسو گران نییە، لەگەڵئەوەشدا ئەم وەڵامە کەمنرخ نییە، چونکە وەڵامی پرسیارەکە تەنها گریمانەیەك هەڵدەگرێت، کە ئەوەی دەبینرێت شێرە، لەکاتێکدا دەتوانرێت شێرەکە لەوە زیاتر دیاریبکرێت، بۆ نمونە (شێرێکی هەراشی نێرە)، (شێرێکی نمونەیی نێرە)یان (شێرێکی یاڵ گەورەیە)، هەروەها بەشێوەیەکی بریکارانە زاراوەکانی وەك (ئاژەڵ)و (شیردەر)یش ڕاست بن[٧٢].

پاشان دەکرێت ئاڕاستەی پرسیارەکە بگۆڕێت، (چی دەبینیت کاتێك سەیری وێنەی (٥) دەکەیت)، وەك (وێنەیەك)، (وێنەی شێرێك)، (ئارت–کلیپێکی ڕەشوسپی شێرێك)، (نمونەیەك)، تەنانەت ئەگەر جۆری ئەم وەڵامانەی دواتر فەرامۆشبکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە دەکرێت بە ئاستی گشتیی جیاواز پۆلبکرێت، هەروەك ئاستی بنەڕەتیو ئاستی شوێنکەوتە.



چەمكو تێڕوانینی وێنەیەك لەلایەن وەرگرەوە


وێنەی (٥)[٧٣]

ئاستی بنەڕەتی، ئەو ئاستەیە، کە خەسڵەتی جیاکەرەوەو تایبەتمەدێتیی جیاوازی دەبێت، ڕۆچ ئەم جیاکردنەوەیەی لە پۆلێنکردنی کەرەستەکانی ناومالّو بێرلین لە پۆلێنکردنی ڕووەکدا لە زمانی مەکسیکدا پەیڕەو کردووە، هەروەها لۆبناریش بە نمونەی مۆسیقا جیایکردووەتەوە، بۆ نمونە ئاستی بنەڕەتی لە پۆلێنکردنی ئامێرەکانی مۆسیقادا هەریەك لە زۆڕنا، ساخۆفۆنو پیانۆ داگیریدەکەن. پاشان ئاستی شوێنکەوتە subordinate level بریتییە لە چەشنەکانی ئاستە سەرەکییەکە، هەروەك

[72] Lobner, S. (2002: 183-186)

[73] سەرچاوەی پێشو لا ١٨٣

زورنـــا جـــازو زۆڕنـــای بـــاخ دەگرێتـــەوەو ساكـــسفۆن هـــەردو چەشـــنی سپرانۆســـاكس‌و ئاڵتۆساكـــسی لێجیادەبێتەوەو پیانۆش ئاستە شوێنكەوتوەكەی بریتییەلە گراند پیانۆو ئەپڕایت پیانۆ.




ئاستی بنەڕەت‌و شوێنكەوتەی زوڕنا

وێنەی (٦)

| ئامێرەكانی مۆسیقا | |
|---|---|
| ئاستی بنەڕەتی | ئاستی شوێنكەوتە |
| زورنا | زورنای باخ، جاز |
| ساكسفۆن | سپرانۆساكس، ئاڵتۆساكس |
| پیانۆ | گراند پیانۆ، ئەپڕایت پیانۆ |

ئاستی بنەڕەتی‌و شوێنكەوتەی بەشێك لە ئامێرەكانی مۆسیقا

خشتەی (١)




ئاستی بنەڕەتیو شوێنكەوتەی ساسكفۆن

وێنەی (٧)




ئاستی بنەڕەتیو شوێنكەوتەی پیانۆ

وێنەی (٧)

ئاستی بنەڕەتی لە سیستمی دركپێكردندا بە كۆمەڵێك ڕێگا جیادەكرێتەوە، ئەم ئاستە كردەیەكی خێراترە وەك لەوەی ئاستێكی بەرزتر بێتیان نزمتر، لە ئەزموونە سایكۆلۆژییەكاندا چەند جار وەڵامدانەوە بۆ ئاستی بنەڕەتیی كەتیگۆرییەكان كورترین دەبن، ئەوەندەی بزانرێت ئەم ئاستە ئەو ئاستەیە، كە لە زۆرینەی كۆزانیاریی گشتیی مرۆڤدا ڕێكخراوە، بۆ نمونە كۆزانیاریی دەربارەی چۆنێتیی پۆشینی پۆشاكی خەڵك لە كەتیگۆریكردنی ئاستی بنەڕەتیی جلوبەرگدا.

ئاستی بنەڕەتی، بەرزترین ئاستە، كە ئەندامەكانی كەتیگۆری، تێكرا لێكچونی شێوەیان هەیە، بۆ نمونە زوڕناكان شێوەی هاوبەشیان هەیەیان پیانۆو ساكسۆفۆنەكان شێوەی تەواو هاوبەشیان هەیە، بڕوانە وێنەی (٦)، تێكڕایی شێوە تەنها بابەتی ڕواڵەتی بینراو نییە، ڕوكاری گرنگی شێوەیەك تایبەتمەندێتیی بەشێكە لە پێكهاتەی شتێك، زۆربەی ئاستی بنەڕەتیی وشەكان مێرۆنۆمیان هەیە، بۆ

نمونە کەتیگۆریی باڵندەکان خاوەنی هەردو تایبەتمەندێتیی پەڕو دەنوکن، هەر بەشێکی هاوبەش بونێکی ناچارییە بۆ ئاستە بەرزترەکانی کەتیگۆری، هەروەك ئاژەڵیان ئامێرەکانی مۆسیقا، ئەمەش شیاوە بۆ کێشانی وێنەیەکی گشتیی ئەندامەکان لە ئاستی بنەڕەتیداو کەتیگۆرییە لاوازەکاندا بۆ نمونە وێنەی بەرازێکیان پیانۆیەکیان سەیارەیەك، بەڵام بۆ هەمو ئاستێکی بەرزتری کەتیگۆرییەکان نییە.

ئاستی بنەڕەتیی کەتیگۆرییەکان، بەشێکی بەهۆی ئەو ڕێگایانەوە پێناسەدەکرێت، کە مرۆڤ لەگەڵ ئەندامەکانیدا کارلێکدەکەن، بۆنمونە زوڕنا، پیانۆیان گیتار بە ڕێگەی جیاوازی خۆیان بۆ بەرهەمهێنانی چەندین ئاوازی جیاواز بەکاردەهێنرێتیان چۆنێتیی پۆشینی پۆشاکەکانی وەك گۆرەوی‌و چاکەت لەیەکترجیادەکاتەوە، ئەمەش کە پێکداچونی ژیانی مرۆڤە بە شتەکانی دەوروبەری، لە جیاکردنەوەی ئاستی بنەڕەتیدا پشتی پێدەبەسترێت.

چەمکی پرۆتۆتایپەکان بۆ باشترین ئاستی کەتیگۆرییەکان کاردەکەن، هاوبەشێتی‌یان باویی تێکڕای شێوەو پشتگیریکردنی ئەو ڕێگایانەی، کە مرۆڤ لەگەڵ ئەندامەکانی ئاستی بنەڕەتیی کەتیگۆرییەکان کارلێکدەکات، زۆرترین بەشی پرۆتۆتایپەکان پێکدەهێنن.

تایلۆر ئاستی بنەڕەتی‌و پرۆتۆتایپی بەپێی دو ڕوانگە خستووەتەڕو، کە ئەوانیش (ڕوانگەی سێماسیۆلۆژی semasiological perspectiveو ڕوانگەی ئۆنۆماسیۆلۆژی)*، ڕوانگەی سێماسیۆلۆژی،

---

* سێماسیۆلۆژی‌و ئۆنۆماسیۆلۆژی، وەچە سیستمێکی واتایی (فەرهەنگو ڕێزمان)ی زمانێکی دیاریکراوە، کە تێیدا دەربڕین‌و واتاکان پەیوەستدەکرێنەوە بەیەکەوەو ئەو پەیوەندییە دیاریدەکرێت، کە لەنێوان واتاو فۆڕمەکەدا هەیە، بەجۆرێك ڕێسای ئۆنۆماسیۆلۆژی، بایەخ بە فۆڕمی وشەکان وەك ئۆرسۆگرافی‌یان فۆنۆلۆژیی وشەکان دەدات، بەجۆرێك لە هەندێ زماندا پەیوەندییەکی ئاڵۆز لەنێوان هەمەجۆریی ئۆرسۆگرافیی وشەیەکدا هەیە، کە زۆرینەی ئەمانە بەهۆی مۆرفۆلۆژییەوە دیاریدەکرێت، بەهەمان شێوە لە هەمەجۆریی فۆنۆلۆژیشدا پەیڕەودەکرێت، وشەنامەی ئەلفبای جیهانی، نمونەی وردی ڕێکخراوەیی ئۆنۆماسیۆلۆژییە لە هەڵبژاردنی لێمایان سەرەناو، کە بەهۆی پێشینەی مۆرفۆلۆژییەوە دەردەخرێن. جگەلەمەش، کێڵگەی ئۆنۆماسیۆلۆژی، لانی کەم لەسەر بنەمای پێنج جیاوازیی بنیاتدەنرێت، کە بریتین لە: ١. جیاوازیی نێوان ئۆنۆماسیۆلۆژیی دروستەیی‌و پڕاگماتیکی، ٢. جیاوازیی ڕوکاری چەندێتی‌و چۆنێتی لە دروستەی فەرهەنگیدا، ٣. جیاوازیی نێوان جۆرەکانی ئاماژەبۆکراوو نائاماژەبۆکراو لە واتادا، ٤. جیاوازیی نێوان میکانیزمی فەرهەنگی ئاوەزیی‌و میکانیزمی فەرهەنگناسی کۆمەڵایەتیsociolexicological، ٥. جیاوازیی نێوان ئۆنۆماسیۆنی سینکرۆنی‌و دایەکرۆنی. لەکاتێکدا ڕێسای سێماسیۆلۆژی، بایەخ بە گروپێك لە وشە دەدات، کە هەڵگری یەك واتان‌و =

که ئاراستەکەی لە وشەوە بۆ شتە، لەلایەن ڕۆچەوە کاری پێکراوەو کردویەتییە بنەمای بیرۆکەی پرۆتۆتایپ، بەمشێوەیە پرۆتۆتایپ دەکرێت وەك یەکەیەکیان جۆری یەکەیەك بنەمابکرێت، ئەم یەکەیەش دەتوانرێت بەهۆی وشەیەکەوە ئاماژەی بۆ بکرێت.

دووەم ڕوانگە ئۆنۆماسیۆلۆژییە، کە ئاراستەکەی لە شتەوە بۆ وشەیە، لەسەر بنەمای ئەم ڕوانگەیە لە ڕەنگ کۆڵراوەتەوە، بۆ نمونە ئەو شتانەی زنجیرەیەك لە ڕەنگی کاڵ پیشاندەدەن، دەبێت هەریەکەیان ناوێکیان هەبێت، ئەم ڕوانگەیە بیرۆکەی ئاستی بنەڕەتی لەسەر بونیاتدەنرێت.

بەمپێیە ئاستی بنەڕەتی، ئەو ئاستەیە کە لە پۆلێنکردنی شتەکاندا بەشێوەیەکی ئاسایی ناوی لێدەنرێت.




ئاستی بنەڕەتیی پۆشاك

وێنەی (٨)

بیرۆکەی ئاستی بنەڕەتیو پرۆتۆتایپ زۆرجار وەك دوانە وان، پرۆتۆتایپ لە ڕێکخستنی ئاستی ئاسۆیی کەتیگۆرییەکانو ئاستی بنەڕەتیش لە پۆلێنکردندا لە ڕێکخستنی ئاستە ستونییەکانیاندایە. جیرارتیس لەنێوان هەردو ڕوانگەکەدا بەشێوەیەکی پێڕەبەندانە کاری کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش بە

---

= پێشینەیەکی سیمانتیکیان چەمکییان هەیە، ئەمەش دووەم ڕێسای سەرەکییە لە ڕێکخراوەیی فەرهەنگدا، ڕێکخراوەیی سێماسیۆلۆژی، بنەمایە بۆ کێڵگە واتاییەکانیان بەشداریکردنی خەسڵەتە واتاییەکان، بەپێی ڕێسای سێماسیۆژی، پێویستە چەمکی سیمانتیکیی شتەکان، وەك ناوابەستە بە زمان دیارییکرێنو هەرچی پەیوەندییە واتاییەکانیشە، وەك دیاریکردنی زمان دیارییکرێن. بڕوانە:

Blank, A. 2001, Words and Concepts in Time, CSLI.

محەمەد مەحوی، بەرگی دووەم، (٢٠٠٩: ١٠٩– ١١٠)

Geeraerts, D.(2002)

ناچاری مەودای دەسەڵاتشکانەوەی ئەو وشانەی وەرگرتوە، کە دەتوانێت پشت بە پەیکاڵبونی ئاماژەبۆکراوەکانیان ببەستێت، یاخود بە پێچەوانەوە.




ئاستی بنەڕەتیی (پانتۆڵ)

وێنەی (٩)

بۆ نمونە ئاستی بنەڕەتیی جلوبەرگ هەریەك لە چاکەت، بلوز، کراس‌و پانتۆڵ دەگرێتەوە، پانتۆڵی کابۆ Jeans بەشە کەتیگۆرییەکی پانتۆڵە *trousers*، لەگەڵئەوەشدا بەو مانایە نییە، کە زۆر پرۆتۆتایپی بێت، هێشتا پانتۆڵی کابۆ ئاسایی ئاماژە بە نمونەیەك دەدات، کە وەك پانتۆڵ نییە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەندامە زۆر پەراوێزییەکان، لە ئاستی بنەڕەتیی کەتیگۆریدا دەکرێت بەهۆی ناوەوە ئاماژەی بۆ بکرێت، چونکە ئەو ئەندامە پەراوێزییانە تایبەتمەندێتیی جیاکەرەوەی ڕوبەڕوی زۆر پرۆتۆتایپی ئەندامەکانن، بۆ نمونە ئەگەر ڕیشۆڵەو چۆلەکە لە باخەکەدا بن، ئەوا دەکرێت باس لە باڵندەکان بکرێت، بەڵام ئەگەر قازو مراوی لەسەر چیمەنەکە ببیرنرێت، ئەوا دەبێت بە شێوەی نمونە ناویان بهێنرێت.[٧٤]

---

[74] Tylor (2008: 48-49)

## ٤/٢ میتۆدو گریمانەکان سەبارەت بە چەمکی پرۆتۆتایپ

بەپێی بۆچونی تایلۆر (٢٠٠٨)، کارەکەی ڕۆچ دروستەی ناوەکیی کەتیگۆرییەکان داناپۆشێت، ڕۆچ پێیوایە کەتیگۆرییەکانی ڕەنگ بەهۆی هزری مرۆڤـەوە پرۆسـێس دەبێـت، بـەو مانایـەی فێـری دەبیت، بیرت دەکەوێـتەوە، کرۆکـەواتای هەیـەو لـە زمانـدا گەشـەدەکات، کەتیگۆرییـەکانی ڕەنـگ بەهۆی دروستە ناوەکییەکانییانەوە، نەك بەهۆی پێوەری نیشانە واتاییەکانەوە، دەنوێنرێن، ئەمەش بریتییەلە نواندنی پرۆتۆتایپ، بەجۆرێك سنورەکانی کەتیگۆرییەکە بە تەواوی دابڕاو نین لە یەکدی، بـەڵکو ئاشـکراترینی ئەندامـەکان باشـترین پرۆتۆتایپـە لـە کەتیگۆرییەکـەداو ڕەنگـەکانی دیکـەش دەورەی دەدەن، بەشـێوەیەك تـا لێکـچونی پرۆتۆتـایپی کەمبێتـەوە، پلـەی ئەندامێتیـشی کەمدەبێتەوە.

بنـەمای پاڕادیگمـای کارەکـەی ڕۆچ زۆر ئاسـان بـوو، سـاناو ئاسـان شـتەکان بـە نـاوی کەتیگۆرییەکەوە وەرگیراوە، وەك (کەلوپـەلی ناومـاڵ، باڵنـدەیان جلوبـەرگ)، هـەروەها لیستێك لـە سەرو ٦٠ ئەندامی لە نمونە ئەگەرییەکانی کەتیگۆرییەکان نیشانەکراوە، ئەم کەتیگۆرییانە ڕێژەکانی بە حەوت خاڵی خولگەیی دانراوە، بەجۆرێك مەوداکە بۆ هەر نمونەیەك بەهۆی بـیر/ئایـدیایان وێنـەی واتاکەیەوە دەربارەی ناوی کەتیگۆرییەکە نوێنراوە. پاشان بۆ لێکدانـەوەی هـەر کەتیگۆرییـەك، بـۆ باشـترین نمونـە گەراونەتـەوە بـە نمونـەی (زۆربـاش) پـۆلێنکراوە، وەك (پـانتۆڵ، چاکەت، عـەزی) باشـترین نمونـەی کـەتیگۆریی (جلوبـەرگ)ە، لەمەشـەوە (بـازنو مـستیلەو عەینـەكو سـەعات) بـە لاوازترین نمونەی کەتیگۆریی (جلوبەرگ) دیاریکراوە.

ئەمجۆرە لێکدانەوەیە ئەوە دەردەخات، کە دەکرێت باشترین نمونەی پۆلێنکردنەکـە کاریگـەری بۆ سەر ژمارەیەك لە کاریگەرییە ئەزمونییەکانی تر هەبێت، ئەم کاریگەرییەش، خێرایـی پێڕەوکـردن لە بەکەتیگۆریکردنی شتەکاندا دەستەبەردەکات.

بەمپێیە لە دەستنیشانکردنی ڕیکلامدا، خودی (ڕیکلام) لەسەر ئاسـتی پاڕادیگمـا دەبێتـە نـاوی کەتیگۆرییەکەو چەشنەکانی وەك ئەندام جیادەکەینەوە، بۆ نمونە ڕیکلام وەك بابـەتو وەك هۆکـار، هەریـەکێکیش لەوانـە، ئەنـدامی تایبـەت بـەخۆی بـەهۆی دورونزیکـی چـەمکە پرۆتۆتایپییەکـەی جیادەکرێتەوە، ئەم چەشنە پۆلکردنە بەپێی پرۆتۆتایپی چـەمکی ڕیکـلام، دەبێتـەهۆی خێرایـی لـە بەکەتیگۆریکردنی چەمکی ڕیکلامدا.

مەبەست لە خێرایی پێڕەوکردن، هەڵسەنگاندنی شتەکانە لە یاسایەکدا، x دەبێتە y، ئەمەش بەهۆی پلەبەندییەوە بە هەر x یێك پەیوەستدەکرێتەوە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ وەك نمونەیەکی باش بۆ y پۆلێندەکرێت، بەمپێیە کاریگەرە سەرەتاییەکان بەوجۆرە دەبێت، کە (پیشاندانی ناوی کەتیگۆرییەك پرۆسێسکردنی ئەندامە زۆر پرۆتۆتایپییەکان ئاساندەکات)، هەروەها لیستی کاریگەرییەکان بەو چەشنە دەبێت، کە کاتێك ناوی ئەندامەکان بۆ ناوی کەتیگۆرییەك داوادەکرێت، شتەکان مەیلی ئەوە دەکەن ئەندامە زۆر پرۆتۆتایپییەکان سەرەتا تێبینیبکرێت.
بۆنمونە گەر پرسیار لە ١٠ کەس دەربارەی ڕیکلام وەك بابەت بکرێت، چەند کەس ڕاستەوخۆ ڕیکلامی بازرگانی لەبری ڕیکلامی سیاسی دیاریدەکەن، ئەگەر ڕێژەکە بە ٪٦٠ بێت، ئەوا جۆری ڕیکلامی بازرگانی، دەبێتە باشترین ئەندامی کەتیگۆرییەکە، هەروەها ئەگەر سەبارەت بە ڕیکلامی بازرگانیش پرسیار دەربارەی یەکەی نیشتەجێبونو شاری لە ٪٥٥ وەڵامیان بە یەکەی نیشتەجێبون دایەوە، ئەوا ڕیکلامی بازرگانی بۆ یەکەی نیشتەجێبون، دەبێتە باشترین نمونەی بەشە کەتیگۆرییەکە.

بەگشتی کەتیگۆرییەکان بۆ بابەتە جیاوازەکان جیادەبنەوە، بۆ نمونە ناوی کەتیگۆرییەکانی تایبەت بە جۆرە سروشتییەکان وەك (باڵندە، درەخت،...تاد)، دەستکردەکان وەك (کەلوپەلی ناوماڵ، سەیارە...تاد)، چەمکە سۆزدارییەکان وەك (خۆشەویستی، ئیمان، ...تاد). ئەمانە بەهۆی کەتیگۆرییەکانی ئاد-هوکەوە (ئەو شتانەی لەناو مێشکدان)[*]، پیشاندەدرێت. زۆربەی لێکۆڵەرەکان بایەخ بەو کەتیگۆرییانە دەدەن، کە ئاماژەن بۆ ناوەکان، هەروەها کاریگەرییەکانی پرۆتۆتایپ بۆ کەتیگۆرییەکانی کردارو ئاوەڵناوەکان تۆماردەکرێن.

هەرچەندە ئەو کارانەی لە چێوەی تیۆری پرۆتۆتایپدا کراوە هیچ کێشەیەکی لەسەر نەبووە، لەگەڵئەوەشدا هەمو قوتابخانەکان لەگەڵ ئەوەدا نەبون، کە کاریگەرییەکانی پرۆتۆتایپ تێکەڵ بە تیۆری واتای وشە بە تایبەتیو بە گشتیش تیۆری سیمانتیکی بکرێت.

---

[*] سەبارەت بە ئاد هوك Ad hoc وەك چەمکێکی سایکۆلۆژی لە بواری زمانداو کاریگەری لەسەر پۆلێنکردنی چەمکەکان، بڕوانە: تریفە عومەر، پراگماتیکیی فەرهەنگیو پێکداچوونی پێکهاتەکانی، ٢٠١٣، زانکۆی سلێمانی.

دەرکـەوتنی کاریگـەریی پرۆتۆتایـپ بـۆ زۆریـی کـەموکوڕیی نێـوان چـەمکە کەتیگۆرییـەکان دەگەڕێتـەوە، کـە لـە واتـای وشـەو شـتەکانی جیهـان پێکهـاتووە، نمونـەی باشـیی کەتیگۆرییـەکان ڕەنگدانەوەی دروستەی جیهانە، نەك دروستە چەمکییەکانمان.

بۆنمونە وشەیەکی وەك (اصلع)، هەندێکجار دەشێت زانینی قورس بێت، ئەگـەر بەتایبـەت بـۆ تاکێـك پێڕەوبکرێت، تەنانەت هەرچەندە واتای وشەکە شیاوو ڕونە، بـە هـەمان شـێوە قـسەکردن دەربـارەی وشەکانی وەك میوەو کەلوپەلی ناومالْ بەتەواوی واتاکانیان لەیەکەوە دورەو سنورێکی ئاشکراو دابـڕاو هەیـە لـە نێوانیانـدا، نـاڕونیو دابـڕاوی، پێڕەوکردنـی وشـەکانە لـە دیـاریکردنی ئاماژەبۆکراوەکانـدا، جیاوازییەکی تری ئەم بابەتـە ئەوەیـە، کـە کاریگەرییـەکانی پرۆتۆتایـپ کاردانـەوەی لەسـەر پرۆسـە سایکۆلۆژییەکان دەبێت بۆ دیاریکردنی یەکەیەك، کە سەر بە کەتیگۆرییەك نەبێت.[٧٥]

بەمـشێوەیە هەریـەك لـە Osherson و Smith پێـشنیازی ئـەوەیان کـرد، کـە جیـاوازی بکرێت لەنێوان واتای زمانی/ کرۆکی واتای وشەیەك لەگـەلْ زانینـی ناسـنامەو کەسـێتیی وشـەکە، کـە دەبێتەهۆی خێرا بڕیاردان لەسەر بەئەندامبونی لە کەتیگۆرییەکدا،[٧٦] دوای ئـەوان Wierzbicka ١٩٩٠ ڕێڕەوێکی جیاوازی وەرگرت، ئـەو بانگەشـەی ئـەوەی کـرد، کـە خواسـتی پرۆتۆتایپـەکان ڕێگەیـەکی ئاسانە بۆ زمانەوانە تەمەڵەکانی سیمانتیك بۆ خۆدورخستنەوە لە ڕێکخستنی پێناسە دژوارەکان.

گومانگەراییـەکان Skepticism دەربـارەی بایـەخی سـیمانتیکی زمـان لـە کاریگەرییـەکانی پرۆتۆتایپدا هەندێك هێز بە حاڵەتی چەمکەکان دەبەخشن، بەجۆرێك دەکرێت بوترێت ئـەم چـەمکانە پێناسـەیەکی ڕونوئاشـکرایان هەیـە، بـۆ نمونـە (ژمـارە خۆبەشـەکان)و (اصـلع)، کاتێـك بـەراورد بـە وشەیەکی وەك (میوە) دەکرێت، دەبێتە بەڵگەیەك بۆ لەدەستدانی هەنـدێك لـە هێزەکـەی. بـۆ نمونـە ناکرێت دڵنیا بین لەوەی، کە خەیارو کاهو میوە بن، هەرچەندە وا دەردەکـەون میـوە بـن، لەڕاسـتیدا

[75] Tylor (2008: 41-42)

[76] سەبارەت بە بۆچونەکانی Smith& Osherson ، بڕوانە:

Kamp & Partee, 1995, Cognition,132-134

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە چەمکەکان بەتەواوی لەگەڵ جیهاندا کتومت نەبن، بەڵکو تێگەیشتن لە خودی چەمکەکان خۆیان لێڵن.

Wierzbicka ۱۹۹۷ Geeraerts تاقیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی لەسەر کارەکانی ۱۹۸٥ی ویژبیرکا ئەنجامدا، کە پێشنیازکردنی پێناسەیەکی توندی وشەکانی لێکەوتەوە، ئەو ئەنجامەی بەدەستیهێنا، دژیاری بۆچونەکەی ویژبیرکا بوو، لەو بارەیەوە ئەوەی خستەڕو، کە پێکهاتە جیاوازەکانی پێناسەکەی ویژبیرکا لە هەڵبژاردنی هەمویان تەنها ئەو شتانەی، کە بتوانرێت بە هەموی بوترێت میوە، سەرکەوتونابێت، چونکە مرۆڤ ناتوانێت لە کۆی وتەکانی بە شێوەیەکی دابڕاوو جیاوازو بەپێی کەتیگۆرییەکی زۆر دیاریکراو بدوێت، بۆ نمونە لە وتنێکی وەك (پێشئەوەی ئەمانە خۆش بن بۆ خواردن، ڕوەکی سەوزنیان تەواو سەوزن)یان (ئەمانە لەگەڵ شەکر خۆشن بۆ ئامادەکردنی چێشتیان چێشت وەك بەشێکە لەو شتانەی شەکریان تێدایە)، لێرەدا ناکرێت لە چوارچێوەی پێناسەیەکی توندا پێکهاتەی میوەو سەوزەو چەشنەکانی خۆراکی دیکە جیابکەیتەوە، لەبەرئەوە چ بۆ وشەیەکی وەك میوەیان ئەوانی تریش، ناکرێت کاریگەرییەکانی پرۆتۆتایپ بۆ کەموکورپییەکانی نێوان وشەکانو جیهان دابەزێنرێت، بەڵکو پێویستە بۆ دروستەی سیمانتیکی خودی وشەکان خۆیان درێژبکرێنەوە.[77]

بۆ نمونە چ لەلایەن قسەپێکەرانی زمانی کوردییەوەو چ لە بواری میدیادا، ڕیکلامی سیاسی، کە ئەندامێکی ڕیکلامە، وەك پروپاگەندە Propaganda بەکاردەهێنرێت، لەکاتێکدا پڕوپاگەندە بەشەکەتیگۆریی ڕیکلامەو خۆشی کەتیگۆرییەکە بۆ بەشەکەتیگۆرییەکانی واتەوات، دەنگۆ، جەنگی سارد..تاد، هەریەکەشیان بۆ دو بواری جیاواز بەکاردەهێنرێن، ئەم لێڵیی بەکارهێنانەش لە هەردو زاراوەکەدا بۆ لێکچونی پرۆتۆتایپی چەمکی سیمانتیکییەکەی دەگەرێتەوە، بەجۆرێك هەردوکیان هەڵگری سیفەتی گەورەکردنی قەوارەی شتەکانن زیاتر لە قەوارەی خۆیان، بەڵام بە مەبەستی جیاواز، ئەم مەبەستە جیاوازە دەبێتە پرۆتۆتایپی سەرجەم ئەندامی کەتیگۆرییەکان، بەمپێیە پرۆتۆتایپی ڕیکلام جیاواز دەبێت لە پرۆتۆتایپی پروپاگەندە.

---

[77] Tylor (2008: 42-43)
هەروەها بڕوانە : Tylor (1995: 51-53)

لێرەوە تایلۆر تایبەت بەم کێشەیە قسە لەسەر چەند بۆچونێك دەکات:[٧٨]

### ١. کەتیگۆرییەکان وەك پرۆتۆتایپەکان

بەپێی بۆچونەکانی رۆچ، پێویستە کەتیگۆرییەکان بە شێوەیەکی سادەو ساکار بەهۆی پرۆتۆتایپەوە بنوێنرێن، ئەمەشی لەوەدا خستەڕو، کە کردەی فێربونی سیمانتیکی ئاماژەبەند، بەتایبەت لە بواری پەیپێبردندایان بەگشتی پەیبردن بە سیمانتیکی ئاماژەبەند، بەهۆی باشترین نمونەوەیان نمونە بنەڕەتییەکانەوە ڕودەداتو درکپێکردنی هەر کەتیگۆرییەکیش زیاتر لە سنورەکانی، بەهۆی ڕونیی حاڵەتەکەیەوە تێبینیدەکرێت. هەروەها کەتیگۆرییەکان مەیلی ئەوەش دەکەن بەهۆی پرۆتۆتایپەکانیان بەهۆی نمونەکانی پرۆتۆتایپەوە دیاریبکرینیان بناسێنرێن.

دەربارەی پەیوەندیی پرۆتۆتایپەکان بە واتای وشەوە، بانگەشەی ئەوە دەکرێت، کە ئەندامی پرۆتۆتایپی کەتیگۆرییەك بریتییەلە واتای وشەو ئەو شیمانە ئاماژەبەندییانەی وشەیەك، کە ئەرکەکەی لێکچونە لە پرۆتۆتایپدا. سنورەکانی کەتیگۆرییەك پێویستە بەهۆی بونی کەتیگۆرییە هاوسنورو دژەکانەوە ڕێکبخرێن. هەندێك کەتیگۆری هەن، کە بۆ ئەم گریمانەیە شیاون وەك بنەمای کەتیگۆرییەکانی ڕەنگیان تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوەکەی لابۆڤ دەربارەی شێوە لولەکییەکانی وەك گۆزەڵە، گوڵدان، دۆلکەو باوڵو کوپ، بڕوانە وێنەی (١)، کە لە هەمو ئەوانەدا تێبینیی کەمبونەوەی پرۆتۆتایپیو پلەبەندیی ئەندامەکانی دەکرێت، ئەم زۆریو کەمبونەوەی پرۆتۆتایپە، کەتیگۆرییەکە پارسەنگ دەکات، هەروەك لە گۆڕانی پلەبەندی لە کوپەوە بۆ باوڵ تێبینیکرا.

ئەم ڕێبازە بۆ ڕوانگەی دروستەکارەکان structuralist دەربارەی واتای وشە پێشەکییەکی گریمانەکراوە، بەهۆی واتای وشەکانەوە ڕوبەری چەمکی، بە شێوازی مۆزایك دابەشدەبێت. بۆنمونە ڕێژەی کرۆکەواتای وشەیەك بەهۆی بونی هاوسنوریو پێچەوانەکانەوە کۆتوبەنددەکرێت. هەروەها تێبینیی ئەوەش دەکرێت، کە ڕاستودروست ڕەنگو کوپو باوڵەکانی لابۆڤ دەبنە ئەندامی پلەدارێتی، لەوانەشە یەکەیەك بەهۆی دورییەکەی لە پرۆتۆتایپەکەوە تەنها بە ئەندامی پلەیەکی دیاریکراوی

[78] Tylor (2008: 42-48)

کەتیگۆرییەك حوكمبكرێت، بەمپێیە لەكاتێكدا ئەنجامی کەتیگۆری، سنوری ناڕونو ئەندامی پلەیی لە کەتیگۆرییەکـــدا هەیـــە، پەیوەستیـــشە بـــە پلەبەنـــدیی ئەنـــدامێتیی کـــەتیگۆریی هاوســـنورو پێچەوانەکانیـــشەوە. بۆنمونـــە پڕۆتۆتـــایپی کـــەتیگۆریی ڕیکـــلام، جـــوانکردنو گـــەورەکردنو ئاگادارکردنەوەی خەڵکە لە شتەکانو سەرنجڕاکێشانو پێدانی زانیارییە بە وەرگر، ئامانجیش گەر هی دەوڵـەت بێـت، قـازانجی نەتەوەییـەو گـەر هـی کۆمپانیـا بێـت، قـازانجی کۆمپانیاکەیـە. بەمپێیـە کـەتیگۆریی ڕیکـلام، هەریـەك لـە (ئاگـاداری، ڕیکلامـی بازرگـانی، پڕوپاگەنـدە، هـەواڵ، پەیوەنـدیو لەیەکگەیشتن، جەنگی سارد،...) دەگرێتـەوە، ئەنـدامێکی وەك (هـەواڵ)، کـە ئەنـدامێکی پـەڕاوێزیی ڕیکلامە، لە چەند چـەمکێکی پڕۆتۆتـایپی وەك (ئاگادارکردنـەوە، پێـدانی زانیـاری، سەرنجڕاکیـشانی وەرگر) لەگەڵ پڕۆتۆتایپی ڕیکلامدا هاوبەشدەبن، بەمـەش دەبێتـە ئەنـدامێکی دوری کەتیگۆرییەکـە، لەکاتێکدا لە کەتیگۆریی ڕاگەیاندندا دەبێـتە باشـترین نمونـەی کەتیگۆرییەکـە، هـەروەك لـە خـشتەی (٢)دا خراوەتەڕو.

| کەتیگۆری | باشترین نمونە | نمونەی باش | نمونەی پەڕاوێزی |
|---|---|---|---|
| ڕیکلام | ئاگاداری | پروپاگەندە | هەواڵ |
| ڕاگەیاندن | هەواڵ | ئاگاداری | پروپاگەندە |
| پڕوپاگەندە | بانگەشە | واتەوات | ئاگاداری |


**خشتەی (٢)**

**ڕیزبەندیی هاوسنوریو پێچەوانەیی ئەندامەکان**

بەهۆی پێناسەکردنی کەتیگۆری بەهۆی پڕۆتۆتایپەکەیەوە، ژمارەیەك کێشە دەردەکەوێت، کە لێرەدا بە چەند خاڵێك دەیانخەینەڕو:

**یەکەم/** بۆ زۆربەی زۆری دەستەیەك لە وشەکان، میتافۆری مۆزایکی پەیڕەوناکرێن، ڕونوئاشکرا ئەم حاڵەتە بریتییەلە هاوواتا نزیکەکان، ئەمەش بریتییە لەو وشانەی هەندێکجار بە ڕادەیەکی زۆر چوارچێوەی بەکارهێنانەکان تێدەپەڕێننیان تێکەڵدەبن، بەڵام لەگەڵئەوەشدا دەکرێت بە جیاکەرەوە پڕۆتۆتایپییەکانەوە پەیوەستبکرێن.

بۆ نمونە بەکارهێنانی هەردو وشەی (بەرز)و (درێژ) لە زمانی ئینگلیزیدا بەجۆرێکە، کە (درێژ) بە شێوەیەکی پڕۆتۆتایپی بۆ مرۆڤ هەروەك (پیاوی درێژ) بەکاردەهێنرێت، بەڵام (بەرز) بۆ شتی نەجوڵاویان وەستاو وەك (شاخی بەرز) بەکاردەهێنرێت، بەمپێیە ئەم دو وشەیە پێناسەیەکی هاوبەشیان بۆ هەریەك لە سنورەکانیان نییە، بەڵکو لێرەدا پڕۆتۆتایپی هەردو وشەکە وەرگرتنی لایەنی ستونییە، نەك ئاسۆیی، بەڵام بۆ دو پێکهاتەی جیاواز، زۆربەی یەکەکان دەکرێت بە یەکسانی وەك (درێژ)یان (بەرز) پەسنبکرێن. کێشە لێکچووەکان لە چەمکی (سەرو over)دا زیاددەکات، ئەم ناوەڕۆکە کە (بە ستونییەوە گرێنادرێت)، کێبڕکێ لەگەڵ ناوەڕۆکی (لەسەر above) دەکات، لەکاتێکدا بەم ناوەڕۆکەوە (لە لایەکەوە بۆ لایەکی ترە)، بۆ نمونە لە ڕستەیەکی وەك (پردەکە لەسەر ڕوبارەکەیە the bridge over the river)، وشەکە واتە (over) لەگەڵ وشەی (across) تێکەڵدەبێت، کە بە هەمان واتا دێت.




پڕۆتۆتایپی چەمکەکە

وێنەی (١٠)

لە زمانی کوردیدا بۆ هەریەك لە چەمکەکانی (درێژ، بەرز، لەسەر، سەرو) لەنێو زماندا، بەکارهێنانی فەرهەنگیی جیاوازیان هەیەو پەیوەست بە دەوروبەریشەوە سنوری بەکارهێنانیان تێکەڵدەبێت، بۆ نمونە قسەکەر دەتوانێت کەڵك لە چەمکی میتافۆریی بەرز وەربگرێتو بە واتای کۆمەڵایەتیی ئەرێنی بەکاریبهێنێت.

. کچێکی بەرزو جوانە. (باڵا)

. ئەو بەرز ڕەفتارە. (ڕەوشت)

. ئەو درێژە تێناگات. (باڵا بە واتای نەرێنی)

. سەرو ماڵی ئێمەیە. (ئاسۆیی/ شوێن)

. خوا لە سەرو هەمومانەوەیە (دەسەڵات/ ستونی)

. سەرو مەترێکە. (ستونی/ بەرزی)

. قسەکانی سەرو خۆیەتی. (تەمەن یان ئاستو پێگەی کۆمەڵایەتی، بەو مانایەی ئاستی خۆی نازانێت.)

بەپێی ئەم نمونانە لە زمانی کوردیدا، هەریەك لەو وشانە بەشێوەی فرەواتاو بەکارهێنانی میتافۆریانە ڕۆڵیان لە گەیاندنی چەمکی پرۆتۆتاییی وشەکاندا هەیە، ئەم پێکداچونی چەمکانەش لەنێوان مرۆڤو شتو ستونیو ئاسۆیی، پەیوەستە بە هەردو چەمکی فەرهەنگیی وشەکانو چۆنێتیی بیرکردنەوەو دونیابینیی کورد پەیوەست بە دونیاوە.

**دووەم/** دووەم کێشە دەربارەی خێزانە لێکچووەکانە، پرۆتۆتاییی باڵندە خۆشخوێنێکی بچوکە، هەروەك چۆلەکە sparrow و کۆتر robin، بەڵام وادەردەکەوێت نەشیاو بێت بۆ ئەو بانگەشەیەی، کە پرۆتۆتایپ بۆ هەمو ئەوانەیە، کە چەمکی باڵندەی تێدایە، بەو مانایەی پێویستە واتای باڵندە لە کۆتردا کۆببێتەوەیان بریتی بێت لە کۆتر، هەروەها بەو زیندەوەرانە دەوترێت باڵندە، کە سادەو ساکار لەسەر بنەمای لێکچونیان لە پرتۆتایپدا بێت، لەکاتێکدا دەکرێت مراوی لە هەندێك خەسڵەتدا لە چۆلەکە بچێت، ئەم بنەمایەش پێویستە بۆ پۆلکردنی هەردوکیان وەك باڵندە. ئێمە دەتوانین وەك

بەڵگەیەك لێكچون بۆ ئەو مراویانە داوابکەین، کە پێویستە پێیان بوترێت کۆتر، هەروەها لەکاتێکدا بەتریقەکان ناتوانن بەباشی کەتیگۆریی باڵندە بنوێنن، لەگەڵئەوەشدا، کە باڵندەن، بەڵام لە پلەیەکی دیاریکراودا باڵندە نین.

کەتیگۆریی باڵندە پیشاندانی کاریگەرییەکانی پڕۆتۆتایپە، بەڵام لە سنورەکانی کەتیگۆرییەکەدا ناڕونی نییە، بەپێی بۆچونی تایلۆر، ڕەخنەی فوردەر لە تیۆری پڕۆتۆتایپ تێنەگەیشتنە لە پڕۆتۆتایپەکان وەك بونی کەتیگۆرییەکان، فودەر ئەو ڕاستییەی ئاماژە پێداوە، کە گوزارشتە ئاڵۆزەکان بەشێوەیەکی جۆری لە پڕۆتۆتایپەکانی پێکهاتە زگماکەکانیاندا جێگیرنابن.

تایلۆر ئاماژە بەوە دەدات، کە دەتوانرێت وێنەی داپیرەیەکی پڕۆتۆتایپی لەم خەسڵەتانەدا دریاریبکرێت: (چۆنێتیی قسەکردنو ئەکسێنتی دەربڕینی، سۆزو هەستو دڵسۆزی، ژنێکی پیر، قژێکی خۆڵەمێشی...تاد)، بەڵام پڕۆتۆتایپەکە لە گوزارشتێکی وەك (داپیرەمیان داپیرە، زۆربەی نەوەکانیان هاوسەرگیرییان لەگەڵ پزیشکی ددانداندا کردووە.)، ئەو ڕۆڵە نابینێت.
ئەگەر چەمکێك وەك پڕۆتۆتایپەکەی بێت، بۆ نمونە چەمکی ماسی وەك پڕۆتۆتایپی (herring جۆرێکی ماسییە)، هەروەها چەمکی (ئاژەڵی ماڵی) وەك (poodle جۆرێکە لە سەگ)، ئەوا تەنها ئەو پێشبینییەی کە بکرێت ئەوەیە، کە ئاژەڵی ماڵیو ماسی، جۆرێکن لە گیانداری دو ڕەگ لەنێوان پودلو هێریندا، کە بێگومان ئەمەش شتێکی بێ مانایە.

ئەم حاڵەتە لە کەتیگۆرییەکاندا وەك کەتیگۆریی باڵندە، پڕۆتۆتایپەکە بەشی نواندنی کەتیگۆرییەکە ناکات، بەڵکو پێویستە ئەوە بزانرێت، کە جۆرە جیاوازەکانی شتەکان لە بونە ئەندامی کەتیگۆرییەکاندا، تا چەند دەتوانرێت ئەندامەکان لە پڕۆتۆتایپدا گشتگیربکرێتو لەکوێدا بە نزیکەیی سنورەکان دەکێشرێت، لەلایەکی ترەوە بۆئەوەی ڕێگاکانی بەستنەوەی چەمکەکان پیشانبدرێت، پێویست بە نواندنێکی زۆر ئەبستراکتانەو گشتییانە لە کەتیگۆرییەکەدا دەکات.

له حاڵەتی کەتیگۆرییەکانی وەك باڵنـدە، ڕونوئاشـکرا پرۆتۆتایـپ بەشـی نواندنی کەتیگۆرییـەك ناکات، پێویستە ئەوە بزانرێت، کە جۆرەکانی ئەو شـتانە چـین تـا ببنـە ئەندامـەکانی کەتیگۆرییـەك، ئێمە تا چەند دەتوانین پرۆتۆتایپ گشتگیر بکەینو لەکوێشدا سنورەکان بکێشین*.

بەپێچەوانەی ئەم دو کێشەیەی پەیوەست بە هاوواتاو خێزانە لێکچووەکانەوە خرانـەڕو، چـەمکی پرۆتۆتایپی، چارەسەری ئەو کێـشەیە دەکـات، کـە لـە تێکـەڵکردنی سـنوری ڕیکـلامو پڕوپاگەنـدەدا دێتەئاراوەو هەندێکجار لەلایەن هەندێك لـە نوسـەرو میدیاکارانـەوە وەك لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێدا، لەبرییەکترو وەك هاوواتای یەکتر بەکاردەهێنرێت.

## ٢. کەتیگۆرییەکان وەك دەستەیەك لە سیفاتی کێشدار

بەپێی بۆچـونی ڕۆچ کەتیگۆرییـەکان مـەیلی ئـەوە دەکـەن، بـەهۆی پرۆتۆتایپـەکانیان نمونـەی پرۆتۆتایپییەوە پێناسەبکرێن، کـە لـە زۆربـەی توخمـە نوێنراوەکـانی نـاوەوەو لانـی کـەمی توخمـە نوێنراوەکانی دەرەوەی کەتیگۆرییەکە پێکهاتووە، لەبەرئەوە بەلای ڕۆچـەوە، پرۆتۆتـایپی ئەنـدامی کەتیگۆرییەکـە، ژمارەیـەکی زۆر لـەو سـیفاتانە دەخاتـەڕو، کـە جیاکـەرەوەیان تایبەتمەنـدێتیی کەتیگۆرییەکــەن، ئــەم ســیفاتانە بــەهۆی گــەورەترین ژمــارەی ئەنــدامانی کەتیگۆرییەکــەوە بەشــداریدەکەن، نــەك بــەهۆی ژمــارەی کەتیگۆرییــە پێــچەوانەکانەوە بەشــداریناکات. خــودی کەتیگۆرییەکان خۆیان وادەکەن وەك دەستەیەك لە سیفات پێناسەبکرێن، کە بەشـێوەیەکی جیـاواز بەپێی گرنگییان لە تایبەتمەندیی ئەندامێتیی کەتیگۆرییەکە کێشیان دەبێت، هەروەها یەکەیەك سەر بە کەتیگۆرییەك دەبێت، ئەگەر کەڵەکەبونی کێشەکانی لە سیفاتەکانیدا بە کەمترین ئاستی بگات.

* لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕەخنەیە بدەین، کە ڕووبەڕووی تیۆری پرۆتۆتایپ کراوەتەوە سەبارەت بەوەی کە دەکرێت تەنها لەسەر شتە بەرجەستەکراوەکان پێڕەوبکرێتو شتە نایبەرجەستەکان ناگرێـەوە، بەو مانایەی ناکرێت تیۆری پرۆتۆتایپ لە کەتیگۆریکردنی شتەکاندا، بەسەر چەمکە ئەبستراکتەکاندا پێڕەوبکرێت، لەکاتێکدا زمانەوانێکی وەك لاکوسا دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی چەمکی (بەرپرسیارێی) ئەوەی سەلماند، کە تیۆری پرۆتۆتایپ بەسەر چەمکە بەرجەستەییو نابەرجەستییەکانیشدا پێڕەودەکرێت. بڕوانە (lukusa, S. (1996: 145-160

ئەندامەکانی کەتیگۆرییەك نە پێویست دەکات بەشداری لە هەمان سیفاتدا بکەن، نە سیفاتێکیش بە ناچاری بەهۆی هەمو ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکەوە بەشداری بکات، بەڵکو کەتیگۆری پێکەوە لە بەهای (خێزانێکی لێکچو)دا دەخرێتەڕو، بەهۆیەوە سیفاتەکان وەك پەتی گوریس پارچە پارچە دەکرێن. زۆرترین لێکچونی نمونەیەك بۆ هەمو ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکانی تر کە پێوەرێکە بۆ خێزانە لێکچووەکەی، زۆرترین پرۆتۆتایپی کەتیگۆرییەکە دەبێت.

لەمبارەیەوە Coleman و Kay ١٩٨١ لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر کێشی سیفاتەکانی (درۆکردن) ئەنجامدا، سێ سیمایان بۆ (درۆکردن) دیاریکرد، هەروەك (أ. لە واقیعدا ناڕاستە، ب. قسەکەر باوەڕی بە درۆکردنەکە هەیە، د. قسەکەر مەیلی هەڵخەڵەتاندنی گوێگر دەکات.)، ئەگەر هەمو فیچەرەکان دەرکەوتن، ئەوا نمونەیەکی باش دەبێت بۆ (درۆکردن)، بەپێچەوانەوە دەکرێت گومان لە درۆکەی بکرێت، بەوەی ڕاستەیان درۆیە.

کۆلمانو کای ئەوەیان کردە بنەما، کە ئەم سێ نیشانە واتاییە بەشێوەیەکی یەکسان کێشدار نین، باوەڕی قسەکەر بەوەی کە لە واقیعدا ئەو قسەیەی دەیکات ناڕاستە، زۆر گرنگ بو، واقیعی ناڕاست گرنگییەکی کەمی هەبو.

بەشێوەیەکی سادەو ساکار، کەتیگۆریی کلاسیکی، پێشنیازی دیاریکردنی ئەو حاڵەتە دەکات، کە هەر پێناسەیەك لە سیفاتەکان گرنگیی گەورەی دەبێت، هەرچەندە ڕێبازی سیفاتی کێشدار زیاتر لە پرۆتۆتایپ بەهۆی گرتنەوەوە دەبێت، ئەمەش پێشکەشکردنی ڕێگایەك بو بۆ چارەسەرکردنی خستنەتەکیەکی چەمکەکان.

ڕێبازی سیفاتی کێشدار داوای ئەو سیفاتە گونجاوانە دەکات، کە دیاریبکرێن، وەك مۆرفای Murphy ئاماژەی پێداوە، سیفاتی کێشدار لیستێکی سیفاتی کراوە–داخراوە، کە دەتوانێت بنوێنرێت، بۆ نمونە (کەمتر لە ١٠٠ ساڵ تەمەن)و (ڕینکۆتم نییە)، دەکرێت لە سیفاتە شیاوەکانی (سەگ) بن. ڕونوئاشکرا پێویست بە پێوەرێکی گرنگیان پێوەرێکی پەیوەستبو بە سیفاتەکانەوە دەکات، لەمبارەیەوە ڕۆچ پێشنیازی پێوەرێکی کرد، کە بە پێوەری (نەخشەی دروست Cue

validity) ناوی برد، ئەمیش بریتییە لە ئەگەری نزیکەیی هەبونی سیفاتێك، کە بەراوردی ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکەی پێبکرێت. بۆ نمونە، کە دەوترێت (شتێك دەفرێت)، ئەو پرسیارەی دەربارەی ئەم دەربڕاوە دەکرێت ئەوەیە، کە ئەو گریمانەیەیان ئەو ئەگەرە چییە، کە ئەم هەبووە باڵندەیەك بێت، بۆ نمونە (تەواو بەرز بێت، بتوانێت خەیاڵی بکەیت، لەکاتێکدا لەوانەیە مەبەست لە مێرو بێتیان لە شەمشەمەکوێرەیان تەنانەت لەوانەیە مەبەست لێی فڕۆکە بێت)، نەخشە دروستەکەشی ئەوەیە، کە باڵندەیەك بێت، بەڵام بۆ دەربڕاوێکی وەك (کەمتر لە ١٠٠ ساڵ تەمەن)، نەخشە دروستەکەی زۆر کەمە بۆئەوەی باڵندە بێت، هەرچەندە دەکرێت ئەم سیفەتە، کە دەبێتە نەخشەی دروست بەهۆی هەمو باڵندەکانەوە دەربخرێت، هەروەها بەهۆی ئەژمارنەکردنی جۆرەکانی تری هەبووەکانەوە بەشداری دەکات، ئەمەش پێشبینیکردنی بەهایەکی کەمە.

گەورەترین کێشەی سیفاتی بنەما، ئەوەیە کە سیفاتەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ نابنەهۆی دیاریکردنی ئەو کەتیگۆرییەی، کە بۆ ناساندن پێشنیازدەکرێت، ڕۆچ خۆی ئاگاداری ئەم کێشەیە بوە، تێبینی داوە لەسەر ئەوەی کاتێك دەوترێت (فەرمو دانیشە)، کاراکتەری سیفەتەکە (کورسی) بێت، دەزانرێت کە ئەمە واتای هەندێك شت دەگەیەنێت، کە بۆ (دانیشتنە)، ئەمەش تێگەیشتنێکی لەپێشترە بۆ شتێك، کە مانای کورسی ئاسا بگەیەنێت.

بەمپێیە نەخشەی دروست مەودایەکە، کە بەهۆی ئامادەبونی نیشانەیەکەوە پێشبینیی ئامادەیی کەتیگۆرییەکە دەکرێت، بەگشتیش پێوەرێك دەبێت بۆ مەرجی گریمانەیی نیشانەیەکی دیاریکراوی کەتیگۆرییەك، گریمانەیەکی تریش ئاستی بنەڕەتیی کەتیگۆرییەکانە، کە نەخشە دروستەکە گەورە دەکات، بەشێوەیەك هەمیشە نەخشەی دروست گشتیترین ئاست هەڵدەبژێرێتیان ئەو ئاستە دەگرێتەوە، کە وەك ئاستێکی ئۆپتیماڵە، لەکاتێکدا دروستیی کەتیگۆری، دریاریکراوترین کەتیگۆری وەك باشترین هەڵدەبژێرێت.[79]


[79]Corter & Gluck (2013: 202)

کێشی سیفاتەکان بریتییە لە نەخشەی دروستی کەتیگۆرییەکان، لە کەتیگۆریی ڕیکلامێکی بازرگانیدا وەك ڕیکلامی ڕیستورانت، چ کێشێك دەبێتە نەخشەی دروستی ڕیکلامەکە، بۆ ئەمەش ڕیکلامکار پێویستە لە ڕیکلامکردن بۆ شتێك، کالایەك، چێشتخانەیەك...تاد، بایەخ بە نەخشەی دروستی ڕیکلامەکە بدات، بەشێوەیەك کە بەهۆیەوە کار لە وەرگرەکانی بکات.

**٦. ڕیستۆرانتی ئاڤێستا، ئاڤێستا لە نێوەندی سەرچنار لە سلێمانی، ڕیستۆرانتێکی چوار ئەستێرەیی ناوازە، بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش، چێژوەرگرتن لەژەمە خواردنێکی بەتام لە کەشێکی ئارامدا، ڕوبکەرە ڕیستۆرانتی ئاڤێستا، خواردنی خۆماڵیو بیانی لەگەڵ گشت جۆرەکانی خواردنەوە، ژوری vip ، خزمەتگوزاریی بەردەوام، سیمای بەردەوامی ڕیستۆرانتی ئاڤێستایە.**

ڕیکلامی (٥)، کە تایبەتە بە ڕیستورانتی ئاڤێستا، بۆ چینێکی تایبەت کراوە، کە چینی بالای کۆمەڵگان، ئەگەرچی زۆرترین ڕێژەی چینەکانی کۆمەڵگای کوردی، چینی مامناوەندە، بەلام بونی تایبەتمەندیی چوار ئەستێرەیی ژوری vip، نەخشەی دروستی ڕیکلامەکە لای وەرگر دروستدەکات، کە بۆ چینی بالایە، ئەمەش ئەو پرسیارە قوتدەکاتەوە، کە ئایا ئەم نەخشەی دروستە لە بەرژەوەندیی قازانجی ڕێستورانتەکەیان نا.

نەخشەی دروستی ڕیکلام زۆرترینیان گەورەترین نیشانەی ڕیکلامەکەیە، کە ئاستی بنەڕەتی دەنوێنێت، کاریگەرییەکی خێرا لەسەر وەرگر دروستدەکاتو زوتریش زانیاریی ئەو ئاستە، کە نەخشەی دروستکەیە، بەدەستدەهێنرێتەوە، لەبەرئەوە ڕیکلامکار بە نیشانەکانی نەخشەی دروست، کە پێکەوەبەندیی شت/ کالاکەو هۆکارە کۆمەلایەتیو کلتوریو سایکۆلۆژیو هۆشەکییەکان دەستەبەردەبێت.




**هێڵکاریی (٤)**

## ٣. کەتیگۆرییەکان وەك لەبەرگیراوەکان

کۆزانیاریی کەتیگۆرییەك لەناو یادگەدا بەهۆی نمونەکانیان لەبەرگیراوەکانەوە گەنجکراوە، نمونەیەکی نوێی کەتیگۆری لە بەهای لێکچونەکەیدا بۆ دانەیەکیان زیاتر لە نمونە لەبەرگیراوە گەنجکراوەکان دادەنرێت. لە فۆرمە پەتییەکەیدا، تیۆری لەبەرگیراو ڕێگریی لەوە دەکات، کە مرۆڤ گشتگیرییەکان بەهۆی لەبەرگیراوە کەتیگۆرییەکانەوە دروستبکات، دەکرێت نواندنە ئاوێتەکانیش وێنابکرێت، هەرچەندە ئەو نمونانەی، کە هاوشێوەی نزیکن، هەر یەکێکیان دەتوانن لە وێنەیەکی گشتگیردا گەڵاڵەبکرێنو ئەم وێنە گشتییەش، لە هاوبەشێتیی نێوان هەردو نمونە لەبەرگیراوەکانو وردەکاریی ئایدۆسینکراتیدا پارێزگاری لێبکرێت.

ڕوانگەی نمونەی لەبەرگیراوەکان تەنانەت لە فۆرمە ئاوێتەکەشیدا، وا دەردەکەوێت، خۆڕسکیانە نەشیاو بێت، ئەو بیرۆکەیەی، کە پێیوایە مرۆڤ نمونە لەبەرگیراوەکانی پێشتر لە یادگە دیاریکراوەکاندا بەدەستدەهێنێتەوە، جەخت لە هەڵنەکردنی داواکان لەسەر یادگەی مرۆڤ دەکاتەوە. لەگەڵئەوەشدا لەبەر چەند هۆکارێك، ناکرێت تیۆری نمونە لەبەرگیراوەکان فەرامۆشبکرێت، کە لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەین:

١. نەریتەکانی کۆمپیتەر بەو مۆدیلانەی نمونە لەبەرگیراوەکان پیشاندەدرێت، کە دەتوانن ژمارەیەك ئەزمونی سەرسوڕهێنەر لە کەتیگۆرییەکانی مرۆڤ، هەروەك پرۆتۆتایپە گرنگو کاریگەرەکان پیشانبدەن.

٢. لێرەدا بەڵگەی ئەوە دەردەکەوێت، کە یادگەی مرۆڤ لە ڕاستیدا دەوڵەمەندە بە وردەکاریی پچڕ پچڕ، تەنانەت ڕوکارە کەمبەهاکان لە ئاڕاستەکردنی زماندا هەروەك شوێنی لاپەڕەیەك لە پارچەیەك دەقدایان دەنگی وشەیەك لە قسەکردندا، لەوانەیە بە کاتێکی دورودرێژ دەستبکەوێتەوە.*

## ٤. پڕۆتۆتایپەکان وەك کەتیگۆرییە گریمانەکراوەکان

یەکێکی تر لە لێکۆڵینەوەکانیان ڕێبازەکانی پڕۆتۆتایپەکانو کەتیگۆری، ئەو بۆچونەیە کە پێکهاتەکانی پڕۆتۆتایپی، بەهای گریمانەکراوی کەتیگۆرییەکن، لە ئامادەنەبونی زۆرترین زانیاریی دیاریکراودا چالاکدەکرێن، بەمپێیە کاتێ گوێمان لە ئاماژەبەندییەکی (باڵندە) دەبێت، یەکێك لە گریمانەکان ئەوەیە، بابەتێکی هەبوی ئەفرێنراوەکانە، جۆرێکە دەخرێتەپاڵ کەتیگۆرییەکە. بۆنمونە ئەوانە دەفڕن، باڵەفرکێ بۆسەر درەختەکان دەکەن، ڕۆچ ئەوەی پیشانداوە، کە حاڵەتی گرتنەوەی باڵندەکان، ئەگەر حاڵەتەکە بگۆڕێت بە ئاماژەدان بە ئەندامێکی پڕۆتۆتاییی لە کەتیگۆرییەکدا وەك خۆشخوێن، ئەوا مەیلێکی لۆژیکییە، بەڵام ئەگەر ئاماژەبەندەکە بگۆڕێت بە ئەندامێکی ناپڕۆتۆتاییی کەتیگۆرییەکە وەك عەلەشیش، ئەوا مەیلەکە مەیلێکی گاڵتەجاڕی دەبێت.

ئەگەر پڕۆتۆتایپەکان گریمانەکراوبن، پێویستە پێشبینیی ئەوە بکەین، کە دەشێت سیفاتەکانی پڕۆتۆتایپ تەجاوز بکەن، وەك زۆرترین زانیاریی دیاریکراویش بەگەربخرێن. بۆ نمونە بیرۆکەی (کەوچکی تەختە) لە قەبارەی دیاریکراوی کەوچك وەك پڕۆتۆتاییی کەوچك، تەجاوزی کردووە.

ئەو بیرەی دەبێتە پڕۆتۆتایپ، دەتوانێت جیاوازیش بێت لە پێشینەی زانیاریو ئەرکەکەی، ئەگەر لە بۆچونی چینییەوە پرسیار لە بەهای بابەتە ئەمریکییەکانی (تاوسو مراوی) بکرێت، وەك نمونەی لەبەرگیراو لە کەتیگۆریی باڵندەدا دادەنرێت، بەپێچەوانەوە خۆشخوێن (چۆلەکە)و داڵ

---

* سەبارەت بە تیۆری لەبەرگیراو exemplar theory، بڕوانە:

Lavie, R. (2005)
Smith & Medin (1999:207-223).

جۆرین لە ڕوانگەی ئەمریکییەکانەوە. ئەمەش بێگومان بەو مانایە نییە، کە بەهای مراوی‌و تاوس لەسەرو داڵ‌و چۆلەکەوە بن.

### ٥. پرۆتۆتایپەکان وەك تیۆرییەکانن

زۆرکات بیر لەوە دەکرێتەوە، چۆن کەتیگۆرییەکان ڕێکدەخرێن، یاخود بۆچی خەسڵەتەکانی وێنەیەکیان کۆمەڵێکی دیاریکراو لە لەبەرگیراوەکان، کەتیگۆرییەك پێکدەهێنن، لەمبارەیەوە ڕۆچ ئاماژە بە کاردانەوەی پێکەوەیی دروستەی ژینگەیی لە ڕێکخستنی پرۆتۆتایپەکاندا دەدات، بەشێوەیەك لەناو کەتیگۆرییەکانی شوێنکەوتەی سروشتی پێکەوەیی سیفاتەکان، پێکەوەییەکە گەورەدەکەن‌و پێشبینیی سیفاتەکان لەناو کەتیگۆرییەکەدا دەکەن، ئەمەش ئەو بۆچونە ڕەتدەکاتەوە، کە پێیوایە زمانەکان هەڵگری هەمان کەتیگۆرین، بەڵکو بەپێی گۆڕانی ژینگەکان کەتیگۆرییەکانیش دەگۆڕێن.

ڕۆچ خۆی بەتەواوی لەگەڵ ئەو بۆچونە کۆکبو، کە کەتیگۆرییەکان‌و سیفاتەکانیان، بەهۆی کەلتوری زمانی کۆمەڵگاکەوە حوکمدەکرێن. ئەم ڕێبازە لەلایەن مۆرف‌و مێدینەوە ١٩٨٥ گەشەی پێدرا، باسیان لەوە کرد، کە کەتیگۆرییەك پەیوەست دەکرێت بە مەودایەکەوەیان بە مەودایەکەوە دەچنرێت، کە ڕۆڵ لە فراوانکردنی سیناریۆکان، لە پەیوەندییە هۆکارییەکانیان بیروباوەڕە قوڵەکاندا ببینێت. کەتیگۆرییەك وەك (شێوەی ئەندازیاری، کە نە سەوزە، نە چوارگۆشە، بۆ نمونە ئەم پۆلانە بۆ بابەتی سایکۆلۆژی بەکاردەهێنرێت)یان (پێکهێنانی چەمکی تاقیکردنەوەکان)، کە ئەمانەش لە هیچ زمانێکی مرۆڤدا ئەگەری بەفەرهەنگبونیان لێناکرێت، لەبەر ئەم هۆکارە، ئەم کەتیگۆرییانە هیچ ڕۆڵێکیان لە ڕێکخستنی کۆزانیاریی جێگیردا نییە.

لەسەر بنەمای لێکدانەوەکەی سوێتسێر Sweetser دەربارەی ڕۆڵی کۆزانیاریی پێشینە لە کەتیگۆریداو بەتایبەت لە کرداری (درۆزن)دا، کە پێشتر کۆلمان‌و کای باسیانکردبو، هەوڵدەدەین شیکاری بۆ گریمانەکانی ڕیکلام بکەین.

کاریگەریی ڕیکلام لە سەر وەرگر، پشت بە پێشینەی زانیاری دەبەستێت، بەڵام ئەم پێشینەی زانیارییە وەك ئەزمونو فەرهەنگی تاك، نەك وەك ئەو پێشینەی زانیارییەی بەشێکە لە فەرهەنگی زمان، ئەمەش پشت بە متمانەو ڕاستگۆیی کارو پرۆژەکانی پێشتری کۆمپانیاو کەرتە تایبەتەکانو ڕەنگدانەوەی لە بیری وەرگردا دەبەستێت، هاوکات دەبێتە خاڵێکی گرنگ بۆ ڕیکلامکار، کە پێویستە ڕیکلام بۆ چ کۆمپانیاو خاوەن پرۆژەیەك بکاتو ئایا ئەم ڕیکلامە لە پرۆسەی پەیوەندیو لەیەکگەیشتندا سەرکەوتو دەبێت، لەکوێوە دەتوانیت دزە بکەیتە نێو کەلێنەکانی وەرگرەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو کۆمپانیایەی ڕیکلامی بۆ دەکەی خاوەن متمانە نەبێت، ڕیکلامکار چۆن دەتوانێت جارێکی تر متمانە بۆ کۆمپانیاکە بگێڕێتەوە، پەیبردن بەم پێشینەی زانیارییەو کەلێنەی وەرگر وەك پێداویستیو ئاستی گوزەرانو چۆنێتیی بیرکردنەوەی، دەبێتە پرۆتۆتایپی ئەو کۆمپانیاو شمەکەی ڕیکلامی بۆ دەکرێت.

## ٣. ڕیكلامی كوردی بەپێی تیۆری پڕۆتۆتایپ

پەیوەست بەو بابەتە تیۆرییانەی لەبەشی یەكەمو دووەمدا خستماننەڕو، لەم بەشەدا ئەو ڕیكلامانەی كە وەك داتا وەرمانگرتون، بەپێی تیۆری پڕۆتۆتایپ شیدەكەینەوە، بەواتا لەڕێگەی پۆلێك نیشانەی واتاییەوە پڕۆتۆتایپیی كەتیگۆرییەكان دیاریدەكەینو باشترین نمونە (پڕۆتۆتایپەكە) دەناسێنین، هاوكات باشترین نیشانەكانی پڕۆتۆتایپەكە، كە دەبنە نیشانەی جیاكەرەوە، لەگەڵ پلەبەندیی ئەندامەكان لەناو ڕیكلامە وەرگیراوەكاندا بەپێی میكانیزمی پێویستی بەكارهێنراو دیاریدەكەین.[٨٠]

یەكێك لە ئەگەرەكانی پڕۆتۆتایپ، نواندنێتی بەهۆی نمونەی كۆنكرێتییەوە لەناو كەتیگۆرییەكدا، ئەگەرێكی دیكەش ئەوەیە، كە ئەم تیۆرە پشت بە هێما كورتكراوەكان دەبەستێت، مەبەستیش لە هێمای كورتكراوە Summary Representation، لیستێك لە واتای نیشانەییە، كە پەیوەست بە كەتیگۆرییەكەوە، بەبەهاترینیانیان گرنیگترینیانە، لەم بەشەدا وەك بە پراكتیككردنی تیۆرییەكە پشت بە گرنگترین ئەو نیشانانە دەبەستین، كە بەلای تاكەوە گرنگ بووە، بەمەش لەبەرگیراوەی نمونەكان دیاریدەكرێت، كە پشت بە نیشانەی تاكەكەسیی بەشداربووەكان دەبەستێت.[*]

---

[80] هەمو ئەو نمونەی ڕیكلامانەی، كە لەم بەشەدا بەكارمانهێناون، جگە لەوانەی كە ئاماژە بە سەرچاوەی وەرگرتنی ڕیكلامەكە دراوە، ئەو ڕیكلامانەن، كە لە تەلەفیزیۆنی (NRT) دا بلاْوكراونەتەوە.

[*] یەكێك لە جیاوازییەكانی تیۆری پڕۆتۆتایپو تیۆری لەبەرگیراو، چۆنێتیی دەستنیشانكردنی نمونەكانی كەتیگۆرییەكەیە، بەجۆرێك تیۆری پڕۆتۆتایپ پشت بە هێما كورتكراوەكان دەبەستێت، بەڵام تیۆری لەبەرگیراو بەپێی بنەمای نیشانە كەسییەكان دیاریدەكرێت، بەجۆرێك ئەم نیشانانە شوێنپێییەك لە یادگەدا جێدەهێڵن، زۆربەی كات ئەو شوێنپێیانە یەكتری بەهێزدەكەن، هەروەها ئەركەكانی هێشوە نیشانەی واتایی، ئاماژەبەندیی ئاوەزیی ئایتمێكی نوێ لەناو كەتیگۆرییەكەدا سازدەكەن. لەگەڵئەوەشدا، تیۆری پڕۆتۆتایپو لەبەرگیراوە جەخت لە خەسڵەكانی كەتیگۆری دەكەنەوە، بەشێوەیەك مۆدێلی لەبەرگیراوە جەخت لەو كەتیگۆریانە دەكاتەوە، كە پێشینەی ئەزمونەكانمانەو بەهۆی نیشانە كۆنكرێتییەكانەوە خەزندەكرێت، هەروەها مۆدێلی پڕۆتۆتایپیش جەخت لە هێما كورتكراوەكان دەكاتەوە، كە لە ئەزمونە كۆنكرێتییەكانەوە بەرهەمدەهێنرێن، مێشكی مرۆڤیش هەر یەك لە نیشانە كەسییەكانو چەمكە ئەبستراكتەكانی لەخۆگرتووەو هەردووكیان لە دیاریكردنی كەتیگۆریدا گرنگن، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە، مۆدێلی پڕۆتۆتایپو لەبەرگیراوە تەواوكەری یەكترن. بڕوانە(٣/٤/٢)، هەروەها http://www.personal.uni-jena.de/~x4diho/Script.Language%20and%20Cognition%201.pdf

## ١/٣ شیکردنەوەی ڕیکلامەکانو هەڵهێنجانی نیشانە پڕۆتۆتایپەکان لەدیدی ڕیکلامکارەکانەوە

### ٣/١-١ ڕیکلامی یەکەی نیشتەجێبون

لێرەدا لەو ڕیکلامانە دەدوێن، کە بۆ یەکەکانی نیشتەجێبون کراون، بۆ ئەمەش دەقی ڕیکلامە وەرگیراوەکان وەك خۆیان نوسراونەتەوەو ئەو نیشانە واتاییانە خروانەتەڕو، کە لە دیدی کۆمپانیاکانەوە وەك نیشانەی گرنگی یەکەی نیشتەجێبون دیاریکراون، تا یەکەی نیشتەجێبونەکەیان وەك باشترین شوێنی نیشتەجێبون پیشانبدەن، خودی ئەم نیشانانە دەبنە داتای لێکۆڵینەوەکە، تا بەهۆیەوە باشترین نیشانەکانی ڕیکلامەکە بۆ هەمان یەکەی نیشتەجێبون هەڵبسەنگێنرێت، هەڵبەت ئەم نیشانە گرنگانەش، بەهۆی فۆڕمی ڕاپرسییەوە دیاریکراونو گرنگترین نیشانەکانی خراوەتەڕو (بڕوانە ٢/٣)، کە دەبێتە پڕۆتۆتایپی ڕیکلامی یەکەی نیشتەجێبون.

**١. ڕیکلامی پڕۆژەی گوندی ئەڵمانیی سێ:**

**أ. پڕۆژەی گوندی ئەڵمانیی سێ، ئەزمونێکی تری ناوازە لەکۆمپانیای نالیاوە**
**ئەم پڕۆژەیە لەبەرزترین شوێنی سلێمانیدا بونیاتنراوە. خانو و شوقەکانی گوندی ئەڵمانیی سێ بەشێوەیەك دروستکراوە، کە دەتوانیت هەمو جوانییەکانی شاری سلێمانی لەپەنجەرەی ژورەکەتەوە ببینیت. ئێمە بەباشترین کەرەستەی بیناسازی و بە ناوازەترین دیزاینی خانوبەرە، جوانترین یەکەی نیشتەجێبونتان پێشکەشدەکەین. لەدروستکردنی یەکەکانی گوندی ئەڵمانیی سێدا، ڕوبەری فراوانی سەوزایی، کاشیی ئیسپانی، ڕوپۆشی مەڕمەڕ، دیواری عازل و سەقفی قرمیت، بەدیدەکرێت.**
**پڕۆژەی گوندی ئەڵمانیی سێ، تاکە هەلی ژیانتە، دەستکەوتنی ئەم یەکانە لەداهاتودا بەهەمان نرخی ئێستای ئاستەمە، بۆیە پەلە بکەو ئەم هەلە لەدەست خۆت مەدە. پڕۆژەی گوندی ئەڵمانیی سێ .... پڕۆژەیەکی بێوێنە لەبەرزترین شوێنی شاردا.**

بەپێی ڕیکلامی (١ ـ أ)، دەتوانین نیشانەکانی باشترین یەکەی نیشتەجێبون لە دیدی کۆمپانیاکەوە دیاریبکەین، بەوەی باشترین شوێنی نیشتەجێبون، کە وەك شوێتێکی ناوازە دەیناسێنێت، ئەم نیشانانەی هەیە:

+ شوێنی بەرز
+ زۆرترین دیمەنی لێدیاربێت
+ کەرەستەی باش
+ دیزاینی جوان
+ بونی سەوزایی
+ هەرزانیی نرخی ئێستا

لەناو کەرەستەی باشیشدا ئاماژە بە وردەکارییەکان دراوە، کە بریتین لە ( + کاشیی ئیسپانی، کە جۆرەکاشییەکی پتەوو بەهێزە، + ڕوپۆشی مەرمەڕ، کە هەم بۆ جوانی، هەم بۆ ئاماژەدان بە بەکارهێنانی کەرەستەی گرانبەها، + دیواری عازل، کە بۆ ڕاگرتنی پلەی گەرمی و نەهاتنەژورەوەی سەرمای زستانو ئەگەرمای هاوین بەسودە).

ترۆپکی ڕیکلامەکەش بریتییە لە (بەرزترین شوێنی شار)، کە وەك باشترینو جوانترین نیشانەی یەکەی نیشتەجێبونەکە، ئاماژەی پێدراوە.

بەپێی ئەم ڕیکلامە، کەتیگۆریی یەکەی نیشتەجێبون بۆ هەر تاکێك بریتییە لە:

یەکەی نیشتەجێبون/أ (شوێن، کراوەیی، نەخشە، سروشت، نرخ )

کەتیگۆریی (أ) نەخشەی بیری ڕیکلامکار دیاریدەکات، بەجۆرێك ئەو نەخشەیە چەندێتیی بڕی قازانجی ڕیکلامەکە دیاریدەکات، بەمەرجێك ئەم نەخشە بیرییەی ڕیکلامکار، هاوشێوەی نەخشەی بیری کڕیارەکان بێت، ئەمەش کاتێك ڕودەدات، کە هەمان کەتیگۆری بە هەمان ڕیزبەندیی کەرەستەکانەوە، بەشێك بێت لە بیری کڕیارەکان.

چەمکی خێزانە لێکچووەکان لە کەتیگۆریی (أ)دا، بریتییە لە بەخشینی ئارامی بە کڕیارەکان، لە ڕیکلامەکەشدا هیچ جیاوازییەك لەنێوان ڕەگەزی کڕیارەکاندا نەکراوەو بەگشتی بۆ هەر تاکێکە، کە مەیلی کڕینی هەبێت.

**ب. کۆمپانیای نالیا پرۆژەی گوندی ئەڵمانیی سێی خستە بواری جێبەجێکردنەوە. ئێستا لەباڵاترین شوێنی شاری سلێمانی، دەتوانن ببن بە خاوەنی ڤێلاو شوقە، ئەو کەسەی کە ئێستا دێت، دەتوانێت باشترین نهۆمو ڕوی شوقەکان هەڵبژێرێت بە دڵی خۆی. ڤێلاو شوقەکانی گوندی ئەڵمانی.**

دەقی ڕیکلامی (١ ـ ب) تەنها دو نیشانەی باشترین یەکەی نیشتەجێبونی خستووەتەڕو، کە بریتین لە:{ + شوێنی بەرز، + ڕوی خۆش }، لەگەڵ ئاماژەدان بەشوێنی یەکەی نیشتەجێبونەکان، کە شاری سلێمانییە.

کەتیگۆریی نیشتەجێبون لە ڕیکلامی (ب)دا، بریتییە لە (بەرزایی، ڕو)، کە چەمکە لێکچووەکەی لە چەمکی بەخشینی (جوانی)دا کۆدەبێتەوە، بەمپێیە ڕێکلامکاری کۆمپانیای نالیا، بەپێی ئەو کەتیگۆرییەی دەستنیشانی کردووە، نەخشە بیرییەکەی لە جیاکردنەوەی توێژەکانی کۆمەڵدا بەرجەستەدەکرێت، بەجۆرێك (بەرزیو ڕو) لەگەڵ (شوقەو ڤێلا)، جۆری کڕیارەکان لە ڕوی چەندێتیی هەبونی دارییەوە دیاریدەکرێت.

**پ. کێ خەون بە ڤێلاو شوقەوە نابینێت لەسلێمانی ؟!**
**ئەی ئەگەر لەسەر بەرزترین شوێنی شار بن؟!**
**چۆنە ئەگەر ڕوپەکیان لەشارو ڕوەکەی تریان لە چاڤی لاند بێت؟!**
**باشتر نییە تاقانە بن و بەردەمیان چۆڵ بێت؟!**
**گەر بۆ ئەو شوقەو ڤێلایانە دەگەڕێیت؟ ئەوا تەنیا لە گوندی ئەڵمانیی سێیە.**
**ناوازەیی وشەیەکە ئێمە مانای پێدەبەخشین. کۆمپانیای نالیا هێندەی نەماوە ئەم پرۆژەیەش تەواو بکاتو کراوەیە بۆ سەردانی تۆ، ئێستاش نەچوە بۆئەوەی ببیتە خاوەنی یەکەیەك لەم پرۆژەیە، تادواتر ناچار نەبیت لەخەڵکی تری بکڕیتەوە.**

دەقی ڕیکلامی (١ ـ پ) لە ڕێگەی ئەزمونی ژیان لە کوردستانو بەتایبەت سلێمانیدا، ئەوەمان پێ دەڵێت، کە بەدەستهێنانو بونی شوێنی نیشتەجێبون لە سلێمانی، خەونی هەمو تاکێکە، کە

نەبیبێت، بۆیە نیشانەیەکی ئەزمونبەندی بۆ یەکەی نیشتەجێبون داناوە، کە (+ هێنانەدی خەونە)و نیشانە باشەکانی ئەم یەکانەی بەمانەی خوارەوە دیاریکردووە:

+ هێنانەدی خەون
+ سلێمانی
+ شوێنی بەرز
+ دورِو / رِوکن
+ بەردەم چۆڵ
+ زوتەواوبون

کەتیگۆریی یەکەی نیشتەجێبون لە (پ)دا بە هەریەك لە (بەرزایی، رِوکن، چاوەرِێنەکردن) دیاریدەکرێت، نەخشەی بیریییان نەخشەی دروستی ئەم کەتیگۆرییە، دو ئاراستە پیشاندەدات، ئاراستەیەکیان بریتییە لە تایبەتمەندێتیی شوێنەکەو ئەوی تریشیان بریتییە لە چاوەرِێنەکردنێکی بێئاکامی پرِۆژەکە، بەڵکو لە وادەی خۆیدا تەواودەبێت، بەمپێیە خێزانی لێکچون لە کەتیگۆرییەکەدا بریتییە لە (بەدیهاتنی ئومێد) لە پرِۆژەیەکی بیناسازیی یەکەی نیشتەجێبونەوە.

**ت. گوندی ئەڵمانیی سێ، پرِۆژەی گوندی ئەڵمانیی سێ، دەکەوێتە بەرزترین شوێن لەشاری سلێمانیو پاکترین ژینگەو جوانترین دیمەنی هەیە، ئەو کەسەی ئێستا دێت، دەتوانێت باشترین نهۆمو رِوی شوقەکان هەڵبژێرێت بەدڵی خۆی، هەروەها ئێستا دەرفەتی ئەوەتان لەبەردەستدایە، کە رِاستەوخۆ یەکەکان لە کۆمپانیا بکرِن، بێئەوەی پێویست بکات سبەی لە دەستی دو بەگرانتر بیکرِنەوە، ئەم دەرفەتەش وەك دەرفەتەکانی تر لەدەست مەدەنو ئێستا کاتتان ماوە بۆئەوەی بەدڵی خۆتان خۆشترین ڤێلایان شوقە هەڵبژێرن.**

لەدەقی رِیکلامی (١ ـ ت)دا، بەدەستهێنانو کرِینی یەکەی نیشتەجێبون وەك هەلێك نیشاندراوە، ئەمەش پەیوەست بە ئەزمونی کارەکانی تری کۆمپانیاوە، کە نرخی یەکەکانی لەدوای

فرۆشتنی بەرزبووەتەوەو ئەو کەسانەی کە کڕیویانە، هەلێکی باشیان هەبووەو قازانجێکی زۆریانکردووە، جگەلەمەش، ناڕاستەوخۆ ئاماژەدانە بەوەی هەمو نهۆمی شوقەکان، ڕوی هەمو یەکەکان وەکیەك خۆش نین، ئەمەش وەك بەلگەیەك بۆ سەرنجڕاکێشانی کڕیارو هاندانیان بۆ پەلەکردن دەخاتەڕو، بەجۆرێك ئەم هەلە کە هەلبژاردنە، بەدلی کڕیار دوبارە نابێتەوە، بەمپێیە باشترین نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبون لەم ڕیکلامەدا بریتییەلە:

- + شوێنی بەرز
- + سلێمانی
- + ژینگەی پاك
- + دیمەنی جوان
- + نهۆمی باش
- + ڕوی خۆش
- + نرخی هەرزانی ئێستا

کەتیگۆریی یەکەی نیشتەجێبون لە ڕیکلامی (ت)دا، بریتییە لە (بەرزایی، ژینگە، دیمەن، نرخ، ڕو)، بەمەش خێزانی لێکچو لەنێو کەتیگۆرییەکە بە چەمکی (گونجاوێتی) جیادەکرێتەوەو بەهۆیەوە وا لە وەرگر دەکەن، ببنە کڕیارێکی باشی ئەم پرۆژەی نیشتەجێبونە.

**ج. لە ڕیکلامێکی ڤیدیۆییدا، کە بێژەرێك لەتەلەفیزیۆنەوە قسەدەکاتو ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەرەکە، کە هەمان کەسە دەکەوێتە گفتوگۆ:**

**– هاوڵاتییانی بەڕێزو خۆشەویست، کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە... ئەوە چی ئەکەی کوڕە؟ کوڕە نەمگۆڕی ها دوایی زەرەر ئەکەیتو پەشیمان ئەبیتەوە.**

**– نانا ناوگۆڕم تۆزێ دەنگەکەو بەرزئەکەمەوە کوڕی باش.**

**– دەنگم بەرزمەکەرەوە من خۆم دەنگم بەرزئەکەمەوە، باتێبگەین.**

**– ئەلێم لە خانو و شوقەکانی گوندی ئەلمانیی سێ بکڕم؟**

**– ئا بزانە ئەمەش ناکەیت بەوانی تر ؟**

**– ئەوانی تر چییە؟ چیمکردووە؟**

**– ئەی بیرت نایە بۆ گوندی ئەڵمانیی دوش پێموتیت، کەچی بەقسەت نەکردم، ئەوەتا ئێستاش خەڵکی بە سێقات ئەیفرۆشنەوە.**

**– وەڵڵاهی ڕاست ئەکەیت.**

**– ئەی چۆن.**

**– من زۆر زۆر پەشیمانم.**

**– ئێ دەوەرە کاکە خۆ هێشتاش نەچوە بچێت، باوەڕت هەبێ ئەو شوقەو خانوانەی کە ئێستا کۆمپانیا خۆی ئەیفرۆشێت، نرخی زۆر هەرزانترە لەچاو نرخی بازاڕا، دڵنیاشبە پاش ماوەیەکی تر نامێنێتو ئەبێ بچیت بە سێقات بیکڕیتەوە، دوای ئەوەش باوەڕت بێ، قەت شوێنی وا بەرزو خۆشت لەشاری سلێمانی دەستناکەوێت جارێکی تر.**

**– وەڵڵاهی ڕاستئەکەی، هەر ئێستا ئەڕۆم بەدڵی خۆم کوێمبوێ هەڵیئەبژێرم، کام نهۆمیان کام خانوە ڕوەکەی خۆشبێت، ئەوە هەڵئەبژێم، وەك تۆ ئەڵێی سبەینێ نامێنێت، ئەو کاتە یان شوێنی خراپم بەرئەکەوێتیان ئەبێ بچم بەگرانتر لەخەڵکی بکڕمەوە.**

**– دەبڕۆ دەی.**

لە دەقی ڕیکلامی (١ - ج)دا، هەروەکو ڕیکلامی (١ - ت)، کڕینو دەستکەوتنی یەکەکانی نیشتەجێبونەکەی وەك هەلێك نیشانداوە، کە ئەم یەکانە لەبەرزترین شوێنی شاری سلێمانیدانو شوێنی وا بەرزو خۆشی تر لە سلێمانیدا نییە، لەهەمانکاتدا دەستکەوتنی یەکەکان بەو نرخە هەلێکەو بەردەوام نابێتو هەلێکی باشە بۆ قازانجکردنیان گەرانەوەی پارە لەنرخدا بەبەراورد بەداهاتو، ئەمە جگەلەوەی، کە ئاماژەی بە دەستپێکردن بەکارکردن لە پڕۆژەکەدا داوە، ئەمەش بۆ ئەزمونی خەڵکی کوردستان لەگەڵ پڕۆژەکانی نیشتەجێبون هەیانە لە درەنگ دەستپێکردنو درەنگ تەواوبونی پڕۆژەکانەوە، دەگەڕێتەوە، کە ڕایگەیاندووە، ئەمان دەستیان پێکردووەو زو تەواودەبێت، نیشانە باشەکانی بەمانەی خوارەوە دیاریکردووە:

+ زودەستپێکردن
+ شوێنی بەرز
+ هەل
+ قازانج
+ بەڵگە
+ نهۆمی باش
+ ڕوی خۆش

کەتیگۆریی یەکەی نیشتەجێبونی ڕیکلامی (ج)، لە هەر یەك لە ئەندامەکانی (بەرزایی، هەل، ڕو، چاوەڕێنەکردن) پێکهاتون، نەخشە بیرییەکەی ئەم کەتیگۆرییە لە (هەل خستنەبەردەم خوازیاران)دا دیاریدەکرێت.

**چ. لە ڕیکلامێکی گفتوگۆییدا:**

- **کێیە ئەوە؟ ئایی کێیە ئەوە؟ ئەمە تۆی؟! هەستە هەستە... ئەمە چی ئەکەی لێرە؟**
- **ئەوە تۆ چی ئەکەی لێرە؟**
- **هاتوم ئەڵێم بزانم کوێم لێوە دیارنییە؟**
- **ئەی چیت کرد؟**
- **هاهاها ئەوە گرێبەستەکەیە هاها**
- **یەعنی کڕیت؟!**
- **کڕیم، خانویەکی زۆر جوان ، ئەڵڵاه !**
- **وەڵڵاهی ئافەرین... وەك وتم منیش شوقەیەکم کڕی.**
- **کاکە گیان من دڵنیابوم، کە قەت فرسەتی ئاوام بۆهەڵنەئەکەوتو بەو نرخەی ئێستاش دەستم نەئەکەوت.**
- **کەواتە دەرست وەرگرتووە لە خانو و شوقەکانی گوندی ئەڵمانیی یەکو دو، کە نەوکڕی ها؟**
- **برینم مەکولێنەوە، زۆر پەشیمانمو زۆریشم زەرەرکرد .. ئا ئەمەش دڵنیام ماوەیەکی تر دوقاتی ئەو نرخەی ئێستا ئەکات، کە کڕیومە. دوای ئەوەش قەت شوێنی ئاوا بەرزو خۆشم دەستنەئەکەوت.**
- **ئەی چۆن خاڵە، پیاوی ئاقڵ هەر بناسی باشە.**
- **وەڵڵاهی ئاقڵی ... هی هی ئا توخوا سەیری سلێمانی بکە، بزانە چەند خۆشە! چەند خۆشە!**

دەقی ڕیکلامی (١ ـ چ) بەهەمان شێوە دەستکەوتنو کڕینی یەکە نیشتەجێبونەکانی بە هەلێکی گەورە خستووەتەڕو، بەشێوەیەکی گشتی دو نیشانەی باسکردووە، یەکێکیان {+ شوێنی خۆش}، ئەویش بەوەی شوێنی یەکەکان شوێنێکی خۆشەو هەمو دیمەنەکانو هەمو ناوشاری لێوەدیارە، دووەمیان {+ قازانجە}، ئەم نیشانەیەیان وەك ترۆپکی ڕیکلامەکە خراوەتەڕو و بەڵگەی یەکەکانی گوندی ئەڵمانیی یەکو دوی هێناوەتەوە، کە ئەمیش هەلێکە بۆ قازانجکردنی باشو مرۆڤی ژیر هەلی وا لەدەستنادات، چونکە دوایی زۆر پەشیماندەبێتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، ئەم دەقی ڕیکلامە، هێندەی ڕیکلامە بۆ بازرگانیو بەدەستهێنانی قازانجو سود، ئەوەندە ڕیکلام نییە بۆ یەکەی نیشتەجێبون بۆ ژیان، چونکە لە ڕیکلامی نیشتەجێبوندا، شوێن، ڕو، کەرەستەی بەکارهاتو، دیزاینی جوان، ڕوبەر، شێوە، نرخ، نیشانەی گرنگن، هەرچەندە ئەم ڕیکلامە ئاماژەی بەوە داوە، کە نرخەکەی گرانتر دەبێت، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی قازانج ئاماژەی پێدراوە، نەك بۆ ئەوەی کە نرخێکی هەرزان و گونجاوی هەبێت.

| |
|---|
| ح. **دایەگیان ئێستا ئێمە لە خانوە تازەکەی خۆمانین لەگوندی ئەڵمانی، زۆر دڵگیرو پاکوخاوێنە، لەوە زوتر تەواوکرا، کە چاوەڕێمان ئەکرد، سەرماو گەرما بێزارت ناکات، کارەباو ئاوی بەردەوامی هەیە، هیچ کاتێك هێندەی ئێستا ژیانمان ئارام نەبووە.**<br>**گوندی ئەڵمانیی سێ ...... هێشتا دەرفەتت ماوە.** |

لە دەقی ڕیکلامی (١ ـ ح)دا، نیشانەکانی باشیی یەکەکانی نیشتەجێبونەکەی، بەم شێوەیە دیاریکردووە:

+ تەواوبون/ − چاوەڕوانی
+ دڵگیر
+ پاکوخاوێن
+ پارێزراویی پلەی گەرمی
+ کارەباو ئاوی بەردەوام
+ ژیانی ئارام

ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکە بریتین لە (باری دەرونی، ژینگە، خزمەتگوزاری)، بەمپێیە نەخشەی بیریی کەتیگۆریی (ح) جیاواز لە کەتیگۆرییەکانی تر لە (دڵنیایی)دا دیاریدەکرێت.

لەکۆی ئەو (٧) دەقی ڕیکلامانەی کە بۆ یەك پرۆژەی نیشتەجێبون (گوندی ئەڵمانیی سێ) کراون‌و لە (١ – أ بۆ ح) خرانەڕو، نیشانە باشەکانی یەکەی نیشتەجێبون بەم نیشانانە دیاریکراون :

+ شوێنی بەرز
+ کەرەستەی باش
+ دیزاینی جوان
+ ژینگەی پاك /+ سەوزایی
+ هەرزانیی نرخ
+ هێنانەدی خەون
+ دوڕو / ڕوکن
+ بەردەم چۆڵ
+ نهۆمی باش
+ ڕوی خۆش
– چاوەڕوانی
+ دڵگیر
+ پاکوخاوێن
+ پارێزراویی پلەی گەرمی
+ خزمەتگوزاریی بەردەوام
+ ژیانی ئارام

دەتوانین لەناو خودی ئەم ڕیکلامانەی، کە بۆ یەك یەکەی نیشتەجێبون کراون، لە دیدی ڕیکلامکارانەوە، پرۆتۆتایپی ئەو حەوت ڕیکلامەو پلەبەندیی ئەندامەکانی تریان پلەبەندیی ئەو شەش ڕیکلامەی تر بەم شێوەیە دیارییبکەین:

یەکەم/ ( أ ) پرۆتۆتایپ

دووەم/ ( ح )

سێیەم/ ( ت )

چوارەم/ ( پ )

پێنجەم/ ( ج )

شەشەم/ ( ب )

حەوتەم/ ( چ )

**٢. ڕیکلامی پرۆژەی گاردن ستی:**

**أ. پێشتر سەلماندی کە شارێکە شایستەی ژیانە، جێی ڕەزامەندی هاوڵاتییانە، ئەمڕۆش گاردن ستی بە کوالیتییەکی نایاب، چەندین شوقەی تر بنیاتدەنێت، تا ئاوەدانتر بێت، گەر ئەتەوێت لە شارێکدا بژیت جوانترو پڕ ژیانتر بێت، گاردن ستی ئەو شارەیە، تا لەجوانیدا بژیت، لێرەوە دەستپێبکەرەوە، لێرە بونیاتنانێکی پڕ متمانە دەبینیت، ئەزمونی ژیانێکی شایستە لەچەند شوقەیەکی پڕ نوێکاریدا ئەکەیت.**
**گاردن ستی .. نزیکتر لە سروشت.. نزیکتر لەژیان.**

لە دەقی ڕیکلامی (٢ ـ أ)دا، کە بۆ پرۆژەیەکی نیشتەجێبون کراوە، تێیدا خەسڵەتە باشەکانی یەکەی نیشتەجێبونەکە بە چەند نیشانەیەك دیاریکراوە، کە بەهۆیانەوە ژیانێکی نوێی شایستە فەراهەمدەبێتو ڕەزامەندیی هاوڵاتیانو کڕیارانی بەئاماژەدان بە ئەزمونی کاری پێشویان دەستەبەردەکات، کە بونیاتنانی بەشی یەکەمی پرۆژەکەیە. ترۆپکی ڕیکلامەکەش، کە لەڕیکلامەکانی دواتریشدا دوبارەدەبێتەوە، ئاماژەدانە بەژینگەی خاوێنی پرۆژەکە، ئەویش بەبونی سەوزایی زۆرو نزیکیی شوێنی پرۆژەکە لەسروشتەوە لەبەشی سەرەوەی شارو نزیك لەچیاکان بونیاتنراوە، بەمەش مرۆڤ ژیانێکی شایستە دەگوزەرێنێت، چونکە تا لەسروشتەوە نزیك بین، لە ژینکەی پیسبووی شارەوە دورترینو ئەگەری مردن کەمتر دەبێتەوە.

نیشانەکان بریتین لە:

+ ئەزمون
+ کوالێتی بەرز
+ جوانی
+ ژیانی خۆش
+ متمانە
+ نوێگەری
+ ژینگەی پاك

کەتیگۆریی ڕیکلامی (٢–أ)، بریتییەلە (شارەزایی، دڵنیایی، نوێگەری، ژینگە)، نەخشەی بیری لەم کەتیگۆرییەدا هەر یەك لە لایەنی ماددیو لایەنی دەرونی دەگرێتەوە، بەجۆرێك کڕیار لە هەردو باری کوالێتیی کەرەستەکانو بەخشینی ئارامی دڵنیادەکاتەوە.

| |
|---|
| **ب. گاردن ستی شاری داهاتووە، بەڵام ئەمڕۆ بنیاتی دەنێین، لەسەر ئەزمونە نایابەکەی قۆناغی یەکەم، قۆناغی دووەممان دەستپێکردو فرۆشتنیش بەردەوامە، ئێستا گاردن ستی مارکەیەکی ناسراوەو زۆری تریشمان ماوە پێتانی ببەخشین، بۆ بنیاتنانی شار هاتوین، ئێوەش ئاوەدانی بکەنەوە، پێکەوە بۆ شارێکی پڕ لەجوانی .<br>گاردن ستی... نزیکتر لە سروشت .. نزیکتر لەژیان .** |

لە (٢ ـ ب)دا دەقی ڕیکلامەکە ئەوەمان پێدەڵێت، کە پڕۆژەکە، پڕۆژەیەکە لەسەر بنەمای ئەزمون بنیاتراوە، بەجۆرێك کە نەك بۆ ئێستا، بەڵکو بۆ ئایندەش شارێکی شیاوە، ڕاستە ئێستا بونیاتدەنرێت، بەڵام بەجۆرێکە، کە بۆئایندەش شوێنێکی نایابە، ئەمەش بەو تایبەتمەندییانەی پڕۆژەکە هەیەتیو کوالێتیی بەرزی پڕۆژەکە بووەتە مارکەیەکی دیار، هەروەها ئاماژەدەدات بەوەی، کە کۆمپانیاکە دەیانەوێت، شارێك بە هەمو چەمکە فراوانەکەیەوە بونیاتبنێن، هاوڵاتیانو کڕیارانیش ئاوەدانی بکەنەوە، تاوەکو بەیەکەوە لە شارێکی پڕ لەجوانیدا بژین، هاوکات لەڕێگەی

دووبارەکردنەوەی ترۆپکی ڕیکلامەکەوە، ئاماژە بەژینگەی پاکی پڕۆژەکە دەدات. کەواتە ئەو نیشانانەی لەم ڕیکلامەدا هەن بریتین لە:

+ ئەزمون
+ کوالێتی
+ جوانی
+ ژینگەی پاك

**پ. گاردن ستی شارە سەوزو ئاوەدانەکە بەردەوامە لە بونیاتنانی شوقەی زیاتر، سەدان ماڵمان بونیاتنا، چەندین خێزان تیایاندا ئاسودەن، شارەکەمان هەر لەئێوەی کەمە، ئێمە فراوانی ئەکەین، ئێوەش ئاوەدانی بکەنەوە، لە ئێمە بونیاتنانو لە ئێوەش هەڵبژاردن، ئێمە دڵنیاین لە جوانیی کار، ئێوەش دڵنیابن لە ئاوەدانی .**

**گاردن ستی، نزیکتر لە سروشت... نزیکتر لە ژیان.**

لە دەقی ڕیکلامی (٢ ـ پ)دا، ئەو نیشانانەی ئاماژەیان پێدراوە بریتین لە:

+ سەوزایی
+ فراوانبون
+ ئاسودەیی
+ جوانیی کار/کوالێتی

کەتیگۆریی ڕیکلامەکە لە (٢–پ)دا بریتییەلە (سروشت، مەودا، کوالێتی، ئارامی)، لەم کەتیگۆرییەدا زیاتر جەخت لە لایەنی دەرونی کراوەتەوە، لەم ڕوانگەیەوە کاریگەری لەسەر کڕیارەکان دروستدەکەن. بەمپێیە خێزانی لێکچو لە کەتیگۆریی ڕیکلامی (٢–پ)دا، لە چەمکی (ئارامی)دا کۆدەبێتەوە.

**ت. توتییەك: "تەواوبو، گاردن ستی تەواو بو، ئێستا ماڵی لێیە، تەواوبو، هەمووان گاردن ستییان خۆشدەوێ، چونکە شوێنی ژیانە."**

**گاردن ستی .... نزیکتر لە سروشت ... نزیکتر لەژیان.**

له ڕیکلامی (٢ ـ ت)دا ئەوەی کە ئاماژەی پێدراوە تەواوبونی پڕۆژەکەیە، بە واتا پێویست بەچاوەڕێکردن ناکاتو پڕۆژەکە تەواوبوە، هاوکات ئاماژە بەخۆشەویستی پڕۆژەکە دەکات لای هەموان، ئەمەش لە ئاسودەیی هەموان بەژیان لەناو پڕۆژەکەدا سەرچاوەی گرتوە، هاوکات ژینگەی پاکی پڕۆژەکە، کە سەرچاوەی ژیانە جەختی لەسەر کراوەتەوە. واتە نیشانەکانی شوێنی نیشتەجێبونی باش لەم ڕیکلامەدا ئەمانەن:

− چاوەڕوانی
+ ئاسودەیی
+ ژینگەی پاك

بەپێی ئەم نیشانانە، کە لە هەمانکات کەتیگۆری پرۆتۆتایپی ڕیکلامەکەیە، نەخشەی بیرییەکەی بریتی دەبێت لە (دڵنیایی)، لە ڕێگەی گەیاندنی ئەم چەمکەوە کاریگەری لەسەر وەرگر وە خوازیارو کڕیار دروستدەکەن.

یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەم ڕیکلامە، کورتبڕییەتی لە هەمان کات کۆی زۆرینەی ئەو پێداویستییە ڕۆحیو مادیانەی تێدایە کە مرۆڤ دەیخوازێت، بەمەش چەمکی لەبەرگیراوەی کەتیگۆرییەکە بریتی دەبێت لە (گونجاوێتی لە ڕووی دەرونیو تەندروستیو کەرەستەییەوە).

**ج. گاردن ستی، ئێستا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ، گاردن ستی لە باشترین جێگاو لە پاکترین ژینگەی سلێمانیدایە، گاردن ستی لەم قۆناغەدا حەوت بلۆکی نوێ دروستدەکات، کە ٣٣٦ شوقەی نایابو فراوان لەخۆئەگری، شوقەی ٢٣٢مو شوقەی دو نهۆمی ٣٨٥م، ئەم شوقانە هاوتەریبن بە مارکە پێشکەوتوەکانی ناوچەکەو سەرجەم خزمەتگوزارییە مۆدێرنەکان لەخۆئەگریو بەنرخی گونجاوو کوالێتی بەرزەوە.**

**گاردن ستی نزیکتر لەسروشت ... نزیکتر لەژیان.**

له دەقی ڕیکلامی (٢ ـ ج)دا ئاماژە بە بەشێك لە نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش کراوە، ڕیکلامکار ئاماژە بەقۆناغی نوێی پرۆژەی نیشتەجێبونەکەو فراوانکردنی دەکاتو ڕێژەی فراوانکردنو ژمارەی یەکەکانیشی دیاریکردووە، تا کڕیارەکان لە ڕێژەکە ئاگاداربکاتەوە، هاوکات

باشیی شوێنو پاکیی ژینگەو فراوانیو ڕووبەری جۆراوجۆری شوقەکان لەگەڵ باشیی کوالێتییانو بونی خزمەتگوزارییەکان دەخاتەڕو، ، جگە لەمانە نرخی گونجاو، کە ئەمەیان لە ڕیکلامەکانی پێشتری ئەم پڕۆژەیەدا نەبوو، لەگەڵ دوبارەکردنەوەی ترۆپکی سەرەکیی ڕیکلامی پڕۆژەکە.

کۆی نیشانە باشەکانیش بەپێی ئەم ڕیکلامە بریتین لە:

+ شوێنی باش
+ ژینگەی پاك
+ کوالێتیی بەرز
+ گونجاویی نرخ
+ ڕووبەری جیاواز

**چ.**

**– تۆ خەونەکەت هاتەدی.**

**– ئەم خەونەم هاتە دی، بەڵام خەونێکی گەورەترم هەیە.**

**– خەونەکەی من هاتەدی .**

**ئەوانەی خەونەکانیان هاتەدی، گاردن ستی بەدیهێنا، ئەوانەی خەونەکانیان نەهاتۆتەدی، ئومێدیان هەر بە گاردن ستییە، ژیانی ئێوەمان مەبەستە، بۆیە بیرمان لە باشترین کردووەتەوە.**

**گاردن ستی ... نزیکتر لەسروشت ... نزیکتر لەژیان.**

بەپێی ڕیکلامی (٢ ـ چ) دەستکەوتنو کڕینی شوێنێکی نیشتەجێبون لە پڕۆژەکەدا وەك خەون باسکراوە، ئەمەش بەوپێیەی کە مرۆڤ خەون بە شوێنو ژیانی باشەوە دەبینێت، تەنانەت ئەوانەی چاوەڕێی باشتریش دەکەنو خەونی باشتریشیان هەیە، هەر ئەوان بەدیدەهێنن، ئەمەش وەك ئاماژەدانێك بۆ پڕۆژەی ئێستایان، کە بیریان لە باشترین یەکە بۆ ژیانی کڕیارانو هاوڵاتیان، لەگەڵ ترۆپکی ڕیکلامی پڕۆژەکەدا. کەواتە نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش لەم ڕیکلامەدا بریتین لە:

+ هێنانەدی خەون
+ کوالیتیی باش
+ ژینگەی پاك

**ح. باخچە شارێکمان بنیاتناوە، کە ٦٠٪ ی سەوزە، ئاوەدانەو چاوەڕوانی خانەخوێی زیاترە، شوقەکانی گاردن ستی دو جۆرن، دو نهۆمی، بە پێنج ژوری نوستنەوە، یەك نهۆمی، بە سێ ژوری نوستنەوە، بەشی یەکەمی گاردن ستی، کە ٢٤٠ شوقە بوو، ئێستا ئاوەدانە، بەشی دووەمی ٣٥٢ شوقەیەو هەندێکی ماوە بۆ ئێوە، شوقەکانی گاردن ستی تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، دیواری سرۆمۆسۆن، پەنجەرەی پی ڤی سی دەبڵ گلاس، کەوانتەری نایابو حەمامی کامل، شارەکەتان باخچەی ساوایانو قوتابخانەو دایەنگەو مەلەوانگەو سۆپەرمارکێتو سەنتەری پزیشکیو یاریگای هاوینە لەگەڵ چەندین باخچەی بێوێنەی تێدایە، باخچەی خەونەکانت لە گاردن ستییەو تۆش ئاوەدانی بکەرەوە.**

لە ڕیکلامی (٢ ـ ح)دا، کە هەر بۆ هەمان یەکەی نیشتەجێبون کراوە، ویڕای ئەوەی کە ئاماژەی بەڕێژەی سەوزایی واتە ژینگەی پاك داوە، ئاماژە بە شێوەو جۆری شوقەکان دەکات، کە هەندێکیان شێوەیەکی نوێیان هەیە، بەوەی کە هەرچەندە شوقەن، بەڵام شوقەکان دو نهۆمینو پێنج ژوری نوستنیان تێدایە بۆ ئەو کەسانەی کە پێیانوایە لەیەك نهۆمدا جێگەیان نابێتەوە، پێویستیان بە شوێنو جێگەی گەورەتر هەیە، بۆ ئەوانەش کە پێویستیان بەو شوێنە گەورەیە نییە، شوقەی یەك نهۆمیشیان لایە، هەروەها بەکڕیار دەڵێت پڕۆژەکە ئاوەدانەو یەکەکانی بەشی یەکەمو ئەم پڕۆژەیە، کەمو دیاریکراو بونو تەواوبون، یەکەکانی بەشی دووەمیش هەرچەندە ڕێژەکەیان زیاترە —ئەمەش ئاماژەدانە بەوەی، کە بەرەچاوکردنی ئەزمونی بەشی یەکەم، دڵنیان کە کڕیاری زیاتریان دەبێت—، بەڵام ئەوانیش بەهەمان شێوە دیاریکراونو کەمێکیان ماوەو ئەگەری زو تەواوبونیان هەیە، وەك هاندانێك بۆ کڕیار، کە پەلەبکات لە کڕینیان. هەروەها لە دەقی ڕیکلامەکەدا کوالێتیی پڕۆژەکە جەختی لەسەرکراوەتەوە بەناوهێنانی ئەو کەرەستانەی لە دروستکردنی یەکەکاندا بەکارهاتوون (دیواری سرۆمۆسۆن، پەنجەرەی پی ڤی سیی دەبڵ گلاس، کەوانتەری نایابو حەمامی کامل)، هاوکات ئاماژە بە خزمەتگوزارییەکانی ناو پڕۆژەکە دەکاتو بۆ جەختکردنەوە ناوی پڕۆژەکان، کە

بریتین لە (باخچەی ساوایان، قوتابخانە، دایەنگە، مەلەوانگە، سۆپەرمارکێت، سەنتەری پزیشکیو یاریگای هاوینە لەگەڵ چەندین باخچەی بێوێنە) دەهێنێت، کەواتە لەم ڕیکلامەدا نیشانەکانی یەکەی نیشتنەجێبونی باش بریتین لە:

+ سەوزایی زۆر
+ نوێگەری
+ قەبارەی جیاواز
+ ئاوەدانی
+ کوالێتی
+ خزمەتگوزاری

کەتیگۆریی ئەم ڕیکلامە لە دەستنیشانکردنی چەند ئەندامێکدا کۆدەبێتەوە، هەروەك (سروشت، سیستمی نوێ، مەودا، کوالێتی، ئاوەدانی)، بەمەش ڕیکلامکار بەهای ڕیکلامەکە لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیو باری داراییو خزمەتگوزاریی نوێدا چڕدەکاتەوە، ئەم چڕکردنەوەیەش، نەخشەی بیری ڕیکلامکار سەبارەت بە چۆنێتیی قازانجکردنی پرۆژەکە دەستنیشاندەکات.

هەڵبەت کاردانەوەی وەرگر چ وەك خوازیاریان کڕیار، پشت بەو نیشانە لەبەرگیراوە پرۆتۆتایپییە دەبەستێت، کە لە مێشکیاندا دەربارەی یەکەی نیشتەجێبونو کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکە هەیە، بۆ نمونە ڕەنگە هەمو خەسڵەتەکانی یەکەیەکی نیشتەجێبون لە ڕێکلامێکدا هەبێت، بەڵام کۆمپانیاکە جێی بڕوای کڕیار نەبێت، لەم کاتەدا هیچ نیشانەیەکی یەکەی نیشتەجێبونەکە لەگەڵ جیهانی چەمکی کڕیارەکە یەکناگرێتەوەو لەگەڵ چەمکە پرۆتۆتاپپییەکانی بیرکردنەوەی ئەو بۆ دەستەبەرکردنی خەونی بون بە خاوەن یەکەی نیشتەجێبون، پەیکاڵ نابێت.

کۆی ئەو نیشانانەی، کە دەبنە نیشانە پرۆتۆتایپییەکانی کەتیگۆریی یەکەی نیشتەجێبون، بەپێی ئەم حەوت ڕیکلامەی لە (٢ ـ أ بۆ ح)دا خرانەڕو، بریتین لەم نیشانانە:

+ ئەزمون

+ كولێتیی بەرز

+ جوانی

+ نوێگەری

+ ژینگەی پاك/ سەوزایی

+ ئاسودەیی

− چاوەڕوانی

+ شوێنی باش

+ گونجاویی نرخ

+ ڕوبەری جیاواز

+ قەبارەی جیاواز

+ هێنانەدی خەون

+ خزمەتگوزاری

پلە بەندیی ئەو حەوت ڕیكلامەی كە بۆ پرۆژەی نیشتەجێبونی گاردن ستی كراون‌و لە (٢ ـ أ بۆ ح) دا خراونەتەڕو، بەپێی ئەو نیشانانەی لە هەر حەوت ڕیكلامەكە هەڵهێنجراون، بەم شێوەیە دەبێت:

| | |
|---|---|
| یەكەم | ( ح ) |
| دووەم | ( ج ) |
| سێیەم | ( أ ) |
| چوارەم | ( پ ) |
| پێنجەم | ( ب ) |
| شەشەم | ( چ ) |
| حەوتەم | ( ت ) |

### ٣. ڕیکلامی پڕۆژەی شاری گۆیژەی دو

**أ. هەندێك ئارەزوی ژیان دەکەن لە بناری چیاکاندا، هەندێك ئارەزوی هەستکردن بە سیحری جوانیو قەرەباڵغی شارە گەورەکان دەکەن، لەشاری گۆیژە ئەفسونی چیا تێکەڵ بەسیحری دیمەنی شار دەکرێت، شاری گۆیژە لەبناری گۆیژە دەتانپاریزێت لەجەنجاڵیی ناوشار، بەڵام لە جوانییەکانی بێبەشتان ناکات، ڕەنگە چێژی کوپێك قاوە لەدیمەنی جوانیی سلێمانی لەسایەی شکۆی شاخێکدا جیاواز بێت، بەتایبەت کاتێك ئارام لەماڵی خۆماندا دانیشتوینو لەپەنجەرەکەوە دەڕوانینە شار، هەموان ڕکابەرییانە لەسەر ڕوبەرو نرخ، ئێمە جگەلەوانە، گرەو لەسەر شوێنو جوانیی کوالیتیو گونجاویی ماڵەکەشتان دەکەین.**

لە دەقی ڕیکلامی (٣ ـ أ)دا بەپێی ئەزمونی ڕیکلامکار ئاماژە بۆ ئەوە دراوە، کە هەندێك مرۆڤ ئارەزوی ژیان لەناو سروشتو نزیك چیاکانو لە ژینگەیەکی ئارامو بێدەنگدا دەکەنو ئارەزوی قەرەباڵغیو جەنجاڵی ناکەن، بەپێچەوانەشەوە هەندێك لە مرۆڤەکان ئارەزوی قەرەباڵغیو ژیان بەناو جەرگەی شارەکاندا دەکەن، هەر بۆیە تایبەتمەندیی شوێنی ئەم پڕۆژەی نیشتەجێبونە، کە لە بناری چیاداو لەناو ژینگەیەکی پاکی دور لە قەرەباڵغیو جەنجاڵی شاردایەو هاوکات بەسەر شاری سلێمانیدا دەڕوانێتو زۆربەی شاری لێوەدیارە، وەکو ترۆپکی ڕیکلامەکە نیشاندراوە، هەروەها هەوڵدەدات وێنەی دیمەنێك بهێنێتە بەرچاوی کڕیار، کە بە ئارامی لەناو ژینگەیەکی پاكو سروشتێکی دڵگیری بناری چیاو لەناو ماڵەکەی خۆیدا سەیری دیمەنی شار بکاتو قاوەیەك بخواتەوە، هەمو ئەمانەش، جەختکردنەوەیە لە شوێنی خۆشو ژینگەی پاکی پڕۆژەکە، کە دەبنە فاکتەری فەراهەمکردنی ژیانێکی ئارام. ئەمە جگەلەوەی ئاماژە دەدات، کە کێبەرکێی ڕوبەرو نرخ دەکات وەك پڕۆژەکانی ترو جیا لەوانیش کێبەرکێی شوێنی باشو جوانیی کوالێتیو گونجاویی ماڵەکەش دەکات، کەواتە بەپێی ئەم ڕیکلامە نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش بریتین لە:

+ ژینگەی پاك
+ جوانیی دیمەن
+ ڕوبەری گونجاو
+ نرخی گونجاو
+ شوێنی باش
+ کوالێتیی بەرز

**ب. شاری گۆیژەی دو، شاری گۆیژە دەتانپارێزێت لەقەرەباڵغیی ناوشار، بەڵام لەجوانییەکانی بێبەشتان ناکات، باڵەخانەی بەرز، شوقەی گونجاوو پارکی ژێرزەمینی، خزمەتگوزاریی بەردەوامو شارێکی مۆدێرن، لەبناری گۆیژە ئامێزی بۆ هاوڵاتیان کردۆتەوە. ڕەنگە چێژی کوپێك قاوە لەدیمەنی جوانیی سلێمانی لەسایەی شکۆی شاخێکدا جیاواز بێت، بەتایبەت کاتێك ئارام لەماڵی خۆماندا دانیشتوینو لەپەنجەرەکەوە دەڕوانینە شار، هەموان ڕکابەرییانە لەسەر ڕوبەرو نرخ، ئێمە جگەلەوانە گرەو لەسەر شوێنو جوانیی کوالیتیو گونجاویی ماڵەکەشتان دەکەین.**

لەڕیکلامی (٣ ـ ب)دا ئاماژە بە لایەنێکی نێگەتیڤی ژیانی ناوشار دەکات، کە ئەویش قەرەباڵغییەکەیەتی، هەرچەندە لەڕیکلامی پێشتر (٣ ـ أ)دا ئاماژەی پێدرابو، بەڵام وەك لایەنێکی نێگەتیڤ نا، بەڵکو وەکو ئارەزوی هەندێك لەمرۆڤەکان، بەپێی ڕیکلامەکەش، پرۆژەکە هاوڵاتییان لەو لایەنە نێگەتیڤەی شار دەپارێزێت بەوەی، کە دوریاندەخاتەوە لەو قەرەباڵغییە، بەڵام ئەم دورخستنەوەیە بەجۆرێك نییە، کە لە جوانییەکانی بێبەشیان بکات، بەڵکو دەتوانن بەردەوام دیمەنەکانی شار ببینن، هاوکات ڕیکلامەکە ئاماژە بە شێوەی یەکەکان دەکات بەوەی، کە باڵەخانەکان بەرزن، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکن بۆ زیادکردنی خواست، چونکە دیمەنەکانیان جوانتر دەبێت، یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی یەکەکان، بونی پارکی ژێرزەمینییە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزمەی قەرەباڵغیو زۆریی ئۆتۆمبیلو کەمیی پارکو شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبیل،

بەتایبەت لە گەرەکەکانو شوێنی نیشتەجێبون، هەربۆیە لەم ڕیکلامەدا زەقکراوەتەوەو ئاماژەی پێدراوە، هەروەها خزمەتگوزاریی بەردوامو نوێگەریو مۆدێرنبونی پرۆژەکەش وەك تایبەتمەندییەکی پرۆژەکە باسکراوە، ئەمە جگە لەوەی وەك ڕیکلامی پێشتر، دیمەنە خەیاڵییەکە بۆ کڕیار دروستدەکات لەگەڵ ڕکابەری لەسەر ڕوبەرو نرخو شوێنی باشو جوانیو کوالێتیی پرۆژەکە دەکاتەوە، بەمپێیەش نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش لەم ڕیکلامەدا بریتین لە:

- − قەرەباڵغی
- + جوانیی دیمەن
- + بەرزیی باڵەخانە
- + گونجاویی یەکە
- + پارك
- + خزمەتگوزاریی بەردەوام
- + نوێگەری
- + ژینگەی پاك
- + ڕوبەری گونجاو
- + نرخی گونجاو
- + شوێنی باش
- + کوالێتیی بەرز

ڕیکلامکار لە ڕێگەی دەربڕاوی (پاراستن لە قەرەباڵغیی ناوشار)، ئەو بیرە لای وەرگر دروستدەکات، ناوشار ژینگەیەکی ناتەندروستو نەشیاوە بۆ ژیان، بۆیە گەر ژیان خواستی وەرگر بێت، پێویستە لەناوشار دوربکەوێتەوەو ژیانێکی تەندروست لە دەرەوەی شار دەستەبەربکات، واتە ڕیکلامکار دەیەوێت بەم ڕیکلامە نەخشەی بیری وەرگر بگۆڕێت. بەمپێیە ئەگەر یەکێك لە ئەندامەکانی کەتیگۆریی وەرگر بۆ یەکەی نیشتەجێبون ناوشار بێت، ئەوا ڕیکلامکار دەیەوێت وا لە وەرگر بکات بە خواستی خۆی، نەك بە ناچاری، ئەو ئەندامە لەناو کەتیگۆرییەکەیدا توڕبدات، چونکە ئاشکرایە یەکێك لە خواستەکانی تاکی کورد بۆ نیشتەجێبون، ناوشارە.

**پ. باڵەخانەی بەرز، شوقەی گونجاو، پارکی ژێرزەمینی، خزمەتگوزاریی بەردەوامو شارێکی مۆدێرن لە بناری گۆیژە، ئامێزی بۆ هاوڵاتییان کردووەتەوە.**
**شاری گۆیژەی دو.**

بەپێی دەقی ڕیکلامی (٣ ـ پ)، کە بۆ هەمان ئەو پرۆژەیە کراوە، نیشانەکانی باشیی یەکەی نیشتەجێبونەکە بریتین لە :

- – قەرەباڵغی
- + جوانیی دیمەن
- + بەرزیی باڵەخانە
- + گونجاویی یەکە
- + پارك
- + خزمەتگوزاریی بەردەوام
- + نوێگەری
- + ژینگەی پاك

بە هەمان مەبەستی کارکردن لەسەر دەرونی وەرگر، چەمکی ڕیکلامەکە لە دەستەبەرکردنی ژیانێکی دور لە قەرەباڵغی، چڕکراوەتەوەو لەو گۆشەنیگایەوە پەیوەندی لەنێوان ڕیکلامو وەرگر بەمەبەستی قازانج دروستدەکەن.

بەپێی ئەم سێ ڕیکلامەی بۆ پرۆژەی نیشتەجێبونی شاری گۆیژەی دو کراون، نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش بە گشتی بریتین لەم نیشانانە:

- قەرەباڵغی
+ جوانیی دیمەن
+ بەرزیی باڵەخانە
+ گونجاویی یەکە
+ پارك
+ خزمەتگوزاریی بەردەوام
+ نوێگەری
+ ژینگەی پاك
+ ڕوبەری گونجاو
+ نرخی گونجاو
+ شوێنی باش
+ کوالێتیی بەرز

بەپێی بونی ڕێژەو جۆری نیشانەکان لە ڕیکلامەکاندا، پلەبەندیی ئەم سێ ڕیکلامە بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم ( ب )

دووەم ( پ )

سێیەم ( أ )*

* ئەگەر جولاندنی هەستی وەرگرو وروژاندنی خەیاڵی وەرگر بەپلەی یەکەم وەربگرین، ئەوا لە پلەبەندییەکەدا شوێنی (أ)و (پ) پێچەوانە دەبنەوە، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین، کە مامەڵەی کڕینی یەکەی نیشتەجێبون مامەڵەیەکی گرنگەو پێوەرە هەستییەکان کەمتر کاریگەرییان لەسەر بڕیاردان دەبێت.

### ٤. ڕیکلامی پرۆژەی قەڵادزێ ستی:

**أ. پرۆژەی قەڵادزێ ستی دەستیپێکرد، بۆ یەکەمجار لە قەڵادزێدا ئەم پرۆژەیە بونیاتدەنرێت، پرۆژەی قەڵادزێ ستی ئەم خزمەتگوزارییانەیە، ئاووئاوەڕۆ، ڕێگاوبان، تۆڕی ئاووکارەبا، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، باخچەی ساوایان، مزگەوت، باخچەی یاری بۆ منالآن، سۆپەرمارکێتو یاریگا، ڕوبەری هەر خانویەك ٢٠٠ مەتر دوجایەو ڕوبەری هەر بینایەك ١٣٠مەتر دوجایە، پێکهاتەی هەر خانویەك، مەدخەل، پێشوازی، چێشتخانە، هۆڵ، دو ژوری نوستن لەگەڵ دو باڵکۆن، بەشداربە لەم پرۆژەیەدا بەقیستی درێژخایەنی ٦ ساڵ.**

**لە ئێستاوە بڕیاربدە ژیانێکی پڕ لە ئارامی نوێ فەراهەمبێنی.**

**پرۆژەی قەڵادزێ ستی، بنیاتنان لەپشدەر دەستی پێکرد.**

لە دەقی ڕیکلامی (٤ ـ أ)دا ئەو تایبەتمەندییانەی پرۆژەکە، کە ئاماژەیان پێدراوەو وەك نیشانەی یەکەی نیشتەجێبونی باش خراونەتەڕو، بریتین لە دەستپێکردنی پرۆژەکە، بە واتە پرۆژەکە زو تەواودەبێتو زۆر چاوەڕێناکەیت، هەروەها تازەیی پرۆژەکە، کە بۆ یەکەمجارە لەو ناوچەیەدا بونیاتدەنرێت، هەمو ئەو خزمەتگوزارییانەی، کە لە پرۆژەکەدا نەخشەی بۆکێشراوەو هەیە خرونەتەڕو، کە پێداویستیی پرۆژەکە تاڕادەیەك بەتەواوی دابیندەکەن، کە ئەوانیش بریتین لە (ئاووئاوەڕۆ، ڕێگاوبان، تۆڕی ئاووکارەبا، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، باخچەی ساوایان، مزگەوت، باخچەی یاری بۆ منالآن، سۆپەرمارکێتو یاریگا)، هەروەها ڕوبەری خانووەکان بەو ڕوبەرەی کە کراوە بەبینا، بە کڕیارەکان دەڵێت، کە ڕوبەرێکی گونجاو و فراوانە بۆ ژیانی خێزانێك بە ئارامی، جگە لە ڕوبەر، پێکهاتەی خانووەکانیشی دیاریکردووە بەوەی، هەر خانویەك پێکدێت لە (مەدخەل، پێشوازی، چێشتخانە، هۆڵ، دو ژوری نوستن لەگەڵ دو بالکۆن)، ئەمە جگەلەوەی ئاماژەی بە چۆنیەتیی وەرگرتنی پارەو نرخی خانووەکانی دیاریکردووە، کە بەقیستی درێژخایەنی شەش ساڵە، ئەمەش وەك لەبەرچاوگرتنی دانی مانگانەو باری ئابوریی هاوڵاتیان، هاوکات ئاماژە بە

فەراهەمکردنی ژیانێکی ئارام دەکات، ئەویش بە بڕیاردنی کڕیار بە کڕینی یەکەیەکی پڕۆژەکە، هەروەها جێبەجێکردنی پڕۆژەکەش بە دەستپێکردن بە بونیاتنانو ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە دانراوە، ئەمەش وەك خزمەتکردنو دڵسۆزی بۆ ناوچەکە، بەمپێیە نیشانە باشەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش بەپێی ئەم ڕیکلامە ئەمانەن:

- چاوەڕوانی
+ نوێگەری
+ خزمەتگوزاریی تەواو
+ ڕوبەری گونجاو
+ پێکهاتەی یەکە
+ قیستی درێژخایەن
+ ژیانی ئارام
+ ئاوەدانکردنەوە

خاڵی جیاکەرەوەی نێوان نەخشەی بیری ئەو ڕیکلامانەی بۆ سنوری سلێمانیو قەڵادزێ کراوە، لە قیستی درێژخایەندا دیاریدەکرێت، بەمەش کەتیگۆریی ڕیکلامی (أ-٤) بریتی دەبێت لە هەریەك لە ئەندامەکانی (سیستمی نوێ، خزمەتگوزاری، ئابوری، ئاوەدانی)، ئەم کەتیگۆرییەش گوزارشت لە دابینکردنی پێداویستیی ژیانی کڕیار دەکاتەوە.

**ب. پڕۆژەی قەڵادزێ ستی دەستپێکرد، بۆ یەکەمجارە لەقەڵادزێدا ئەم پڕۆژەیە بونیاتدەنرێ، کە پێکهاتووە لەم خزمەتگوزارییانە، خانو بەدیزاینو کوالێتیی بەرز بونیاتنراوە، مزگەوتو هەندێ خزمەتگوزاریی پێویستی وەکو قوتابخانە بەدیزاینێکی سەردەمیانە، نەخۆشخانە بە هەمو بەشو خزمەتگوزارییەکی زۆر گونجاو بۆ لاوان، باشترین یاریگا بۆ هەمو جۆرەکانی وەرزش، لەگەڵ باخچەی ساوایانو سۆپەرمارکێت، هەروەها خزمەتگوزاریی تەواو لە ئاووئاوەڕۆو ڕێگاوبانو تۆڕی کارەبا، ڕوبەری هەر خانویەك ٢٠٠ مەتر دوجایەو ڕوبەری هەر بینایەك ١٣٠مەتر دوجایە، پێکهاتەی هەر خانویەك مەدخەلو پێشوازیو چێشتخانەو هۆڵو دو ژوری نوستنو دو بالکۆن، بەقیستی درێژخایەنی ٦ساڵ.**

دەقی ڕیکلامی (٤ ـ ب) تاڕادەیەك هەمان نیشانەکانی ڕیکلامی (٤ ـ أ)ی لەخۆگرتووەو ئەوەی جیایدەکاتەوە ئەوەیە، کە لە(٤ ـ ب)دا دیزاینو کوالێتیی بەرزی خانووەکان ئاماژەی پێدراوە، هەروەها لەناو خزمەتگوزارییەکاندا ئاماژەی بە دیزاینی سەردەمیانەی قوتابخانەکەو بونی هەمو بەشەکانی نەخۆشخانەو پێداویستییە گونجاوەکانیو باشیی یاریگاکەیە بۆ هەمو جۆرەکانی وەرزش، بەواتە ئەم ڕیکلامەش هەمان نیشانەکانی ڕیکلامی پێشترە، بەڵام کوالێتیی دیزاینو خانوو خزمەتگوزارییەکانی دیاریکردووە، بەمپێیەش نیشانەکان بریتی دەبن لە:

+ کوالێتی
+ دیزاینی باش
− چاوەڕوانی
+ نوێگەری
+ خزمەتگوزاریی باش
+ ڕوبەری گونجاو
+ پێکهاتەی یەکە
+ قیستی درێژخایەن
+ ژیانی ئارام
+ ئاوەدانکردنەوە

**پ. پرۆژەی قەڵادزێ ستی، ئەم پرۆژەیە کەوتۆتە بەرزترینو دڵگیرترین شوێنی شارۆچکەی قەڵادزێ، ٣٠٠ یەکەی نیشتەجێبون لەخۆدەگرێتو ڕوبەری هەر یەکەیەك ٢٠٠مەتر دوجایە، کە پێکهاتووە لە دو ژوری نوستن، یەك میوانو هۆڵی داخلی، چێشتخانەو موشتەمەلات، ئەم پرۆژەیە سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی ئاووئاوەڕۆو کارەبا، پارك، باخچەی ساوایان، قوتابخانەو بنکەی تەندروستی تێدایە، هەر یەکەیەکی ئەم پرۆژەیە بەقیستی ٦ساڵ دەدرێت بە هاوڵاتییان.**

لە ڕیکلامی (٤ ـ پ)دا شوێنی پڕۆژەکە جەختی لەسەر کراوەتەوەو وەکو نیشانەیەکی هەرە باشی یەکەی نیشتەجێبونەکان دیاریکراوە، کە ئەویش بەرزترین‌و دڵگیرترین شوێنی قەڵادزێیە، هەروەها ژمارەی یەکەکانیش دیاریکراوەو سنوردارە، ڕوبەری یەکەکانیش ئاماژەی پێدراوە، کە ڕوبەرێکی فراوان‌و گونجاوە، هاوکات پێکهاتەی خانووەکان‌و بونی خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ فرۆشتنی یەکەکان بەقیستی درێژخایەن ئاماژەی پێدراوەو بەو پێیەش نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش بەگوێرەی ئەم ڕیکلامە بریتین لە:

+ شوێنی بەرزو دڵگیر
+ دیاریکراویی یەکەکان
+ خزمەتگوزاریی تەواو
+ ڕوبەری گونجاو
+ پێکهاتەی یەکە
+ قیستی درێژخایەن

دەربڕینەکانی هەریەك لە (دیاریکراویی یەکە، ڕوبەر، پێکهاتەی یەکە)، هاوواتای یەکترن‌و هەمان چەمك لەبیری وەرگردا هەیە، لەکاتێکدا دەربڕاوی (قیستی درێژخایەن) لەو ڕیکلامانەی کە هاتووە، فرەچەمکەو مرۆڤ لە ڕێی ئەم فرەچەمکییەوە دەتوانێت بیری بۆ ئایندەی مسۆگەرترو دڵنیاتر بکات لە بڕیاردانی کڕینی ئەو یەکەی نیشتەجێبونەدا.

بەپێی ئەم سێ ڕیکلامەی ئەم پرۆژەیە، نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش بەگشتی بریتین لەمانە:

+ کوالێتی
+ دیزاینی باش
− چاوەڕوانی
+ نوێگەری
+ خزمەتگوزاریی باش

+ ڕووبەری گونجاو

+ پێکهاتەی یەکە

+ قیستی درێژخایەن

+ ژیانی ئارام

+ ئاوەدانکردنەوە

+ شوێنی بەرزو دڵگیر

+ دیاریکراویی یەکەکان

بەمپێیەش پلەبەندیی ڕیکلامەکانی پرۆژەی قەڵادزێ ستی، بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم ( ب )

دووەم ( أ )

سێیەم ( پ )

### ٥. ڕیکلامی پرۆژەی لانە ستی:

| |
|---|
| **أ. کۆمپانیای ئاریۆ، گەورەترین موژدە دەداتە هاوڵاتیان، کۆمپانیای ئاریۆ بۆ یەکەمینجار دەستیکرد بە فرۆشتنی خانوو شوقەکان بەقیستی درێژخایەن بۆ ماوەی سێ ساڵ تا شەش ساڵ، خانو لەسەر ڕووبەری ٢٠٠مەتر دوجا، ٣٠٠مەتر دوجا، شوقە لەسەر ڕووبەری ١٨٣مەتر دوجا .<br>لانە ستی، لانەیەکە بۆ خۆشگوزەرانیی ئێوە.** |

لە ڕیکلامی (٥ ـ أ)دا، هێندەی ناوی کۆمپانیاکە زەقکراوەتەوە، ئەوەندە ناوی پرۆژەکە دەرنەخراوە، چونکە دوجار ناوی کۆمپانیاکە هاتووە، تەنها یەکجار لەکۆتاییدا ناوی پرۆژەکە هاتووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە بەر لە پرۆژەکە ڕیکلامکردنێك بێت بۆ دەرکەوتنی کۆمپانیاکە،

تایبەتمەندیی پرۆژەکەش کە وەك نیشانەی باش ئاماژەی پێدراوە، فرۆشتنی یەکەکانە بەقیستی درێژخایەنی سێ ساڵ تا شەش ساڵ، هەروەها ڕوبەری جیاوازی خانووەکانو ڕوبەری شوقەکان بە مەبەستی جیاوازی ویستو توانای کڕیار خراوەتەڕو، ترۆپکی ڕیکلامەکەش ئاماژەدانە بە بەسەربردنی ژیانێکی خۆشو لانەی خۆشگوزەرانییە. بەواتا نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش لەم ڕیکلامەدا بریتین لە:

+ ڕوبەری گونجاو
+ قیستی درێژخایەن
+ خۆشگوزەرانی

ئەگەرچی ڕیکلامی (٥–أ) لەڕوی کەتیگۆرییەوە ئەندامی کەمتر لە زۆربەی ڕیکلامەکانی تر هەڵدەگرێت، بەڵام لەڕوی چەمکەوە هەمان بیرو ئومێد بە وەرگرەکان دەبەخشێت.

**ب. موژدە موژدە بۆ هاوڵاتییانی شاری هەولێر، ئێستا دەتوانن ببن بەخاوەنی یەکەیەکی نیشتەجێبون بەنرخێکی زۆر گونجاو، لانە ستی پێکدێت لە خانو لەسەر ڕوبەری ٣٠٠ مەتر دوجا، ٢٠٠ مەتر دوجا، کە لەسەر شێوەی ڤێلا دروستکراون، لەگەڵ شوقەی ١٨٣ مەتر دوجا، کە کۆگای تایبەتی لەگەڵدایە، ڕوخساری دەرەوەی خانوو شوقەکان بەماددەی ستراپۆر داپۆشراوە، کە دژەدەنگو ساردیو گەرمییەو جوانییەکی تایبەت دەبەخشێت، لەگەڵ دابینکردنی کارەبای بەردەوامو مەسعەدو چەندین خزمەتگوزاریی تر، هەر خانوو شوقەیەك پێکدێت لە ژوری پێشوازی، چەند ژورێکی نوستن، چێشتخانە، گەرماوو دەبلیوسی.**
**لانە ستی ... ژیانێکی شاهانە هەڵبژێرە.**

لە دەقی ڕیکلامی (٥ ـ ب)دا ئەنجامدانی پرۆژەکەی وەك مژدەیەکی خۆش بۆ هاوڵاتییان ڕاگەیاندووە، وشەی (مژدە)ش لە فەرهەنگی ئاوەزیدا، کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر دەرونو

ڕەفتاری تاکی کورد هەیەو بەهۆیەوە پێشبینیی ئەوەی لێدەکرێت، بڕیاربدات ببێت بە خاوەنی ئەو یەکەی نیشتەجێبونە، هەروەها ئاماژە بە شێوەو ڕوبەری خانووەکان دەدات، کە بە ڕوبەری جیاواز لەسەر شێوەی ڤێلا دروستکراون، ڕوبەری شوقەکانیشی دیاریکردووەو کۆگای تایبەتی لەگەڵدایە، هەروەها کوالێتیو شێوەی دەرەوەی یەکەکانی دیاریکردووە، کە بەستراپۆری دژەدەنگو دژەساردیو گەرمی داپۆشراوەو هاوکات جوانییەکی تایبەتیش بە ڕوکاری یەکەکان دەبەخشێت، هەروەها کارەبای بەردەوام، خزمەتگوزاریو مەسعەد، لەگەڵ پێکهاتەی خانووەکان، ترۆپکی ڕیکلامەکەش ژیانێکی شاهانەیە، کە ئاماژەیە بۆئەوەی، چۆن شا هەرچی بیخوازێت بۆی دەستەبەرکراوە، بەهەمان شێوە لە لانەستی، هەمو شتەباشو خواستەکان دەستەبەرکراوە بۆ کڕیاران، کەواتە نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش لەم ڕیکلامەدا بریتین لە:

+ نرخی گونجاو
+ ڕوبەری گونجاو
+ کۆگا
− ساردیوگەرمی
− دەنگەدەنگ
+ جوانی
+ خزمەتگوزاری
+ پێکهاتەی یەکە
+ ژیانی شاهانە
+ قیستی درێژخایەن

کەواتە نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبون بەپێی ئەم دو ڕیکلامە بریتین لە:

+ نرخی گونجاو
+ ڕوبەری گونجاو
+ کۆگا

- ساردیوگەرمی
- دەنگەدەنگ
+ جوانی
+ خزمەتگوزاری
+ پێکهاتەی یەکە
+ ژیانی شاهانە

بەپێی ژمارەو گرنگیی نیشانەکان، پلەبەندیی ئەم دو ڕیکلامە، (ب) یەکەمو (أ) دووەم دەبێت.

## ٦. ڕیکلامی پڕۆژەی ماریتاش

| |
|---|
| **أ. پڕۆژەی نیشتەجێبونی ماریتاش، فرۆشتنی یەکەکانی ماریتاش بەردەوامە، ئێستا لەجوانترینو دڵخوازترین شوێنی سلێمانی، بەبەرزترین کوالێتیو بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دژە بومەلەرزە، کارکردن لە شوقەکانی ماریتاشدا بەردەوامە، ماریتاش پڕۆژەیەکی نایابەو جگەلە یەکەکانی نیشتەجێبون، دایەنگە، مەلەوانگە، بنکەی تەندروستی، قوتابخانەی بنەڕەتی تێدایە. ئێمە شەووڕۆژمان خستۆتەسەر یەك لەپێناو بەخشینی شوێنێکی نیشتەجێبونی نمونەیی بە ئێوە، تەنها لەچەند مانگێکدا پڕۆژەکەمان گەیاندۆتە ئەم قۆناغە، ئێستا شوقەی نمونەیی پڕۆژەکە تەواوبووەو کڕیاران ئەتوانن سەردانی بکەن، تا لەنزیکەوە لەبەرزیی کوالێتیو سەرنجڕاکێشیی دیزاینی شوقەکان دڵنیاببنەوە. سەرجەم شوقەکانی ماریتاش، سیستەمی ساردیو گەرمیی مەرکەزی بۆ دیاریکراوە.** |

نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش کە لە دەقی ڕیکلامی (٦ ـ أ)دا ئاماژەی بۆ کراوە، شوێنی جوانو دلگیرە لەگەڵ بەرزی کوالێتییە، ئەوەی جیایدەکاتەوە لە پڕۆژەکانی تر، تەکنەلۆژیای دژە-بومەلەرزەیە، هەروەها نایابیی پڕۆژەکەو بونی خزمەتگوزارییەکانی (دایەنگە، مەلەوانگە، بنکەی تەندروستی، قوتابخانەی بنەڕەتی)، خێرایی کارکردن لەپڕۆژەکەداو تەواوبونی

نمونەی شوقەکان، نیشانەی زو تەواوبونو چاوەڕانینەکردنو بەڵگەی بەرزیی کوالێتیی پڕۆژەکەن، هەروەها دیزاینی سەرنجڕاکێشو سیستەمی ساردیو ئەگەرمیی مەرکەزی، بەمپێیە نیشانەکان بریتین لە:

- + شوێنی باشو دڵگیر
- + بەرزیی کوالێتی
- + دژەبومەلەرزە/ دڵنیایی
- + نایاب
- + خزمەتگوزاری
- − چاوەڕوانی
- + دیزاینی جوان
- + ساردیو ئەگەرمیی مەرکەزی

**ب. کۆمەڵگەی نیشتەجێبونی ماریتاش، کۆمەڵگەی نیشتەجێبونی ماریتاش بە ڕوکەشێکی جوانو کوالێتییەکی بەرزەوە بەڕوی خەڵکی سلێمانیدا دەکرێتەوە، لەم پڕۆژەیەدا سیستەمی مەرکەزی تێدا بەکاردەهێنرێت، وەك سیستەمی ساردیو گەرمی، پارکی داخراو بۆ ئۆتۆمبیل، مەلەوانگەی کراوەو داخراو، خزمەتگوزاریی پرسگە، شوێنی مەساج، خوێندنگە، نەخۆشخانەی تایبەت، لەگەڵ یاریگای منداڵان، گۆڕەپانی تێنسو باسکەو دوگۆڵی، ئەمانە هەموی فاکتەری سەرەکیی ئاسودەیی ژیانن لەم کۆمەڵگایەدا ، بونی سیستەمی پاراستن لە کارەساتی سروشتیی بومەلەرزە، کە ئەمە یەکەمجارەو لە هیچ پڕۆژەیەکی تردا بەدیناکرێت، لەگەڵ بەکارهێنانی سیستەمی پایەڵی، ئەم سیستەمانە هۆکارن بۆ دروستکردنی متمانە لای هاوڵاتییان، پێشکەشکردنی ئەم کۆمەڵگا مۆدێرنە پڕ خزمەتگوزارییە بەشاری سلێمانی، شانازییە بۆ کۆمپانیای ماریتاش، کە بێوێنەیەو لە سیستەمدا تاقانەیە.**

**کۆمەڵگای نیشتەجێبونی ماریتاش ... کۆمەڵگای متمانەی هاوڵاتییان.**

لێرەدا جگەلە ڕیکلامکردن بۆ یەکەی نیشتەجێبونەکە، هەروەها لە ڕوی پێداویستییەکانی ڕەگەزی نێرو مێو هەروەها تەمەنیشەوە دیاریکراوە، بۆ نمونە مەلەوانگەی کراوەو داخراو پەیوەست بە کۆمەڵگای ئێمەوە نیشانەکراوە بۆ ڕەگەزی نێرو مێ، بەمەش بایەخی ڕیکلامەکە بە چەندێتیو چۆنێتیی پێداویستییەکان خراوەتەڕو، بەجۆرێك تەنها بە وشەی خزمەتگوزاری کورتنەکراوەتەوە، بەڵکو یەك بە یەك ئاماژەی پێدراوە، بەمەش بەرپرسیارێتیی کۆمپانیاکەی زیاتر کردووە، لە هەمبەریشدا متمانەکردنیان دڵنیایی بە خوازیاریان کڕیار دەبەخشێت.

بەپێی دەقی ڕیکلامی (٦ ـ ب)، نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش کە بۆ پڕۆژەکە خراونەتەڕو، بریتین لە:

+ ڕوکەشی جوان
+ بەرزیی کوالێتی
+ ساردیوگەرمیی مەرکەزی
+ پارکی داخراو
+ خزمەتگوزاریی تەواو
+ ئاسودەیی
+ دژەبومەلەرزە
+ نوێگەری
+ متمانە
+ شانازیکردن
+ تاقانەیی

کەواتە کۆی نیشانەکانی یەکەی باش بەپێی ڕیکلامی (٦ ـ أ)و (٦ ـ ب) بریتین لە:

+ ڕوکەشی جوان
+ بەرزیی کوالێتی

+ ساردیو ئەگەرمیی مەرکەزی
+ پارکی داخراو
+ خزمەتگوزاریی تەواو
+ ئاسودەیی
+ دژەبومەلەرزە
+ نوێگەرری
+ متمانە
+ شانازیکردن
+ تاقانەیی
+ دیزاینی جوان
− چاوەڕوانی

پلەبەندیی ئەو دو ڕیکلامەش بەپێی ژمارەو چۆنیەتیی نیشانەکان دیارە، کە (ب) یەکەمو (أ) دووەم دەبێت.

### ٧. ڕیکلامی مازی لاند:

| |
|---|
| **ڕێگەی ژیانێکی خۆشتر لەمازی لاند دەستپێدەکات، لەبەرچاوترین شوێنی دهۆك بۆ ئێوە، بەئاسودەییو خۆشییەوە ژیان بەسەردەبەن، هەمو وردەکارییەکان یەکەبەیەکە هەر لەیەکەم دیتندا ئەوە دەبینن، وەك قۆزاخێك چنراوە، لە مازی لاند گەورەو بچوك چێژ لە تامی خۆشی وەردەگرن.** |

بەپێی ڕیکلامی (٧ ـ أ) تایبەتمەندییەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش، کە بۆ پرۆژەکە دیاریکراوە، بریتین لە:

+ ژیانی خۆش
+ ئاسودەیی
+ شوێنی باش/ دیار
+ هەمو تەمەنەکان

**ب. ڕێگەی ژیانێکی خۆشتر لەمازی لاند دەستپێدەکات، بەو قۆزاخە سەیری ژیان دەکەن، کە بەکوالێتیو باوەڕەوە چنیومانە، لەبەرچاوترین شوێنی دهۆك بۆ ئێوە، ڕوبەڕوی تێگەیشتنی بەرزی ژیان دەبنەوە، متمانەیی، ئازادی، دیزاین، تەکنەلۆژیا، هەر هەمویان بەیەکەوە لەهەمان ژینگەدا، بەئاسودەییو خۆشییەوە ژیان بەسەردەبەن، هەمو وردەکارییەکان یەکەبەیەکە هەر لەیەکەم دیتندا ئەوە ئەبینن کەوا وەك قۆزاخێك چنراوە، لەمازی لاندا هەر هەموتان چێژ لەتامی خۆشی وەردەگرن.**

تایبەتمەندییەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش، کە لەڕیکلامی (٧ ـ ب)دا دیاریکراوە، بریتین لە:

+ ژیانی خۆش
+ بەرزیی کوالێتی
+ متمانە
+ شوێنی باش/ دیار
+ ئاسودەیی
+ دیزاینی جوان
+ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا
+ هەمو تەمەنەکان

کەواتە کۆی تایبەتمەندییەکانی یەکەی نیشتەجێبون بەپێی ڕیکلامەکانی (٧)، بریتین لە:

+ ژیانی خۆش
+ بەرزیی کوالێتی
+ متمانە
+ شوێنی باش/ دیار

+ ئاسودەیی
+ دیزاینی جوان
+ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا
+ هەمو تەمەنەکان

بەم پێیەش پلەبەندیی دو ڕیکلامەکەی پرۆژەکە، (ب) یەکەمو (أ) دووەم دەبێت.

## ٨. ڕیکلامی پرۆژەی ئیسکانی نویێ :

**أ. لەکوردستاندا پرۆژەیەکی نوێ بەرهەمدەهێنرێ، تاکە پرۆژەی ناوشار، پرۆژەی ئیسکانی نوێ لە هەولێر، ئیسکانی نوێ جوانترین یەکەی نیشتەجێبونە لە ناوجەرگەی شاری هەولێردا، ڕوبەری هەر شوقەیەك ١٥٠ مەتر دوجایە، گونجاوترین ژوری نوستنو میوانو هۆڵو موشتەمەلات لەشوقەکانی ئیسکانی نوێ دیزاینکراوە، سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی ژیانی تێدایە، وەکو غاز، ئاو، کارەبای ٢٤ سەعاتی بەردەوام، هەروەها مەسعەد، نرخی یەکەکان بەقیستە.**

بەپێی ڕیکلامی (٨ ـ أ)، ئەو تایبەتمەندییانەی لە پرۆژەکەدا هەن، کە وەك نیشانەی یەکەی باشی نیشتەجێبون نیشاندراون، بریتین لە:

+ شوێنی باش /
ناوجەرگەی شار
+ جوانی
+ ڕوبەری گونجاو
+ پێکهاتەی شوقەکە
+ خزمەتگوزاریی
+ قیست

**ب. پرۆژەی ئیسکانی نوێ لەهەولێر، پرۆژەی ئیسکانی نوێ نزیکترینو جوانترین یەکەی نیشتەجێبونە لە ناوجەرگەی شاری هەولێردا، ڕوبەری هەر شوقەیەك ١٥٠ مەتر دوجایەو ئێستا پرۆژەکە لە قۆناغی دروستکردندایەو گونجاوترین ژوری نوستنو میوانو هۆڵو موشتەمەلات، لەگەڵ مەتبەخی ئامادەکراو، کە دیاریی کۆمپانیایە، بونی کارەباو ئاوو سیستمی غازی مەرکەزی لەپرۆژەی ئیسکانی نوێدا، لەگەڵ بونی مۆڵو بازاڕی گەورەو مەلەوانگەی داخلیو خارجیو سیستمی ئاگرکوژێنەوە، ٧٠٪ سەوزاییو خزمەتگوزارییەو بەقیستی سێ ساڵ.**

ئەوەی ڕیکلامی (٨ ـ ب) جیادەکاتەوە، ئاماژەدانە بە وردەکاریی خزمەتگوزارییەکان، وەك مەتبەخی ئامادەکراوو سیستەمی غازی مەرکەزیو سیستەمی ئاگرکوژێنەوە، هەروەها ڕێژەی سەوزایی پرۆژەکە، وێڕای ئاماژەدان بە قۆناغی دروستکردنی پرۆژەکە وەك ئاماژەیەك بۆ زو تەواوبون، بەمەش تایبەتمەندییەکانی یەکەکان دەبن بە:

+ شوێنی باش/ ناوجەرگەی شار
+ جوانی
+ ڕوبەری گونجاو
+ مەتبەخی ئامادەکراو
+ سیستەمی ئاگرکوژێنەوە
+ سەوزایی
+ پێکهاتەی شوقەکە
+ خزمەتگوزاریی
− چاوەڕوانی
+ قیست

تێبینیی ئەوە دەکەین، کە کۆی تایبەتمەندیی یەکەی نیشتەجێبونی باش بەپێی هەر دو ڕیکلامەکە، یەکسانە بە نیشانەکانی ڕیکلامی (٨ ـ ب)و هەر بەو پێیەش لە پلەبەندیشدا (ب) یەکەمو (أ) دووەم دەبێت.

## ٩. ڕیکلامی پڕۆژەی دیلان ستی:

**دوای لێدانی ئەلارم... بەڵێ دەبێت هەمیشە بەخەبەر بیت، فرسەتەکان کەمنو زو لەدەستدەچن، هەر ئێستا شوقەیەك بکڕە، تاوەك جاری پێشو لەدەستی دو بەنرخێکی بەرزتر نەیکڕیتەوە. فرۆشتنی یەکەکانی دیلان ستیی دو، دەستی پێکرد.**
**دیلان ستی ئایندەیە.**

لە دەقی ڕیکلامی (٩)دا دەستکەوتنی یەکەیەکی نیشتەجێبونی پڕۆژەکەی بە هەل خستوەتەڕو، چونکە بەپێی ئەزمونی پێشوتریان، یەکەکانی نیشتەجێبونی دیلان ستیی یەك، هەلێك بووەو ئەوانەی کڕیویانە سودو قازانجیان کردووەو، ئەوانەش کە نەیانکڕیوە، ئەو هەلەیان لەکیسچووەو ئەم ڕیکلامەش دەیەوێت ئەوان هانبدات تا یەکەکان بکڕنو ئەم هەلە وەك جاری پێشو لەکیس خۆیان نەدەن، چونکە دواتر نرخێکی زیاتر دەکاتو دەتوانن قازانجێکی باش بکەن*. ترۆپکی ڕیکلامەکەش، پیشاندانی پڕۆژەکەیە وەك ئایندەو مسۆگەرکردنی ئایندەیە. تایبەتمەندییەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باشیش بەم نیشانانە خراونەتەڕو:

---

* ئەو ڕیکلامانەی کە قازانجو بەدەستهێنانی قازانج دەکەنە تایبەتمەندی گرنگ، لە ئامانجەکەی خۆیان کە چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبونو شوێنی تێداژیانە، دوردەکەونەوەو پڕۆژەکە –– – وەك پڕۆژەیەکی بازرگانی دەردەخەنو هەر ئەمەش فاکتەری چارەسەرنەبونی گرفتی نیشتەجێبون لەگەل ئەنجامدانی ئەو هەمو پڕۆژەیەدا، ڕیکلامەکەش بەهەمان شێوە ئەوەندەی وەك ڕیکلام بۆ پڕۆژەی بازرگانی پیشاندەدەن ئەوەندە وەك ڕیکلامی شوێنی نیشتەجێبون پیشانینادەن.

+ هەل
+ قازانج
+ ئایندە

**١٠. ڕیکلامی پڕۆژەی کانی ستی :**

**پڕۆژەی نیشتەجێبونی کانی ستی، پڕۆژەی کۆمپانیای گرین لاندە، لە بەرزترینو جوانترین شوێنی شاری سلێمانیدا، پڕۆژەکە زیاتر لە هەزار یەکەی جیاواز بەشێوەی خانوو باڵەخانە لەخۆدەگرێت، باڵەخانەکان بەشێوەی نوێ دیزاینکراون، کە هەریەکەیان سێ ڕوی هەیە، بونی خزمەتگوزارییەکانی خوێندنگاو بنکەی تەندروستیو باخچەی ساوایانو دایەنگەو مزگەوتو یاریگاو بازاڕو پاركو سەوزایی.**
**کۆمپانیا یەکەکانی پڕۆژەکە بەقیستی درێژخایەن دەفرۆشێت .**
**کانی ستی شارێکی جوانتر ... ژیانێکی خۆشگوزەرانتر.**
**لە ئێستادا ٣٠٪ پڕۆژەکە جێبەجێکراوە.**

لە ڕیکلامی (١٠)دا، تایبەتمەندیی یەکەی نیشتەجێبونەکانی دیاریکردووە، کە بریتین لە شوێنی یەکەکان لە بەرزترینو جوانترین شوێن، هەروەها ژمارەی یەکەکانی بە نزیکەیی بە زیاتر لە هەزار یەکە دیاریکردووە، ئەمەش وەك پیشاندانی فراوانیو گەورەیی پڕۆژەکە، هەرەوەها دیزاینی باڵەخانەکان بە تایبەتمەندییەکی تر دانراوە، کە هەریەکەیان سێ ڕوی هەیە، بێگومان ڕوی یەکەی نیشتەجێبونو ژمارەی ڕوەکانیش، یەکێکن لە بنەماکانیان نیشانەکانی دیاریکردنی یەکەی باش، لەگەڵ بونی خزمەتگوزارییەکانی (خوێندنگاو بنکەی تەندروستیو باخچەی ساوایانو دایەنگەو مزگەوتو یاریگاو بازاڕو پارك)، ئەمەجگەلە بونی ڕێژەی سەوزایی بۆ فەراهەمکردنی ژینگەیەکی پاك، هاوکات فرۆشتنی یەکەکان بە قیستی درێژخایەن، تایبەتمەندییەکی ترە بۆ هاوڵاتییان، کە سیستەمێکی باشە بۆ موچەخۆرانو ئەوانەی پارەی مۆڵیان نییە، بەمەش تایبەتمەندییەکانی ئەم یەکانە بریتی دەبن لە:

+ شوێنی خۆش
+ فراوانیی پرۆژە
+ سێ ڕو
+ خزمەتگوزاریی
+ سەوزایی
+ قیستی دریژخایەن

## ١١. ڕیکلامی پرۆژەی کوردستان ستی:

**شارێك بنیات دەنێین لەژێر کەشوهەوایەکی ئارام، کوردستان ستی کوردستان ستی پێکهاتووە لە (٤٠٨) خانو لەگەڵ (٣٦٤) شوقە، بەرزترین کوالێتیو بە نرخێکی زۆر هەرزان، ڕووبەری هەر خانویەك ٢٣٢ مەتر دوجایەو ژوری میوان، ٤ ژوری نوستن، هۆڵ، مەتبەخ، ٣ حەمام، ٣ تەوالێت، ڕووبەری هەر شوقەیەك، ١٤٨ مەتر دوجایەو ژوری میوانو دو ژوری نوستن، هۆڵ، مەتبەخ، حەمام، تەوالێت، لەگەڵ دو بەلەکۆن، دابینکردنی گشت خزمەتگوزارییەکان، لەگەڵ بونی قوتابخانە، یاریگا، سوپەرمارکێت، بنکەی پۆلیس، بنکەی ئاگرکوژێنەوە، لەهەموی گرنگترو جوانتر ئەوەیە، بۆ گشت پرۆژەکان سیستەمی ئاوەڕۆی داخراو دروستدەکرێت.**

تایبەتمەندیی یەکەکانی پرۆژەی نیشتەجێبون لە ڕیکلامی (١١)دا دیاریکراون، بریتین لە کەشوهەوای ئارامو دیاریکردنی ژمارەی یەکەکان بە خانوو شوقەکانەوە، هەروەها دیاریکردنی ڕووبەری هەردو جۆری یەکەکان، کە ڕووبەرەکانیان تارادەیەکی باش فراوانەو گونجاوە بۆئەوەی خێزانێکی تێدا بژیت، لەگەڵ دیاریکردنی پێکهاتەی هەردو جۆری یەکەکان، جگەلە دابینکردنی هەمو خزمەتگوزارییەکو بونی (قوتابخانە، یاریگا، سوپەرمارکێت، بنکەی پۆلیس، بنکەی ئاگرکوژێنەوە) لە پرۆژەکەدا، هەروەها سیستەمی ئاوەڕۆی داخراو، کە وەك تایبەتمەندییەکی گرنگی پرۆژەکە خراوەتەڕو، بەمەش نیشانەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باشی بەمانە دیاریکردووە:

+ کەشوهەوای ئارام
+ هەرزانیی نرخ
+ یەکەی دیاریکراو
+ ڕوبەری گونجاو
+ پێکهاتەی یەکەکان
+ خزمەتگوزاریی
+ پرۆژەی پێویست
+ ئاوەڕۆی داخراو

## ١٢. ڕیکلامی پرۆژەی ئۆرانۆس ستی:

**کۆمپانیای ئۆرانۆس بۆ یەکەمینجار گەورەترین پرۆژەی نیشتەجێبون بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیانو ڕازاوەکردنی شاری خانەقین دروستدەکات، ئۆرانۆس ستی کە دەکەوێتە گونجاوترین شوێنی شاری خانەقین، پێکهاتووە لە ١٩ باڵەخانەی سێ نهۆمیو ٢٨٢ خانو، نهۆمی هەریەك لەباڵەخانەکان، چوار شوقەی تێدایە بە ڕوبەری ١٠٠ مەتر دوجا، کە بریتییە لە مەدخەلو چێشتخانەو بالکۆنو گەنجینەو هەروەها ژوری میوانو هۆڵو ڕاڕەوێك لەگەڵ ژوری نوستنو موشتەمەلات، هەروەها دابینکردنی شوێن بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل، خانووەکانیش بەڕوبەری جیاواز پێکهاتووە لە مەدخەلو ژوری میوانو چێشتخانەو هۆڵو دو ژوری نوستنو هەروەها موشتەمەلاتو دو هەورەبانو باخچەو گەراجی ئۆتۆمبێل، لە ماستەرپلانی پرۆژەکەدا شوێن بۆ باخچەی ساوایانو مارکێتو مزگەوت دابینکراوە، ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتیانی شاری خانەقین دەکەین بە دەستپێکردنی فرۆشتنی یەکەکانی نیشتەجێبون لە کۆمەڵگای ئارۆنۆس ستی ...**

لەڕیکلامی (١٢)دا ئەنجامدانی پرۆژەی نیشتەجێبونەکە وەك دڵسۆزیو خەمخۆری بۆ شاری خانەقینو هاوڵاتیان پیشاندەداتو شوێنی پرۆژەکەش وەك تایبەتمەندییەکی پرۆژەکە دیاریکردووە، کە گونجاوترین شوێنی شارەکەیەو هاوکات ژمارەی هەردو جۆر یەکەکانی دیاریکردووەو ڕوبەری

یەکەکانیش بە جیاوازیی ڕووبەری خانووەکانیشەوە خستووەتەڕو، لەگەڵ پێکهاتەی هەردو جۆر یەکەکانو بونی پارکی ئۆتۆمبیل تێیاندا، لەگەڵ بونی شوێن بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری پێویستی وەك (باخچەی ساوایانو مارکێتو مزگەوت)، بەمەش خەسڵەتەکانی یەکەی نیشتەجێبونی باش بەپێی ڕیکلامەکە بریتین لە:

+ گەورەیی پرۆژە
+ خزمەتکردنی هاوڵاتیان
+ شوێنی گونجاو
+ یەکەی دیاریکراو
+ ڕوبەری جیاواز
+ پێکهاتەی یەکەکان
+ پارکی ئۆتۆمبیل
+پرۆژەی پێویست

لە ڕیکلامی (١٢)دا، بەشێوەیەکی بەرجەستەیی جگەلە پێداویتسییە مادییەکان، ئیش لەسەر لایەنی ڕۆحیی خوازیاریان کریارەکان کراوە، بەجۆرێك لەنێو کەتیگۆریی ڕیکلامی (١٢)دا ئەندامی (مزگەوت) وەك بەشێك لە پێویستیی ڕۆحی، ئاماژەی بۆ کراوە، بەمەش مسۆگەرکردنی ئارامی، تەنها لە ڕێگەی سروشتو کەرەستەکانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی دابینکردنی شوێنی خودا پەرستییەوەیە، کە مزگەوتە، هۆکاری ئەمەش بۆ زۆرینەی ڕێژەی شوێنکەوتووانی ئاینی ئیسلام لە هەرێمی کوردستاندا بە بەراورد بە ئاینەکانی تر دەگەڕێتەوە.

**١٣. ڕیکلامی پڕۆژەی سائیب ستی:**

**ڕۆژ بەڕۆژ ژیانی مرۆڤایەتی لە گەشەکردندایە، ئێستا لە کوردستانداین. سائیب ستی نوێگەرو وەبەرهێنی ئەمڕۆ، پێکەوە بەرەو ژیانێکی شایستە، پێکەوە بەرەو خۆشگوزەرانیو دڵنیاییو متمانە، ئێستا ئەبینیت لەم خاکەدا چی ڕوئەدات (باڵەخانەکان بەرزدەبنەوەو شار دروستدەبێت)، تەماشاکە سائیب ستی ئەو خەونە بوو هاتەدی، ئێرە ئێستاو ئایندەیە بۆ خۆمانو نەوەکانمان.**

**دیوارەکان لە پڕۆژەی سائیب ستیدا بەجۆرێکە ١٠٠٪ ڕێگرە لە هاتنە ناوەوەی دەنگو ژاوەژاو، پارێزگاریدەکات لە سەرماو گەرما.**

**سائیب ستی ئەمێنینەوە تا کۆتایی.**

تایبەتمەندییەکانی یەکەی نیشتەجێبونەکان لە ڕیکلامی (١٣)دا، بەم نیشانانە خراونەتەڕو:

+ نوێگەری
+ خۆشگوزەرانی
+ دڵنیایی/ متمانە
+ هێنانەدی خەون
+ ئێستاو ئایندەیی
− دەنگەدەنگ
− سەرماوئەگەرما
+بەردەوامی

**١٤. ڕیکلامی پڕۆژەی ڤێلای زەیتون:**

**زیاترو زیاتر نزیکبەرەوە، ڤێلای زەیتون دروستکراوە بۆ ماڵی ژیان، هۆڵی داخلی و ژوری میوانی شایستەیە بە میوانەکان، ٥ ژوری نوستن، سێ لەوان ماستەرە.**

**ژیانی خێزان بەختەوەر دەبێت لە ڤێلای زەیتون.**

نیشانه تایبەتمەندییەکانی یەکەکانی نیشتەجێبون لە ڕیکلامی (١٤)دا دیاریکراون بە:

+ ڤێلا
+ پێکهاتەی یەکەکان
+ ژورە شایستە
+بەختەوەری

ئەم ڕیکلامە لەبەرئەوەی تایبەتە بە ڤێلا، تایبەتمەندییەکانی لای خوازیاریان کڕیار ئاشکرایەو هەر تاکێك خاوەنی کەتیگۆرییەکی پرۆتۆتایپییە بەرامبەر بە ڤێلا، هەڵبژاردنی هەندێك وشە، کە هەڵگری چەمکی پرۆتۆتایپی ڕێژەییە لەبیری وەرگردا، بەسە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر، لەبەرئەوە ئەم ڕیکلامە وەك دەقێکی لاواز، کە هەڵگری کەتیگۆریی (ڤێلا، ژمارەی ژور، دیاریکردنی ژور)ە دەبینرێت.

**١٥. ڕیکلامی پرۆژەی ئارۆ ستی:**

**هەلێکی زێڕین لە ئارۆستییەوە، بۆئەوەی خانوو شوقەت بەنرخی ڕاستەقینەی خۆی دەستبکەوێتو بەگران لەدەستی دوی نەکڕیتەوە، ناوی خۆت تۆماربکە.**
**سەردانی پرۆژەکە بکەو بەچاوی خۆت کوالیتیی پرۆژەکە ببینەو ئەزانی، کە جیاوازە، ئەم پرۆژەیە قوتابخانەو دایەنگاو باخچەی ساوایانو هەمو خزمەتگوزارییەکانی شەقامو شۆستەو ئاووئاوەڕۆ و کارەبای ئەندەرگراون لەخۆئەگرێت، هەروەها ڕێژەی سەوزایی لەسەرو ستانداردی جیهانییەوەیە، خزمەتگوزارییەکانی دەرەوەی ئارۆستی وەك ڕێگاوبانو ئاووئاوەڕۆ دەستپێکردووە.**
**لە ئارۆستی بەنرخی خانویەك دەبیتە خاوەنی ڤێلایەك.**

له دەقی ڕیکلامی (١٥)دا تایبەتمەندییەکانی یەکەکانی نیشتەجێبونی پرۆژەکە دیاریکراون بە:

- + هەل
- + نرخی گونجاو
- + بەرزیی کوالێتی
- + پرۆژەی پێویست
- + خزمەتگوزاری
- + کارەبای ئەندەرگراون
- + سەوزایی زۆر
- + شێوە ڤێلایی

## ١٦. ڕیکلامی پرۆژەی بنارستی:

**بنارستی، سێ باڵەخانەی نیشتەجێبون لە جوانترین شوێنو ناوەڕاستی شاری شەقڵاوەی گەشتوگوزار، کە ئەکەوێتە ترافیکی کاوێس ئاغاو جوانییەکی بێوێنەی هەیە، ئاپارتمانی نیشتەجێبونی شاهانە، نرخی زۆر گونجاو بەقیستی درێژخایەن، بنارستی، یەك ژوری نوستن و دو ژوری نوستن .**

**بنار ستی نیشانەی ژیانێکی باشترە.**

له ڕیکلامی (١٦)دا ئەو نیشانانەی وەك تایبەتمەندیی یەکەکان خراونەتەڕو، بریتین لە:

- + دیاریکراویی یەکەکان
- + دیمەنی جوان
- + سەنتەری شار
- + نایاب/ شاهانەیی
- + نرخی گونجاو
- + قیستی درێژخایەن
- + پێکهاتەی یەکە
- + خۆشگوزەرانی

**١٧. ڕیکلامی پڕۆژەی شاری دایك:**

| |
|---|
| **شار هەیە بۆ تێدا ژیانەو هەیە بۆ جوانیو گەشتە، شاری دایك شاری ژیانو جوانییە، بۆ یەکەم جار شوقەی دوبلێکسی دو ڕوی ١٢٨م و١٤١م چەندین ڕوبەری دیکە لەسەر شێوەی ڤێلا، لەبەرزایداو بەشکۆوە بەسەر سلێمانیدا دەڕوانێت، جگە لەجوانیی خۆی جوانی تویمەلێکیشی لەخۆیگرتوە، ببە بەخاوەنی ماڵێك ئەوەی پێی دەڵێن شاهانە، قیستەکانی شاری دایك بۆ پێنج ساڵەو هیچ زیادەیەکی لەسەر نییە، کەم شار هەیە هەستی ڕاستەقینەی ژیانێکی شارییانەت پێببەخشێ، دایك یەکێکە لەو شارانە. شاری دایك لەوهەلانەیە کە لەدەستتدا پەشیمانی.** |

لە ڕیکلامی (١٧)دا بەشێوەیەکی گشتی، تایبەتمەندیی شوێنی پڕۆژەکە، کە کەوتووەتە شوێنێکی بەرزی سلێمانی و نزیك لە گەڕەکێکی خۆشو ڕاقیی سلێمانی، کە توی مەلیکەو ئەم بەرزیو جوانیو ڕاقێتیی شوێنە، کە شکۆی بە پڕۆژەکە داوەو وایلێکردووە، کە هەم شاری ژیانو هەم شاری گەشتوگوزاریی بێت، جۆری شوقەو شێوەی ڤێلاییو ڕوبەری جیاوازیان، تایبەتمەندیی تری یەکەکانن لەگەڵ ژیانێکی شاهانەو قیستی درێژخایەن، ئەمانە هەموویان بە فەراهەمکەری ژیانێکی ڕاستەقینەی شاهانەی شارییانە دەرخراونو ئەو ژیانەش وەك هەلێك نیشاندراون، بەمەش تایبەتمەندیی یەکەکان دەبن بە:

+ تێداژیانو گەشت
+ دوبلێس
+ دو ڕو
+ ڕوبەری جیاواز
+ شێوە ڤێلایی
+ بەرزیی شوێن
+ شکۆ
+ جوانی
+ شاهانەیی
+ قیستی درێژخایەن
+ ژیانی شارییانە
+ هەل

18. **ڕیکلامی پڕۆژەی شاری ئەوین:**

| |
|---|
| **شاری ئەوین، جوانیو کوالێتی لە ڤێلاکانی شاری ئەویندا پێشبڕکێ ئەکەن، چونکە وردەکاری پیشەی ئێمەیە، ڤێلاکان دو نهۆمو ڕوکنن، دیوارەکان عازلنو پەنجەرەش دەبلّجام، خزمەتگوزاری وەك خوێندنگەو باخچەی ساوایانو نەخۆشخانەو مزگەوت لەشاردا، سەوزایی لەستانداردی جیهانی بەرزترە، بۆ دیکۆری دەرەوە ئیلهام لە دیزاینی موتەلەبەی تورکی وەرگیراوە ، شوێنی شارەکەمان لەبەردەم پڕۆژەی شەقامی ١٠٠م سلێمانییە.**<br>**ئەوین ... شارێکی نمونەیی.** |

تایبەتمەندیی یەکەکانی نیشتەجێبونی پڕۆژەکە،کە لە ڕیکلامی (١٨)دا ئاماژەیان پێکراوە بریتن لە:

+ جوانی
+ بەرزیی کوالێتی
+ ڤێلا
+ دونهۆمی
+ ڕوکن
+ عازل
+ دەبلّجام
+ پڕۆژەی پێویست
+ سەوزایی زۆر
+ دیکۆری دیزاینی تورکی
+ شوێنی باش
+ نمونەیی

**١٩. ڕیکلامی پرۆژەی شاری زێڕین:**

بەیادهێنانەوە لە ڕێگەی زمانەوە، میکانیزمێکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجێك، چونکە خودی کەتیگۆری بەیادکردنەوە هەڵگری کۆمەڵێك چەمکی پرۆتۆتایپی ڕێژەییە، هەروەك (قازانج، کەڵك، پەشیمانی، نوێکردنەوە، کردار )، هەڵبەت ئەگەر ڕیکلامکار دەرك بە ئەم ڕێژە پرۆتۆتایپییەی زمان بکات، ئەوا سەرکەوتوانە پەیامەکەی ئاڕاستەی وەرگر دەکات.

خێزانی لێکچو لەم پرۆتۆتایپە ڕێژەییانەی وشەکانی زماندا، جەخت لە ئامانجی وەرگر دەکاتەوە، بۆنمونە لە ڕیکلامی (١٩)دا، خێزانی لێکچو لە چەمکی لە گونجاوێتیو دڵنیایدا چڕدەبێتەوە، کە ئەمەش هۆکاری کارکردنەسەر وەرگرە.

| |
|---|
| **مژدە مژدە شاری زێڕین خەونەکانی کردە ڕاستی، پێش کۆتایهاتنی خانوو ڤێلاکانی شاری زێڕینو کۆمپانیای سویدش ستار وەك هەردەم خەونەکانتان دەکات بەڕاستی، لە هەلێکی تردا وەك خزمەتێك بۆ هاوڵاتیان، ئەوانەی نەیانتوانی بەشداربن لە خانوو ڤێلاکان، هەڵسان بەدروستکردنی شوقەکانی زێڕین سەنتەر، کە دەکەوێتە ناو سەنتەری شارەکە، ئێستا لە قۆناغی باشی دروستکردندایە، لەلایەن کۆمپانیایەکی تورکیی پسپۆڕی ئەم بوارە جێبەجێدەکرێت.**<br>**بیرتان نەچێت فرۆشتن بەقیستی درێژخایەنە، لەگەڵ بونی هەمو خزمەتگوزارییەك وەك دایەنگا، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، پارك بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل، پەلەبکە بۆئەوەی لە دەستی دووەم بە دو ئەوەندەی نرخی خۆی نەیکڕیتەوە.**<br>**کۆمپانیای سویدش ستار، هەردەم متمانەت پێدەبەخشێت، لەدەستی مەدە.**<br>**لەبیرتان نەچێت شوێنی شوقەکانی زێڕین سەنتەر دەکەوێتە سەر ڕێگای مەسیف سەلاحەدین**<br>**شاری زێڕین ... هەلێکی زێڕین** |

بەپێی ڕیکلامی (١٩)، تایبەتمەندیی یەکەکانی نیشتەجێبونی پڕۆژەکە بریتین لە:

+ موژدە
+ خەون
+ هەلی زێڕین
+ خزمەتکردنی هاولاتیان
+ سەنتەری پڕۆژ
− چاوەڕوانی
+ خزمەتگوزاری
+ پارکی ئۆتۆمبیل
+ قازانج/ نرخی کەم
+ متمانە

**٢٠. ڕیکلامی پڕۆژەکانی کۆمپانیای بەڕێز:**[٨١]

**هەلێکی چاوەڕواننەکراو بۆ خوازیارانی کڕینی خانوو شوقەی نمونەیی لە پڕۆژەکانی**
**گرین ستی، لوبنان ستی، بڕوا ستی، دیە ستی**
**قەرزی خانوبەرە دەیانگرێتەوە.**
**کۆمپانیای بەڕێز ... هەمو ڕۆژێك ئەزمونی بەهێز**

تایبەتمەندیی یەکەکانی نیشتەجێبونی ئەو سێ پرۆژەیەی لە ڕیکلامی (٢١)دا ئاماژەیان پێکراوە، بریتین لە:

[81] ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (٣٦٩)، ٢٠١٣/٣/١٩، هەروەها ژمارە (٣٧٧)، ٢٠١٣/٤/٢.

+ هەل
+ چاوەڕواننەکراو
+ نمونەیی
+ چەند پرۆژەیەك
+ ئەزمون
+ بەهێزی

ڕیکلامی (٢٠) بە دەربڕینی وشەی (نمونەیی)، کە باشترین پرۆتۆتایپی هەر شتێکە، کە مرۆڤ بیەوێت بیری لێبکاتەوەو خواستی بەدەستهێنانی هەبێت، پەیامەکەی ئاڕاستەدەکات، وەك گرنتیی بونی ئەم نمونەییەش، خودی کۆپانیای بەڕێز دەکاتە بەڵگە. بەمپێیە کەتیگۆریی ڕیکلامی (٢٠) هەریەك لە (هەل، نمونەیی، کۆمپانیای بەڕێز) دەگرێتەوە.

**٢١. ڕیکلامی پرۆژەی پاشا ستی:**[٨٢]

| |
|---|
| **پاشا ستی .... شاری خەونەکان** |

**قۆناغی سێیەمو کۆتایی یەکەکانی ئامادەیە بۆ فرۆشتن.**
**بەشی چونەژورەوە دادەپۆشرێت، بەمەرمەڕو گرانێتی پلە یەكو بەکارهێنانی بەرزترین ئاستو وەستای کارامەو شارەزاو سەردەمیانە، کراوەیە ڕۆژانە بۆ خزمەتی تۆ.**
**دیـواری ڕوی دەرەوە جیاکراوەیـە، واتـە (عـازل)و داپۆشـراوە بـە بناغـەی پۆلیـستەری بـە کەرەستەی بۆیاغی ..**
**بەرگریی دەنگی/ دەنگبڕ لەنێوان دیوارەکان.**

---

[82] ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (٣٨٩)، ٢٠١٣/٨/٦، ژمارە (٣٩٠)، ٢٠١٣/٨/١٣، ژمارە (٣٩١)، ٢٠١٣/٨/٢٠، ژمارە (٣٩٢)، ٢٠١٣/٨/٢٧.

**دەرگاکانی چونەژورەوەی بەشەکە لە پۆڵاو قفڵی دار دروستدەکرێت، دەرگاکانی ناوەوە، دەرگای کانزایی تابلۆی ئەمریکین، خۆگریو زۆر بەکارهێنانی پی ڤی سی بۆ پێکەوەبەستنو پەنجەرەکان.**

**لەژێرەوەی باڵەخانەکەدا مۆلیدەی کارەبایی جێگیرکراوە بۆ دابینکردنی کارەباو ڕوناکی، کۆگای ڕاگرتنی ئاوو بەرزکەرەوەکان (مەسعەد)و سیستەمی کامێرا.**

**ئامادەکراوە بەئاڕاستەی نیشانەکانی حاڵەتی لەناکاو لەبەشەکاندا، بۆ ڕێگای ڕزگاربونو سەلامەتیی بەربەستی مەترسیی ڕێگاکانو پەیژەی دەرچون ئامادەکراوە لە ڕاڕەوی نهۆمەکەو هەروەها لەڕاڕەوی هەر نهۆمێك.**

لە دەقی ڕیکلامی (٢١)دا تایبەتمەندیی یەکەکان دیاریکراوەو وردەکاریی کوالێتیی کەرەستەکان خراوەتەڕو، کە لە هیچ یەکێك لەو ڕیکلامانەی بەکارمانهێناون بەو وردەکارییە نەخراوەتەڕو،* نیشانە باشەکانی یەکەکان بریتین لە:

+ خەون
–چاوەڕوانی/ + ئامادە
+ بەرزیی کوالێتی
+ عازل
+ دەنگبڕ بۆ ژورەکان
+ خۆگری
+ پی ڤی سی
+ مۆلیدەی کارەبایی
+ کۆگای ئاو
+ سیستەمی کامێرا
+ ڕێگای ڕزگاربون

* لەم ڕیکلامەدا ڕاستە وردەکاری لە کەرەستەی بەکارهاتوو هەندێك تایبەتمەندیی تردا کراوە، بەڵام ئاماژە بە شوێنو ڕوبەرو نرخی یەکەکان، کە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی یەکەی نیشتەجێبونن، نەدراوە.

سەرجەم ڕیکلامەکان بۆ یەکەی نیشتەجێبون، جیاوازییان لە وشەو دەربڕیندا هەیە، نەك لە چەمکدا، وێڕای هەندێك جیاوازیی کەم، بۆ نمونە وەك بونی قیست لە هەندێك ڕیکلامداو نەبونی لە هەندێکی دیکەدا، کە ئەمە سنوردارترین جیاکەرەوەی هەمو ڕیکلامەکانە بەگشتی.

لێرەدا ئاماژە بە سێ چەمكو دەربڕینە جیاوازەکانی ئەو سێ چەمکە دەدەین:

| خزمەتگوزاری- چەمك١ | سروشت-چەمك٢ | لایەنی ڕۆحی/ دەرونی-چەمك٣ |
|---|---|---|
| مۆلیدەی کارەبا | سەوزایی | ئارامی |
| کۆگای ئاو | بەرفراوانی/ چۆڵی بەردەم | ئاسایش |
| قوتابخانە | دیمەن | مزگەوت |
| خەستەخانە | | مەلەوانگە: نێر/ مێ |
| پارك | | چاوەڕێنەکردن |
| یەکەی ڕوبەر | | دەنگبڕ |
| ساردیو گەرمی | | ئەزمون |
| | | هەل |
| | | بەدیهاتنی خەون |

ئەو ئەندامانەی لە چەمکی (١)و (٢)و (٣) بەشدارنو کەتیگۆرییەکیش پێکدەهێنن، لە هەمانکاتدا ئەو چەمکانە بریتی دەبن لە خێزانی لەیەکچوی هەر یەك لە کەتیگۆرییەکانی چەمکی (١، ٢، ٣)، باشترین نمونەی پرۆتۆتایپی ئەو کەتیگۆرییانەش، کە سنورێکی ناڕون لەنێوان ئەندامەکانی هەر یەك لەو سێ کەتیگۆرییەدا هەیە، بەپێی پێشینەو خواستو ئەزمونو خەونی تاکە کەس جیادەکرێتەوە.

بۆ نمونە ڕەنگە بەپێی خواستی دەستەو گروپێك، کە خاڵی هاوبەش لەڕوی ئابورییەوە باشترین نمونەی پرۆتۆتایپی ڕیکلامەکە (قیستی درێژخایەن) بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە بۆ دەستەو گروپێك، کە کێشەی داراییان نەبێت، (بەرفراوانیی ڕوبەر) دەبێتە باشترین پرۆتۆتایپی ڕیکلامەکە.

ئالێرەوە دو بواری واتایی بۆ ڕیکلامکار بایەخی دەبێت، کە بوارێکیان فرەواتاو ئەوی دیکەیان هاوواتا، بە پشتبەستن بەو بۆچونەی، کە ئەو کەرەستە زمانییانەی خاوەنی بیرێکیان چەمکێکن لە

ئاوەزی قسەپێکەرانی زماندا، ئەوا هاوواتان،[83] بەمپێیە هەر یەك لەو ئەندامانەی لە سنوری کەتیگۆریی چەمکی١، ٢، ٣ دان هاوواتای بەشەکین، لەگەڵئەوەشدا هەمان کاریگەری لەسەر دەرونی وەرگر بەجێناهێڵن، کە ئەمەش پشت بە پێشینەی کۆزانیاریی وەرگرەکان دەبەستێت، چونکە بەپێی جۆری کۆزانیارییەکان، کە پێشینەی قسەپێکەرەکانە، هەر کەتیگۆرییەك کۆمەڵێك ئەندامی جیاکراوەی جیاواز لە تاکێکی تر دەبێت، تەنانەت بەشەکەتیگۆرییەکانیش جارێکی تر دەبنەوە بە کەتیگۆرییەکی سەربەخۆ، جیاواز لە کەتیگۆرییەکەی خۆی پێکدەهێنێت.

جۆری کۆزانیارییەکان، کە کاریگەری لەسەر پێشینەی تاك هەیە، بە کورتی هەر یەك لە (کۆزانیاریی فەرهەنگی، کۆزانیاریی ئینسکلۆپێدیایی، کۆزانیاریی خودی، کۆزانیاریی کلتوری، کۆزانیاریی ناکەلتوری)*، بەمپێیە دنیابینیی وەرگر پەیوەست بە جۆری کۆزانیارییەکانەوە، چەندێتیو چۆنێتیی کاریگەرێتیی کەتیگۆریی ڕیکلامەکان لەسەر وەرگر دیاریدەکات.

فرەواتایی بوارێکی دیکەیە، لەنێو ئەندامی کەتیگۆرییەکاندا دەبێتە جێگەی پرسیار، بەوەی ئایا هاوبەشێتیی چەمکی لەنێو ئەندامەکانی کەتیگۆریداو تەنانەت لەنێو کەتیگۆرییەکان لەنێو یەکتردا بوار بۆ بەرهەمهێنانی فرەواتایی دەڕەخسێنێت؟ لێرەدا پێویستە پشت بە پێناسەی فرەواتا ببەستین، کە فۆڕمێکەو چەند واتایەك دەگەیەنێت، هەموو ئەم واتایانەش ڕیشەیان یەکەو لەسەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵاون، بەمپێیە هەریەك لە ئەندامەکانی ئەم کەتیگۆرییانە فرەچەمکن، نەك فرەواتا، بەو مانایەی بونی ڕێژەی پلەداریی لێکچون لەنێوان ئەندامەکاندا لەسەر بنەمای چەمکە، نەك واتا، هەروەك هەردو ئەندامی (قوتابخانە، خەستەخانە) خاوەنی چەمکی هاوبەشن، کە خزمەتگوزاریو پێداویستیی فێربونو تەندروستییە بۆ تاکەکان، هەروەها فرەچەمکیشن، بۆ نمونە وشەی قوتابخانە بە چەمکی جیاوازی وەك (ڕۆشنبیریی، ئەزمون، دنیادیدەیی..)و وشەی خەستەخانە بە چەمکی (بۆنناخۆشی، بۆماڵێك، کە هەموویو هەریەکە لە لایەکەوە پاڵکەوتبێت، جۆری دیزاینی هەندێك خانو بەتایبەت ئەو خانوانەی ژورەکانیان بەرامبەر یەکن... )، بەڵام هەریەك لە خەستەخانەو قوتابخانە هەڵگری دو واتای جیاوازن.

---

[83] شیروان حوسین (٢٠١١، ٤١– ٤٢)


* دەربارەی کۆزانیارییەکان لە ڕوی زمانیو نازمانییەوە بڕوانە: Lobner (2002) ،Chomsky, (1986)، Chejnová, P. (2011) ، Evan, V & Green, M (2006)

وێڕای ئەوەش، دەشێت یەکێك لە ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکە فرەواتا بێت، ئالێرەدا دەکرێت بپرسین پرۆتۆتایپی فرەواتا لە کەتیگۆرییەکدا چۆن دیاریدەکرێت، بۆ نمونە وشەی قوتابخانە بە بونی دو واتا هەروەك بە واتای (شوێنی فێربون)و (ڕێباز)، لە کەتیگۆریی چەمکی (١)دا چۆن دیاریدەکرێت، لێرەدا درکپێکردنی تاك بە پەیوەستبونی واتای ١ یان ٢ یان ٣...تاد بە چەمکی بنەڕەتیی کەتیگۆرییەکەوە ڕۆڵدەبینێت، هەروەك کەتیگۆریی چەمکی١، کە دیاریکردنی پێداویستییە بەرجەستەیی‌و خزمەتگوزارییەکانە، چەمکی واتای ١ هاوتای پرۆتۆتایپی کەتیگۆرییەکە دەبێت.

ئەوەی لە دیدی ڕیکلامکارانەوە تێبینیدەکرێت‌و بەپێی کۆی هەمو ڕیکلامە وەرگیراوەکان دەربارەی یەکەی نیشتەجێبون، دەبێتە لەبەرگیراوەی نمونەکان، بریتین لە چۆنێتیی هەڵبژاردنی شوێن، کە بە چەند دەربڕاوێك ئاماژەی بۆ دەکەن، وەك (بەرزترین شوێنی شار، لە سروشتەوە نزیك، دور لە قەرەباڵغی، نزیك ئاوەدانی ...)، هەریەکەو بەپێی نەخشەی دروستی خۆی لە چۆنێتیی هەڵبژاردنی شوێنەکەدا دەخاتەڕو.

بەمپێیە ئاستی بنەڕەتیی یەکەی نیشتەجێبون، بە سێ چەمك وەك لە خشتەی (١)دا ئاماژەمان پێداوە، دەستنیشاندەکەین‌و پاشان ئاستی شوێنکەوتە، کە بەشە کەتیگۆریی چەمکەکانە لە ئاستی بنەڕەتی جیادەبێتەوە.

یەکەی نیشتەجێبون




خشتەی ژمارە (١)

هەریەك لە ئاستی شوێنکەوتە لە جیاکردنەوەی کەتیگۆرییەکی تردا، جارێکی تر دەبێتەوە ئاستی بنەڕەتی، بەمەش ئاستی بنەڕەتیو شوێنکەوتە، تۆڕێکی پێکداچو بەهۆی درکپێکردنەکانی تاکەوە پێکدەهێنن، بەجۆرێك لەکوێدا خاڵەکان یەکیانگرت، ئەوا چەمکە میتافۆرییەکان بەرهەمدەهێنرێن، کە مەرج نییە ئەم چەمکە میتافۆرییە ببێتە چەمکێکی پڕۆتۆتایپی، ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی ڕوبەڕوی تیۆری پڕۆتۆتایپ بووەتەوە.

### ٣. ١- ٢ ڕیکلامی برنج

لێرەدا ئەو ڕیکلامانە شیدەکەینەوە، کە لەبەردەستی ئێمەدانو بۆ برنج کراون، بەپێی شیکردنەوەکەو لە دەقی ڕیکلامەکاندا تایبەتمەندییەکانی برنج لە هەر ڕیکلامێکدا بەچەند نیشانەیەك دەردەهێنینو دەیانخەینەڕو، دواتر لەسەر بنەمای ئەنجامی ڕاپرسییەکەمان (بڕوانە ٢/٣ ئەم بەشە) باشترین نمونەی/پڕۆتۆتایپی ڕیکلامی برنج دیاریدەکەین.

| |
|---|
| **٢٢. ڕیکلامی برنجی مەحمود :**<br>**أ. برنجی مەحمود ... خۆشتامو بەسود** |

لە ڕیکلامی (٢٢ – أ)دا تەنها دو تایبەتمەندیی برنجی دیاریکردووەو وەك لایەنی باشی برنجەکە نیشاندراوە، ئەوانیش بریتین لە:

{ + تامی خۆش ، + بەسودی }

| |
|---|
| **ب. ئامادەکاری بۆ خوانی میوانو خۆشەویستان چێژی خۆی هەیە، پێشکەشکردن چێژی خۆی هەیە، هەمومان لەکاتێکی پڕ لەخۆشەویستیداینو دەگەڕێینەوە بۆ سەر سفرەو خوان، پاش ئامادەکارییەکی باشو خۆشەویستیو بەیەکەوەبونمان چێژی بەرهەمهێناوە، چێژ لەهەمو شتەکان چێژ لەخوانێکی ڕازاوەی جوان، چێژ لە برنجی مەحمود.** |

له ڕیکلامی (٢٢ – ب) دا بەشێوەیەکی گشتی جەختکراوەتەوە لە یەك تایبەتمەندیی برنج، ئەویش تاموچێژەکەیەتی، بەجۆرێك خۆشەویستیو بەیەکەوەبونو ئامادەکاریی باشو هەمویان چێژیان بەرهەمهێناوەو چێژەکەش بەستراوەتەوە بە چێژی برنجەکەوە، کە ئامادەکارییەکانیو خوانەکانیو پێشکەشکردنیشی هەر چێژبەخشە، هاوکات هەر ئەویشە خوانێکی ڕازاوەی جوانمان پێدەبەخشێت، بەپێی ڕیکلامەکە، ئەم تایبەتمەندییە باشانەی برنجەکەی دیاریکردووە.

+ تامی خۆش
+ ڕازاندنەوەی خوان
+ باشی بۆ پێشکەشکردن

بەمپێیەش، بەپێی ژمارەی تایبەتمەندییەکان، پلەبەندیی ئەم دو ڕیکلامە بریتی دەبێت لە:
( ب ) یەکەمو ( أ ) دووەم دەبێت، کۆی تایبەتمەندییەکانیشیان یەکسان دەبێت بە نیشانەکانی {+ تامی خۆش، + ڕازاندنەوەی خوان، + باشی بۆ پێشکەشکردن، + بەسودی }.

**٢٣. ڕیکلامی برنجی موحسین:**

**أ. لەڕیکلامێکی ڤیدیۆییدا، لەگروپێك لە دەنکە برنجی جیاوازدا، مامۆستا ناوی ئامادەبووان دەخوێنێتەوە:**

- **بەسمەتی ؟**
- **بەڵێ هاتوم .**
- **تایچۆن ؟**
- **بەڵێ مامۆستا.**
- **چۆمالو دوگان ؟**
- **یەکێك لەبری ئەو " مامۆستا چۆمالو دوگان ئەمڕۆ دەمی نەکێشاوەو نەهاتووە.**
- **هاهاها ...**

- **زۆر باشە .. دورسیا ؟**
- **مامۆستا فەرمو**
- **موحسین ؟**
- **ئامادەم .**
- **دانیشە گیان .**
- **دانیشتوم مامۆستا.**
- **ماشائەڵڵا لەو قەدوباڵایە، ئەوە چییە ئەی هاوار، دەك بەقوربانی ئەو قەدوباڵایە بم .**
  **هەمو برنجێك دەنكدرێژ نییە ... برنجی دەنكدرێژی موحسین**

لەڕیكلامی ( ٢٣ – أ )دا، تەنها بە تایبەتمەندیی جەختی لەسەر كراوەتەوەو ئەویش شێوەی برنجەكەیە، كە زۆر درێژیی برنجەكەیە، ئەمەش لە ڕێگەی شانۆییەكی كارتۆنییەوە بۆ نیشاندانی درێژی ئەم برنجە لەچاو برنجەكانی تردا، واتە لەم ڕیكلامەدا تەنها یەك تایبەتمەندیی برنجەكە ئاماژەی پێدراوەو ئەویش بریتییە لە: { + دەنكدرێژی }

**ب. بەگۆرانی: شلەی قەیسیو فاسۆلیا، شلەی تەپسیو لۆبیا، تەنهاوتەنها بەس موحسین**
**هەرچییەك بێ خواردنەكە، كەبابو مریشكی بژاو، تەنهاو تەنها بەس موحسین،**
**خواردن هەرچیتان هەبێ**
**زەڵاتەو ترشیات هەبێ، یاخود نەبێ**
**تەنها موحسین ئارەزو ئەكەین**
**برنجی موحسین لەبیرناكەین**
**با كوڵاو بێ، با سادەبێ**
**با كشمیشو بریانی بی**
**تەنهاو تەنها بەس موحسین.**
**برنجی دەنكدرێژی موحسین**

لەدەقی ڕیکلامی ( ٢٣ – ب )دا، ئەو تایبەتمەندییەی کە جەختی لەسەرکراوەتەوە بۆ برنجەکە، گونجاندنیەتی لەگەڵ ئەو خواردنانەدا، بەو پێیەی، کە ئارەزوکردنی برنجەکە ئاماژەی پێدراوە، لەگەڵ بونو نەبونی زەڵاتەو ترشیاتدا، کەواتە هۆکاری گونجاندنەکەش، بریتییە لە تاموچێژی برنجەکە، هاوکات شێوەی برنجەکە، کە دەنکدرێژە، خراوەتەڕو، بەمەش تایبەتمەندییەکانی برنجەکە بریتی دەبن لە:

+ تامی خۆش
+ دەنکدرێژ

بەپێی ژمارەی تایبەتمەندییەکان، پلەبەندیی ئەم دو ڕیکلامە، (ب) یەکەمو (أ) دووەم، نیشانەکانیش یەکسانە بەنیشانەی (ب).

**٢٤. ڕیکلامی برنجی ئەحمەد**

**لە کەشێکی ئارامو خەیاڵێکی قوڵدا، هەست بە ئاسودەییەکی بێوێنە دەکەیت، دڵنیابە هەمیشە ئارامی لای ئێمە ئەدۆزیتەوە، چونکە برنجی ئەحمەد سەرچاوەی ئارامییە، برنجی ئەحمەد لەسەر خوانێکی پر لە ئاسودەیی کۆماندەکاتەوە.**

لە ڕیکلامی (٢٤)دا ئاماژە بەوە دراوە، کە بەهۆی برنجی ئەحمەدەوە کەشێکی ئارامی نێو خێزانەکانو ئاسودەیی دروستدەبێت، بەپێی ڕیکلامەکەش، ئەو تایبەتمەندییانەی برنجەکە، کە وەك نیشانەی باشی برنجەکە خراونەتەڕو، بریتین لە:

+ کەشی ئارام
+ ئاسودەیی

**٢٥. ڕیکلامی برنجی تەماشای میعاد**

**واو ... ئەم برنجە هێندە بەلەزەتە، هەمو شتێکت لەبیردەبات، گەر دەعوەتی ئازیزێکیشت بیت، تەماشاکەو تەماشای میعاد ببینەو خزمەتی ئازیزانتی پێبکە، دەنکدرێژ، هندییە، چەند هێندەی خۆی زیاددەکات، برنجی تەماشای میعاد، پشکنینی لە تاقیگەی نێودەوڵەتی SUS ی سویسری بۆکراوە، لەبەر ئەوە دڵنیابە لە تەندروستیو باشیی ئەم برنجە .**

**تەنها تەماشاکەو لەمەودوا تەماشای میعاد بەکاربهێنە.**

بەپێی دەقی ڕیکلامی (٢٥)، تایبەتمەندییە باشەکانی برنجەکە ئاماژەپێدەدات بەوەی، تاموچێژی برنجەکە بەجۆرێکە هەمو شتێکت لەبیردەباتەوە، بەتایبەت دەعوەتی ئازیزێکت بیتیان دەعوەتی ئازیزانتی پێبکەیت، بەواتا لەبارە بۆ پێشکەشکردن بۆ کەسانی خۆشەویستو تایبەت، هەروەها شێوەی برنجەکە، کە دەنکدرێژەو جۆری برنجەکە، کە هندییە ئاماژەی پێدراوە لەگەڵ دەمکێشانو زیادبونی چەند هێندەی خۆی لەکاتی لێناندا، ئەمە جگەلەوەی ، ئاماژە بە دەرچونی لە تاقیگەی نێودەوڵەتی دەکات، ئەمەش وەك دڵنیاییەك بۆ تەندروستبونی برنجەکەو بێخەمبون بەرامبەر بە دەرکەوتەی خراپ لە ئایندەدا، لەکۆتایشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەر بەتەماشاکردنی شێوەو دەمکێشانی برنجەکە، واتلێدەکات ئیتر ئەو برنجە بەکاربێنیت، کەواتە بەپێی ئەم ڕیکلامە، تایبەتمەندیو نیشانەکانی برنجی باش بریتین لە:

+ تاموچێژ
+ گونجان بۆ پێشکەشکردن
+ دەنکدرێژ
+ دەمکێشان
+ دەرچون لە پشکنین

**٢٦. ریکلامی برنجی چەوتان**

**وەك ئەوەی دەنکەکانی لە ئاسمانەوە بارییێتو هەڵبرژێتە سەر خوانەکانمان، دەفرەکانمان پڕدەکات لە بەرەکەت، ماڵەکانمان دەکاتە کانگای بۆنی خۆشو ڕەزامەندی، هەمو تایبەتمەندییەکانی برنجێکی نمونەیی هەیە، برنجەکانی دیکە تەنها گەدە تێردەکەن، برنجی چەوتان تێرکەری گیانو جەستەیە.**

**چەوتان برنجی نەوە جیاوازەکان.**

لە دەقی ریکلامی (٢٦)دا، تایبەتمەندیی برنجەکەو شێوەو زیادکردنەکەی بەجۆرێکی تایبەت نیشاندەدات، بەوەی کە لە ئاسمانەوە باریوەتە سەر سفرەو خوانەکانو بە دەمکێشانیشی، دەفرەکان پڕ لە بەرەکەت دەکات، هەروەها بۆنوبەرامەکەشی وەك تایبەتمەندییەکی ناوازە نیشانداوە، کە هەمو ماڵەکە پڕدەکاتو دەیکاتە کانگای بۆنی خۆش، بەجۆرێك هەموان ڕازیدەکات، هەروەها بەشێوەیەکی گشتیو بێ وردکردنەوەو ناوهێنان، ئاماژە بە بونی هەمو تایبەتمەندییەکی برنجی نمونەیی دەدات، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم برنجە نەك تەنها هەر گەدە، بەڵکو ڕوحیش تێردەکاتو ئاسودەیی دەبەخشێت، بەمەش دەبێت برنجی هەمو نەوەکان، واتە تایبەتمەندییەکانی برنج لەم ریکلامەدا بریتین لە:

- \+ تایبەت
- \+ دەمکێشان
- \+ بۆنی خۆش
- \+ ئاسودەیی
- \+ بۆ هەمو تەمەنەکان

**٢٧. ریکلامی برنجی گوڵبەهار**

**بەڕاستی شایەنی ئەوەیە خۆتی بۆ ماندوبکەیت، برنجێك پڕ لەجوانی، تامی نەبڕاوە، ڕەنگو شێوەیەکی تایبەت، شایەن بۆ پێشکەشکردن بۆ خۆشەویستانت، ئەم برنجە یانزە بیستویەکی هندیی دەنکدرێژە ، برنجی گوڵبەهار، هەمومان بەیەکەوەین بۆ خوانێکی بێهاوتا، برنجی گوڵبەهار.**

ئەو تایبەتمەندییانەی برنج، کە لەدەقی ڕیکلامی (٢٧)دا ئاماژەی پێدراوە، جوانیو تامو ڕەنگو شێوەی برنجەکە، کە وایلێدەکات شایەنی پێشکەشکردن بێت بۆ خۆشەویستان، هەروەها جۆری برنجەکە لەگەڵ شێوەکەی کە دەنکدرێژە، ئەم تایبەتمەندییانەش هەمو لایەك بۆ خوانێکی بێهاوتا کۆدەکاتەوە، کەواتە تایبەتمەندییەکانی برنج بەپێی ئەم ڕیکلامە ئەمانەن:

+ جوانی
+ تاموچێژ
+ گونجاوی بۆ پێشکەشکردن
+ دەنکدرێژ
+ جۆری برنج ١١٢١

## ٢٨. ڕیکلامی برنجی هودهود

**أ. برنجی هودهود، برنجی هودهود بەهۆی باشیی جۆرەکەیەوە چێشتلێنەرەکانی سەرسامکردووە، بەوەی کە هەمیشە دەتوانن برنجێك پێشکەشبکەن، جێی ڕەزامەندیی هەموان بێت، جوان، بۆنوبەرامی خۆش، دەنکدرێژ.**

**هەڵبژاردەی من تەنها هودهودە، خانەوادەکەشم دڵخۆشن، چاوەڕوانن، هەمیشە خوانمان**

**بەبێ هودهود نییە، برنجی هودهود**

لە ڕیکلامی (٢٨ – أ)دا ئەوە دەردەخات، کە جوانیو بۆنخۆشیو دەنکدرێژیی برنجەکە، چێشتلێنەرەکانی سەرسامکردووە، ئەم باشیی جۆرە وایکردووە، هەمیشە بتوانن برنجە لێنراوەکەیان جێگەی ڕەزامەندیی هەموان بێت، لەبەرئەوەی هەمیشە ئەو برنجە بەکاردەهێنن، خانەوادەکەیان دڵخۆشن، کەواتە ئەو تایبەتمەندییانەی برنج کە لەم ڕیکلامەدا ئاماژەی پێدراوە، بریتیین لە:

+ جوانی
+ تاموچێژ
+ بۆنی خۆش
+ دەنکدرێژی
+ لێزانینی ناوێت
+ ئاسودەیی

| |
|---|
| **ب– من لە ویستگەی چاوەڕوانی چاوەڕوانم.**<br>**– منیش تامەزرۆم هەمیشەکۆببینەوە.**<br>**تامو لەزەتی کۆماندەکاتەوە، برنجی هودهود، برنجی هودهود** |

ئەوەی لە ڕیکلامی (٢٧ – ب)دا ئاماژەی پێدراوە، بریتییە لە تاموچێژی برنجەکە، کەوایکردووە هەمیشە چاوەڕوانبین‌و بەهۆیەوە کۆببینەوە، کەاتە ئەو تایبەتمەندییانەی لە ڕیکلامەکەدا ئاماژەی پێدراوە، بریتین لە :

{ + تاموچێژ، + ئاسودەیی}

بەپێی ژمارەی تایبەتمەندییەکان، ڕیکلامی (أ) پلە یەك‌و (ب) پلە دو دەبێت، کۆی نیشانەکانیش یەکسانن بە نیشانەکانی (أ).

**٢٩. ڕیکلامی برنجی عەدنان**

| |
|---|
| **ئەهـ ! کە بەلەزەت‌و بەتامە، سەیرکە! هەر حەزدەکەیت تێر سەیریبکەیت‌و تامیکەیت، ئەزانن ئەمە ناوی چییە؟ برنجی عەدنان، دەنکدرێژو هندییە، برنجی (١١٢١)ەو لەتام‌و چێژدا وێنەی نییە.**<br>**عەدنانە عەدنان ، دەنکدرێژو بەتامە، با بەهێز بیت وەك من، دیاریی منە بۆتان، برنجی عەدنانە عەدنان.**<br>**تەنیا یەکجار برنجی عەدنان تامبکە، تا هەمیشە برنجی عەدنان بکەیتە میوانی خوان.** |

تایبەتمەندییەکانی برنج بەپێی ڕیکلامی (٢٩) بریتین لە تاموچێژی برنجەکە، لەگەڵ جۆری برنجەکە، کە ١١٢١ی هندییەو دەنکدرێژو هەروەها بەسودەو مرۆڤ بەهێز دەکات، ئەم تایبەتمەندییانە، کە لە یەکەم تامکردنەوە دەردەکەون وادەکەن، هەمیشە ئەو برنجە لەسەر سفرەو خوانەکان ئامادە بێت، کەواتە نیشانەو تایبەتمەندییەکانی برنجی باش لەم ڕیکلامەدا بریتین لە:

+ تاموچێژ
+ جۆری برنج ١١٢١
+ دەنکدرێژ
+ بەسود

**.٣٠ ڕیکلامی برنجی چالآغ**

**أ. لە ڕیکلامێکی شانۆییدا**

- **فەرمو**
- **دەستخۆش .. شازە بالآکەم**
- **نارۆیت بەسەری کاکەم**
- **ناوت چییە براکەم**
- **چالآخت نەبیستووە کاکە**
- **ئەی ئەی .. کاکە ئەمە بۆ وایە**
- **ئاخر کاکە چاوجوان درێژتری لە هەموان**
- **هاهاها**

**برنجی چالآخ بالآترین برنجە لەسەرتاسەری عێراقدا.**

**چالآخ دەنکدرێژو بۆنخۆشە، بەرەکەتی سفرەو خوانە، هەربۆیە پێی ئەڵێن پاشای برنج .. چالآخ**

ئەو تایبەتمەندییانەی وەك نیشانەی باشی برنج لە دەقی ڕیکلامی ( ٣٠ – أ )دا خراونەتەڕو، بریتین لە:

+ دەنکدرێژ
+ بۆنخۆشی
+ دەمکێشان

**ب. لە ڕیکلامێکی شانۆییدا**

- **چاکن هاوڕێیان**
- **سەرچاو چالاخ گیان**
- **ئەوە چییە کاکە تۆزێك وریابیت چاکە**
- **بالاکەت بەرزو چاکە**
- **هاهاها**

**برنجی چالاخ بالاترین برنجە لەسەرتاسەری عێراقدا.**

**چالاخ دەنکدرێژو بۆنخۆشە، بەرەکەتی سفرەو خوانە، هەربۆیە پێی ئەڵێن پاشای برنج.. چالاخ**

لە ڕیکلامی ( ٣٠ – ب )دا، ئەو تایبەتمەندییانەی بۆ برنج خراونەتەڕو، هەر ئەو تایبەتمەندییانەن کە لە ڕیکلامی (٣٠ – أ)دا خرابونەڕو، تەنها ئەوە نەبێت، کە گفتوگۆی پیشاندانی دەنکدرێژی برنجەکە گۆڕاوەو بەمەش هەردو ڕیکلامەکە یەك پلەیان دەبێت.

**٣١. ڕیکلامی برنجی نەورەس**

- **پەیامنێرێك "بازاڕ جمەیدێت لە کڕیار، بەم حاڵەوە زۆر زەحمەتە چاکەو خراپ لێکجیابکرێتەوە، هەمو ئەو خەڵکە بۆ برنجی نەورەس دەگەڕێن".**
- **هاولاتییەك "تائێستا برنجی وەکو نەوڕەسم نەدیوە، برنجێکی زۆرباشە"**
- **یەکێکی تر "برنجی نەورەس بەکاردەهێنم، چونکە جوانو ئاوکێشەو دەنکدرێژو دەنکخڕیشی هەیە"**
- **پەیامنێر "لەگەڵ خواردنی برنجی نەوڕەسدا، ئەگەر خۆت نەفڕیت، ئەوا خەیاڵت لەگەڵ نەوڕەسەکاندا دەچێتە کەشکەلانی فەلەك"**

**برنجی نەورەس .. یەکجار تاقیبکەرەوە .. سەدجار بەکارییهێنە.**

لە ڕیکلامی (٣١)دا ئەو تایبەتمەندییانەی خراونەتەڕو، باشیو جوانیو ئاوکێشی کە وایلێدەکات زیاتر دەمبکێشێت لەگەڵ فرەشێوەیی، واتە هەم دەنکدرێژو هەم دەنکخڕیشی هەیە، وایکردووە ئەم جۆرەی برنج لە ئەگەرمەی بازارگەرمیو زۆریی خواستیشدا بناسرێتەوە، هەروەها ناوەکەشی کە ناوی باڵندەیەکی سەر دەریایە بەکارهێناوە بۆئەوەی وەکو ئەو خەیاڵت بفڕێت بۆ ئاسمان لەکاتی خواردنیداو بۆ ئەمەش پێشنیازی تاقیکردنەوەی دەکات، بەمەش تایبەتمەندییەکانی برنج لەم ڕیکلامەدا بریتی دەبن لە:

+ جوانی
+ دەمکێشان
+ فرەجۆری

**٣٢. ڕیکلامی برنجی شیفا**

**باشترین برنجی دەرەجە یەکی هندی، بەرهەمی کێڵگەکانی هندستانە، برنجی شیفا ڕەنگو بۆنو تامی ناوازەیە، شیفا بۆ پێشکەشکردن زۆر گونجاوە، شیفا هەڵبژاردەیەکی سەرکەوتووە، شیفا جوانترین ڕەنگ، شیفا خۆشترین تام، شیفا بۆ دۆستو خۆشەویستانت، شیفا برنجی (١١٢١)ی دەرەجەیەکی هندییە، تاموچێژی ئەمێنێتەوە لاتان.**

**٣٢. برنجی شیفا، برنجی دەنکدرێژە ، تاقیبکەرەوە زۆر تایبەتە..**

ئەو تایبەتمەندییانەی لە ڕیکلامی (٣٢)دا بۆ برنج باسکراونو وەك نیشانەی برنجی باش خراونەتەڕو، بریتین لە:

+ جوانیی ڕەنگ
+ بۆنی خۆش
+ گونجاوی بۆ پێشکەشکردن
+ جۆری برنج ١١٢١
+ دەنکدرێژ

### ٣٣. ڕیکلامی برنجی زێڕین میهر

**أ. لە ڕیکلامێکی شێوە بەرنامەی تەلەفیزیۆنیدا**

**سڵاو بەڕێزان.. خۆشحاڵین لە ئەڵقەیەکی نوێی بەرنامەکەتان بەرنامەی (چێژی خواردن)، بەدیداری ئێوەی بەڕێز شادبووینەوە. ئێمە ئەزانین و ئاگادارین زۆرجار بەهۆی خراپیی هەندێك لەجۆری برنجەکانەوە، خانمە بەڕێزەکان لەگەڵ هاوسەرو ئەندامانی خێزانەکانیاندا توشی گرفت دەبن، ئێمە دەمانەوێت لەم بەرنامەیەدا ئەو گرفتە بۆ ئێوەی بەڕێز چارەسەربکەین و بەباشترین جۆری برنجتان ئاشنابکەین، ئەزانن ئەو برنجە چییە؟ ئم .. ئەوە برنجی زێڕین میهرە، بەڕاستی زێڕە، دەی خێراکەن برنجی زێڕین میهر بکڕن، تا سفرەو خوانەکانتان ڕازاوە بێت.**

**پیاوێك" کەواتە با منیش لەبیرم نەچێت، لەمەودوا تەنها برنجی زێڕین میهرت بۆ بکڕم".**

لە دەقی ڕیکلامی (٣٣ – أ)دا ئەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەپێدراوە، باشی و جوانیی برنجەکەیە بۆ لێنان، کە وادەکات هەمیشە هاوسەرو خانەوادەکان لە کەیبانوو خانمەکانیان ڕازیبن و توشی کێشە نەبن، ئەمیش بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە برنجە، کە سفرەو خوانەکان دەڕازێنێتەوە، ئەمەش بەشێوەی پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنی خراوەتەڕو، کەواتە تایبەتمەندییەکانی برنج لەم ڕیکلامەدا بریتین لە:

+ جوانی
+ ڕازاندنەوەی خوان
+ ئاسودەیی

**ب.      گۆرانیبیژێکی ئافرەت:**

**چی چی چی چیئەکەی، بۆچی تۆ سەیرم ئەکەی**

**ناوێرم من سەیرتکەم، بەچاو تۆ من شێت ئەکەی**

**(دوجار ئەم دێرە دەڵێتەوە)**

**بێ بێ بێ بۆلای من، نەکەی بڕۆی لەلای من....**

**ئەتانەوێت خۆشخوان بن، ئەتانەوێت تامی خۆشتریت برنج بکەن، ئەوا لەگەڵ لۆکە (گۆرانیبێژەکە) بە برنجی زێڕین میهر سەر سفرەو خوانەکانتان بڕازێننەوە، تەنها زێڕین میهر.**

ئەو تایبەتمەندییانەی برنج، کە لەڕیکلامی (٣٣ – ب)دا لە زمانی گۆرانبێژێکەوە باسکراون، بریتین لە:

+ تاموچێژ
+ ڕازاندنەوەی خوان

بەپێی ژمارەی نیشانەکان پلەبەندیی ئەم دو ڕیکلامە، (أ) یەکەم و (ب) دووەم دەبێتو کۆی نیشانەکان بۆ ئەم دو ڕیکلامە، بریتین لە:


+ جوانی
+ ئاسودەیی
+ تاموچێژ
+ ڕازاندنەوەی خوان

بەپێی ئەو ڕیکلامانەی بۆ (برنج) کراوە، سێ چەمك لە کۆی ڕیکلامەکان جیادەکەینەوە: چەمکی ڕوکەش، چەمکی ناوەڕۆكو چەمکی تەندروستی، کە بە دەستەیەك لە وشەو دەربڕاو ئاماژەی بۆ کراوە، هەروەك (جوانی، بۆنخۆشی، دەرچون لە پشکنین، بەسود، ئارامی، ڕازاندنەوەی خوان، ...تاد)، لێرەدا هەریەك لە چەمکانە بە سێ کەتیگۆری دیاریدەکەین:

| | | |
|---|---|---|
| ڕوکەش–چەمکی١ | ناوەڕۆك–چەمکی٢ | تەندروستی–چەمکی٣ |
| ڕازاندنەوەی خوان | بۆنخۆش | دەرچون لە پشکنین |
| جوانی | تاموچێژ | قەڵەونەکردن |
| جۆراو جۆری خواردن | دەمکێشان | بەسود |
| جۆری برنجەکان | پێکهاتەی باش | بۆ هەمو تەمەنێك |
| دەنکدرێژ | | |
| | | |

خێزانی لێکچو لەنێوان هەر سێ کەتیگۆری ڕوکەش، ناوەڕۆك، تەندروستی، بریتییەلەو نەخشە دروستەی کە ئاستی سەرەکی ڕیکلامەکان پێکدەهێنێو بەهۆیەوە کاردەکرێتە سەر دەرونی وەرگر. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کەتیگۆریکردنی ڕیکلام، سنورێکی تەواو ناڕون لەنێوان ئەندامەکانیدا نییە، بەڵکو تاڕادەیەك ڕونە، بۆ نمونە لەنێوان ئەندامەکانی هەر یەك لەو سێ کەتیگۆرییە تاڕادەیەك سنورێکی ناڕون هەیە، هەروەك سنوری جیاکەرەوەی نێوان جوانیو ڕازاندنەوەی خوان پەیوەست بە کەتیگۆری ڕوکەشەوە سنورێکی ناڕونەیان تاموچێژو بۆنخۆشی پەیوەست بە کەتیگۆری ناوەڕۆکەوە دیسان تاڕادەیەك سنورێکی ناڕونە، لەکاتێکدا جیاکردنەوەی کەتیگۆرییەك بۆ ڕوکەش لە دەرەوەی ڕیکلامدا، سنوری ئەندامەکان تەواو ناڕونن، بەڵام ئەو پلەبەندییەی لەنێوان ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکاندا هەیە ئەو چەمکە گشتییە، کە هەمو ئەندامەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە.

بەمپێیە لە دەقی ڕیکلامەکاندا کار لەسەر ئەو سێ چەمکەی ئاماژەمان پێداوە، دراوەو بەهۆی ئەو ئەندامانەی کە لە ئاستی سەرەکی چەمکەکان کەوتونەتەوە نەخشە دروستەکەی ڕیکلامکار بەرجەستەبووە، هەروەك لە هێڵکاریی (٢) ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاریی (٢)

### ٣.١ – ٣ ڕیکلامی ڕیستۆرانت

#### ٣٤. دەرگەزێن

**أ. ئایا ئەزانیت، کە ئێستا ڕیستۆرانتی دەرگەزێن کراوەیە؟! ڕیستۆرانتی دەرگەزێن بەسەرپەرشتیی ستافێکی وەستای سوریو لوبنانیو عێراقی کراوەیە. لە ڕیستۆرانتی دەرگەزێن، چەندەها جۆرە خواردنی نایابی غەربیو شەرقی لەگەڵ چەند خواردنێکی تایبەتی کوردیو عێراقی پێشکەشدەکرێت، بفەرمون ڕیستۆرانتی دەرگەزێن لە کەشێکی ئارامو خوانێکی پڕ تاموچێژدا پێشوازیتان لێدەکات.**

لە ڕیکلامی (٣٤ _ أ)دا ئاماژە بەچەند تایبەتمەندییەکی ڕیستۆرانتەکە دراوە، ئەوانیش سەرپەرشتیکردنی لەلایەن وەستاو ستافی بیانییەوە، هەروەها بونی چەندین خواردنی جۆراوجۆری شەرقیو غەربی، لەگەڵ کەشێکی ئارامی ڕیستۆرانتەکە، ئەمە جگەلە تاموچێژی خواردنەکان، کەواتە ئەو نیشانەو تایبەتمەندییانەی لەم ڕیکلامەدا ئاماژەیان پێدراوە، بریتین لە:

+ جۆراوجۆریی خواردن
+ کەشی ئارام
+ تاموچێژ

**ب. ڕیستۆرانتی دەرگەزێن، لە کەشوهەوایەکی ئارامو بە ژەنینی پیانۆ لە کاتژمێر ١١ی بەیانی تا ١١ی شەو، پێشوازی لە میوانە بەڕێزەکان دەکات.**
**لەڕیستۆرانتی دەرگەزێن، خواردنە شەرقییەکانی وەك قەلی کوردی، کەڵەشێری کوردی، برنجی کوردی بە ڕۆنی خۆماڵیو چەندین جۆر لە خواردنی غەربیتان پێشکەشدەکات.**
**بەخێربێن بۆ ڕیستۆرانتی دەرگەزێن لە نهۆمی شەشەمی چاڤی مۆڵ**

ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە دەقی ڕیکلامی (٣٤ – ب)دا ئاماژەی پێدراوە، بریتین لە:

+ کەشی ئارام
+ پیانۆ
+ ماوەی کارکردنی زۆر
+ جۆراوجۆریی خواردن

**پ. بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی تازەوەیانەی دەرگەزێن هەڵدەستێت بە گێڕانی ئاهەنگێکی خێزانیی تایبەت بەبەشداریی هونەرمەندان ............**

لە ڕیکلامی (٣٤ –پ)دا تەنها یەك تایبەتمەندیی خراوەتەڕو، ئەویش بونیان لەباری بۆ شوێنی ئاهەنگ.

بەمەش کۆی ئەو نیشانە واتاییانەی لەڕیکلامی ڕیستۆرانتی دەرگەزێندا ئاماژەیان پێدراوە ئەمانەن:

+ تاموچێژ
+ کەشی ئارام
+ پیانۆ
+ ماوەی کارکردنی زۆر
+ جۆراوجۆریی خواردن
+ شوێنی ئاهەنگ

پلەبەندیی ئەم سێ ڕیکلامەش، بەپێی ژمارەو چۆنیەتیی ئەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەیان پێدراوە بەم شێوەیەیە:

یەکەم / ( ب )

دووەم/ ( أ )

سێیەم/ ( پ )

**٣٥. ڕیستۆرانتی ئاڤێستا**

**ڕیستۆرانتی ئاڤێستا، ئاڤێستا لە نێوەندی سەرچنار لە سلێمانی، ڕیستۆرانتێکی چوار ئەستێرەیی ناوازە، بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش، چێژوەرگرتن لەژەمە خواردنێکی بەتام لە کەشێکی ئارامدا، ڕوبکەرە ڕیستۆرانتی ئاڤێستا، خواردنی خۆماڵیو بیانی لەگەڵ گشت جۆرەکانی خواردنەوە، ژوری vip، خزمەتگوزاریی بەردەوام، سیمای بەردەوامی ڕیستۆرانتی ئاڤێستایە**

ئەو تایبەتمەندییانەی وەك نیشانەی ڕیستۆرانتی باش لە دەقی ڕیکلامی (٣٥)دا خراونەتەڕو، بریتین لە شوێنی ڕیستۆرانتەکە، کە سەرچنارەو ناوچەیەکی گەشتیاریی سلێمانییەو لەگەڵ ئاماژەدان بە پلەی ڕستۆرانتەکە، کە چوار ئەستێرەییە، هەروەها کەشی ئارامو خواردنە بەتامەکانو بونی خواردنی جۆراوجۆرو خواردنەوە تێیدا لەگەڵ ژوری vipو خزمەتگوزایی باش، بەمەش نیشانەکان بریتی دەبن لە:

+ شوێنی خۆش
+ کەشی ئارام
+ تاموچێژ
+ جۆراوجۆریی خواردن
+ خواردنو خواردنەوە
+ ژوری vip

**٣٦. ڕیستۆرانتی سلێمانی پالاس**

**ڕیستۆرانتی سلێمانی پالاس ، ڕیستۆرانتەکەمان بەستافێکی نوێی ئێرانی، سوری، ئەوروپی هەمو جۆرە خواردنێکی شەرقیو غەربیتان پێشکەشدەکات، ڕیستۆرانتی سلێمانی پالاس، بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێو بە بەشداریی چەندین هونەرمەندی فارسیو کوردی، ئاهەنگێکی خێزانی سازدەکات، ڕیستۆرانتی سلێمانی پالاس.**

ئەو تایبەتمەندییانەی لە ڕیکلامی (٣٦)دا ئاماژەی پێدراوە، تەنها ستافی بیانیو هەمەجۆریی خواردنەکانە لەگەڵ لەباری بۆ شوێنی ئاهەنگگێڕان:

+ جۆراوجۆریی خواردن
+ شوێنی ئاهەنگ
+ ستافی بیانی

**٣٧. ڕیستۆرانتی سات**

**ڕیستۆرانتی سات بۆ پێشکەشکردنی هەمو جۆرە خواردنێکی شەرقی، غەربی، برژاو، شەوانە تایبەتە بە خێزان، شەوانی پێنج شەمەو هەینی، ئاهەنگو گۆرانی تێدا سازدەکرێت.**

لە دەقی ڕیکلامی (٣٧)دا، تایبەتمەندییەکانی ڕیستۆرانتی باش بریتین لە:

+ جۆراوجۆریی خواردن
+ شوێنی ئاهەنگ
+ خێزانی

**٣٨. ڕیستۆرانتی بلور**

**ڕیستۆرانتی بلور تاقانەکەی شاری سلێمانی، ڕیستۆرانتی بلور لە جوانترین شوێنی شارو لە ناوەڕاستی هاوینەهەواری سەرچنار کرایەوە، ڕیستۆرانتی بلور هەمو جۆرە خواردنێکی خۆماڵیو بیانی، بەشێوەی بۆفیەیمەفتوح بۆ دابینکردوون، ڕۆژانە لە سەعات ١٢ی نیوەڕۆ تاوەکو ١٢ ی شەو پێشوازیتان لێدەکات، هەر لەڕیستۆرانتی بلور، هۆڵی تایبەت بە شەکراوخواردنەوەو بۆنەکانتان بۆ دابینکراوە، ڕیستۆرانتی بلور**

له دەقی ڕیکلامی (٣٨)دا ئاماژە بە تاقانەیی ڕیستۆرانتەکە، کە لە جوانترین شوێنی شاردایە، کە سەرەچنارە، لەوێش کەوتووەتە ناوەڕاستی هاوینەهەواری سەرچنار، هەمەجۆریی خواردنەکانو بۆفیەیکراوەو کاتی کارکردنی زۆرو بونی هۆڵی تایبەتی بۆنەو ئاهەنگ وەك تایبەتمەندییەکانی ڕیستۆرانتەکە ئاماژەی پێدراوە، کەواتە تایبەتمەندییەکانی ڕیستۆرانتی باش بەپێی ئەم ڕیکلامە، بریتین لە:

+ شوێنی خۆش
+ جۆراوجۆریی خواردن
+ بۆفیەیکراوە
+ ماوەی کارکردنی زۆر
+ شوێنی ئاهەنگ

**٣٩. ڕیستۆرانتی ماد**

**ئێستا ڕیستۆرانتی ماد بە ستافێك وەستای تورکیو بۆ خۆشترین خواردنی تورکیو بیانی، پێشوازیتان لێدەکات، هەروەها لە مۆتێل هێژە شوقەی مەفروش بە هەمو پێداویستییەکانییەوە بۆ گەشتیارە خۆشەویستەکان ئامادە کراوە.**

بەپێی ڕیکلامی (٣٩)، تایبەتمەندییەکانی ڕیستۆرانت کە ئاماژەی پێدراوە بریتین لە:

+ وەستای تورکی
+ تامی خۆش
+ دابینکردنی شوێنی مانەوە

**٤٠. ڕیستۆرانتی کریسپی**

**کە هەستت بە برسێتی کرد، مەیلت بۆ زۆرێك لە خواردنەکان هەیە، بەڵام هەمو خواردنێکیش نا، بەڵکو خواردنێکی تازە، چێژبەخش، بەسودو پاکوخاوێن، ئەو خواردنەش لە کریسپی دەستدەکەوێت، ڕاستە ناوەکان هەمان ناوە باوەکانن، بەڵام تامەکان بەچێژترن، خێرایی ئامادەکردن، هەمەڕەنگیو جۆراوجۆری لە خواردەمەنییەکانی کریسپیدا هەن.**

**خواردن دەگەیەنین بۆ ماڵەکەتیان شوێنی کارەکەت.**

**بۆ پشویەکی زیاتر، کافێیەکی نایابو پڕ لە هێمنی چاوەڕێتە.**

**خواردەمەنیو کافتریای کریسپی**

ئەو تایبەتمەندیانەی ڕیستۆرانتی باش کە لە ڕیکلامی (٤٠)دا ئاماژەیان پێدراوە، بریتین لە:

+ تازەیی خواردن
+ تامی خۆش
+ بەسود
+ پاکوخاوێن
+ خێرایی ئامادەکردن
+ جۆراوجۆریی خواردن
+ گەیاندنی خواردن
+ کافتریا
+ کەشی ئارام

**٤١. پیستۆرانتو کافێی زمزم**

**پیستۆرانتو کافێی زمزم، جیاوازین له پێشکهشکردنی خۆشترین خواردهمهنییه برژاوهکانو خواردنی شهرقیو غهربیو خۆشترین موقهبیلات، ئامادهکردنی خواردنی بۆنهو ئاههنگهکانتانو خزمهتگوزاریی دلیڤهری، پیستۆرانتهکهمان له ١١ی بهیانی بۆ ١١ی شهو کراوهیه.**

له ڕیکلامی (٤١)دا ئهو تایبهتمهندییه باشانهی بۆ پیستۆرانت ئاماژهیان پێدراوه، بریتین له:

+ تاموچێژ
+ جۆراوجۆریی خواردن
+ موقهبیلات
+ ئامادهکردنی خواردنی ئاههنگ
+ گهیاندنی خواردن
+ کاتی کارکردنی زۆر

**٤٢. پیستۆرانتی ڕۆما**

**پیستۆرانتی ڕۆما، پیستۆرانتی ڕۆما بۆ یهك چرکهش دانهخرا.کراوهیه.**

ئهوهی لهڕیکلامی (٤٢)دا ئاماژهی پێدراوه، تهنها دانهخستی پیستۆرانتهکهیه، وهك ئاماژهیهك بۆ پاکوخاوێنیو تهندروستیی خواردنهکان، ئهمهش وهك نیشانهیهکی ئهزمونی بۆ ئاماژهدان بۆ ئهوهی زۆرن، ئهو پیستۆرانتو چێشتخانانهی لهبهر نهبونی مهرجی تهندروستیو پابهندنهبون به پاکوخاوێنییهوه داخراون، بهڵام ئهم پیستۆرانته یهك چرکه دانهخراوه:

{ + پاکوخاوێنی }

**٤٣.ڕیستۆرانتی دیوان**

**دیوان، ڕیستۆرانتی لوبنانیی پێنج ئەستێرە، لە سلێمانیو لەناو پارکی ئازادی، تەنیشت یانەی تەوار، لەژینگەیەکی ئارامدا، ... ڕۆژی کردنەوە**

**یەکجار سەردانبکەو خۆت بڕیاربدە لە تاقانەیی ڕیستۆرانتی دیوان.**

لە ڕیکلامی (٤٣)دا ئەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەیان پێدراوە، پلەو ڕێژەی خزمەتکردنە، کە ڕیستۆرانتێکی پێنج ئەستێرەییەو دیارە بەپێی ناوەکەشی لەسەر شێوەی ڕیستۆرانتەکانی لوبنان، خواردنی لوبنانیش پێشکەشدەکەن، لەگەڵ خۆشیی شوێنەکە، کە ناو پارکی ئازادییە، کە شوێنێکی ئارامو گەشتیارییە، بۆ دڵنیابون لە تاقانەییەکەی، پێشنیازی یەکجار تاقیکردنەوە دەکات، کەواتە نیشانە باشەکانی ڕیستۆرانتەکە بریتین لە:

+ شوێنی خۆش
+ کەشی ئارام
+ خزمەتی باش

**٤٤. ڕیستۆرانتی یانەی کۆمەڵایەتی[١]**

**ڕیستۆرانتی یانەی کۆمەڵایەتی.**

**هەمو ڕۆژێك لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ تا ٤ی عەسر، پێشوازیتان لێدەکات.**

**(٤ ئەستێرە، وەك ئاماژە بۆ خزمەتگوزاریی بەرز، لەگەڵ وێنەیەکی بینای ڕیستۆرانتەکە، بۆ پیشاندانی گەورەیی ڕیستۆرانتەکە)**

ئەو تایبەتمەندیانەی لە ڕیکلامی (٤٤)دا بۆ ڕیستۆرانتی باش ئاماژەیان پێدراوە، بریتین لە:

+ ماوەی کارکردنی زۆر
+ خزمەتی باش
+ گەورەیی

لــە کــۆی ئــەو ڕیکلامانــەی بــۆ چێــشتخانە/ ڕیــستورانت خراونەتــەڕوە، دو چــەمکی گــشتی لێهەڵهێنجراوە، کە بەهۆیەوە پەی بـە نەخـشە دروسـتەکەی ڕیکلامکـار دەبرێت، ئـەو دو چـەمکەش دەکەینە ناوی کەتیگۆرییەکانی ڕیکلامەکانی چێشتخانە، هـەروەك کـەتیگۆریی هەسـتەوەر، چـونکە زۆرینەی ئەو وشە سیمانتیکییانەی بۆ ڕیکلامەکە هەڵبژێرراون، وەرگر بـە هەسـتەوەرەکانی کاریگـەر دەبن پێی، وەك هەڵبژاردنی ئەو وشانەی گوزارشت لە بۆنو تامو بینین دەکەن، لەگـەڵ کـەتیگۆریی (دەرونی)، ئەمیش لە ئـەنجامی بـەکارهێنانی زۆرینـەی ئـەو وشـانەوە، بـۆ سەرنجڕاکێـشانی وەرگـر هەڵبژێرراون، وەك لە خشتەی (٣)دا خراوەتەڕو:

| هەستەوەر–چەمك١ | دەرونی–چەمك٢ |
|---|---|
| خواردنی شرقیو غەربی/ ئەوروپی | ئاهەنگ |
| خواردنی خۆماڵی | ژوری vip |
| پڕ تاموچێژ | کەشی ئارام |
| | ژەنینی پیانۆ |
| | پاکوخاوێنی |
| | هێمنی |

خشتەی (٣)

بەپێی ئەم خـشتەیە، ئـەو وشـانەی هـەڵگری دابینکردنـی کەشـێکی ئـارامو حەوانـەوەی لایـەنی دەرونین، زیاترە لـەو چـەمکانەی گوزارشـتن لـە هەسـتەوەرەکان دەکـەن، هـەر ئەنـدامێکیش لـەناو کەتیگۆرییەکە وەربگرین، ئەوا دەبێتـە هـەڵگری چـەندین ئەنـدامی دیکـە، کـە هـەر ئەنـدامێکیش لـە دونیـای بـیرو ئـاوەزی تاکـدا واتـاو مەبەسـتێکی لـەخۆگرتووە، بەمپێیـە مـرۆڤ هـەڵگری چـەندەها کەتیگۆرییــە، کــە هــەر ئەنــدامێکیش لــە کەتیگۆرییەکــە خــاڵی یــەکتربڕینی لەگــەڵ ئەنــدامی کەتیگۆرییەکانی دیکەدا هەیە، ئەم خاڵی یەکتربڕینانە، مەودای بیرکردنـەوەی مـرۆڤ فراوانتردەکـەن، بەمپێیە لەم ڕیکلامانەدا ئەو خاڵانەی پەیوستن بە چەمکی خۆشیو ئارامییەوە، زیاترن لەو خاڵانـەی پەیوەسـتن بـە چـەمکی هەسـتەوەرەکانەوە، ئەمـەش دەبێتـە بەڵگـەی ئـەوەی، ئێمـە لـە شـوێنێك گوزەراندەکەین، ئارامیی دەرونیو ڕۆحیمان لە چێژی خواردنەکانمان کەمترە.

ئەوەی جێی تێبینیکردنە، لە ڕیکلامدا زۆربەی چەمکەکان لە فۆڕمی فرێز، نەك وشە دەردەبڕێت، بەمەش لێکۆڵەر دەتوانێت پەی بە بونی کەتیگۆرییەکان لە سنوری فرێزدا، نەك وشە، بەرێت. جیاوازیی نێوان فۆڕمەکانی کەتیگۆری لەنێوان وشەو فرێزدا، بۆ زیاتر دیاریکردنی مەودای مەبەستو واتای سنورەکانیان دەگەرێتەوە، بەجۆرێك سنوری چەمكو واتای وشە، بەرفراوانترە لە سنوری چەمكو واتای فرێز، بۆ نمونە مەودای چەمکیو واتایی (ژەنینی مۆسیقا، خواردنی بەچێژ، ئاهەنگی خێزانی) دیاریکراوترەو ئاشکراترە لە (مۆسیقا، خواردن، چێژ، ئاهەنگ، خێزان)، بەڵام ئایا ڕیکلامکار بیری لە هێزو جیاوازیی گەیاندنی واتاو چەمکی وشەو فرێزەکان لە سنوری کەتیگۆرییەکاندا کردووەتەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی پڕاکتیکییانەیە لە چەندێتیو چۆنێتیی هەڵبژاردنی سیمانتیکی پرۆتۆتایپی وشەو فرێزەکان، بەجۆرێك ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، توانای بەرهەمهێنەری توانای دەقی ڕیکلامەکە لە شارەزاییو کارامەیی لە بەکارهێنانی زماندا هەڵدەسەنگێنێت.*

* لەبەرئەوەی سنوری لێکۆڵینەوەکە کارکردنە لەسەر سیمانتیکی پرۆتۆتایپی وشەکان لە بواری ڕیکلامدا، بۆیە ناکرێت وەڵامی پرسیارێکی لەو جۆرە لێرەدا دەستەبەربکرێت، تەنها ئامانج لە ئاماژەدان بەو پرسیارە، پێدانی بەرچاوڕونییە بۆ جیاوازیی مەودای چەمکیو واتایی وشەو فرێزەکان، بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ، کە دەکرێت بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی دیکە بێت.

## ٢/٣. نیشانە پرۆتۆتایپییەکان بەپێی ڕاپرسی

لەم پارەدا لەڕێی ڕاپرسییەوە، گرنگیو پلەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە (١,٣)دا خستماننەڕو، دیاریدەکەینو دواتر بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکەو بەراوردکردنیان بەو تایبەتمەندییانە، پلەبەندیی ڕیکلامەکان دیاریدەکەین.

### ٢/٣–١. کۆی نیشانە هەڵهێنجراوەکان

کۆی تایبەتمەندییەکانی یەکەی نیشتەجێبونی ڕیکلامە وەرگیراوەکانی

| گوندی ئەڵمانی | گاردن ستی | شاری گۆیژە | قەڵادزێ ستی | لانە ستی | ماریتاش | مازی لاند |
|---|---|---|---|---|---|---|
| + شوێنی بەرز | + ئەزمون | − قەرەباڵغی | + کوالێتی | + نرخی گونجاو | + ڕوکەشی جوان | + ژیانی خۆش |
| + کەرەستەی باش | + کوالێتیی بەرز | + جوانیی دیمەن | + دیزاینی باش | + ڕووبەری گونجاو | + بەرزیی کوالێتی | + بەرزیی کوالێتی |
| + دیزاینی جوان | + جوانی | + بەرزیی باڵەخانە | − چاوەڕوانی | + کۆگا | + ساردیو گەرمی مەرکەزی | + متمانە |
| + ژینگەی پاک /+ سەوزایی | + نوێگەری | + گونجاویی یەکە | + نوێگەری | − ساردیوگەرمی | + پارکی داخراو | + شوێنی باش/ دیار |
| + هەرزانیی نرخ | + ژینگەی پاک/ سەوزایی | + پارک | + خزمەتگوزاریی باش | − دەنگەدەنگ | + خزمەتگوزاریی تەواو | + ئاسودەیی |
| + هێنانەدی خەون | + ئاسودەیی | + خزمەتگوزاریی بەردەوام | + ڕووبەری گونجاو | + جوانی | + ئاسودەیی | + دیزاینی جوان |
| + دورو / ڕوکن | − چاوەڕوانی | + نوێگەری | + پێکهاتەی یەکە | + خزمەتگوزاری | + دژەبومەلەرزە | + بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا |
| + بەردەم چۆڵ | + شوێنی باش | + ژینگەی پاک | + قیستی درێژخایەن | + پێکهاتەی یەکە | + نوێگەری | + هەمو تەمەنەکان |
| + نهۆمی باش | + گونجاویی نرخ | + ڕووبەری گونجاو | + ژیانی ئارام | + ژیانی شاهانە | + متمانە | |
| + ڕوی خۆش | + ڕووبەری جیاواز | + نرخی گونجاو | + ئاوەدانکردنەوە | | + شانازیکردن | |
| − چاوەڕوانی | + قەبارەی جیاواز | + شوێنی باش | +شوێنی بەرزو دڵگیر | | + تاقانەیی | |
| + دڵگیر | + هێنانەدی خەون | + کوالێتیی بەرز | + دیاریکراویی یەکەکان | | + دیزاینی جوان | |
| + پاکوخاوێن | + خزمەتگوزاری | | | | − چاوەڕوانی | |
| + پارێزراویی پلەی گەرمی | | | | | | |
| + کارەباوئاوی بەردەوام/ + خزمەتگوزاریی بەردەوام | | | | | | |
| + ژیانی ئارام | | | | | | |

## کۆی تایبەتمەندییەکانی یەکەی نیشتەجێبونی ڕیکلامە وەرگیراوەکانی

| ئیسکانی نوێ | دیلان ستی | کانی ستی | کوردستان ستی | ئارۆنۆس ستی | سائیب ستی | ڤێلای زەیتون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| + شوێنی باش ناوجەرگەی شار / | + هەل | + شوێنی خۆش | + کەشوهەوای ئارام | + گەورەیی پرۆژە | نوێگەری | + ڤێلا |
| + جوانی | + قازانج | + فراوانیی پرۆژە | + هەرزانیی نرخ | + خزمەتکردنی هاوڵاتییان | + خۆشگوزەرانی | + پێکهاتەی یەکەکان |
| + ڕوبەری گونجاو | + ئاینده | + سێ ڕو | + یەکەی دیاریکراو | + شوێنی گونجاو | + دڵنیایی/ متمانه | + ژوری شایسته |
| + مەتبەخی ئامادەکراو | | + خزمەتگوزاریی | + ڕوبەری گونجاو | + یەکەی دیاریکراو | + هێنانەدی خەون | + بەختەوەری |
| + سیستەمی ئاگرکوژێنەوە | | + سەوزایی | + پێکهاتەی یەکەکان | + ڕوبەری جیاواز | + ئێستاو ئایندەیی | |
| + سەوزایی | | + قیستی درێژخایەن | + خزمەتگوزاریی | + پێکهاتەی یەکەکان | − دەنگەدەنگ | |
| + پێکهاتەی شوقەکە | | | + پرۆژەی پێویست | + پارکی ئۆتۆمبیل | − سەرماوئەگەرما | |
| + خزمەتگوزاریی | | | + ئاوەڕۆی داخراو | + پرۆژەی پێوسیت | + بەردەوامی | |
| − چاوەڕوانی | | | | | | |
| + قیست | | | | | | |

## کۆی تایبەتمەندییەکانی یەکەی نیشتەجێبونی ڕیکلامە وەرگیراوەکان

| ئارۆ ستی | بنار ستی | شاری دایک | شاری ئەوین | شاری زێرین | پرۆژەکانی بەڕێز | پاشا ستی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| + هەل | + دیاریکراویی یەکەکان | + تێداژیانو گەشت | + جوانی | + موژدە | + هەل | + خەون |
| + نرخی گونجاو | + دیمەنی جوان | + دوبلێس | + بەرزیی کوالێتی | + خەون | + چاوەڕواننەکراو | −چاوەڕوانی/ + ئامادە |
| + بەرزیی کوالێتی | + سەنتەری شار | + دوڕو | + ڤێلا | + هەڵی زێڕین | + نمونەیی | + بەرزیی کوالێتی |
| + پرۆژەی پێویست | + نایاب/ شاهانەیی | + ڕوبەری جیاواز | + دونهۆمی | + خزمەتکردنی هاوڵاتییان | + چەند پرۆژەیەک | + عازل |
| + خزمەتگوزاری | + نرخی گونجاو | + شێوە ڤێلایی | + ڕوکن | + سەنتەری پرۆژ | + ئەزمون | + دەنگبڕ بۆ ژورەکان |
| + کارەبای ئەندەرگراون | + قیستی درێژخایەن | + بەرزیی شوێن | + عازل | − چاوەڕوانی | + بەهێزی | + خۆگری |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| + سەوزایی زۆر | + پێکهاتەی یەکە | + شکۆ | + دەبڵجام | + خزمەتگوزاری | | + پی ڤی سی |
| + شێوە ڤێلا | + خۆشگوزەرانی | + جوانی | + پرۆژەی پێویست | + پارکی ئۆتۆمبیل | | + مۆلیدەی کارەبایی |
| | | + شاهانەیی | + سەوزایی زۆر | + قازانج/ نرخی کەم | | + کۆگای ئاو |
| | | + قیستی درێژخایەن | + دیکۆری دیزاینی تورکی | + متمانە | | + سیستەمی کامێرا |
| | | + ژیانی شارییانە | + شوێنی باش | | | + ڕێگای ڕزگاربون |
| | | + هەل | + نمونەیی | | | |

## کۆی تایبەتمەندییەکانی برنج

| مەحمود | موحسین | ئەحمەد | میعاد | چەوتان | گوڵبەهار |
|---|---|---|---|---|---|
| + تامی خۆش | + تامی خۆش | + کەشی ئارام | + تاموچێژ | + تایبەت | + جوانی |
| + ڕازاندنەوەی خوان | + دەنکدرێژ | + ئاسودەیی | + گونجان بۆ پێشکەشکردن | + دەمکێشان | + تاموچێژ |
| + باشی بۆ پێشکەشکردن | | | + دەنکدرێژ | + بۆنی خۆش | + گونجاوی بۆ پێشکەشکردن |
| + بەسودی | | | + دەمکێشان | + ئاسودەیی | + دەنکدرێژ |
| | | | + دەرچون لە پشکنین | + بۆ هەمو تەمەنەکان | + جۆری برنج ١١٢١ |

## کۆی تایبەتمەندییەکانی برنج

| هودهود | عەدنان | چالاخ | نەورەس | شیفا | زێرین میهر |
|---|---|---|---|---|---|
| + جوانی | + تاموچێژ | + دەنکدرێژ | + جوانی | + جوانیی ڕەنگ | + جوانی |
| + تاموچێژ | + جۆری برنج ١١٢١ | + بۆنخۆشی | + دەمکێشان | + بۆنی خۆش | + ئاسودەیی |
| + بۆنی خۆشی | + دەنکدرێژ | + دەمکێشان | + فرەجۆری | + گونجاوی بۆ پێشکەشکردن | + تاموچێژ |
| + دەنکدرێژی | + بەسود | | | + جۆری برنج ١١٢١ | + ڕازاندنەوەی خوان |
| + لێزانینی ناوێت | | | | + دەنکدرێژ | |
| + ئاسودەیی | | | | | |

## کۆی تایبەتمەندییەکانی ڕیستۆرانت

| دەرگەزێن | ئاڤێستا | پالاس | سات | بلور | ماد |
|---|---|---|---|---|---|
| + تاموچێژ | + شوێنی خۆش | + جۆراوجۆریی خواردن | + جۆراوجۆریی خواردن | + شوێنی خۆش | + وەستای تورکی |
| + کەشی ئارام | + کەشی ئارام | + شوێنی ئاهەنگ | + شوێنی ئاهەنگ | + جۆراوجۆریی خواردن | + تامی خۆش |
| + پیانۆ | + تاموچێژ | + ستافی بیانی | + خێزانی | + بۆفیەیکراوە | + دابینکردنی شوێنی مانەوە |
| + ماوەی کاردنی زۆر | + جۆراوجۆریی خواردن | | | + ماوەی کارکردنی زۆر | |
| + جۆراوجۆریی خواردن | + خواردن و خواردنەوە | | | + شوێنی ئاهەنگ | |
| + شوێنی ئاهەنگ | + ژوری vip | | | | |

## کۆی تایبەتمەندییەکانی ڕیستۆرانت

| کریسپی | زمزم | ڕۆما | دیوان | کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|---|---|
| + تازەیی خواردن | + تاموچێژ | + پاکوخاوێنی | + شوێنی خۆش | + ماوەی کارکردنی زۆر |
| + تامی خۆش | + جۆراوجۆریی خواردن | | + کەشی ئارام | + خزمەتی باش |
| + بەسود | + موقەبیلات | | + خزمەتی باش | + گەورەیی |
| + پاکوخاوێن | + ئامادەکردنی خواردنی ئاهەنگ | | | |
| + خێرایی ئامادەکردن | + گەیاندنی خواردن | | | |
| + جۆراوجۆریی خواردن | + ماوەی کارکردنی زۆر | | | |
| + گەیاندنی خواردن | | | | |
| + کافتریا | | | | |

## ٢/٣– ٢. فۆڕمی ڕاپرسی

ئەو فۆڕمەی بۆ ڕاپرسییەی، کە ئامادەمان کردبوو، لە چوار بەش پێکهاتبوو، بەشی یەکەمی فۆڕمەکە تایبەتبوو بە زانیاری لەسەر بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، کە ژمارەیان (٢٠٠) هاوڵاتی بوو، لەسەر سێ بنەمای تەمەنو ڕەگەزو ئاستی گوزەران، جیامانکردبونەوە، بۆ تەمەنیش سێ تەمەنی جیاوازی (کەمتر لە ٢٥ساڵ، ٢٥ – ٣٥ ساڵ، زیاتر لە ٣٥ ساڵ )مان وەرگرتبوو*.

بەشی دووەمی فۆڕمەکە، تایبەتبوو بە هەڵسەنگاندنو گرنگیو پلەی گرنگیی –پلەی گرنگییەکەشیان بە سێ پلە لە گرنگترینەوە بۆ لاوازترین بە (١، ٢، ٣) دیاریکرابوو– پوختەو کۆکراوەی ئەو تایبەتمەندییانەی لە ڕیکلامەکانی یەکەی نیشتەجێبون هەڵمانهێنجابون، لەگەڵ دیاریکردنی باشترینو گونجاوترین یەکەی نیشتەجێبون، هەروەها پرسیاری باشترینو جوانترین یەکەی نیشتەجێبون دەبێت چۆن بێت؟ بۆ پاسادانکردنی هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندییەکانو پلەو گرنگییان، ئەمە جگەلە یەکلایکردنەوەی ئەوەی، ئایا یەکەی نیشتەجێبون، خەونو فرۆشتنی یەکەکان هەلە وەك لە ڕیکلامەکاندا باسکراوە.

بەشی سێیەم تایبەتە بە ڕیکلامی برنجو لە ڕێگەی پرسیاری باشترین برنج کامەیە، ویستومانە بزانین بەڕای بەشداربووان باشترین جۆری برنج چ جۆرێکە، دواتریش پێویستیی بونی پوختەی هەمو ئەو تایبەتمەندییانەی لە ڕیکلامەکاندا ئاماژەی پێدراوە، لەڕیکلامەکاندا گرنگەو دیاریکردنی پلەی گرنگیشیان بە سێ پلە لەگرنگترینەوە بۆ لاوازترین بە (١، ٢، ٣) دیاریکردووە، لەگەڵ پرسیاری باشترین برنج دەبێت چۆن بێت بۆ پاسادانی هەڵسەنگاندنی بەشداربووەکان.

بەشی چوارەمیش تایبەت بوو بە دیاریکردنی گرنگیو پلەی گرنگیی ئەو تایبەتمەندییانەی ڕیستۆرانت، کە لە ڕیکلامە وەرگیراوەکاندا ئاماژەیان پێدراوە، لەگەڵ پرسیاری باشترین ڕیستۆرانت دەبێت چۆن بێت بۆ پاسادانکردنی هەڵسەنگاندنی بەشداربووان. ئەمەش نمونەی فۆڕمەکەیە:

* ئێمە لە ڕاپرسییەکەدا بەشداربووانمان لەسەر سێ ئاستی تەمەنو ڕەگەزی نێرو مێو ئاستی گوزەرانی (باش، مامناوەند، خراپ) جیاکردبووەوە، بەڵام لەبەرئەوەی باسەکەمان زۆر فراوان نەبێتو لە ئامانجی توێژینەوەکەمان دورنەکەوینەوە، لەم توێژینەوەدا تەنها بەپێی ژمارەی بەشداربووان گرنگیو پلەی گرنگیی تایبەتمەندییەکە، جیامانکردوونەتەوە، جیاکردنەوەی توێژەکانو ڕەگەزو ئاستی گوزەرانیان، دەبنە کەرەستەی توێژینەوەی داهاتومان بۆ دیاریکردنی چۆنیەتیی بیرکردنەوەو دنیابینیو درککردنی تاکی کورد بەپێی ئەو چینە جیاوازانە، کە دەبنە بنەمای باشو زانستی بۆ کۆمپانیاکانی ڕیکلام لەکاتی ئامادەکردنی ڕیکلامەکانیاندا، بەپێی خواستو جیاوازی چینی وەرگرەکان.

**تەمەن :** کەمتر لە ٢٥ ساڵ ☐ ٢٥ – ٣٥ساڵ ☐ زیاتر لە ٣٥ ☐

**ڕەگەز:** نێر ☐ مێ ☐ پیشە ☐

**ئاستی گوزەران :** باش ☐ مامناوەند ☐ خراپ ☐

---

**لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا ... تکایە بەوردی و بابەتیانەو ئە ئەمانەتەوە، ئەگەر ئەم نیشانانە گرنگن لە ڕیکلامی یەکەی نیشتەجێبوندا هەبن نیشانەی (√) لە خانەی گرنگەدا دابنێو بەپێی گرنگییان بەژمارە(٣,٢,١) پلەیان لەخانەی پلەدا دابنێ :**

| نیشانە | گرنگە | پلە | نیشانە | گرنگە | پلە | نیشانە | گرنگە | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شوێن/ ناوچەی پرۆژە | | | جێگەی یەکەکە | | | ڕوی/ ئاڕاستەی یەکەکە | | |
| شوێنی بەرز | | | ناوشاریان سەنتەر | | | کەنارشارو نزیك سروشت | | |
| ڕوبەری یەکەکە | | | قەبارە/ ژمارەی نهۆم | | | نرخی گونجاو/ هەرزان | | |
